
KURDISTAN






# له "ڕۆژنامەی کوردستان" و"کوردستان میدیا"وه

## خاکەلێوەی ٢٧٢٦

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی؛ ڕەحمان نەقشی

# پێرست

١- د. قادر محەممەد حەسەن: نەورۆز بۆ نەتەوەکانی تر تەنیا بەهارە، بەڵام بۆ کورد نەورۆز کۆدی ڕزگاری و سەرکەوتنە................................................................ وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ٥

٢- گەرووی هورموز لە نێوان ملهوڕی کۆماری ئیسلامی و بێ هەڵوێستیی ئەنجومەنی ئاسایشدا... د. ئارەزوو نستانی ..... ١٠

٣- کوردستان لە ژێر هێرشی سەربازی و گوتاریدا............................................ زاهیر محەممەدی ..... ١٦

٤- کوردەکان، کۆنترین دوژمنەکانی کۆماری ئیسلامی.................... ڕۆیا حەکاکیان - و: کەماڵ حەسەن‌پوور ..... ٢١

٥- هەڵوێستی کورد لە شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل بەدژی کۆماری ئیسلامی و ئەگەرەکان....... مستەفا مەعرووفی ..... ٢٦

٦- بەراوردکاریی ڕووخانی دیواری بەرلین و هەرەسهێنانی کۆماری ئیسلامی!.................... ناسر ساڵحی ئەسڵ ..... ٣٢

٧- ستراتیژیی تورک و کورد و ئاسۆی پلۆرالیزم (فرەچەشنی) لە ئێرانی داهاتوو............. شاڕوخ حەسەن‌زادە ..... ٣٧

٨- هەژانی جیهان بەهۆی نەوتەوە؛ ئاڵۆزییە سیاسییەکان و سستیی ئابووریی جیهانی.......... حەسەن قارەمانی ..... ٤٠

٩- کورد؛ هاوبەشی ستراتیژی یان سووتەمەنیی جەنگ؟............................................ ئاگری باڵەکی ..... ٤٧

١٠- پەیامی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی ٧٩ ساڵەی لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد................................ ٥١

١١- پێشەوا لە گۆشەنیگایەکی نزیکتر و ڕوونترەوە............................................... ئیبراهیم لاجانی ..... ٥٤

١٢- ساڵرۆژی ڕێفراندۆمی «کۆماری ئیسلامی» لە دەروازەی گۆڕانە چاوەڕوانکراوەکاندا......... مستەفا مەعرووفی ..... ٦٤

١٣- دڕندەیی و تاوانخوڵقێنیی ڕێژیمی ئێران؛ لە جەنگی ٨ ساڵەوە تا جەنگی ئەمڕۆ..... جەماڵ ڕەسووڵ دنخە ..... ٧٠

١٤- تاڵ و شیرین............................................................................ ئاسۆ مینبەری ..... ٧٣

١٥- هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید وەلی عەویزی)................................................ برایم چووکەڵی ..... ٧٦

١٦- ئینتەرنێت؛ ئەو مۆتەکەیەی هەم ناموس و هەم دەسەڵاتی لێ تێکداوین!.............................. دارسمە ..... ٧٩

١٧- شیکردنەوەیەکی ستراتیژی بۆ سیاسەتەکانی دۆناڵد ترامپ لە بەرامبەر ئێران و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ........ ...................................................................................... خالید قادری ..... ٨٢

١٨- قازی محەممەد؛ لووتکەی بەرپرسیارێتی و واتای ڕاستەقینەی ڕێبەر بۆ هەموو قۆناغەکان.............................. ............................................................................ سەلام ئیسماعیل پوور ..... ٨٦

١٩- وشیاریی نەتەوەیی وەک فاکتەری بنەڕەتیی هێزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان............. عومەر ئێزەدخوا ..... ٩١



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٠- ئەگەر ئێمە ئێتنیکین، ئەدی ئێوە چین؟........................................ د. ئاسۆ حەسەنزادە ..... ٩٥

٢١- توندوتیژیی سیستەماتیک و سیاسەتە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە کورد...... ڕەحیم نزهتزادە ..... ١٠٠

٢٢- بیناکردنەوەی نێوەڕۆکی چەمکی مەرگ و ژیاندنەوەی نەتەوەیەک.................... ئەبووبەکر کاروانی ..... ١٠٣

٢٣- ئاناتومیی دێموکراسی بۆ ئێرانی داهاتوو........................................ غالب حەبیبی ..... ١١٠

٢٤- هێزی بەکرێگیراو................................................................. ئاسۆ مێنبەری ..... ١١٥

٢٥- دەستپێکی هەرەسهێنانی بەرە بەرەی کۆماری ئیسلامی................ و؛ لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور ..... ١١٨

٢٦- ئەبووبەکر کاروانی: پێشەوا تەنیا سەرکردەیەک نەبوو کە مێژووی نووسییەوە، بەڵکوو خۆی بوو بەو مێژووەی کە هەموو کوردێک دەبێت تێیدا خۆی بدۆزێتەوە........................................ وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ١٢٣

٢٧- پێگەی کۆمەڵایەتیی هاوبەشی ڕێفۆرمیست و شاپەرەستان لە ئێراندا........................ تاهیر قاسمی ..... ١٣٩

٢٨- ناسیۆنالیزم، سەربەخۆییخوازیی و ئەستێرەکانی ئوورووپا!........................................ برایم فەڕشی ..... ١٤٥

٢٩- هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە گوتار ڕا هەتا کردەوە!.......... د. کامڕان ئەمینئاوە ..... ١٤٩

٣٠- ڕاگەیەندراوی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران سەبارەت بە ئاگربەست.......................... ١٥٣

٣١- ڕوانگەی ئامرازی بۆ هەرزەکاران لە سیستەمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا........................ ئاسۆ ساعێدی ..... ١٥٥

٣٢- دانوستان لەگەڵ شاندێکی تێرۆریستی لەژێر سێبەری ئاگربەسدا؛.......................... د. مەنسوور سۆهرابی ..... ١٦١

٣٣- بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر دانوستانەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئیسلامئاباد........................................................ ١٦٥

٣٤- "پاییزە" بە واتای دەقی بەرگری........................................ هێمن مەردانی ..... ١٦٧

٣٥- ڕێککەوتنی هەڵپەسێردراو؛ ئاشتییەک کە بڕیار نییە بێتە دی........................ شاهۆ حوسێنی ..... ١٧٢

٣٦- ڕێژوان تەها: مۆسیقا بڕبڕەی پشتی شۆڕش و پاسەوانی زمانە................ وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ١٧٧

٣٧- سەرکەوتن چییە؟........................................................ تەهای ڕەحیمی ..... ١٨٧

٣٨- بنیاتنانەوەی متمانە یان قووڵکردنەوەی کەلێنەکان........................ زانیار حوسێنی ..... ١٩٠

٣٩- مستەفا هیجری لە پاڕلمانی ئوورووپا: لەبیرتان نەچێ کە کوردستان لانکەی بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"یە. ئەم بەهایانە لای ئێمە پرەنسیپ و عەقڵییەتێکی بنیاتنەرن نەک دروشم........................................ ١٩٥

٤٠- مستەفا هیجری: کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نابێ یارمەتیدەری دروستبوونەوەی دەوڵەتێکی ناوەندگەرا بێت لە ئێران.. ١٩٨

٤١- لە گۆڕانی نەزمی جیهانییەوە بۆ لێکنەبانبوونی ئەمریکا و ئوورووپا................................ ئاڵەشین ..... ٢٠١

٤٢- سەرنجێک لەسەر وتەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە پارلمانی ئوورووپادا.......... بێهزاد قادری ..... ٢٠٤

٤٣- مستەفا هیجری: دیپلۆماسیی بێدەنگ لەگەڵ ئەم ڕێژیمەدا مەکەن، چونکە شەرعییەتی دەداتێ.................. ٢٠٧



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## خاکەلێوەی ٢٧٢٦

٤٤- حیزبی دێموکرات: بەرگریی ڕەوا بە مافی خۆمان دەزانین........................................................... ٢١٠
٤٥- هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران: سازان لەگەڵ تاران ڕێخۆشکردنە بۆ پەرەسەندنی تێرۆر و ناسەقامگیری.......................................................................................................... ٢١٢
٤٦- شیکردنەوەیەکی یاسایی بۆ هێرشە مووشەکی و درۆنییەکانی ئێران بۆ سەر کەمپە مەدەنییەکان، نەخۆشخانە و قوتابخانەکان لە هەرێمی کوردستان........................................ شاڕوخ حەسەنزادە ..... ٢١٥
٤٧- شەڕی مان و نەمان!.............................................................. ڕەزا دانشجوو ..... ٢١٨
٤٨- هەستی پاکی ساواکیانە........................................................................ دارسمە ..... ٢٢٢
٤٩- پەیڤێک سەبارەت بە هاواری "ڕەشەشەو و سەربازانی ون"...................................... ئەحمەد حوسێنی ..... ٢٢٥
٥٠- پێڵاوی ژمارە ٤٢......................................................................... ئیبراهیم لاجانی ..... ٢٢٨






کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# د. قادر محەممەد حەسەن: نەورۆز بۆ نەتەوەکانی تر تەنیا بەهارە، بەڵام بۆ کورد نەورۆز کۆدی ڕزگاری و سەرکەوتنە



وتوویژ: شەهرام سوبحانی

## ئاماژە:

نەورۆز جەژنی سەری ساڵی کوردی و هێمای نوێبوونەوەی سروشت و سەرکەوتنی ڕووناکییە بەسەر تاریکیدا. نەورۆز تەنیا جەژن نییە، بەڵکوو سیمبوڵی ئازادی، بەرخودان و یەکیەتیی نەتەوەیی ئێمەیە، کە بە درێژایی مێژوو وەک ناسنامەیەک بۆ گەلی کورد ماوەتەوە. لەم وتووێژە تایبەتەدا، میوانداری دوکتور قادر محەممەد حەسەن، پرۆفیسۆری مێژووی کورد و کوردستان لە زانکۆی سەلاحەدین دەکەین، بۆ قسەکردن لەسەر یەکێک لە گرنگترین و ئاڵۆزترین تەوەرەکانی مێژووی کۆن و هاوچەرخی ئێمە، کە ئەویش جەژنی نەورۆزە. دوکتور قادر بە وردی تیشک دەخاتە سەر ئەو جیاوازییە بنەڕەتییەی کە لە نێوان تێگەیشتنی کورد و نەتەوەکانی تردا بۆ نەورۆز هەیە؛ بەڕێزیان پێی وایە هەرچەندە بۆ زۆرێک لە گەلان نەورۆز تەنیا وەرچەرخانێکی سروشتی و هاتنی بەهارە، بەڵام بۆ کورد لە نێو جیوپۆلەتیکی زاگرۆسدا، مانایەکی قووڵتری هەیە کە پەیوەستە بە ڕزگاریی سیاسی و تێکشکاندنی ستەمکاری.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خاکەلێوەی ٢٧٢٦**

**لە درێژەی ئەم گفتوگۆیەدا، پرۆفیسۆر قادر باس لە گۆڕانکارییەکانی چەمکی نەورۆز دەکات لە جەژنێکی فۆلکلۆرییەوە بۆ "تاقە جەژنی نەتەوەیی" کە لە سەدەی بیستەمدا بووەتە هێمایەکی سەرەکیی خەبات و کۆکەرەوەی ناسنامەی کوردی. هەروەها بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە و مێژوویی، پەیوەندی نەورۆز بە دەوڵەتی ماد و دەقە کۆنەکانی وەک ئاڤێستا و ئایینی یارسان ڕوون دەکاتەوە. دوکتور قادر جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئاگر لە نەورۆزی کورددا تەنیا بۆ گەرمبوونەوە نییە، بەڵکوو "کۆدی ڕاگەیاندنی سەرکەوتنە". ئەم وتووێژە هەوڵێکە بۆ گەڕان بەدوای ڕەگ و ڕیشە ڕاستەقینەکانی نەورۆز و سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە چۆن ئەم یادە لە کۆیادی کورددا بووەتە هێمای ئومێد و هاوپشتی بۆ داهاتوو.**

**شەهرام سوبحانی:** دوکتور ئەگەر سەیری جوگرافیای سەرهەڵدانی نەورۆز بکەین لە ڕووی ئیکۆلۆژییەوە، ئایا دەتوانین بڵێین بنەماکانی نەورۆز (وەک هاتنی بەهار و کشتوکاڵ) تەنیا لەگەڵ جیوپۆلەتیکی چیاکانی زاگرۆس دەگونجێت، نەک ناوچە بیابانی و دەشتاییەکانی دەوروبەری کوردستان؟

**د. قادر محەممەد حەسەن:** لە ڕاستیدا ئەو باسوخواسانەی کە سەبارەت بە گرێدانی نەورۆز بە گۆڕان و پەرەسەندنەکانی کەشوهەوا و هاتنی وەرزی بەهار دەکرێن، پتر لەلایەن ئەو میللەت و نەتەوانەن کە لە ڕوانگەی گۆڕانی دۆخی هەواوە لە یادەکە ڕادەمێنن؛ لای ئەوان باسەکە پەیوەست نییە بە نەتەوە و چەوساندنەوە و ستەمکاری و زیاتر هەروەک وەرچەرخانێکی وەرزی دەیبینن. بەڵام لای کورد، ڕاستە جەژنەکە سەرەتای بەهارە و وەرز دەگۆڕدرێت، بەڵام لە کۆیادی کورددا و لە جوگرافیای زاگرۆسدا جەژنەکە مانایەکی قووڵتر لەوەی هەیە و وابەستەکراوە بە گۆڕان و وەرچەرخانی دۆخی مرۆیی لە بەندەستی و بێبڕستییەوە بۆ سەرفرازی و باڵادەستی. بۆیە من پێم وایە ئەو میللەتانەی جەژنەکە لە ڕوانگەی سروشتەوە دەبینن، لە ڕاستیدا هۆگری یاد و بۆنەیەکن کە لە بنەچەدا جیاواز بووە لە نەورۆز، بەڵام دواتر کاریگەری و هەژموونی جەژنانەی نەورۆز وای کردووە تێکەڵ بەو بکرێت. ئەگەر مەسەلە گۆڕانی کەشوهەوا بێت، ئەوا هەر لە دەڤەری زاگرۆس نشینان هەوا نەگۆڕاوە، بەڵکوو لە ناوچەکانی دەوروبەریش هەر گۆڕاوە، بەڵام لەوێ وەکوو جەژن و بۆنەی دیاریکراو نەبووە.

**شەهرام سوبحانی:** چۆن دەتوانین جیاوازی بکەین لە نێوان گێڕانەوەی "کاوەی ئاسنگەر" لە نێوان کورد و نەتەوەکانی تردا؟ ئایا تەنیا لە لای کورددا ئەم جەژنە مانایەکی "ڕزگاریی سیاسی و نەتەوەیی" وەرگرتووە کە ڕاستەوخۆ دەبەسترێتەوە بە مێژووی ماددەکان؟

**د. قادر محەممەد حەسەن:** لە ڕاستیدا بەگوێرەی ئاگایی من، کورد بۆ خۆی گێڕانەوەیەکی دێرینی نووسراوی بۆ نەورۆز



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نییە؛ ئەوەی کە لەو بارەیەوە دەگێڕدرێتەوە، نووسەرانی دیکە یاداشتیان کردووە و ئەوانیش لەو چیرۆکە داستان ئامێزانەوە وەریان گرتووە کە لە نێو خەڵکدا باو بوون و دەماودەم گێڕدراونەتەوە. پێش دەرکەوتنی نەتەوەخوازی، کورد یادی نەورۆزی بە ئاگرکردنەوە و ئاهەنگگێڕان کردووەتەوە، ئەمەش وەکوو جەژنێک بۆ دەربڕینی خۆشی لە ڕزگاربوون لە ستەم و نادادی و وەک هێمایەک بۆ سەربەخۆیی. لەگەڵ فراژووبوونی نەتەوەخوازی و بەتایبەتی لە سەدەی بیستەمدا، جەژنەکە لای کورد مۆرکێکی تەواو نەتەوەییانەی وەرگرت و وەک تاقە جەژنی نەتەوەیی زانرا. جاکە ئێمە دەوڵەتیشمان نەبووە، ئەوا هەر لە چوارچێوەیەکی نەتەوەییدا دەست بە نەورۆزەوە گیراوە و یەکێک لە هێما گرنگەکانی کۆکردنەوەی نەتەوەی کورد بووە کە دەمەزەردکردنەوەی کوردانەی بۆ نەتەوە کردووە. ئیتر لای کورد دەکرێ بڵێین نەورۆز لە جەژنێک زیاترە و هێمایە بۆ ڕزگاری و پێکەوەبوون و هاوپشتی و ئومێد بە داهاتوو. ئەو گێڕانەوە ئەفسانەییەی کاوە و زوحاک و سەرکەوتنی ڕەوایی بەسەر نادادی و ستەم، زیاتر پێدەچێت زادەی نێو کۆمەڵگەی کوردی بێت و لەکن میللەتانی دیکە بەم شێوە و گەرموگوڕییەی بەستنەوەی بە خەبات و بەرخودان بۆ ڕزگاری و مانەوە نییە. سەرنج بدەن کە هەتا ڕەچەڵەک و دەرکەوتنی نەتەوەیەکیش گرێدراوی بابەتی ڕزگاربووانی ژێر ستەمی زوحاک کراوە، کە ئەمە ئەوە نیشان دەدات کە کورد لە یەکەم دەرکەوتنی خۆیدا، بەگوێرەی ئەفسانەکە، سەرکەوتنی لە دەرکەوتن و دژایەتیکردنی ستەمکار گرێدراوە بە جەژنی نەورۆز.

**شەهرام سوبحانی**: بە پشتبەستن بە دەقە کۆنەکانی وەک (ئاوێستا) و ئایینە کوردییە کۆنەکان (وەک یارسان و ئێزدی)، نەورۆز تا چەند وەک ڕەگەزێکی دانەبڕاو لە کولتووری "کوردانی زاگرۆس" دەردەکەوێت کە دواتر نەتەوەکانی تر لێیان وەرگرتووە؟

**د. قادر محەممەد حەسەن**: ئەوەندەی من ئاگادار بم، لە نێو ئاڤێستا و ئەو ئایینانەی ئاماژەی پێ کراوە، خودی نەورۆز وەکوو جەژن ئامادەییەکی وای نییە، بەڵکوو جەژنەکانی سەری ساڵ و وەرچەرخانەکانی سروشت کە هەر هێمان بۆ یادی نەورۆز، هەن. لای یارسانەکان ئاماژە بۆ ئەوەی کە کوردن و لە بنەچەی کاوەن و زنجیری ستەمی زوحاکیان شکاندووە، هەیە، کە ئەمەش گرێدراوی نەورۆزە. لە لای ئەحمەدی خانیش، پێش پتر لە سێسەد ساڵ، نەورۆز وەکوو جەژن ئاماژەی پێ کراوە و بەستراوەتەوە بە سەری ساڵەوە.

**شەهرام سوبحانی**: بۆچی تەنیا لە لای کورددا "نەورۆز" وەک سەرەتای ساڵێکی نوێی "ژمارەیی" ئەژمار دەکرێت کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٧٠٠ ساڵ پێش زایین (دامەزراندنی دەوڵەتی ماد)؟ ئایا ئەمە بەڵگەی خاوەندارێتییەکی سیاسیی کۆن نییە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**د. قادر محەممەد حەسەن**: مەسەلەی بەستنەوەی جەژنی نەورۆز بە دەوڵەتی مادەوە لەلایەن کورد، بابەتێکی نوێیە و دارایی دێرینی نییە، چونکە خودی جەژنەکە زۆر کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی پێش مێژوو، بەڵام سەرکەوتن بەسەر زوحاک و ئەوەی لێی کەوتەوە دیارە هەر لە ڕۆژی نەورۆز بووە و یادەکەی دواتر تێدا کراوەتەوە. چونکە لە سەردەمە زۆر دێرینەکان باوەڕ وابوو کە گیانی مردووان لە ڕۆژی نەورۆز دەگەڕێتەوە، بۆیە دەبێ ئامادەباشی بۆ بکرێت و ئاگریش بکرێتەوە. دەبێ ئەوە بزانین کە ڕۆژمێری کوردی و کردنی نەورۆز بە سەری ساڵ ڕاستە ڕیشەی مێژوویی هەیە، بەڵام پتر لە سەدەی بیستەمدا و لەگەڵ فراژووبوونی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی پەرەی گرتووە و هەوڵی چەسپاندنی دراوە، هەتا لە سەردەمی کۆماری کوردستان مانگە کوردییەکان ناویان لێنرا و ئیدی بەکار دەهاتن. بۆ مەسەلەی خاوەنداریکردنی نەورۆز، ڕوانگەی ڕاستی مێژوویی ئەوەیە کە جوگرافیای دەرکەوتنی نەورۆز لە نێو زاگرۆس نشینان بووە و نکۆڵی لەوە ناکرێ کە میللەتانی جیاجیا یادی نەورۆز دەکەنەوە، بەڵام ناوەڕۆکی دەرکەوتنی نەورۆز و بە جەژن زانینی لەلایەن ئەو نەتەوەوە بووە کە دواتر بە کورد ناسران و نیشتمانیان کوردستانە کە وەخۆگری جوگرافیای زاگرۆسە. بۆیە مەسەلەی دیاریکردنی ساڵی دامەزراندنی دەوڵەتی ماد بە سەرەتای ڕۆژمێری کوردی، جیایە لە جەژنی نەورۆز کە بە سەرەتای ساڵی کوردی دانراوە، چونکە جەژنەکە کۆنترە.

**شەهرام سوبحانی**: ئاگر لە نەورۆزی کورددا تەنیا بۆ گەرمبوونەوە یان پیرۆزییەکی ئایینی نییە، بەڵکوو وەک "کۆدی ڕاگەیاندنی سەرکەوتن" بەکارهاتووە. ئەم جیاوازییە سەمبۆلیکییە چۆن دەیسەلمێنێت کە ڕەگی نەورۆز لە کوردستانە؟

**د. قادر محەممەد حەسەن**: مەسەلەی ئاگر و نەورۆز دوانەی هەمیشە پێکەوەن و نیشانەن بۆ یەکدی. پێگەی ئاگر زۆر دێرینە و هەر بۆ خۆی یەک لە توخمە پێکهێنەرەکانی گەردوونە؛ وێڕای ڕووناکی و گەرمییەکەی، هۆکارێکە بۆ پاکبوونەوە. لە جەژنی نەورۆزدا وێڕای ڕێزلێنان لەو هەموو سوودانەی کە هەیەتی، هۆکارێکە بۆ ئاگادارکردنەوە و دەبڕینی خۆشی. بۆیە لای کورد هەمیشە یادی نەورۆز بە ئاگرکردنەوە کراوەتەوە؛ ڕۆژی نەورۆز ئەگەر ئاگر نەکرێتەوە، لە لای کورد وایە نەورۆزی نەکردووە. ئەمەش پتر هەر لە نێو کوردان باوە لەچاو هەموو ئەو نەتەوانەی دیکە کە یادی نەورۆز دەکەنەوە.

**شەهرام سوبحانی**: لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان لەسەر وشەی "نەورۆز" و گۆڕانکارییەکانی لە دیالێکتە کوردییەکاندا، چۆن دەیسەلمێنن کە ئەم چەمکە پێش ئەوەی ببێتە وشەیەکی ئێرانیی گشتی، ڕەگی لە زمانە پرۆتۆ - کوردییەکاندا هەبووە؟

**د. قادر محەممەد حەسەن**: لەباری زمانەوانییەوە، نەورۆز وەکوو هێما بۆ نوێبوونەوە واتاکەی لە خۆیدا ئاشکرایە، بۆیە پتر لە هەر زمانێک لەگەڵ زمانی دێرینی کوردی سەروکاری هەیە و لە کولتووری کوردیدا بەکار هاتووە هەر بەو شێوەیەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە ئێستا بەکاردێت. ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە وشەکە لە زمانی کوردیدا پتر لە هەر زمانێکی دیکە دێرینتر و زیاتر بەکار هاتووە.

**شەهرام سوبحانی:** لە مێژووی هاوچەرخدا، کورد تەنیا نەتەوەیە کە نەورۆزی کردووەتە "ئامرازی خەبات". ئایا ئەم پەیوەندییە توندوتۆڵە لە نێوان جەژن و ئازادی، لە هیچ کولتوورێکی تردا بەم قووڵییە بوونی هەیە؟

**د. قادر محەممەد حەسەن:** ئەوەی شارەزای مێژووی نەورۆز بێت دەزانێت هیچ نەتەوەیەک هێندەی کورد هۆگرانە لە دەوری ئاگردانی نەورۆز کۆنەبووەتەوە. ئەمەش بەتایبەتی لە سەدەی بیستەمدا و لەسەر دەستی شاعیر و بیریاری کورد پیرەمێرد (١٨٦٧ - ١٩٥٠)، بەرزڕاگرتنی نەورۆز وەکوو جەژنێکی نەتەوەیی چووە قۆناغێکی دیکەوە و ئیتر بەتەواوی گوزارشتی لە ئازادیخوازی کورد دەکرد. ئەمە لە حاڵێکدا کە یادەکە لە هەندێک لەو دەوڵەتانە قەدەغە بوو کە ئێستا کردوویانەتە جەژنێکی فەرمی. بۆیە حاشای لێ ناکرێت کە هیچ نەتەوە و میللەتێک ئەوەندەی کورد جەژنەکەی بەلاوە گرنگ و کاریگەر و واتادار نییە؛ ئەمەش هەر بۆ خۆی بەڵگەیە کە لە بنەچەدا جەژنەکە هی کوردانە و میللەتی دیکەش وەکوو بەهەند وەرگرتن و بایەخپێدانی سروشت لە یادەکە وەردەگەن.

**شەهرام سوبحانی:** ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ نووسینەکانی "گزینفۆن" و مێژوونووسانی تری کلاسیک، چۆن دەتوانین ئاماژەکانی ئەوان بۆ جەژنە بەهارییەکانی دانیشتووانی چیاکانی زاگرۆس وەک بەڵگەی "نەورۆزی کوردی" بەکاربهێنین؟

**د. قادر محەممەد حەسەن:** لەو کتێبەی کە گزینۆفۆن سەبارەت بە گەڕانەوەی لەشکرە یۆنانییەکە نووسیوویەتی، بەسەرهاتی چۆنیەتی ئەو پاشەکشەیە و گەیشتنیان بە وڵاتی کوردان و تێپەڕینیان بە کوردستان و ئەرمینیا تێدایە؛ لە دەوروبەری ساڵی ٤٠١ پ.ز، باسێک لە نەورۆز نییە، تەنیا هەندێک ئاماژەی پەیوەست بە ئاگر و یەکدی ئاگادارکردنەوەی تێدایە، ئەوەی پەیوەندی بە وڵاتی کادۆخییەکانەوە هەبێت.

١ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گەرووی هورموز لە نێوان ملهوڕی کۆماری ئیسلامی و بێ هەڵوێستیی ئەنجومەنی ئاسایشدا






**د. ئارەزوو نستانی**

هەڵگیرسانی شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لێکەوتەی جیاوازی بەدوای خۆیدا هێناوە کە کاریگەری نەتەنیا لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو لەسەر ئابووری جیهانی داناوە. داخستنی گەروی هورموز لەلایەن ڕێژیمی ئێران بەڕووی کەشتیرانیی جیهانی، زیانی گەورەی بە ئابوری جیهان گەیاندوە؛ لەلایەک وڵاتانی پێشکەوتووی

خاکەلێوەی ٢٧٢٦

جیهان وەک گەورە هاوردەکارانی نەوت و وڵاتانی کەنداو وەک گەورە هەناردەکارانی نەوت بە خودی ئێرانیشەوە زیانی گەورەیان بەرکەوتوە. دورگەی هورموز وەک ڕێڕەوێکی گرینگ دەریایی شوێنی گواستنەوەی نزیکەی ٢٠ لەسەدی نەوت و گازی جیهانە و هەروەها گرینگترین دەرچەیە بۆ گواستنەوەی کەلوپەل و پێداویستی.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چەند دەیەی ڕابردوودا هەرکات تووشی فشاری سیاسی یان سزای ئابووری بووبێتەوە، بە تایبەت لەکاتی سەرهەڵدانی قەیرانی پڕۆگرامی ناوکی نێوان ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوا، ڕاستەوخۆ هەڕەشەی ئاستەنگ دروستکردن بۆ ئازادیی هاتوچۆی دەریایی لەنێو ڕێگاکان و گەروە دەریاییە نێودەوڵەتییەکان کردووە، وەک گەرووی بابولمەندەب وگەرووی هورموز. ئەم ڕەفتارە سیاسییەی ڕێژیمی ئێران، بە پێشێلکردنی ئاشکرای بنەما بنچینەییەکانی یاسای نێودەوڵەتی دادەنرێ. ڕێککەوتننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یاسای دەریاکان (١٩٨٢)، کە بە وردی ماف و سنوورەکانی ئازادیی هاتوچۆی دەریایی لە گەروە نێودەوڵەتییەکاندا دەستنیشان کردوە، بە گرینگترین سەرچاوەی ڕەواییەتی ئازادیی گواستنەوەی دەریایی دادەنرێ. ئەم ڕێککەوتنامەیە بە شێوەیەکی ڕوون دان بە مافی تێپەڕینی ئازادی ئامرازەکانی گواستنەوە دەنێ وەک مافێکی بنچینەیی نێودەوڵەتی کە بە هیچ شێوەیەک نابێ پێشێل بکرێ.

گەروی هورموز، کە لەنێوان شانشینی عومان و ئێراندا هەڵکەوتووە، گرێبەندییەکی ستراتیژیی گرنگ درووست دەکات لەنێوان کەنداو و دەریای عومان و دەریای عەرەبدا. ئەم گەرووە بەهۆی پێگەی ستراتیژیی لە گواستنەوەی نەوت و سەرچاوەکانی وزەدا، بە یەکێک لە گرنگترین ڕێگاکانی گواستنەوەی وزە لە ئاستی جیهاندا دادەنرێ. داخستنی ئەو گەروە بەڕووی هاتوچۆی دەریایی، بۆتە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانی جیهانی لە بازاڕی وزەدا و بەردەوامیی ئەو دۆخە کاریگەریی مەترسیداری بۆ ئاسایشی وزەی وڵاتانی بەکارهێنەری نەوت لەلایەک و وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت لەلایەکی دیکەوە لێدەکەوێتەوە، بەتایبەت ئەو وڵاتانەی بە ڕێژەیەکی بەرچاو بۆ هەناردە کردنی نەوت پشت بەو گەرووە دەبەستن وەک عێراق، کوێت، قەتەر و بەحرەین.

لە ساڵانی ڕابردوودا و بەتایبەت دوای دەستپێکردنی جەنگی حەماس و ئیسرائیل، کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی ستراتیژییەکی ڕانەگەیەنراودا پشتیوانی لە میلیشیا چەکدارەکان دەکرد و هانی دەدان بۆ بەئامانجگرتنی کەشتییە بازرگانییەکان و تانکەرەکانی گواستنەوەی نەوت لە دەریای سوور و ئاوی کەنداودا، بۆ ئەوەی بەرپرسیاریەتی یاسایی ڕاستەوخۆ نەگرێتە ئەستۆ. لە وەها دۆخێکدا سەلماندنی تاوان و تۆمەت لە چالاکییە خرابکاری و تیرۆریستییەکانی لەم جۆرەدا زۆر ئاڵۆز و ئەستەمە، بەتایبەتی کە لەو ناوچەیەدا چالاکیی گروپە تیرۆریستی و میلیشیا سەربازییە جۆراوجۆرەکان بە شێوەیەکی بەرچاو هەیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داخستنی بەکردەوەی گەرووی هورمۆز لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە ئەو پرسیارانە دەورووژێنێ کە ئایا بانگەشەی ئێران لە ڕەوابوونی ئەو داخستنە بە پێی یاسای نێودەوڵەتی تا چەند ڕێی تێدەچێ؟ ئایا ئەو دۆخە بەرپرسیاریەتیی نێودەوڵەتی بۆ ڕێژیمی ئێران دروست دەکا بەپێی میساقی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەو پێیەی ئێران لە ئێستادا لە ئەنجامی چالاککردنی میکانیزمی ماشە لە ژێر بەندی حەوتەمی میساقی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دایە، ئەوەش بەو مانایەی هەڕەشەیە لەسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهانی؟ ئایا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەڕێگەی ئەو ناوەندە جیهانیەی کە نوێنەرایەتی دەکا بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی (واتە ئەنجومەنی ئاسایش) بێدەنگ دەمێنێتەوە لەمەڕداخستنی گەروی هۆرمز؟

## دۆخی یاسایی گەرووە نێودەوڵەتییەکان

یاسای نێودەوڵەتی گەروو بە ڕێڕەوێکی دەریایی بەرتەسک پێناسە دەکا کە لەنێوان دوو دەریای گشتی (نێودەوڵەتی)دا هەڵکەوتووە، واتە گەروو بەشێک نییە لە هەرێمە ئاوییەکانی یەک دەوڵەت بەهۆی ئەوەی دەکەوێتە سنووری ئاویی دەوڵەتەکە. بەڵکوو واتایەکی نێودەوڵەتیی فراوان لەخۆ دەگرێ کە بریتییە لە گۆڕەپانێکی گەورە لە بەرژەوەندیی نێودەوڵەتی بۆ زۆرێک لەو دەوڵەتانەی سوودمەندن لەو گەرووە. تێپەڕبوون لە ڕێگای ئەم گەروانە بابەتێکی سادە نییە، چونکە بۆ هەندێک دەوڵەت ئەم گەرووە گرینگترین دەرچەی دەریاییە بۆ گواستنەوەی دەریایی، هەربۆیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵیداوە بە دانانی چەمک و زاراوە یاساییە جۆراوجۆرەکان، ڕێکخستنی پێویست بکا بۆ مەبەستی ڕێکخستن و سەقامگیری پەیوەندی نێودەوڵەتیی لەنێوان ئەو دەوڵەتان کە سوود لەو گەرووانە وەردەگرن.

پرسی گەروەکان لە کۆنەوە بابەتێکی جێگای ناکۆکی بووەو چەندین ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ ئەو مەبەستە بەستراون، وەک ڕێکەوتننامەی ژنێڤ (١٩٥٨) سەبارەت بە دەریای هەرێمی و ناوچەی هاوسنوور (المتاخمة )، پاشان ڕێککەوتننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یاسای دەریاکان (١٩٨٢) کە لە ساڵی ١٩٩٤ز کارا کراوە. بۆ ڕێکخستنی کەشتیرانی لە گەرووەکان کۆری گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە پێی ڕێککەوتننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یاسای دەریاکان ساڵی ١٩٨٢ ز بڕیاری سیستەمی مافی تێپەڕینی ترانزیتی (Transit Passage) دا کە لەسەر زۆربەی گەروەکان و یەک لەوان گەرووی هورمۆز جێبەجێ دەبێ. بەپێی ناوەڕۆکی ئەو ڕێککەوتننامەیە کەشتییەکان مافی تێپەڕینی خێراو بێ وەستان و بەردەوامیان هەیە لەو گەروانەدا بە بێ ئەوەی پێویستییان بە ڕەزامەندیی پێشوەختە یان دیاریکردنی کات بۆ تێپەڕین بەو ڕێڕەوەدا هەبێ، بەڵام لە حاڵەتێکدا کە کێشەیەکی تەکنیکی هەبێ یان دۆخێکی تایبەت لە دەریادا بێتە ئاراوە، کەشتییەکان دەتوانن بوەستن. هەرچەندە ئەو سیستەمە سەرەتا لەلایەن هەموو ئەندامانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پەسەند نەکرا، بەڵام دواتر ڕێکەوتننامەکە بەشێوەیەکی فراوان لە لایەن دەوڵەتانەوە قەبووڵ کرا،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشێوەیەک کە لە ئێستادا وەک عورفی نێودەوڵەتی دەژمێردرێ و دەبێ هەموو دەوڵەتان پابەند پێی، تەنانەت ئەگەر ئیمزای ڕێککەوتننامەکەیان نەکردبێ.

بە پێی ماددەی ٣٧ لە ڕێککەوتننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یاسای دەریاکان ساڵی ١٩٨٢م، سروشتی ئەو گەروانە دەخاتەڕوو کە سیستەمی تێپەڕینی تڕانزیتییان بەسەردا جێبەجێ دەکرێ و گەرووی هورموز ئەو وەسفەی هەیە، ماددەی ٣٨ باس لە مافی کەشتییەکان دەکا بە تێپەڕینی تڕانزیتی بەناو گەروەکان بەشێوەی بەردەوام و خێرا بۆ هەموو کەشتییەکان، بازرگانی یان نابازرگانی، جەنگی یان ناجەنگی ودەوڵەتی کەناراو ناتوانێ هیچ بەربەستێک دروست بکا، و بە پێی دەقی ٣٩ کەشتیەکان ئەرک دارن هیچ کردەیەک ئەنجام نەدەن کە ببێتە لێدان لە سەروەری و سەلامەتیی سەربەخۆیی دەوڵەتی کەناراو، ئەوەش بەواتایەیە هەموو کەشتییەک دەتوانێ بە گەرووی هۆرمز تێپەڕ بێ بە کەشتیی جەنگیشەوە و ئێران نابێ بەربەست بۆ تێپەڕینیان دروست بکا. کەواتە ئەو مافە کە بە پشتبەستن بە ڕێکەوتننامە کۆن و نوێیەکان دروست بووە هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە لەوەی کە دەوڵەتی کەناراو مافی دەست بەسەرداگرتن یان ڕێگری کردن لە تێپەڕینی کەشتیی بیانی نییە تەنیا لە دۆخی ئاوارتەدا نەبێ کە ئەو تێپەڕینە هەڕەشە بۆسەر کیانی ئەو دەوڵەتە دروست بکا و بیخاتە دۆخی ناسەقامگیریی ئەمنی. گەرووی هورموز بەر لە دەستپێکی ئەو جەنگە لە دۆخی ئاسایی دا بووە و ناتوانرێ بارودۆخی ئاوارتەی بەسەر دا جێبەجێ بکرێ، هیچ ئاماژەیەک لەو گەرووەدا بەدی نەکراوە کە ناسەقامگیریی ئەمنی بۆ ئێران دروست بکرێ لەلایەن ئەو کەشتییانەی بە گەرووەکەدا تێپەڕیون. داخستنی گەرووی هورموز لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە پێشێلی ئاشکرای بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتییە و بەرپرسیاریەتیی نێودەوڵەتی بۆ ئەو وڵاتە لێ دەکەوێتەوە .

## بەرپرسیاریەتیی ئێران لە داخستنی گەرووی هۆرمز

ئێستا کە گەرووی هورمۆز داخراوە، سیستەمی نێودەوڵەتی چ ڕێکارێکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو پێشێلکارییە پێشبینی کردوە؟ بە واتایەکی دیکە بەرپرسیاریەتیی نێودەوڵەتیی دەوڵەتی کەناراو لەو سەرپێچییانەی بەتایبەت لەکاتی دروست کردنی بەربەست بۆ کەشتیرانی لە گەرووەدا ڕوودەدەن چییە؟ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەرپرسیارە لە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و لەو پێناوەدا مافی دەستوەردانی ڕاستەوخۆی هەیە بۆ گێڕانەوەی ئاسایشی گشتیی نێودەوڵەتی لەهەر ململانێیەک کە دەبێتە لێدان لە ئاشتی و ئاسایشی جیهانی و هیچ دەوڵەتێک ناتوانێ بیوەستێنێ بە پاساوی دەستوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتەکەی. لەبەر ئەوەی ئەو دەستوەردانە پاریزگاری لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکا. هەربۆیە دەتوانێ ڕێوشوێنی سیاسی و ئابوری بگرێتە بەر دژی ئەو دەوڵەتەی هەڕەشە لە ئەمنیەتی نێودەوڵەتی دەکا و ئەگەر بۆی دەرکەوت ڕێوشوێنی ناسەربازی کاریگەری نییە، دەتوانێ پەنا بۆ ڕێوشوێنی سەربازی ببا

بەپێی بەشی حەوتەم لە میساقی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

هەربۆیە دەوڵەتانی کەناراوی گەروی هورموز دەبێ پابەند بن بە پێداویستیی بەردەوامبوونی کەشتیرانی نێودەوڵەتی و ڕێگری نەکردن لە تێپەڕینی کەشتییە بیانییەکان بە گەرووەکەدا لە چوارچێوەی پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی، تەنانەت ئەگەر کەشتی جەنگی بن بەو مەرجەی نەبنە مەترسی لەسەر ولاتانی کەناراو. هەر بۆیە داخستنی گەرووی هورموز، بەرپرسیاریەتیی نێودەوڵەتی دروست دەکا بەپێی میساقی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و پێویستی بە دەستوەردانی ڕاستەوخۆی ئەنجومەنی ئاسایشە بۆ وەستاندنی ئەو هەڕەشەیە.

## هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی

لە ئێستادا کە بنەما نێودەوڵەتییەکانی ئازادیی جووڵەی بازرگانی لەلایەن ئێرانەوە پێشێل کراوە، ئایا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەتوانێ هەڵوێستێکی هاوبەش بگرێتە بەر بەرامبەر مەترسییەکانی ئێران و ئەنجومەنی ئاسایش وەک نوێنەری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و بڕیاری یەکلاکەرەوە لەو پرسەدا بدا؟ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە بەپێی میساقی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەرپرسیاری سەرەکییە لە پاراستنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، دەسەڵاتێکی فراوانی هەیە لە گرتنەبەری ڕێکاری جۆراوجۆر بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی هەموو ئەو هۆکار و لایەنانەی مەترسی دروست دەکەن لەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.
جەمسەربەندییە جیهانییەکان و بەتایبەت ناکۆکیی نێوان ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش بوونەتە گەورەترین ڕێگر لە بەردەم کارایی ئەو دامەزراوە نێودەوڵەتییە لە یەکلاکردنەوەی پرسە گرینگەکاندا. هەر بۆیەشە بڕیاردان لەسەر ئەو پرسانەی ناکۆکییان لەسەرە، دەبێتە قوربانیی پرەنسیپی ڤیتۆ و ئاراستەی جیاواز لە پێناسەی بەرژەوەندیی گشتیی نێودەوڵەتی‌دا سەرهەڵدەدا.

بۆ نموونە ئەنجومەنی ئاسایش لە ڕووداوەکانی سووریە دوای سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی تووشی ناکامییەکی گەورە بووەوە و کارەساتی گەورەی مرۆیی لەو ولاتەدا ڕووی دا و بە سەدان هەزار کەس بوونە قوربانیی بەرژەوەندیی ڕووسیا و ئێران لە لایەک و ولاتانی ڕۆژئاوا لەلایەکی دیکەوە. نابێ نکۆڵی لەوەش بکرێ کە زۆرجار بێ کرداریی ئەنجومەنی ئاسایش بەرهەمی ڕێککەوتنێکی شاراوەی زلهێزەکانە.

هەڵوێستی ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی کۆماری ئیسلامی بە قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە. ڕێژیمی ئێران

**خاکەلێوەی ٢٧٢٦**

لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیەی رابردوودا سەرەڕای پڕۆگرامی ناوەکی گوماناوی، بە هۆکاری تریش هەڕەشە بووە بۆ ئاسایشی نێودەوڵەتی و بەتایبەت ناوچەی هەستیاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. پەرەپێدانی پڕۆگرامی مووشەکە بالیستیکییەکان، دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی ناوچە و سپۆنسەریی گرووپەکانی ناسراو بە بەرەی موقاوەمەت و هەڕەشەی بەردەوام لە ئازادیی هاتوچۆی بازرگانی دەریایی لە کەنداو و دەریای سووردا و هەروەها پێشێلکاریی بەربڵاو و ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە ناوخۆی ئێراندا، لە هۆکارە کاریگەرەکانی تێکدانی ئاشتیی نێودەوڵەتین لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە. ئەنجومەنی ئاسایش تەنیا لە پرسی پڕۆگرامی ناوەکیدا لە گرتنەبەری هەڵوێستی هاوبەش سەرکەوتوو بووە، لەکاتێکدا ئەو هاوهەڵوێستییە کە لە کۆمەڵێک بڕیارنامەی ئەنجومەندا بەدی دەکرێ نەتەنیا نەیتوانی کۆماری ئیسلامی پابەند بکا بە پڕەنسیپە نێودەوڵەتییەکان، بەڵکو بەستێنی سەرهەڵدانی جەنگی ئامادە کردووە.

تەنگەژەی گەرووی هورموز و سەرهەڵدانی قەیرانێکی نێودەوڵەتی بۆ بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی جیهان، بۆ جارێکی دیکە ئەنجومەنی ئاسایشی خستۆتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورە. تاقیکردنەوەیەک کە پێناچی بتوانێ بە سەرکەوتوویی تێیپەڕێنێ. هەر لەبەر ئەو ڕاستییەیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەتایبەت شەخسی ترامپ بەدوای ئالترناتیڤێکەوەیە بۆ گێڕانەوەی ئەمنیەتی گەرووی هورموز لە دەرەوەی ئەنجومەنی ئاسایش. هەرچەند ئەو قەیرانە سەرەتای پرسیار خستنە سەر ئەو نەزمە جیهانییە نییە کە بەدوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە هاتۆتە ئاراوە، بەڵام بە خاڵی وەرچەرخانی بێ کەڵک کردنی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان دادەنرێ. دروشمی بەنێوبانگی ترامپ کە بریتییە لە گێڕانەوەی ئاشتی لەڕێگای هێزەوە، دەرهاویشتەی ئەو دۆخە نوێیەیە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. ئەوەش ڕێک پێچەوانەی مەبەستی سەرەکیی دامەزرانی ئەو سیستەمە نێودەوڵەتییەیە کە بەدوای جەنگی دووەمدا و لەژێر چاوەدێریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتۆتە ئاراوە. بەپێی ناوەڕۆکی میساقی نەتەوەیەکگرتووەکان (ماددەی ٣٣) پێویستە ململانێ نێودەوڵەتییەکان لە ڕێگای ئاشتیخوازانەوە چارەسەر بکرێن.

**١ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کوردستان لە ژێر هێرشی سەربازی و گوتاریدا





زاهیر محەممەدی

ئەم وتارە خوێندنەوەیەکی شیکاریی . گوتارییەوە بۆ هاوکاتبوون و یەکانگیریی دوو ڕەهەندی هێرش بۆ سەر کوردستان لە گەرمەی شەڕی هاوبەشی ئەمریکا . ئیسرائیل لەگەڵ ئێراندا کە کۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشی گرتووەتەوە. ڕەهەندی یەکەمی

ئەم هێرشە، هێرشی هاژەک و درۆنیی کۆماری ئیسلامییە بۆ سەر کوردستان. ڕەهەندی دووهەمی هێرشەکە، هەڵمەتی میدیایی و گوتاریی ڕەوتە ڕاستئاژۆکانی شاپەرەستیی ئێرانە لە تاراوگە دژی کورد.

گریمانەی سەرەکیی وتارەکە ئەوەیە کە ئەم دوو جەمسەرە، سەرەڕای جیاوازیی پێگە و ئامرازەکانیان، لە ئاستێکی قووڵتردا لە ڕێگەی چەمکی هاوبەشی «جوداخوازی»یەوە یەک دەگرنەوە و لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی تەواوکەردا، هەوڵ دەدەن کوردستان لە «سوژەیەکی سیاسیی ڕێکخراو»ەوە دابەزێنن بۆ ناو پرۆژەی ئێرانچییەتی خۆیان. ئامانجی وتارەکە دەرخستنی ئەم پەیوەندییە شاراوەیە و ڕوونکردنەوەی ئەرکی ناسیۆنالیزمی شۆڤێنیستیی ئێرانە لە نکۆڵیکردنی شوناس و مافە سیاسییەکانی کورد؛ هەروەها جەختکردنەوە لەسەر ئەو خاڵەیە کە بەرفراوانیی ئاستی ئەم هێرشانە، نەک نیشانەی لاوازی، بەڵکو دەربڕی هێز و توانای هەژموونیی کوردستانە دژی جۆرە جیاوازەکانی دیکتاتۆری لە ئێراندا.

ڕەوشی ئێستای ئێران و ناوچەکە لە چوارچێوەی ململانێی سەربازیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ـ ئیسرائیل و ئێران، جارێکی تر کوردستانی وەک گرێکوێرەیەکی گوتاری و جیۆپۆلیتیکی لەناو ئێران و ناوچەدا زەق کردووەتەوە؛ گرێیەک کە نەک تەنیا لە مەیدانی جەنگدا، بەڵکو لە ئاستی گوتاریشدا دەرکەوتووە و لە میدیای ڕەوتی ڕاستئاژۆی شاپەرەستی ئێراندا ڕەنگی داوەتەوە. ئەوەی لێرەدا گرنگە تەنیا ڕەهەندی هێرشی درۆنی یان قەبارەی هێرشی میدیایی نییە، بەڵکو هاوکاتبوون و هاوتەریبی ئەم دوو ڕەهەندەی هێرشەیە بۆ سەر کوردستان: ڕەهەندی سەربازی و ڕەهەندی گوتاری ـ کە نیشانی دەدات کوردستان لە چەقی پرۆژەیەکی سڕینەوەی فرەڕەهەندایە. ئەم پرۆژەیە تەنیا بۆ لاوازکردنی هێزی پێشمەرگە نییە، بەڵکو ئامانجەکەی بێبایەخکردنی کوردە وەک سوژەیەکی سیاسیی ڕێکخراو و کاریگەر کە لەمپەرێکە لەبەرامبەر دیکتاتۆری لە ئێراندا.

لە ڕەهەندی یەکەمدا، واتە هێرشی سەربازی، کۆماری ئیسلامی بە تەقاندنی هاژەکی بالیستی و درۆن، هەوڵ دەدات توانای سەربازیی پێشمەرگە لە هەر دوو دیوی کوردستان بکاتە ئامانج. ئەم هێرشانە کە زۆرجار بە بیانووی نەهێشتنی گرووپە «جوداخوازەکان» ئەنجام دەدرێن، لە ڕاستیدا بەشێکن لە ستراتیژییەکی گەورەتر کە مەبەستەکەی پێشگرتنە بە ئەگەری سەرهەڵدانی هەر چەشنە دەسەڵاتێکی سیاسی لە جوگرافیای کوردستاندا. لێرەدا چەمکی «جوداخوازی» دەبێتە چەقی گوتاری ئەمنیی کۆماری ئیسلامی؛ چەمکێک کە هەر داواکارییەکی سیاسی لە دەرەوەی دەسەڵاتی ناوەند بە هەڕەشەیەکی ئەمنی پێناسە دەکات. دەسەڵاتی ئێران لە چوارچێوەی ئەم پێناسەیەدا ڕێگە بۆ هێرشی سەربازی خۆش دەکات، چونکە لایەنی بە ئامانجگیراو چیتر بە بکەرێکی سیاسی دانانرێت، بەڵکو وەک «مەترسییەکی ئەمنی» سەیر دەکرێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەی ئەم دۆخە ئاڵۆزتر دەکات، بوونی گوتارێکی هاوشێوەیە لە تاراوگەی ئێرانی؛ بەڵام بە هەمان مەبەست، بەڵام بە شێوازێکی جیاواز. گوتارێک کە لە لایەن ڕەوتی ڕاستئاژۆی شاپەرەستیی ئێرانەوە بەرهەم دێتەوە. ئەم ڕەوتە، هەرچەندە لە تاراوگەیە و خۆی بە دژبەر و تەنانەت جێگرەوەی دیموکراتیکی کۆماری ئیسلامی پێناسە دەکات، بەڵام لە هەمبەر کوردستاندا، بە شێوەیەکی بەرفراوان هەمان چەمکی «جوداخوازی» بەکار دێنێت. لەم گوتارە ڕاستئاژۆیەدا، کوردستان نەک وەک سوژەیەکی سیاسیی خاوەن مێژوو، شوناس و ماف، بەڵکو وەک «کێشە» یان تەنانەت «هەڕەشە» وێنا دەکرێت کە دەبێت لە چوارچێوەی ئێرانێکی یەکپارچە و لەژێر یەک ئاڵادا بتوێتەوە. ئەم یەکانگیرییە گوتارییە نیشانی دەدات کە لەودیو جیاوازییە سیاسییەکانەوە، هاوبەشییەکی قووڵی ئایدۆلۆژی لە نێوان ئەم دوو ڕەوتەدا هەیە؛ هاوبەشییەک کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناسیۆنالیزمی شۆڤینی ئێرانی.

لەو چوارچێوەیەدا، چەمکی «جوداخوازی» ئەرکێکی دووفاقەی هەیە. لە لایەکەوە دەبێتە ئامرازێک لە دەست دەسەڵاتی ئێران بۆ ڕەواییدان بە هێرشی سەربازیی ڕاستەوخۆ بۆ سەر کوردستان، لە لایەکی تریشەوە دەبێتە ئامرازێک بۆ سڕینەوەی هێمایی و گوتاریی کوردستان لە دەست ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستئاژۆی ئێران لە تاراوگە. ئەم دوو ئەرکە لە کردەوەدا پشتی یەک دەگرن و کەشێک دەخوڵقێنن کە تێیدا هەر جۆرە ئەلتەرناتیڤێکی کوردستانی، پێشوەختە نەزۆک دەکرێت. بە واتایەکی تر، ئێمە لەبەردەم جۆرێک لە «هاوئاهەنگیی سەرکوتکردن»ی کورد داین کە تێیدا کردە سەربازی و گوتارییەکان، ئاو لە ئاشی یەکتر دەکەن.

بەرفراوانیی ئەم هێرشانە، چ لە ئاستی سەربازی و چ لە ئاستی میدیاییدا، بەڵگەی پێگەی بەهێزی کوردستانە لە هاوکێشەی سیاسیی ئێراندا. ئەگەر کوردستان خاوەن توانای ڕێکخراوەیی و کاریگەر نەبوایە، بەو شێوەیە نەدەکەوتە بەر هێرش. لە ڕاستیدا دەکرێ بڵێین ئەم هێرشە بەرفراوانە سەربازی و میدیاییە، ئاماژەیە بۆ بەهێزبوونی کوردستان کە پشتئەستوورە بە تۆڕێکی بەرفراوانی حیزبی، ئەزموونی مێژوویی خەبات و بایەخدان بە دیموکراسی. ئەمە ڕێک ئەو خاڵەیە کە کوردستان دەکاتە سوژەیەکی مەترسیدار بۆ هەر دوو جۆری دیکتاتۆریی دەسەڵات و دیکتاتۆری ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستئاژۆی ئێرانی.

لە ئاستی گوتاریدا، ناسیۆنالیزمی ئێرانی وەک خاڵی هاوبەشی هەردوو ڕەوتەکە، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەیە لە خوڵقاندنی ئەم دۆخەدا. ئەم ناسیۆنالیزمە کوێرە، لەسەر وێنایەکی یەکدەست و یەکسان بۆ «میللەت» بونیاد نراوە؛ وێنایەک کە تێیدا جیاوازییە نەتەوەیی، زمانی و کولتوورییەکان پشتگوێ دەخات یان بە لادان لە بنەماکانی ئێرانیبوون دادەنێت. لەم بازنە داخراوەدا، کوردبوون نەک وەک مافێکی سروشتی، بەڵکو وەک «کێشە»یەکی چارەسەرکراو پێناسە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکرێت. خوێندنەوەی پرسی کورد لە چوارچێوەی «کێشەی کورد» خۆی دەبێتە پێشمەرجێک بۆ پیادەکردنی جۆرە جیاوازەکانی هێرش و سەرکوت.

پارادۆکسە زەقەکەی ڕەوتی ڕاستئاژۆی ئێرانی لێرەدا بە ئاشکرا خۆی دەردەخات. لە لایەکەوە ئەم ڕەوتە باس لە «یەکێتیی نەتەوەیی» و «ئێرانیی یەکگرتوو» دەکات و داوا دەکات هەموو هێزەکان لەژێر سێبەری ئاڵای شێروخورشیددا کۆببنەوە؛ بەڵام لە لایەکی تەرەوە، لە کردەوەدا لە جیاتی دانان بە فرەیی و جیاوازییەکانی کۆمەڵگەی ئێران، بە دوای سەپاندنی گێڕانەوەیەکی تایبەتە لە ناسنامەی ئێرانی. هەوڵدان بۆ چارەسەری «کێشە»ی کورد لە ڕێگەی چەمکی «هاووڵاتیبوون» و تەنانەت دروستکردنی حیزبی کارتۆنیش بۆ کورد، نیشانەی جۆرێکن لە ئەندازیاریی سیاسی لە سەرەوە بۆ خوارەوە. ئەم میتۆدە سیاسییە هەوڵ دەدات کورد لە سوژەیەکی سیاسییەوە بکاتە پاشکۆی خۆی.

ئەم سیاسەتە پێشینەیەکی مێژوویی هەیە و ئەنجامەکانیشی تا ڕادەیەکی زۆر ڕوونن. لە دەیەی ١٩٨٠دا، ڕژێمی سەدام حوسێنیش بە تێکەڵەیەک لە هێرشی سەربازی و ئەندازیاریی سیاسی، هەوڵی دا کوردستان لە نێو گوتاری فەرمیی خۆیدا بتوێنێتەوە. دروستکردنی حیزبی کارتۆنی و هێرشی سەربازی، نەک هەر نەبوونە هۆی تووانەوەی کورد لە دەسەڵاتی بەعسدا، بەڵکو کەلێنی کورد و ڕژێمی بەعسیشی قووڵتر کردەوە و لە کۆتاییدا بووە هۆی قەیرانێکی قووڵتر لە عێراقدا. ئەم ئەزموونە مێژووییە بە ڕوونی نیشانی دەدات کە سڕینەوەی سوژەی سیاسی، تەنانەت ئەگەر لە کورتخایەنیشدا وەڵامدەر بێت، لە درێژخایەندا ناسەقامگیریی زیاتری بەدواداوە دەبێت.

لە ڕوانگەی شیکاری ـ گوتارییەوە، دەکرێ بڵێین ئەوەی ئەمڕۆ بەرانبەر بە کوردستان دەکرێت، جۆرێکە لە «جەنگی واتاکان»؛ ململانێیەک کە تێیدا بکەرە جیاوازەکان هەوڵ دەدەن خوێندنەوەی خۆیان بەسەر چەمکەکانی وەک «میللەت»، «یەکێتی» و «ئاسایش»دا بسەپێنن. لەم مەیدانەدا، کوردستان تەنیا وەک واقیعێکی ئۆبجەکتیڤ وێنا ناکرێت، بەڵکو چەمکێکی سەرگەردان(Floating Signifier) ـە بۆ سەپاندنی پێناسەی جیاواز. بۆ کۆماری ئیسلامی کوردستان «هەڕەشەی ئەمنی»یە؛ بۆ شاپەرەستەکان مەترسییە بۆ «هەڵوەشاندنەوەی ئێران» و بۆ کوردیش بریتییە لە دەستەبەرکردنی «مافی دیاریکردنی چارەنووس» و «دیموکراسی.«

لەم نێوەندەدا ئەوەی گرنگە، تەنیا هێزی سەربازی نییە، بەڵکو توانای بەرهەمهێنان و جێگیرکردنی واتایە. هەر ڕەوتێک کە بتوانێت گێڕانەوەی خۆی بکاتە گێڕانەوەی ڕەها و زاڵ، لە کردەوەدا لە مەیدانی سیاسەتدا باڵادەستیی خۆی دەسەپێنێت. کەواتە پێویستە هێرشی میدیایی دژی کوردستان بە بەشێک لە جەنگی هەژموونی پێناسە بکەین؛ جەنگێک کە پشت بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەک نابەستێت، بەڵام بە زمان دەکوژێت.

بەرخۆدانی کوردستان دژی ئەم دوو هێرشە جیاوازە، نیشانی دەدات کە پرۆژەی سڕینەوەی کورد هەروا سووک و ئاسان نییە. ڕێکخستنی بەهێزی سیاسی، یادەوەریی مێژوویی خەبات و توانای بەرهەمهێنانەوەی گوتاری جێگرەوە، لەو هۆکارانەن کە ڕێگە بە کوردستان دەدەن لە بەرانبەر ئەم گوشارانەدا بە سەرکەوتوویی خۆی ڕزگار بکات. ئەم بەرخۆدانە، تەنیا کاردانەوەیەکی سەربازی نییە، بەڵکو خەباتیشە بۆ پێناسەکردنەوەی چەمکەکان و وەرگرتنەوەی فەزای سیاسییەکان.

لە کۆتاییدا دەکرێت بڵێین ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا دەگوزەرێت، تەنیا ململانێیەکی سەربازی لە ئاستی ناوخۆ و ناوچەییدا نییە، بەڵکو بەشێکە لە ململانێیەکی گەورەتر لە نێوان دوو لۆژیکی سیاسی: لۆژیکی دیکتاتۆریی ناوەندئاژۆی ئێرانی کە لەسەر بنەمای سڕینەوە، تواندنەوە و سەرکوت دارێژراوە و لۆژیکی دیموکراسیخوازانەی کورد کە جەخت لەسەر فرەیی، دانپێدانان و بەشداریی سیاسی دەکاتەوە. کوردستان، لەم نێوەندەدا، بووەتە یەکێک لە گرنگترین مەیدانەکانی ئەم ململانێیە؛ مەیدانێک کە چارەنووسەکەی، کاریگەریی قووڵی لەسەر داهاتووی تەواوی ئێران دەبێت.

٣ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کوردەکان، کۆنترین دوژمنەکانی کۆماری ئیسلامی




**فری پرێس - ڕۆیا حەکاکیان**

**وەرگێڕان بۆ کوردی: کەماڵ حەسەنپوور**

کوردەکان نەبەزترین ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێرانن؛ ئەوان بۆ ڕووخاندنی، یەکلاکەرەوە دەبن. دوو نیشانەی سەرەتایی داهاتووی کارەساتباری شۆڕشی ئیسلامیی ١٣٥٧، هۆنراوەیەک و وێنەیەک بوون. ئێرانییەکان هێشتا سەرخۆشی سەرهەڵدانی ئەو ساڵە بوون کاتێک، لە گەلاوێژی ١٣٥٨، ئەحمەد شاملوو، یەکێک لە گرنگترین شاعیرانی نیشتمان، هۆنراوەیەکی بڵاو کردەوە لەژێر سەردێڕی "ڕۆژگارێکی سەیرە، گوڵم". دێڕە سەرەتاییەکانی ڕەنگدانەوەی نائارامییەک بوو کە بە خشکە دەهاتە نێو ژیانی ڕۆژانەوە، کاتێک پۆلیسی شۆڕش (بەسیج)،

**خاڵی پشکنینی بۆ سەپاندنی قاچاخکردنی کحوول دانابوو:**

**"بۆن بە دەمتەوە دەکەن**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەکا گوتبێتت خۆشم دەوێی
بۆن بە دڵتەوە دەکەن،
دێن و نێو دڵت دەگەڕێن
نەوەک بڵێسەی ئەوینێکی تێدا شاردرابێتەوە
ڕۆژگارێکی سەیرە، گوڵم"

دووەمین نیشانەی ناخۆش، مانگێک دواتر دەرکەوت: وێنەیەکی ڕەش و سپی لەژێر مانشێتی "پەلی تەقە لە ئێران" بێ درکاندنی ناوی وێنەگرەکە لە ڕۆژنامەی ئیتلاعاتدا، لە ١٠ی گەلاوێژی ١٣٥٩ بڵاو بووەوە. لەوێدا ١١ پیاوی چاوبەستراو لە دەشتێکی بەتاڵ لە کوردستان، بەرەوڕووی پەلێکی تەقە ببوونەوە؛ بەشێکیان پێشتر تەقەیان لێ کرابوو و خەریکی کەوتن بوون، ئەوانی دیکە هێشتا لە چاوەڕوانیدا وەستابوون. کاتێک وێنەکە خەلاتی پۆلیتزەری لە ١٣٥٩ بۆ (وێنە-ڕووداو) پێ درا، دنیا نەیزانی ناوی وێنەگرەکە چییە؛ جەهانگیر ڕەزمی بۆ ماوەی ٢٧ ساڵ بە نەناسراوی مایەوە.

ئەوەی ڕەزمی گرتبووی، چرکەساتێک بوو کە پەلی تەقە فەرمانی حاکمی بەدناوی شۆڕش، سادق خەڵخاڵی، ترسناکترین و بێزراوترین مەلای ئەو کاتەی جێبەجێ دەکرد. ئەو دادگاییەکی لەگۆترەی بەڕێوە بردبوو، ئەو پیاوانەی بە "موحاریب" یان شەڕکەری دژی خودا، لەگەڵ تۆمەتی دیکەدا تاوانبار کردبوو و حوکمی سێدارەی بۆ بڕیبوونەوە.

وێنەکە دڕندەییەکی خوێنڕێژانەی پیشان دەدا کە بوو بە هێمای ڕێژیمی نوێ. ئەو هەروەها هیرارشییەکی ئاشکرا دەکرد کە ڕێژیم وەک دوژمن پێناسەی دەکردن. زۆر پێش دەستپێکی جەنگ لەگەڵ عێراق، یان تەنانەت بەر لەوەی "خوێندکارانی هێڵی ئیمام" دەست بەسەر باڵوێزخانەی ئەمریکادا بگرن، و زۆر پێش ئەوەی دەستەواژەی "جیهاد" بێتە نێو وشەدانی ڕۆژاواییەوە، خومەینی پێشتر شەڕی پیرۆزی دژی کوردان ڕاگەیاندبوو و حیزبەکەیانی وەک "حیزبی شەیتان" مەحکووم کردبوو. ماوەیەکی کورت دوای ئەو ڕووداوە، ئەو دەستەواژەی "شەیتانی مەزن"ی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان و "شەیتانی بچووک"ی بۆ ئیسرائیل داهێنا.

ئەمڕۆ، نزیکەی نیو سەدە دواتر، لەناکاو ئەو مێژووە دەستبەجێ هەستی پێ دەکرێتەوە. لە حەوتووی دوای دەستپێکی جەنگ، مشتومڕەکان لەمەڕ ئەوەی کە ئاخۆ دەبێ کوردەکان تێکەڵی شەڕ دژی تاران بن شانبەشانی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل، یان نا، بووەتە هۆی نیگەرانی لەنێو گەلێک لە ئێرانییەکاندا. دەیان ساڵە ڕێژیم هۆشداریی داوە کە کوردەکان بەتەمای لێکهەڵوەشاندنی ئێرانن و ئەو تاوانبارکردنانە چووەتە نێو هەناوی وشیاریی نەتەوەییەوە. بۆیە، ترس شێوازێکی بەرەوڕووبوونەوەیە لەگەڵ ئەو هەواڵەدا؛ بەڵام مێژوو ڕوانگەیەکی جیاواز پێشکەش دەکات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خومەینی بە کوردەکانی دەگوت جیاوازیخواز. بەڵام ئەو پیاوەی بڕیاری دابوو شوناسی ئێرانی بە قازانجی شوناسێکی پان - ئیسلامی بسڕێتەوە، کەنگێ بۆ یەکپارچەیی خاکی ئێران بەپەرۆش بووە؟ تاوانبارکردن بە جیاخوازی تەنیا بیانوویەک بوو بۆ شاردنەوەی ئەوەی بەڕاستی ئایەتوڵڵاکەی تووڕە کردبوو: کوردەکان ببوونە نەبەزترین ئۆپۆزیسیۆن. ئەوان کە سوننی بوون، بە هەمان شێوە گەردوونی شیعەی یەکچەشنیان کە بۆ ئێران بیری لێ دەکرایەوە، تووشی ئاڵنگاری دەکرد.

هەتا هەشتاکانی زایینی، ڕێژیم زۆربەی ڕێبەریی جووڵانەوەی سیاسیی ئێرانی دەستبەسەر، زیندانی یان ئێعدام کردبوو. لەگەڵ ئەوەشدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەڕای ئەو شکستانەی خواردبوونی، وەک ڕێکخراوێکی نهێنی، بەڵام چالاک مایەوە. ڕێبەرەکەی، عەبدولڕەحمان قاسملوو بوو، کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێش: خاوەن کاریزمایەکی فرەزمانزان بە بڕوانامەی دوکتورا لە ئابووری و زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی پڕاگ.

ئەستێرەیەک لە گۆڕەپانی سۆسیال دێموکراسیی ئورووپا؛ لەنێو جەنگاوەرە پێشمەرگەکانیدا لە چیاکانی کوردستان بە هەمان شێوەی قاوەخانەکانی پاریس، لەپەنا هاوسەرە چێکییەکەی (هێلێن)، خەریکی گفتوگۆ لەسەر بیرۆکەی مەزن لەگەڵ سیاسەتوانان و ڕووناکبیرانی ئورووپایی، حەساوە بوو. لە نێوەڕاستەکانی هەشتاکانی زایینیدا، کاتێک پاشماوەکانی ڕووناکبیران لە نێوخۆی ئێران تووشی مەترسیی دەستبەسەرکران دەبوون، کوردستان ببوو بە پەناگەیەک بۆیان.

قاسملوو، دوایین ڕێبەری مەزنی ئۆپۆزیسیۆن تا کاتێک مابوو، لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەی خۆیەوە پشتگیریی لێ دەکرا و ڕێبەری جووڵانەوەیەکی باش ڕێکخراویش بوو. بە تواناییەکانی و دەستڕۆیشتوویییە نێودەوڵەتییەکەیەوە، بوونی ئەو نەک تەنیا بۆ کوردان ژیانی بوو، بەڵکوو هەموو ئێرانییەکان ئەویان وەک کەسایەتییەکی پێگەیشتوو سەیر دەکرد، کە توانایی ڕێبەریکردنی جووڵانەوەی دێموکراتیکی سەرانسەریی هەبوو. ئەوە قاسملوو بوو کە ژیانی گەلێک لە کەسایەتییە سیاسی و ڕووناکبیرەکانی لەو سەردەمەدا ڕزگار کرد، لەنێو خەڵکی خۆیدا پاراستنی و پاشان بواری دەربازبوونیانی بە سنوورەکانی کوردستاندا ڕەخساند.

لە کۆتایی جەنگی ئێران - عێراق لە ١٣٧٦، پاش هەشت ساڵ جەنگ کە بووە هۆی کوژرانی یەک ملیۆن کەس و ژمارەیەکی زۆرتر بریندار و نەبووە هۆی هیچ دەستکەوتێک یان دۆڕاندنێکی خاک، تارانی لاوازکراو لە نەمانی خۆی دەترسا. ئایەتوڵڵا فەتوایەکی دا و داوای کوشتنی پیاوێکی کرد کە نەیتوانیبوو بە چۆکی دابێنێت.

ساڵێک دواتر، تیمێکی مرۆڤکوژ کە خۆی وەک وەفدێکی نێردراو لەلایەن تارانەوە دەنواند کە بۆ وتووێژی ئاشتی لەگەڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردان هاتووە، قاسملوو و یاریدەدەرەکەی لە ڤییەن کوشت. ئەوە یەکەم دۆخ لە زۆر نموونەی دیکە بوون کە تێیدا مەلاکان کەڵکیان لە دەمامکی دانوستانکار بۆ بەڕێوەبردنی پیلانە کوشندەکانیان وەرگرت. بکوژەکانی قەت نەخرانە بەردەم دادگا. کاربەدەستانی ئوتریش خێرا بکوژەکانیان، کە توانیبوویان دەستبەسەریان بکەن، دیپۆرت کردەوە؛ بۆیە پەروەندەکە هێشتا کراوەیە.

هەڵمەتی تۆڵەئەستێنیی تاران لە ڤییەن کۆتایی نەهات. سێ ساڵ دواتر، تیمێکی لوبنانی و ئێرانی جێگرەوەی قاسملوویان، لەگەڵ سێ کەس لە هاوکارانی، لە ڕێستورانتێکی بەرلین تیرۆر کرد. بەڵام بەپێچەوانەی تیرۆری ڤییەن، ئەمجارەیان ئەم تاوانە بووە هۆی لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوان و دادگاییەک کە بوو بە یەکێک لە پڕکاردانەوەترینەکانی دوای جەنگی جیهانیی دووەم لە ئورووپا.

بڕیاری دادگا لە ١٣٧٦، پلەبەرزترین ئەندامانی ڕێبەریی تارانیان (لەنێویاندا خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی) وەک پلاندانەرانی تیرۆرەکان تێوەگلاند. حوکمەکە بووە هۆی پچڕاندنی کاتیی سەرجەم پەیوەندییە سیاسییەکانی وڵاتانی ئورووپایی لەگەڵ تاران و ڕێژیمیان ناچار کرد بۆ چەند ساڵێک ئۆپەراسیۆنە تێرۆریستییەکانی لە ئورووپا ڕاگرێت. ئەمە مەزنترین شکستی مەلاکان بوو لە دوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی.

بەڵام ئەوە تەنیا ڕێبەرانی کورد نەبوون کە تاران بەدوایانەوە بوو. بۆ ماوەی دەیان ساڵ، کوردی ئاسایی، کە کەمتر لە ٢٠ لەسەدی دانیشتووانی ئێران پێک دێنن، تووشی ڕێژەیەکی ناهاوسەنگ لە زیندانیکردن و لەسێدارەدان بوون. ئەم مێژووە دوورودرێژەی سەرکوت، ڕوونترین نموونەی خۆی لە ئەیلوولی ٢٠٢٢دا دەرکەوت، کاتێک ژنە ٢٢ ساڵەی کورد، ژینا ئەمینی لەلایەن گەشتی ئیرشاد لە تاران دەستبەسەر کرا و سێ ڕۆژ دواتر لە کاتی دەستبەسەریدا مرد. مردنەکەی بووە هۆی دەستپێکی جووڵانەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"، مەزنترین ناڕەزایەتییەکانی ئێران لە دوای ١٣٥٧.

یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین لایەنەکانی سەرهەڵدانەکە ئەو یەکگرتوویییە بوو کە بووە ئیلهامبەخش لە سەرانسەری وڵات و لەنێو گەلێک لە کۆمەڵگە ئەتنیکییەکانی ئێراندا. لە شارەکانی کوردستانەوە، دروشمی ڕێزگرتن لە یادی ژینا لەسەر دیوارەکان و دەرابەی دووکانەکان دەرکەوتن. کوشتنی کچێکی کورد دەیتوانی بە ئاسانی تەنیا ببێتە کارێکی سەرکوتکارانە لە درێژەی مێژوویەکی دوورودرێژی ئەمجۆرە تاوانانەدا؛ بەڵام لەجیاتیدا، بوو بە یەکێک لە یەکخەرترین ساتەوەختەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێران.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خاکەلێوەی ٢٧٢٦**

ئێستا کوردەکان جارێکی دیکە بەرەوڕووی ئەگەری ڕێبەرایەتیکردنی شەڕ دژی ڕێژیم بوونەتەوە. ڕاستییەکان ڕوون و ئاشکران: نە وڵاتە یەکگرتووەکان، ئیسرائیل یان هیچکام لە هاوپەیمانانی واشینگتۆن ئامادە نین هێزی سەربازی بنێرنە نێو خاکی ئێرانەوە. کوردەکان کە دەیان ساڵە ئەزموونی جەنگ لەگەڵ ڕێژیم و هاوکارییان لەگەڵ هێزە ئەمریکییەکان لە ناوچەکەدا هەیە، تەنیا تاقمێکی خاوەن زانیاری و توانایی چوونە نێو شەڕەکەن. ژمارەیان لە بەراورد لەگەڵ هێزە سەربازییەکانی ئێران کەمە، بەڵام ئەوان دەتوانن ببن بە بەشێک لە هێزێکی مەزنتر کە وردە وردە ڕێژیم بە چۆک دادێنێت. سەرەڕای پاشگەزبوونەوەی سەرۆک کۆمار ترامپ لە بڕیارە سەرەتاییەکەی بۆ تێوەگلاندنی کوردەکان لە جەنگ دژی ئێران، گەلێک لە پێشمەرگەکان هەر ئێستا خەریکی خۆئامادەکردنن بۆ ئەو ئەگەرە.

ئەوانەی هۆشداری لە شەڕی نێوخۆ دەدەن، وا باشترە بیر لە ڕاستییەکی تاڵ بکەنەوە: شەڕی نێوخۆیی لە ئێران لە گەلاوێژی ١٣٥٨دا، کاتێک پەلی تەقە ١١ کوردی کوشت دەستی پێ کرد، و لەو کاتەوە بەرۆکی هەر ژنێکی گرت کە بەرەوڕووی گەشتی ئیرشاد بووەوە، دەستبەسەر کرا یان کوژرا، و هەموو زیندانییەک کە لەسێدارە درا. ڕووداوەکانی هەفتەی ڕابردوو لە کۆتاییدا دوایین دەرفەت بۆ ئاڵوگۆڕ لە ئێران دەخەنە ڕوو و، کوردەکان بۆ دەستەبەرکردنی، یەکلاکەرەوەن.

ئێرانییەکان دەتوانن لەو ساتەوەختە وەک هەلێک بۆ ئاشتیی نیشتمانی کەڵک وەربگرن؛ دەرفەتێک بۆ نەتەوەیەک کە تووشی ئەو هەموو خەسارە بووە تا یەک بگرن بۆ وەدیهێنانی خەونێکی هاوبەش. کوردەکان دەتوانن دەوری خۆیان بۆ چوون بەرەو ئێرانێکی دێموکراتیک کە ئەوان و زۆر لایەنی دیکەش ئەو هەموو ساڵانە قوربانییان بۆ داوە، بگێڕن.

**٣ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦**

# هەڵوێستی کورد لە شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل بەدژی کۆماری ئیسلامی و ئەگەرەکان





**مستەفا مەعرووفی**

شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لەدژی کۆماری ئیسلامی لە دنیای پڕ لە شەڕ و ڕووداوی ئەمڕۆدا گرنگیی تایبەتیی هەیە و زیاتر سەرنجەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و بەهۆی هەڵکەوتی جوگرافیایی سیاسیی ئێران کاریگەریی زیاتری لەسەر وڵاتانی ناوچە و تەنانەت جیهان هەیە. شانبەشانی گرنگی و کاریگەرییەکانی ئەم ڕووداوە کوردیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووەتە

چەقی سەرنج و تێڕامانەکان لە سەرانسەری دنیا، بە چەشنێک لە ڕابردوودا وێنەی نەبووە. لێدوانە دژبەیەکەکانی دۆنالد ترامپ لەبارەی بەشداریکردن یان نەکردنی هێزە سیاسییەکانی کورد لەم شەڕەدا زیاتر بووە هۆی ئەوە کە بابەتی کورد لە میدیای جیهانی و لەنێو کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکان لە سەرانسەری جیهاندا بێتە بەرباس. بەڵام هەمووی لەبەر ئەمە نییە، سووکە ئاوڕێک لە ڕابردوو زیاتر ئەمە ڕوون دەکاتەوە.

لە کاتێکدا ئەمریکا وەک گەورەترین زلهێزی جیهان و ئیسرائیل وەک زلهێزی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە توندترین شێوە ناوەندە سەربازی و بنکە و جبەخانەکانی کۆماری ئیسلامی بە پێشکەوتووترین چەک و کەرەستەی شەڕ بۆمباران دەکەن و جگە لە ڕێبەر دەیان فەرماندەی پلە یەکی سوپای پاسداران و هێزە سەربازییەکانیان کوشتووە، پێخۆشبوونی خۆشیان بۆ هاتنەمەیدانی هێزە سیاسییەکانی کورد لەم شەڕەدا دەربڕیوە. سەرەڕای ئەوەی گەلێک هێز و لایەن و نەتەوەی دیکەش لە ئێران هەن کە دژی ئەم ڕێژیمەن، قامک لەسەر کورد و هێزە سیاسییەکانی دادەنرێ. بەڵام هێزە سیاسییەکانی کورد هەتا ئێستا بە کردەوە هیچ بەرەیەکی شەڕیان لەدژی کۆماری ئیسلامی نەکردۆتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە چەند حەفتەیەک پێشتر ڕاپەڕینی بەرینی خەڵکی ئێران لەدژی ڕێژیم بە شێوەیەکی بێوێنە سەرکوتی خوێناوی کراو و ڕەنگە بواری بۆ ڕاپەڕینێکی ڕادیکاڵتر و تەنانەت چەکداری لەدژی کۆماری ئیسلامی پێک هێنابێ. جگە لەمەش بە تایبەتی هێزە سیاسییەکانی کورد نفووز و کاریگەریی زۆریان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە و پاش پێکهێنانی هاوپەیمانەتی لەنێوان خۆیاندا هیوا و ئومێدی لەنێو خەڵکی کوردستاندا دروست کردووە. بێگومان لە ئەگەرێکی وادا ڕەنگە لەگەڵ پێشوازیی گەرم بە تایبەتی نەوەی گەنجدا بەرەوڕوو بن. سەرەڕای ئەم فاکتۆرە گرنگانە بۆچی هێزە سیاسییەکان هەتا ئێستا دەستبەکار نەبوون؟ هێزە سیاسییەکان کاردانەوە و هەڵوێستیان چ بووە؟ لەم چەند دێڕەدا هەوڵ دەدرێ لە سیلەی جیاجیاوە سەیری ئەم بابەتە بکرێ.

## ئاوڕێک لە ڕابردوو

هۆی سەرەکیی ئەوە کە کورد لەم ڕووداوانەی پەیوەندیدار بە شەڕی ئێراندا بووەتە ناونیشان، بەر لە هەموو شتێک دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەوە کە کورد هێزی سیاسیی ڕێکخراو و ئەزموونێکی دوورودرێژی لە خەباتی سیاسی و چەکداری لەدژی کۆماری ئیسلامی هەیە. تەنیا ناوچەیەک لە ئێراندا کە هیچکات کۆماری ئیسلامی نەی توانی بە تەواوی کپ و بێدەنگی بکا کوردستان بوو. جگە لەمەش لەم دواییانەدا هێزە سیاسییەکانی کورد لە هەنگاوێکی بێوێنەدا نزیک بە تەواویان لە دەوری هاوپەیمانەتییەک کۆ بوونەوە کە دەنگدانەوەیەکی بەرینی هەبوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەی ئەم دەور و پێگەیەی بە کورد بەخشیوە ڕیشەی لە ڕابردوودا هەیە؛ لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانییەوە بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٤٥ەوە بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی سیاسی هەیە کە هەر لەسەرەتاوە نفووز و خۆشەویستییەکی زۆری لە کوردستاندا هەبووە. سەرکوتی بێبەزەییانەی ڕێژیمی شا و سێدارەدانی ڕێبەرانی ئەم حیزبە نەک هەر نەبووە هۆی لەنێوچوونی، بەڵکوو لە قۆناغەکانی دواتردا بووە هۆی بەرینبوونەوە و نفووزی زیاتر و تەنانەت لە کاتێکدا کە ڕێژیمی پاشایەتی خۆی بە زلهێزی ناوچە دەزانی و بانگەشەی دەکرد کە «ئێران دوورگەیەکی ئەمنە» لە ناوچەدا، ئەم حیزبە بە وەڕێخستنی خەباتی چەکدارانە ئەم دوورگەیەی شڵەژاند و دەری خست کە لە کوردستاندا ڕێژیمی شا دەسەڵاتە ڕەهایەی نییە.

لەدوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ١٩٧٩دا هەر چەند حەفتەیەک پاش سەرکەوتنی شۆڕش، دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامی شەڕیان لەدژی کورد ڕاگەیاند، بۆ یەکەم جار ئیسلامی سیاسی کە لە شکڵی حکوومەتدا خۆی دەنواند «فتوای جیهاد»ی لەدژی کورد ڕاگەیاند و شەڕێک و بەربەرەکانییەکی فرەڕەهەند بەسەر کورددا سەپا کە بە هەموو هەوراز و نشێو و شکست و هەستانەکانیەوە هەرگیز ئەو ڕێژیمە نەی توانی کۆتایی پێ بێنێ. لەم قۆناغەدا هێزی سیاسیی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هاتن کە سەرەڕای هێندێک گیروگرفتی نێوخۆی کورد نیشانەیەک لە پەرەگرتنی سیاسی و بەرینبوونەوە و فرەڕەهەندبوونی بۆچوون و سەلیقەی جیاجیای سیاسیی کۆمەڵگەی کورد بوو. لە کاتێکدا کە کۆماری ئیسلامی گەورەترین دەسەڵاتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو و سیاسەت و کۆنترۆڵی ٤ پایتەختی لەم ناوچەیەدا بەدەستەوە بوو و بانگەشەی دەکرد کە لە ئێرانەوە تا مەدیتەرانە ناوچەی دەستڕۆیشتوویی ئەوە، لە نێوخۆی ئێراندا هەرگیز لە ئاست کورد و هێزە سیاسییەکانی نەحەسایەوە. کەوابوو خۆڕاگریی کورد لە ماوەی ٨٠ ساڵی ڕابردوودا، فرەحیزبی و ئەزموونی سیاسیی دەوڵەمەندی کورد، پێگە و ئیعتباری بە کوردستان و بزووتنەوە سیاسییەکەی بەخشیوە، هەر بۆیەش لە ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکاندا دەبێتە ناونیشان و ناکرێ پشتگوێ بخرێ.

## ئامانجی جیاواز

لە گرتنەپێشی هەر سیاسەت و تاکتیکێکدا کە هێزە سیاسییەکانی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ بەرامبەر بە شەڕ و ڕووداوەکانی پەیوەندیدار بە ئێرانەوە بوویانە، پرەنسیپێک سەردێڕی هەموو هەڵسوکەوتە سیاسی و چەکدارییەکانیان بووە کە بریتییە لەوەی کە دەبێ ئەم سیاسەت و تاکتیکە لە پێویستییەکەوە سەرچاوەی گرتبێ کە داخوازی کورد بێ و لە بەرژەوەندیی ئەو دابێ و ئامانجەکانی کورد بپێکێ. لەم شەڕەی ئێستادا ئامانجەکانی بەشدارانی شەڕ ئەگەر لە چەند بارەوە هاوبەشە، وەک زەربە لێدان بۆ لاوازکردنی کۆماری ئیسلامییەوە بگرە تا ڕووخاندنی، وا دیارە هەر کام لە بەشدارانی ئەم

شەڕە ئامانجی جیاجیان هەیە؛ تەنانەت ئەمریکا و ئیسرائیل کە بە قەولی «جۆ بایدن» سەرۆک کۆماری پێشووی ئەمریکا پەیوەندیی ئەم دوو وڵاتە «لەسەر بەردی مەڕمەڕ نەخشێنراوە»، ئامانجی جیاوازیان لەم شەڕەدا هەیە. ئیسرائیل بە ئاشکرا خوازیاری ڕووخانی کۆماری ئیسلامییە و ڕێگە خۆش دەکا بۆ گەڕانەوەی کوڕی شای پێشووی ئێران بۆ سەر دەسەڵات. لێرەدا پرسیاری لۆژیکی ئەوەیە کە بۆ دەبێ هێزە سیاسییەکانی کورد ڕۆڵەکانیان بنێرنە مەیدانی شەڕێک کە ئامانجەکەی هێنانەوە سەر دەسەڵاتی دیکتاتۆرییەکی ڕووخاو و ڕەتکراوەیە لە کاتێکدا کە هێشتا شانسێکی زۆر لاوازی لە گەیشتنەوە بە دەسەڵات هەیە، فەرمانی بە سوپا و هێزی سەربازی داوە بۆ سەرکوتی کورد ئامادە بن. بەڵام ئەمریکا لانیکەم ترامپ و هاوکارە نزیکەکانی بە ڕوونی ڕایان گەیاندووە کە کوڕی شا ئەو توانایەی نییە ئەرکێکی وا بەڕێوە بەرێ. لەبارەی ڕووخانی ڕێژیمیشەوە سەرەڕای ئەوە کە قسە و لێدوانی دژبەیەک دەدەن و شتێکی ڕوون و کۆنکرێتیان ڕانەگەیاندووە، نیشانەیەکی جیدی لە هەڵسوکەوت و سیاسەتەکانیان دا بە مەبەستی گۆڕینی ئەم ڕێژیمەیان لێ بەدی ناکرێ، تەنانەت ترامپ چەند جار ڕایگەیاندووە کە دەبێ ڕێبەریی داهاتووی ئێران لە نێوخۆ دیاری بکرێ نەک لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە. ڕەنگە ئاماژە بە مۆدێلی ڤێنیزوێلا بێ کە تەنیا سەرکۆمار لابرا و باقیی سیستەم و دەسەڵاتەکە لە جێی خۆی مایەوە. یان ئاماژە بە شکستیان لە عێراق بێ کە کەوتە بەر دەستی ئێران و گرووپە ڕادیکاڵە ئیسلامییەکان و نیگەرانی لەوە کە لە بۆشایی دەسەڵاتدا ئێرانیش تووشی ئەم دۆخە بێ. هەر چەند ئەم تێزە تێزێکی زۆر بێ بنەمایە؛ چونکە هەر گرووپ و دەسەڵاتێکی ڕادیکاڵی مەزهەبیی دیکە لە ئێراندا سەرهەڵ بدا لە خراپترین حاڵەتدا هەر وەک کۆماری ئیسلامی دەبێ. بەڵام ئامانجی سەرەکیی هێزە سیاسییەکانی کورد کە بریتییە لە دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد و دەستەبەرکردنی داهاتوویەکی بەدوور لە ترس و هەڕەشە بۆ کورد و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیەتی، ڕوون نییە ئەگەر ئەمریکا و ئیسرائیل بە ئامانجەکانیان لە ئێراندا بگەن، ڕوون نییە کە داهاتووی کورد چۆن دەبێ و چ دۆخێک بەسەر کورددا زاڵ دەبێ. بۆیە ئامانجەکان لێڵ و ناڕوونن.

هۆیەکی دیکە ئەوەیە، کە هەر ئێستا توانا سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامی ئەمنییەت و ئاسایشی لە نزیک بە ١٠ وڵاتی ناوچە شێواندووە و ئیسرائیل و وڵاتانی ناوچە لە ژێر هێرشی هاژەک و درۆنی ئێران دان. ئەمە لە کاتێکدایە کە هەتا ئێستا هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی هێزی زەمینی و مەیدانی نەهاتووەتە پێش. لە ئەگەری کردنەوەی بەرەیەکی شەڕ لە کوردستان، کورد جگە لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ هێرشی هاژەک و درۆن دەبێ بە «کلاشینکۆف» بەرەوڕووی هێزی زەمینیی تەیار بە تانک و تۆپ بێتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕوون نییە ئەمریکا و ئیسرائیل ئەم شەڕە هەتا کوێ دەبەن. ئەگەر توانا سەربازی و کەرەستەکانی شەڕیی کۆماری ئیسلامی ئەوەندە لاواز بن، کوردستان ئەو هێز و پۆتانسێل و ئەزموونەی هەیە لە مەیدانی شەڕدا شکست بە هێزی کۆماری ئیسلامی بێنێ، هەروەک لە بەهار و هاوینی ١٩٨٠دا بەدەستی هێنا، یان لە خەباتی پارتیزانیدا ساڵانێکی زۆر زەبری لە هێزەکانی ڕێژیم دا. بە تایبەتی ڕێبەران و بڕیاردەرانی هێزە کوردییەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆر باش لەوە دەزانن کە ئەمریکا دوای شەڕی داعش لە سووریە کوردەکانی لەبەرامبەر هێرشەکانی تورکیە و پاشان ئەبوو محەمەد جەولانی لە سووریەدا تەنیا جێ هێشت، یان لە ئەفغانستان دەستیان لە دەوڵەتی ژێر سێبەری خۆیان هەڵگرت و بە تالیبانیان سپارد. بۆیە ئەگەر هێزە کوردییەکان بێمتمانەییەکیان لەبەرامبەر هەڵسوکەوت و پلان و ئامانجەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لەم شەڕەدا هەبێ، نیگەرانییەکی بەجێ و لۆژیکییە، جگە لەوەی کە ئەمریکا و ئیسرائیل بە ڕەسمی هیچ دەستەبەریکیان بۆ داهاتوو و چارەنووسی کورد نەهێناوەتە گۆڕ و ئەوەندەی نووسەری ئەم دێڕانە بزانێ هیچ بەرنامەیەکی تۆکمە و ڕوون کە هێزە کوردییەکان بە وردی لێی ئاگادار بن و لایەنێک بن لە پرس و ڕاوێژ، لە گۆڕێدا نییە. ئەوەی دیارە تەنیا هێندێک لێدوانی دژبەیەکە لەو پەیوەندییەدا. بۆیە ئەگەر هێزە کوردییەکان لە وردەکاری و داڕشتنی پلانێکی ئەوتۆدا بەشدار نەبن، داهاتووەکەشی دیار نییە و جێی پرسیارە.

## سەربەخۆیی سیاسی

لە دنیای سیاسەتدا هێز و دەستڕۆیشتوویی ماڵی و ئابووری ڕۆڵی سەرەکی لە سەرکەوتنی قەوارەیەکی سیاسی دا دەگێڕن، بەڵام بۆ هێزێک لە ژێر تەوژم و ئابلۆقە دایە ڕەنگە بەدەستهێنانی ئیعتیبار و مەنتیقی سیاسی گەورەترین سەرمایە بن. بۆ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەمە ڕاست خاڵی بەهێزە؛ «سەربەخۆیی سیاسی»؛ پرەنسیپێک کە بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەوە دەناسرێتەوە. پرەنسیپێک کە ئەندازیارەکەی د. عەبدولڕەحمانی قاسملوو بوو کە گرنگییەکی لەڕادەبەدەری پێ دەدا. ئەو دەیگوت، هێزێکی بچووک بین یان گەورە، سەربەخۆیی خۆمان خۆش دەوێ. ئەو دەیگوت لەنێوان دۆستایەتی و سەربەخۆیی سیاسی دا سەربەخۆیی هەڵدەبژێرین. ئەم پرەنسیپە ئەگەرچی زۆر جار حیزبەکەی لە یارمەتیی ماڵی، سەربەزی و لۆژستیکی و میدیایی لایەنە نەیارەکانی دژ بە کۆماری ئیسلامییەوە بێبەش کردووە، بەڵام لە داهاتووی ژیانی سیاسیی ئەم حیزبەدا بوو بە سەرمایە و ئیعتیبار و دەرفەت بۆ درێژەی ڕێگای دووردرێژی کاری سیاسیی لە داهاتووی بزووتنەوەی کورد دا. ئێران بەهۆی سیاسەتە شەڕخوازانەکەی گەلێک دوژمن و ڕەقیبی بۆ خۆی دروست کردوون و تووشی زۆر شەڕی ڕاستەخۆ و ناڕاستەخۆ هاتووە، گرنگترینیان لە ڕابردوودا شەڕ لەگەڵ عێراق بوو کە ٨ ساڵی خایاند، هێزە سیاسییەکانی کورد لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئێران و عێراق دامەزرابوون و ڕێگای هاتوچۆیان تەنیا بە عێراقدا ئیمکانی هەبوو. سەرەڕای پەیوەندییان بە دەوڵەتی عێراقەوە و سەرەڕای بەڕێوەبردنی خەباتی چەکداری لەدژی کۆماری ئیسلامی، هیچکات نەبوون بە بەشێک لە شەڕی ئێران- عێراق، چونکە سروشت و ئامانجی هەردوو لا لەو شەڕە زۆر لێک جیاواز بوو. جگە لەمەش دەبوو هەستیاریی پەیوەندی لەگەڵ ڕێژیمی عێراق کە لەگەڵ کوردی عێراق لە شەڕدابوو، بپارێزی. پەیوەندیی هێزە سیاسییەکانی کوردی ڕۆژهەڵات لەگەڵ کوردی باشوور زۆر گەرموگوڕتر و دۆستانەتر بوو لەچاو پەیوەندییەکانیان بە دەوڵەتی عێراقەوە، تەنانەت کار گەیشتە یارمەتی و هاوکاری سەربازییش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەنێوان هێزەکانی ئەم دوو بەشەی کوردستاندا .

## ئاکام

کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەر دۆخێکدا ناسنامەی خۆی و تێڕوانینی تایبەت بە خۆی هەیە. هەر ئەمەشە کێشەی کورد و دەسەڵاتی ناوەندی لە ئێراندا لە هەموو ڕووداو و شەڕ و کێشەکانی دیکەی ئەم وڵاتە جیا دەکاتەوە. کوردستان لە هەر ڕووداوێکدا سروشتی خۆی و هەڵوێست و ڕوانینی خۆی هەیە و بەڕێوەبەرانی کورد لەم بەشەدا ڕێگەیان نەداوە ببن بە کۆپیی کێشەیەک و شەڕێک کە بەرژەوەندیی کورد و سەربەخۆیی سیاسییان دەستەبەر نەکا یان بخاتە ژێر مەترسییەوە، یان لە خزمەت ئامانجێکدا بن کە ئامانجی ئەوان نییە یان ئامانجەکان لێڵ و ناڕوون بن. سیاسەت و خەبات و بەربەرەکانیی کورد پاشکۆی هیچ شەڕ و کێشە دەرەکییەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی نییە. شەڕی کورد لەگەڵ کۆماری ئیسلامی پێش هەموو ئەو شەڕ و کێشانە کە ئەم ڕێژیمە لە ماوەی تەمەنی ٤٨ ساڵی خۆیدا لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و دنیای دەرەوە هەبووە، دەستی پێ کردووە، ڕەنگە دوایین شەڕیشی هەر لەگەڵ کورد بێ.

کەوابوو سروشتییە کە هێزە کوردییەکان کەڵک لە لاوازیی کۆماری ئیسلامی لە ئاکامی هێرشی دەرەکی یان ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران وەرگرن و شێوە و تاکتیکی خەباتیان لەدژی ئەم ڕێژیمە بەپێی دۆخ و هەلومەرجی خۆیان دیاری بکەن، بەڵام ڕەنگە هیچ کات خەبات و تاکتیکی سیاسی و سەربازییان نەبەستنەوە بە شەڕێک یان ڕووداوێکی دیکەوە. ئەگەر ئەم شەڕە کۆتایی بێ و کۆماری ئیسلامی نەڕوا، خەباتی کورد هەر درێژەی دەبێ و ئەگەر ئەو ڕێژیمە لە ئاکامی لاوازی و لەدەستدانی توانا سەربازییەکانی لە لایەک و ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران لە لایەکی دیکەوە برووخێ، لە خۆشبینانەترین حاڵەتدا هێزە کوردییەکان خەباتێکی سیاسی و مەدەنیی دوورودرێژیان لەگەڵ حکوومەتی داهاتوو لە پێشە بەو مەرجەی جارێکی دیکە شەڕێکی دیکە بەسەر کورددا نەسەپێ. تەنانەت ئەگەر حکوومەتی داهاتوو بیەوێ مافەکانی کورد پشتگوێ بخا، با لە ژێر پشتیوانی ئەمریکا و ئیسرائیلیشدا بێ، خەباتی کورد هەر بەردەوام دەبێ، هەروەک لەسەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیدا دیمان.

٤ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەراوردکاریی ڕووخانی دیواری بەرلین و هەرەسهێنانی کۆماری ئیسلامی!






**ناسر ساڵحی ئەسڵ**

دارمانی دیواری بەرلین لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمی زایینیدا یەکێک لە مەزنترین ڕووداوەکانی سەدەی بیستەم بوو کە گەلێک گۆڕانکاریی سیاسی و جوگرافیایی لە سنوورەکانی ئورووپا و ئاسیا بەدوای خۆیدا هێنا و تا هەنووکەیش کاریگەری و لێکەوتەکانی لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی جیهان بەردەوامە. ڕووخانی دیواری بەرلین و هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤیەت، پاش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەڕی جیهانیی دووەم و پاش حەفتا و چوار ساڵ و بەلاڕێداچوونی بزووتنەوەی سۆسیالیستی، ڕێبەرانی دیکتاتۆریی جەمسەری کۆمۆنیستی نەیانتوانی لەوە زیاتر درێژە بە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جەمسەری جیهانیی ڕۆژئاوا بدەن و ئەو بەهەشتەی کە بەڵێنیان دابوو، دیوارەکانی داڕما و گەلانی ئەو وڵات و شوێنانەی کە یەکێتیی سۆڤیەت بەسەریدا زاڵ بوو، وەک ڕزگاری لە جەهەنەم ناویان بردووە.

پاش بەتاڵانبردنی دەستکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران لەلایەن دارودەستەی خومەینییەوە لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا، یەکێک لەو دەستەواژانەی کە خومەینی و پەیڕەوانی خومەینی وەک دیاردەیەکی پیرۆز باسیان لێ دەکرد، شۆڕشی هەژاران بەدژی ئیمپریالیزم و جەمسەری سەرمایەداری بوو. بۆیە لە سەردەمی جەمسەربەندیی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا، شانازیی پەیڕەوانی خومەینی فریودەرانە بانگەشەی ئیسلامی "نابی محەممەدی" و شۆڕشی کەپرنشین بەدژی کۆشکنیشینەکانیان دەکرد. بەڵام پاش بەدەستەوەگرتنی جومگەکانی دەسەڵات و سەروەت و سامان، ئەو تاقمە لە ئێراندا دەستەواژەی "شۆڕشی هەژاران" بایەخی خۆی لەدەست دا و وای لێهات کە شۆڕشی هەژاران و دەروەستبوون بە بنەماکانی ئیسلامی نابی محەممەدی لە ئەندێشە و هزریاندا کاڵ دەبووەوە.

لێرەدا خاڵێکی گرنگی ئەو بەراوردکارییە ئەوەیە پاش هەڵبژاردنی ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦ی هەتاوی لە ئێراندا، هەندێک لایەن لەژێر ناوی ڕیفۆرمخوازیی حکوومەتی وەک سوپاپ بۆ مانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، تیۆریی ڕیفۆرمخوازیی پاش ڕووخانی دیواری بەرلینیان کردە بنێشتەخۆشکەی زاریان. چونکە ئەو تاقمە لەو کاتەوە تا ئێستا دەستەواژەی ڕیفۆرم و ڕیفۆرمخوازی و نوسخەی ڕیفۆرمخوازی لە شۆڕشی مەخمەڵی و پەرلەمانییەکان لە ئورووپا و بەشێک لە وڵاتانی ئاسیا بۆ دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکان، بۆ سیستەم و پێکهاتەی دەسەڵاتداری لە ئێران دەپێچنەوە. ئەو تاقمە ڕیفۆرمخوازە و بەتایبەت ئەو لایەن و کەسانەی لە بازنەی داخراوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەرکرابوون، بێ ئەوەی بیریان لەوە کردبێتەوە کە ئاخۆ دەسەڵاتێکی تۆتالیتار و دیکتاتۆریی مەزهەبیی ویلایەتی فەقیە وەک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەتوانێت ڕیفۆرم لە پێکهاتەی دەسەڵات و سەروەت قبووڵ بکات، نەخێر بیریان نەکردبووەوە یان خۆیان لە گێلی دابوو.

هەروەها ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتیی ڕێژیمی ئێرانی وایان بانگەشە دەکرد کە پاش ڕووخانی دیواری بەرلین بیرۆکەی ڕیفۆرم و ڕیفۆرمخوازی بەخێرایی کاریگەریی لەسەر شێوە و ناوەرۆکی خەباتی گەلان و نەتەوە بندەستەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین داناوە. هەروەها بیرۆکەی دروستبوونی گوندی جیهانی و شۆڕشە مەخمەڵی و ڕەنگییەکان، نەهێشتنی خەباتی چەکداری، کاریگەری وەرگرتوو لە بیرۆکەی کۆتایی مێژووی فۆکۆیاما کە دەتوانین بڵێین نزیک بە تەواوی ڕاگەیەنەکانی دنیاش بانگەشەی بۆ دەکەن، وا دەکەن کە ئیتر نەتەوە ژێردەستەکان و تەواوی هێزەکانی دیکەی بەرهەڵستکاری ڕێژیمی کۆماری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیسلامیی ئێران هەست بە پێویستیی خەباتی چەکداری نەکەن لە شێوازێکی شۆڕشگێڕانەدا. دەبێ گەلانی ئێران لەو چاوەڕوانییەدا بن تا ڕیفۆرم لە پێکهاتەی دەسەڵاتداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دەکرێت.

ئەمە لەکاتێکدا بوو کە نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران و بەتایبەت نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شێوەکانی خەباتی شار و چەکداریی خۆی بەرانبەر بە دەسەڵاتداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕانەگرتووە و بەردەوام لە خەبات و بەربەرکانێدا بووە. چونکە ئازادیخوازانی گەلانی ئێران و خەباتگێڕانی نەتەوەی کورد لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، هیچ باوەڕێکیان بە ڕیفۆرم لە پێکهاتەی دەسەڵات و سەروەت و بە دیالۆگ و وتوویژ نییە؛ بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییە تیرۆری دوکتور قاسملوو لەسەر مێزی وتوویژ و دیالۆگ و هەزاران بەڵگەی ئاشکرا و حاشاهەڵنەگری دیکەیە. بۆیە ناکرێ دروشمە خەڵک هەڵخەڵەتێنەرەکانی ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی بۆ گەڕانەوە بۆ سەردەمی خۆیان گوتەنی زێڕینی خومەینی، تەنیا وەک باسی ئایدیۆلۆژیای چەقبەستوو لێک بدرێتەوە کە لەنێو لاپەڕەی کتێبەکاندا قەتیس ماوەتەوە، بەپێچەوانەوە ئەم باسانە کاریگەریی قووڵیان لەسەر شێوەی خەباتی نەتەوەیی کورد و گەلانی ئێران و ئازادیخوازانی ئێرانی داناوە و ئەو تیۆرییە هیچ جێگە و پێگەیەکی لە شێوەی خەباتی گەلانی ئێراندا نەبووە و نییە و تیۆریی ڕیفۆرم و ڕیفۆرمخوازییان لە پێکهاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە بێ بایەخ و ناڕاست و ناواقیعی زانیوە.

چونکە ڕووخانی دیواری بەرلین کۆتایی سیستەمە دیکتاتۆرەکان و چۆکدادانی دیکتاتۆرەکان بوو لە ئورووپا، و ئەو تیۆرییانەی کە پاش ڕووداوی ڕووخانی دیواری بەرلین هاتنەئاراوە، لەسەر خەباتی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین کاریگەریی ئەرێنییان داناوە. لەکاتی ڕووخانی دیواری بەرلیندا، گەلی کورد بەگشتی و گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین سەرقاڵی شۆڕش و خەباتێکی قارەمانانە و دژوار بوون و ڕۆژانە لەلایەن دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکان و یەک لەوان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سەرکوت دەکران. سەرنجڕاکێش ئەوەیە هەر لەو دۆخ و سەردەمە دژوارەدا نەک دێموکراسی لە وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بوونی نەبوو، بەڵکوو لە خۆرهەڵاتی ناڤین "جگە لە وڵاتی ئیسرائیل" هەڵبژاردن و ئازادیی حیزب و ڕێکخراوەکانی گەلانیش بوونی نەبووە. بەڵام لە سەردەمی ئێستادا گۆڕانکاریی بنەڕەتی و پێکهاتەیی لە شێوەکانی دەسەڵاتداری لە بەشێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە بەرژەوەندیی گەلان و دێموکراسی و ئازادی پێکهاتووە. هەروەها خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد بەگشتی تێپەڕینی ئەرێنی لە شێوەکانی خەباتی بڕیوە و بەشێک لە نەتەوەی کورد بە مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەیشتووە.

لەم ماوەیەدا دەکرێ باس لە چەند مانگرتنی سەرانسەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە حیزبی دێموکرات و لایەنە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیاسییەکانی دیکە ڕێکیان خستووە، و هەندێک چالاکیی مەدەنی و کولتووری و ئەدەبی و ژینگەپارێزی بکەین کە کاریگەریی ئەرێنیشیان لەسەر هزر و ئەندێشەی خەڵک و بەرەوپێشچوونی خەبات بووە، بەڵام حاشا لەو ڕاستییەش ناکرێ کە ئەم هەنگاوانە بەتەنیا خۆیان ناتوانن دنیایەکی باشتر بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخولقێنن و توانای ڕووخانی کۆماری ئیسلامیشیان نییە و چاوەڕوانی بۆ ئەوەش کە خۆی بڕووخێت یەکجار درێژ بووەتەوە.

بۆیە لێکگرێدانی خەباتی شاخ و شاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەلاقەیەکە بۆ ئەوەی کە نەتەوەی کورد باوەڕی بە دۆخی هەنووکەیی و کۆتایی مێژوو و ڕیفۆرم و ڕیفۆرمخوازی لە پێکهاتەی دەسەڵاتداریی ڕێژیمی ئێراندا نییە. کاتێک باس لە پشتیوانیی خەباتی شاخ بۆ شار دەکەین و باس لە گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکرێ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ڕوونی دەردەکەوێ کە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شۆڕش و خەبات لەپێناو ئامانجە پیرۆزەکانی خەڵکدا وەک دیاردەیەکی پیرۆز چاو لێ دەکەن. بۆیە هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، باوەڕی بە کردەوە بە خەبات و شۆڕش لەپێناوی دنیایەکی باشتردا بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێنا دەکات و ئەو پێشوازییە بەرینەی کە خەڵکی کوردستان لە هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی دەکەن، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان پێشەنگی خەباتن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنیا حیزب و ڕێکخراوەکانن کە دەتوانن بەگژ ئەو بارودۆخەدا بچنەوە.

**دەبێ ئەو ڕاستییە قبووڵ بکەین و باوەڕمان بەوە هێنابێت کە توانای گۆڕینی بارودۆخەکەمان هەیە، چونکە:**

**یەکەم:** لە سەردەمی ئێستادا زۆربەی گەلانی ئێران لە بنەڕەتدا باوەڕیان بە خەباتی شار و چەکداریی چڕتر بووەتەوە و پێیان وایە، خەباتی شۆڕشگێڕانە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پێویستییەکی زەروورییە و ڕیفۆرم لە پێکهاتە و سیاسەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا پێنایەت، چونکە یاسای بنەڕەتی و مێژووی دەسەڵاتداری و ئیدارەی وڵاتداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ڕیفۆرم هەڵگر یان قابیلی ڕیفۆرم نییە!

**دووەم:** گەلانی ئێران لەو باوەڕەدان کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پاش شەڕی ١٢ ڕۆژە و شەڕی ئەمجارەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل، خاوەن هێزێکی گەورەی سەربازی و ئابوورییەکی بەهێز نییە و ناتوانێت بەربەرەکانێی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بکات.

**سێیەم:** لێکگرێدانی خەباتی شاخ و شار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێتە هۆی ئەوەی کە ناوچەی ڕزگاربوو لە ڕۆژئاوای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێران دروست بکرێت.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین کە لەو سەردەمەدا ئەگەر داڕمانی دیواری بەرلین و لێکەوتەکانی لە جیهاندا ئەرێنی بوو، لە سەردەمی گەشەی دێموکراسی و تەکنۆلۆژیا و سیستەمی نوێی نێونەتەوەییدا، داڕمان و ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک سیستەمێکی نەگونجاو لەگەڵ سیستەمی نێونەتەوەیی و ماکەی تیرۆریزمێکی دەوڵەتی بۆ دابینکردنی سەرچاوەی ئیمکاناتی دارایی، مووشەک و دڕۆن و چەک بۆ گرووپە تیرۆریستەکان لە وڵاتانی لوبنان، عێراق، یەمەن، فەلەستین و گرووپە تیرۆریستەکانی شاخی ئەفریقا، لە سەدەی بیست و یەکی زایینیدا یەکێک لە مەزنترین ڕووداوەکانی سەدە دەبێت کە گەلێک گۆڕانکاری سیاسی، جوگرافیایی، ئەمنییەتی، ئابووری و فەرهەنگی لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەدوای خۆیدا دەهێنێت و کاریگەری و لێکەوتەکانی لەسەر ئاڵوگۆڕەکان و پێوەندییە نێونەتەوەییەکان و سیستەمی نێونەتەوەیی جیهانیش دەبێت. هەروەها لە لایەک ئاسایش و ئەمنییەت بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و جیهان دەگەڕێتەوە و لە لایەکی دیکەوە نەتەوەکان و ئایینزاکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە مافە سیاسی و نەتەوەییەکانیان دەگەڕێن.

کەوابوو بە ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، پاش ٤٧ ساڵ جەنایەت و کوشتاری ئازادیخوازانی گەلانی ئێران و بەبارمتەگرتنی خەڵکی ئێران و بەلاڕێدا بردن و تەریکخستنەوەی وڵاتی فرەنەتەوە و ئیتنیک و ئایینزای ئێران لە سیستەمی نێونەتەوەیی و وێرانکردنی ئابووری و پەرەپێدان بە دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان و نکۆڵیکردن لە فەرهەنگی نەتەوەکانی ئێران و بێبەشکردنی نەتەوەکانی ئێران لە مافە سیاسی و نەتەوەییەکان، گەلانی ئێران لەو جەهەنەمەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕزگاریان دەبێت.

٥ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕەهەندە یاساییەکانی هێرشی ئێران بۆ سەر ناوەندە مەدەنییەکانی هەرێم





**شاڕوخ حەسەنزادە**

لە چوارچێوەی ئاڵۆزییە ژێئۆپۆلیتیکییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پەرەسەندنی ململانێ و شەڕی نێوان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و نەیارە نێودەوڵەتییەکانی وەک ئەمریکا و ئیسرائیل، پاراستنی هاووڵاتیانی سڤیل و پەنابەران وەک یەکێک لە گەورەترین ئالەنگارییەکانی بەردەم یاسای نێودەوڵەتی دەردەکەوێت. هەرێمی کوردستان بەهۆی هەڵکەوتەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جوگرافی و میوانداریکردنی پەنابەرانی سیاسی کوردستانی ڕۆژهەڵات بووەتە گۆڕەپانی هێرشە بەردەوامە مووشەکی و درۆنییەکانی سپای پاسداران، کە ئەمەش نەک تەنیا ئەمنییەتی هەرێمی کوردستانی خستووەتە مەترسییەوە، بەڵکوو بە کردەوە بنەما بنەڕەتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی (IHL) و ڕێککەوتننامە جیهانییەکان پێشێل دەکات. بەپێی ماددەکانی کۆنڤانسیۆنی چوارەمی ژنێڤ (١٩٤٩)، پاراستنی کەسانی مەدەنی لە کاتی ململانێ چەکدارییەکاندا ئەرکێکی حەتمی و پاساوهەڵنەگرە و هەر جۆرە بەئامانجگرتنێکی کەمپی پەنابەران کە ژن و منداڵ و کەسانی مەدەنیی تێدا نیشتەجێن، لە چوارچێوەی تاوانەکانی شەڕدا پۆلێن دەکرێت، چوونکە ئەم ناوەندانە بەپێی یاسا پارێزبەندییان هەیە و نابێت بکرێنە ئامانجی هیچ جۆرە کردەوەیەکی نیزامی.

لە ڕوانگەی یاساییەوە، یەکێک لە بنەما هەرە گرنگەکان پرەنسیپی "جیاکاری"یە کە جەخت لەسەر جیاکردنەوەی ڕەهای نێوان ئامانجە نیزامییەکان و شوێنە مەدەنییەکان دەکاتەوە. بەڵام بەکارهێنانی مووشەکی بالیستیک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دژی کەمپەکان و ناوەندە مەدەنییەکان، نیشانەی پشتگوێخستنی بەئەنقەستی ئەم پرەنسیپەیە. ئەم جۆرە کردەوانە کە بە هێرشی کوێر و بێسەروبەر دەناسرێن، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرن لەسەر پێشێلکردنی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، چوونکە لەم جۆرە هێرشانەدا هیچ پارێزگارییەک لە ژیانی مرۆڤە بێتاوانەکان ناکرێت. هاوکات، نیشتەجێبووانی ئەم کەمپانە بەپێی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان وەک کەسی پارێزراو دەناسرێن و هەر هێرشێک بۆ سەریان لەنێو خاکی وڵاتێکی تردا، هاوکات پێشێلکردنی سەروەریی خاکی عێراق و بەزاندنی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤە کە لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا چەسپێنراون. تایبەتمەندیی تاوانکاریی ئەم هێرشانە کاتێک قووڵتر دەبێتەوە کە ژێرخانە تەندروستی و پەروەردەییەکان دەکرێنە ئامانج. بەپێی ماددەی ١٨ لە کۆنڤانسیۆنی چوارەمی ژنێڤ، نەخۆشخانە مەدەنییەکان کە بۆ چارەسەری بریندار و نەخۆشەکان تەرخان کراون، لەژێر هیچ بارودۆخێکدا نابێت ببنە ئامانجی هێرش. خاپوورکردنی ناوەندە تەندروستییەکان لە کەمپەکانی کۆیە، هەولێر و ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان، نەک هەر پێشێلکارییەکی زەق و گەورەیە، بەڵکوو هەوڵێکی مەبەستدارە بۆ لەنێوبردنی هۆکارەکانی مانەوەی ژیان لەو ناوچانەدا. کاتێک نەخۆشخانەیەک دەکرێتە ئامانج، مافی دەستڕاگەیشتن بە چارەسەری پزیشکی کە مافێکی سروشتییە، لە سەدان ژن و منداڵ زەوت دەکرێت، ئەمەش دەچێتە خانەی "سزای بەکۆمەڵ" کە لە یاسای نێودەوڵەتیدا قەدەغە کراوە. ئەم جۆرە هێرشانە نیشان دەدەن کە هێزە هێرشبەرەکان (لێرەدا مەبەست ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە) هیچ ڕێز و ئێعتیبارێکی ئەخلاقی و یاسایی بۆ ناوەندە مرۆییەکان دانانێن و بە مەبەستی دروستکردنی شکستی دەروونی و مرۆیی، گرنگترین جومگەکانی ژیانی مەدەنی دەپێکێنن.

لە لایەکی ترەوە، بەئامانجگرتنی قوتابخانە و کتێبخانەکان لەنێو کەمپەکاندا ڕەهەندێکی مەترسیدارتری تاوانەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## خاکەلێوەی ٢٧٢٦

دەردەخات کە ئەویش کوشتنی داهاتوو و تێکشکاندنی ناسنامەی ڕۆشنبیریی پەنابەرانە. قوتابخانەکان بەپێی "پرۆتۆکۆڵی یەکەمی زیادکراو بۆ کۆنڤانسیۆنەکانی ژنێڤ"، وەک شوێنی مەدەنی خاوەن پارێزبەندیی توند دەناسرێن. کاتێک مووشەکێک ناوەندێکی پەروەردەیی یان کتێبخانەیەک لە کەمپێکی پەنابەراندا دەپێکێت، ئەوە هەر بە تەنیا وێرانکردنی بینایەک نییە، بەڵکوو مافی خوێندن لە منداڵەکان دەستێنێت و ژینگەیەکی پڕ لە توندوتیژی و ترس و تۆقاندن جێگەی پەروەردە دەگرێتەوە. کتێبخانەکان وەک هێمایەکی مەعریفی و کولتووری، لە ژێربنەماکانی "ڕێککەوتننامەی لاهە بۆ پاراستنی ملکی کولتووری (١٩٥٤)" پارێزراوە. بۆیە وێرانکردنیان ئەویش بەمەبەست، هەوڵێکە بۆ سڕینەوەی مێژوو و کەلەپووری ئەو خەڵکەی کە لە غەریبیدا پەنایان بۆ کتێب و زانست بردووە.ئەم دەستدرێژییانەی کۆماری ئیسلامی دەریدەخات کە ستراتیژیی هێرشەکان تەنیا بۆ مەبەستی نیزامی نییە، بەڵکوو بۆ تێکشکاندنی هەموو جومگەکانی ژیانی مەدەنی و کۆمەڵایەتیی نەتەوەیەکە.

ئاسەوارە مرۆییەکانی ئەم کردەوە نیزامی و هێرشانەش تەنیا لە زیانە گیانی و ماددییەکاندا کورت نابنەوە، بەڵکوو دروستکردنی تەمێکی پڕ لە ترس و دڵەڕاوکێ و ناچارکردنی پەنابەران بە کۆچی دووبارە و زۆرەملێ، ڕەهەندێکی تری تاوانکاریی ئەم هێرشانە دەردەخات. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی لەسەرشانە بۆ بەدێکیۆمێنتکردنی ئەم پێشێلکارییانە و گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی لە دادگا نێودەوڵەتییەکاندا. بێدەنگی یان کاردانەوەی لاواز بەرامبەر خاپوورکردنی ژێرخانە مەدەنییەکان، نەک تەنیا دەبێتە هۆی بەردەوامیی ئەم غەدرە، بەڵکوو سیستەمی یاسایی جیهانی بەرەو سستبوون دەبات. لەبەر ئەوە، پێویستە پرسی پاراستنی پەنابەرانی کورد لە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتیدا چاو لێ بکرێت و هەوڵەکان بۆ لێپرسینەوە لە بکەرانی ئەم هێرشانە و قەرەبووکردنەوەی قوربانیان چڕتر بکرێنەوە تا ڕێگری لە دووبارەبوونەوەی ئەم کارەساتە مرۆییانە بگیرێت.

٥ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## هەژانی جیهان بەهۆی نەوتەوە؛ ئاڵۆزییە سیاسییەکان و سستیی ئابووریی جیهانی





**حەسەن قارەمانی**

زیاتر لە سەدەیەکە، نەوت یەکێکە لە گرنگترین کاڵا ستراتیژییەکانی ئابووریی جیهان. سەرەڕای پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان و هەوڵ بۆ گۆڕینی سەرچاوەی وزە و سەرهەڵدانی کەرتی نوێ، ئابووریی جیهان هێشتا بە قووڵی بەستراوەتەوە بە دابینکردنی وزەیەکی بەردەوام و جێگیر. لەبەر ئەوە، نرخی نەوت تەنیا نرخێکی ئاسایی بازاڕ نییە،

بەڵکو پێوەرێکی هەستیاری هاوکێشە سیاسییەکان (جیۆپۆلیتیک)، نیشاندەری دڵەڕاوکێ جیهانییەکان و بزوێنەری سەرەکیی هەڵاوسان، گەشە، هاوسەنگیی بازرگانی و سەقامگیریی بازاڕە داراییەکانە.

هەڵبەز و دابەزە زۆری ئەم دواییەی نرخی "برێنت" بە ڕوونی ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێت. لە ماوەیەکی کورتدا، نرخی هەر بەرمیلێک لە دەوروبەری ١١٣ دۆلارەوە بۆ ٩٧ دۆلار دابەزی، پاشان بۆ ١٠٦ دۆلار بەرزبووەوە و دواتر بەرەو ١٠٠ دۆلار گەڕایەوە. ئەم جۆرە جووڵانە لە بارودۆخێکدا کە "خواست و خستنەڕوو"ی ڕاستەقینە کاتی زۆریان بۆ گۆڕانکاری نەبووە، ئاسایی نین؛ بەڵکو ڕەنگدانەوەی بازاڕێکن کە لەژێر کاریگەریی نادڵنیایی سیاسی، شێواویی زانیارییەکان و ترس لە پچڕانی دابینکردنی وزە لە داهاتوودا دەجووڵێت. ئاژانسی ڕۆیتەرز لە مانگی مارسی ٢٠٢٦دا بڵاویکردەوە، گرژییەکانی نێوان (ئەمریکا/ئیسرائیل) و ئێران، پەککەوتنی هاتوچۆ لە گەرووی هورمز، زیانگەیاندن بە ژێرخانی وزە و ئازادکردنی ٤٠٠ ملیۆن بەرمیل لە کۆگای ستراتیژیی بێوێنەی وڵاتانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە، نیگەرانییەکانی سەبارەت بە سەرهەڵدانی ڕاتەکانێکی درێژخایەنی وزە لە ئاستی جیهاندا بەرز کردووەتەوە.

کێشە بنەڕەتییەکە ئەوەیە کە نرخی نەوت کاریگەریی لەسەر سەرجەم کایەکانی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە لە ئابووریی جیهاندا هەیە. کاتێک نرخی نەوت بەرز دەبێتەوە، تێچووی گواستنەوە، کەرەستەی خاوی پیشەسازی، پەینی کشتوکاڵی، بەرهەمهێنانی کارەبا و لە کۆتاییدا تێچووی بژێویی خێزانەکان زیاد دەکات. زۆرجار دەرئەنجامی ئەمە بریتییە لە بەرزبوونەوەی هەڵاوسان، کەمبوونەوەی توانای کڕین، سستبوونی گەشە و زیادبوونی مەترسیی ڕاوەستانی بازاڕی ئابووری. لە مێژوودا، زۆرێک لە تەنگژە قووڵەکانی نەوت هاوکات بوون لەگەڵ قۆناغەکانی "داچەقینی ئابووری" (هەڵاوسان لەگەڵ سستیی گەشە)، شڵەژانی بازاڕە داراییەکان و گۆڕانی هاوسەنگییە سیاسییەکان. توێژینەوەکانی سندووقی نێودەوڵەتیی دراو (IMF) دەریدەخەن کە ڕاتەکانەکانی پەیوەست بە نەوت، لە دوای حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، ڕۆڵێکی سەرەکییان لە بەرچاوترین شەپۆلەکانی هەڵاوساندا هەبووە.

## پەککەوتنی هاتوچۆ لە گەرووی هورمز و لێکەوتە جیهانییەکانی:

گەرووی هورمز یەکێکە لە گرنگترین ڕێڕەو و دەروازە ئاوییەکانی جیهان لە ڕووی ئابوورییەوە؛ نزیکەی ٢٠٪ بۆ ٢٥٪ی کۆی هەناردەی نەوتی جیهان و پشکێکی بەرچاو لە بازرگانیی گازی سروشتیی شلکراو (LNG) لەم ڕێگەیەوە دەگوازرێتەوە. ئەم چڕبوونەوەیەی جموجۆڵی وزە وای کردووە کە تەنانەت پەککەوتنێکی کاتی و سنوورداریش، کاریگەرییەکی زۆر و کتوپڕ لەسەر بازاڕە نێودەوڵەتییەکانی وزە دابنێت و بەمەش هەڕەشە لە سەقامگیریی ئابووریی جیهانی بکات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بایەخی ستراتیژیی ئەم گەرووە، لە سایەی گرژییە جیۆپۆلیتیکییە بەردەوامەکانی ناوچەکەدا؛ بەتایبەت ئەو ململانێیانەی پەیوەستن بە ئێران و پەیوەندییەکانی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا؛ زیاتر دەردەکەوێت. ئەم دۆخە نادڵنیاییەکی بەردەوامی سەبارەت بە ئاسایشی کەشتیوانی و پاراستنی ڕەوتی هاتوچۆ لەو ناوچەیەدا خولقاندووە. هەر پەککەوتنێکی هاتوچۆ؛ چ بەهۆی پێکدادانی سەربازی، کردەوەی تێکدەرانە، یان تەنانەت بەرزبوونەوەی تێچووی دڵنیایی (بیمە) بێت، دەبێتە هۆی گرانبوونی نرخی گواستنەوە و وزە، ئەمەش بازاڕەکانی جیهان ڕووبەڕووی شۆکی دابینکردن و هەڵاوسانی نائاسایی دەکاتەوە. کەواتە، هەر جۆرە ئاستەنگێک لە گەرووی هورمزدا تەنها کێشەیەکی ئەمنیی ناوچەیی نییە، بەڵکو مەترسییەکی گشتگیر و بنەڕەتییە بۆ سەر تەواوی سیستەمی ئابووریی جیهان.

## نەوت وەک هەڵستاندنی سەرەکی لە ئابووریی گەورەی جیهاندا:

نەوت تەنیا سەرچاوەیەکی وزە نییە، بەڵکو بەشێکی دانەبڕاوە لە بوارەکانی گواستنەوە، پیشەسازی، کشتوکاڵ، پترۆکیمیایی و لۆجیستیکی جیهانی. هەر بۆیە نرخی نەوت کاریگەریی لەسەر هەردوو لایەنی "خستنەڕوو" و "خواست" لە ئابووریدا هەیە. لە ڕووی خستنەڕووەوە، بەرزبوونەوەی نرخەکەی بە واتای زیادبوونی تێچووی بەرهەمهێنان دێت بۆ کۆمپانیاکان، ئەمەش وا دەکات نرخی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بەرز ببێتەوە. لە ڕووی خواستیشەوە، داهاتی ڕاستەقینەی خێزانەکان کەم دەبێتەوە، چونکە پشکێکی گەورەی بودجەکەیان بۆ سووتەمەنی، گەرمکەرەوە و کاڵا گرانبووەکان دەچێت.

لە ئابووریی تەڤدا (Macroeconomic) ئەمە ڕاتەکانێکی کلاسیکیی تێچوون دروست دەکات. لێرەدا بانکە ناوەندییەکان دەکەونە سەر دووڕیانێکی سەخت، ئەگەر ڕێژەی سوود بەرز بکەنەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڵاوسان، مەترسیی ئەوەیان لەسەرە پاشەکشەی ئابووری قووڵتر بکەنەوە؛ ئەگەر ڕێژەی سوودیش وەک خۆی بهێڵنەوە، ئەوا مەترسیی هەڵاوسانی زیاتریان لەسەرە. ئەم ئاڵۆزییە وای کردووە ڕاتەکانەکانی نرخی نەوت لە ڕووی مێژووییەوە هێندە مەترسیدار بن، چونکە نەک هەر نرخ بەرز دەکەنەوە، بەڵکو دەبنە هۆی دروستبوونی ناکۆکی لە بڕیاری سیاسی و داراییدا.

هەروەها نرخی نەوت کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر باڵانسی نرخی ئاڵوگۆڕی دراو هەیە. ئەو وڵاتانەی وەک ژاپۆن، هیندستان و زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا کە پشت بە هاوردەکردنی وزە دەبەستن، بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخەوە زیانی زۆریان پێ دەگات. لە بەرامبەردا، هەناردەکارانی وەک سعوودیە، نەرویج و بەرهەمهێنەرانی دیکە دەتوانن بۆ ماوەیەکی کاتی دارایی گشتی و هاوسەنگیی بازرگانیی خۆیان بەهێز بکەن. بەڵام مەترسی بۆ ئەوانیش هەیە، ناجێگیریی زۆری نرخ، پرۆسەی وەبەرهێنان و پلاندانان بۆ بودجەی درێژخایەن قورس دەکات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جگە لەوەش، دەستبەجێ کاریگەرییان لەسەر بازاڕە داراییەکان دەبێت. بۆرسە جیهانییەکان تەنیا کاردانەوەیان بۆ نرخی ڕاستەقینەی نەوت نییە، بەڵکو لە بەرامبەر بە نادڵنیایی لە نرخەکانی داهاتوودا هەڵوێست وەردەگرن. ئاژانسی ڕۆیتەرز لە مارسی ٢٠٢٦دا باسی لەوە کرد چۆن بازاڕەکان بەرامبەر هەر لێدوانێکی نوێ سەبارەت بە ئێران و گەرووی هورمز یان ئەگەری بەردەوامیی شەڕ، لە ڕادەبەدەر هەستیار بوون. کاتێک زانیارییەکان دژبەیەک دەبن، ناجێگیری زیاد دەکات، چونکە وەبەرهێنەران هەوڵ دەدەن نرخەکان بەپێی سیناریۆیەکی نادیار دیاری بکەن.

## یەکەم تەنگژەی گەورەی نەوت لە سەردەمی نوێدا: ١٩٧٣ - ١٩٧٤:

بەناوبانگترین تەنگژەی نەوت دوای جەنگی "یۆم کیپور" لە ساڵی ١٩٧٣دا ڕوویدا، کاتێک وڵاتانی عەرەبیی هەناردەکاری نەوت، ئاستی بەرهەمهێنانیان کەم کردەوە و گەمارۆیان خستە سەر هەندێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوا. ئەم قەیرانە بۆ یەکەمجار لە سەردەمی مۆدێرندا نیشانی دا کە چۆن "چەکی وزە" وەک کەرەستەیەکی سیاسی بەکار دەهێنرێت. دەرئەنجامەکان کارەساتبار بوون، نرخی نەوت چەند هێندە بەرزبووەوە، هەڵاوسان هەڵکشا و وڵاتە پیشەسازییەکان تووشی چەقبەستوویی ئابووریی قووڵ بوون.

ئەوەی قەیرانی ١٩٧٣ی یەکلاکەرەوە کرد، تێکشکانی ئەو تێڕوانینە بوو کە دەیگوت "وزەی هەرزان و جێگیر مافێکی هەمیشەییە". ئەم قەیرانە بووە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی "داچەقینی ئابووری" (Stagflation) یان چەقینی هەڵاوساناوی، واتە تێکەڵبوونی هەڵاوسانی بەرز و گەشەی کەم؛ شتێک کە بیردۆزە ئابوورییەکانی ئەو سەردەمە (کینزی) بە زەحمەت دەیانتوانی چارەسەری بکەن. ئەمەش وای کرد زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوا پێداچوونەوە بە سیاسەتی وزە و پێکهاتەی پیشەسازیی خۆیاندا بکەن.

## تەنگژەی دووەمی نەوت: ١٩٧٩ - ١٩٨٠:

دووەم تەنگژەی گەورە دوای شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ و پاشان جەنگی نێوان ئێران و عێراق هاتە ئاراوە. لێرەدا تەنیا مەسەلەکە پچڕانی بەرهەمهێنان نەبوو، بەڵکو ترس، دڵەڕاوکێ و چاوەڕوانیی گرانبوونی زیاتر، وای کرد نرخەکان بە شێوەیەکی دەروونی و دارایی زیاتر بەرز ببنەوە. کاریگەرییە ئابوورییەکە دیسان بریتی بوو لە هەڵاوسانی بەرز و گەشەی سست. زۆرێک لە بانکە ناوەندییەکان، بەتایبەت بانکی فیدراڵیی ئەمریکا لە سەردەمی "پۆڵ ڤۆڵکەر"دا، بە بەرزکردنەوەی بێوێنەی ڕێژەی سوود وەڵامیان دایەوە. ئەمەش هەڵاوسانی کۆنترۆڵ کرد، بەڵام تێچووەکەی چەقبەستوویی ئابووری و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێکارییەکی زۆر بوو. ئەم ئەزموونە دەریخست کە ڕاتەکانەکانی نەوت نەک هەر بە شێوەی ڕاستەوخۆ، بەڵکو لە ڕێگەی ئەو سیاسەتە دراوییانەی کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان دەگیرێنەبەر، کاریگەرییان لەسەر ئابووری دەبێت.

### تەنگژەی کەنداو: ١٩٩٠ - ١٩٩١:

کاتێک عێراق لە ساڵی ١٩٩٠دا کوێتی داگیر کرد، نرخی نەوت بەهۆی ترس لە پەککەوتنی گواستنەوەی وزە لە کەنداو بە خێرایی بەرزبووەوە. ئەم قەیرانە پەیوەندیی توندی نێوان ململانێی سەربازی و نرخی نەوتی دووپات کردەوە، بەڵام تەمەنی کورت بوو. ئەمەش بەهۆی هەماهەنگیی خێرای نێودەوڵەتی، باشتربوونی سیستەمی کۆگاکردن و ئەو ئەزموونانەی بوو کە جیهان لە قەیرانەکانی پێشوو فێری ببوو.

### هەڵکشانی نرخەکان لە ساڵانی ٢٠٠٧ - ٢٠٠٨:

ئەم قەیرانە جیاواز بوو لەوانەی پێشوو، چونکە هۆکارەکەی زیاتر پەیوەست بوو بە "خواستی زۆر"ی جیهانی (بەتایبەت چین) و گەمە داراییەکان، نەک تەنیا ململانێیەکی سیاسی. نرخی برێنت گەیشتە ئاستێکی پێوانەیی، پێش ئەوەی قەیرانی دارایی جیهانی دەست پێ بکات. لێرەدا دەرکەوت کە بەرزبوونەوەی نرخی وزە دەتوانێت توانای کڕینی خێزانەکان لاواز بکات و ببێتە هۆی تەقینەوەی ناهاوسەنگییە داراییەکان.

### داکەوتنی نرخەکان لە ٢٠١٤ -٢٠١٦ و شۆکی پەتای ٢٠٢٠:

هەموو قەیرانێک بە مانای بەرزبوونەوەی نرخ نین. لە ٢٠١٤-٢٠١٦ بەهۆی زۆربوونی خستنەڕوو (بەتایبەت نەوتی شێڵی ئەمریکا) نرخەکان دابەزین. لە ساڵی ٢٠٢٠ و بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆناوە، خواست لەسەر نەوت بە تەواوی داتەپی. ئاژانسی ڕۆیتەرز باسی لەوە کرد چۆن کۆگاکان پڕ بوون و نرخ بۆ نزمترین ئاست دابەزی. ئەمە دەریخست کە نەوت تەنیا لە کاتی "کەمی"دا کێشە دروست ناکات، بەڵکو لە کاتی "تەنگژە قووڵەکان"یشدا خواست لەسەری بە خێرایی دادەمرکێتەوە.

### قەیرانی وزە دوای جەنگی ڕووسیە و ئۆکراین:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قەیرانی وزە لە دوای جەنگی ڕووسیە و ئۆکراین لە ساڵی ٢٠٢٢دا بە پچڕانی بەرفراوانی دابینکردن لە بازاڕەکانی گازی سروشتی و کارەبای ئورووپادا تایبەتمەند بوو، لەگەڵ کاریگەرییە بەرچاوەکانی پەرەسەندن لەسەر نرخی نەوت لەڕێگەی زیادبوونی نرخی مەترسیی جیۆپۆلیتیکی و ئاڕاستەکردنەوەی ڕۆیشتنی وزەی جیهانی. قەیرانەکە لاوازییە پێکهاتەییەکانی قووڵی لە سیستەمی وزەی ئورووپادا ئاشکرا کرد، کەمترینیان وابەستەیی زۆری هاوردەکردن و نەبوونی هەمەچەشنکردنی سەرچاوە و دابینکەرانی وزە. هەرچەندە قەیرانەکە نەگەیشتە هەمان ئاستی سیستماتیکی وەک شۆکی نەوتی ساڵانی حەفتاکان، بەڵام پاڵنەرێکی بەهێزی هەڵاوسانی پاڵنانی تێچوونەکانی دروست کرد و ڕێوشوێنی دارایی و ڕێکخراوەیی بەرفراوانی دەست پێ کرد. ئەمانە بریتی بوون لە دەستێوەردانی نرخ، یارمەتییە ئامانجدارەکان، و پشتگیریی نەختینەیی و قەرەبووکردنەوە بۆ هەردوو ماڵ و بازرگانی، بە ئامانجی کەمکردنەوەی دەرئەنجامە ئابوورییە ڕاستەقینەکان و سەقامگیرکردنی بازاڕەکانی وزە.

## قەیرانی ئەمڕۆ: ئێران، گەرووی هورمز و شڵەژانی بازاڕ:

### قەیرانی ئێستا بە سێ هۆکار زۆر مەترسیدارە:

١- **شوێنی جوگرافی:** پەیوەستە بە گەرووی هورمز کە نزیکەی پێنج یەکی نەوت و گازی جیهانی پێدا تێدەپەڕێت.
٢- **زیانی فیزیکی:** تەنیا مەسەلەکە پەککەوتنی هاتوچۆ نییە، بەڵکو هێرشەکان زیانی ڕاستەقینەیان بە پاڵاوگەکان و دامەزراوەکانی هەناردەکردنی وزە گەیاندووە، کە چاککردنەوەیان کاتی دەوێت.
٣- **کاتی ڕووداوەکە**: ئەم شۆکە لە کاتێکدا ڕوو دەدات کە ئابووریی جیهان پێشوەختە بەدەست هەڵاوسان و نادڵنیاییەوە دەیناڵاند.

## چۆن تەکانەکانی نەوت کاریگەری لەسەر ئابووریی جیهان دادەنێن؟

١- **هەڵاوسان:** نرخەکان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەرز دەکەنەوە (لە بەنزینەوە تا خۆراک).
٢- **سستبوونی گەشە:** توانای کڕین کەم دەکاتەوە و وەبەرهێنان پەک دەخات.
٣- **تێکچوونی هاوسەنگیی دارایی**: ئەو وڵاتانەی قەرزارن یان دراویان لاوازە، بە گرانبوونی وزە زیاتر دووچاری قەیران دەبن.
٤- **ناجێگیریی سیاسی:** فشار لەسەر حکوومەتەکان زیاد دەکات و بودجەی گشتی تووشی کورتهێنان دەکات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٥- **زیادبوونی نایەکسانی:** چینە هەژارەکان زۆرترین زیانیان بەردەکەوێت، چونکە بەشێکی زۆری داهاتیان بۆ خەرجییە سەرەکییەکان دەچێت.

## کۆتایی:

نەوت هێشتا وەک پایەیەکی سەرەکیی سەقامگیریی ئابووریی جیهان دەمێنێتەوە. مێژوو نیشانی داوە کە ڕاتەکانەکانی نرخی نەوت هەمیشە وەک هاندەر بۆ هەڵاوسان، چەقبەستوویی و شڵەژانی سیاسی کار دەکەن. ئەوەی دۆخی ئێستا جیاواز دەکات، تێکەڵبوونی پچڕانی ڕێڕەوەکانی گواستنەوە، زیانی فیزیکی بە ژێرخانەکان و نادڵنیایی قووڵی بازاڕە داراییەکانە.

گرنگترین وانە لە ڕابردوودا ئەوەیە: ئەو ئابوورییانەی تەنیا پشت بە یەک سەرچاوەی وزەی هەرزان دەبەستن، هەمیشە لە مەترسیدان. هەرچەندە کۆگای ستراتیژی کاتمان بۆ دەکرێت، بەڵام چارەسەری بنەڕەتی نین. بۆیە پاراستنی ئابووری لە داهاتوودا پێویستی بە فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی وزە، بەهێزکردنی ژێرخانەکان و هەماهەنگیی نێودەوڵەتی هەیە بۆ کەمکردنەوەی وابەستەیی بە ناوچە مەترسیدارەکانی وەک گەرووی هورمز. بە کورتی نەوت تەنیا کاریگەری لەسەر ئابووری نییە، بەڵکو قووڵترین کەمکورِی و لاوازییەکانی ئاشکرا دەکات.

٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کورد؛ هاوبەشی ستراتیژی یان سووتەمەنی جەنگ؟





**ئاگری باڵەکی**

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم گۆڕانکارییەکی ڕادیکاڵدایە. ململانێی سێگۆشەی (ئێران، ئەمریکا، ئیسرائیل) گەیشتووەتە خاڵێک کە چیتر "ناوچەی خۆڵەمێشی" تێدا نەماوە. لەم کاتە هەستیارەدا، کورد جارێکی تر لە چەقۆکێشییەکی جیۆپۆلەتیکیدا خۆی دەبینێتەوە. بەڵام ئەوەی ئەمجارە جیاوازە، تەنیا مەترسیی لەناوچوون نییە، بەڵکو دەرکەوتنی

جۆرێک لە "پێگەیشتوویی سیاسی"یە لە ناوەندی بڕیاری کوردیدا، کە دەکرێت تەنیا لە ڕێگەی لۆبییەکی پۆڵایین لە واشنتۆنەوە بکرێتە دەستکەوتێکی مێژوویی.

## مەرجە سەختەکەی کورد: گەرەنتی بۆ باشوور وەک کلیل

زانیارییە دزەپێکراوەکانی پشت پەردەی دیپلۆماسی ئاماژە بەوە دەدەن کە لە کۆبوونەوەیەکی چارەنووسسازدا، تەنیا دوو ڕۆژ پێش دەستپێکی هێرشەکان، نوێنەرانی ئەمریکا داوایان لە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە وەک فاکتۆرێکی کاریگەر و هێزێکی زەمینیی کارا بەشداری لە هاوکێشە نوێیەکەدا بکەن. بەڵام وەڵامی کورد، وەڵامێکی مێژوویی و دووربینانە بووە: "ئێمە گەرەنتیی نێودەوڵەتیمان دەوێت بۆ پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان".

ئەم هەڵوێستە چەند ڕاستییەکی گرنگ دەسەلمێنێت: یەکەم؛ کورد تێگەیشتووە کە "ڕۆژهەڵات و باشوور" یەک جەستەی سیاسی و ئەمنین. پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان، تەنیا پاراستنی پارچەیەکی خاک نییە، بەڵکو پاراستنی تاکە "سەنگەری دواوە" و سییەکانی هەناسەدانی هەموو نەتەوەکەیە. دووەم؛ کورد چیتر ئامادە نییە بەبێ "بیمەی سیاسی" و تەنیا لەسەر بنەمای "بەڵێنی زارەکی" بچێتە ناو جەنگی هێزە گەورەکانەوە. ئەمە نیشانەی تێپەڕاندنی قۆناغی "سۆز" و گەیشتنە بە قۆناغی "بەرژەوەندیی نەتەوەیی."

داواکردنی گەرەنتی هەنگاوێکی ئازایانەیە، بەڵام پرسیارەکە لێرەدایە: کێ گەرەنتییەکە دەپارێزێت؟ لە سیستەمی سیاسیی ئەمریکادا، بڕیارەکان لە یەک شوێنەوە دەرناچن. بەڵێنەکانی سەرۆکێک یان فەرماندەیەکی سەربازی لە پنتاگۆن، دەکرێت بە گۆڕانی ئیدارەکان یان گۆڕانی کاتیی بەرژەوەندییەکان لەناو بچن. لێرەوە گرنگیی "لۆبی (Lobbying) "وەک زانست و وەک فشار دەردەکەوێت.

لۆبییەکی بەهێز لە واشنتۆن، ئەرکەکەی ئەوەیە کە ئەم "گەرەنتییانە" لە چوارچێوەی بەڵێنی نهێنیی ژوورە داخراوەکان دەربهێنێت و بیخاتە ناو پرۆژەیاساکانی کۆنگرێس و ستراتیژیی درێژخایەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا. لۆبی دەبێت واشنتۆن تێبگەیەنێت کە کورد تەنیا "هێزی کاتی" نییە بۆ لێدانی نەیارەکان، بەڵکو "هاوبەشێکی ستراتیژییە" کە سەقامگیرییەکەی، گرەنتیی سەقامگیریی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا.

## پارادۆکسی بێلایەنی و مەترسییەکانی سەر ڕۆژهەڵات



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێران لە ئێستادا لەوپەڕی فشاردا دەژی. لەم دۆخەدا، هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لەبەردەم مەترسییەکی بوونەویدان. ئەگەر کورد بێلایەن بێت، تاران بەبێ ترس لە کاردانەوەی نێودەوڵەتی، دەست دەکات بە پاکتاوی سیاسی و سەربازیی ئەم هێزانە لەژێر ناوی "پاراستنی ئاسایشی سنوور."

لە لایەکی ترەوە، لایەنگیریی بێ مەرجیش دەبێتە هۆی ئەوەی کورد بکرێتە سووتەمەنیی جەنگێک کە دواتر لەسەر مێزی ڕێککەوتنی "تاران - واشنتۆن" پشکی شێری بۆ نەیارەکان بێت. لێرەدایە کە لۆبی دەتوانێت "بژاردەی سێیەم" بونیاد بنێت: "هاوکاری لەبەرامبەر شەرعییەت." واتە ئەگەر ئەمریکا داوای هاوکاری لە هێزەکانی ڕۆژهەڵات دەکات، دەبێت ئەم هێزانە وەک "ئۆپۆزیسیۆنی فەرمی" بناسێنێت، نەک وەک گرووپی چەکداری کاتی.

## ستراتیژیی "یەکدەنگی": چۆن لۆبیی کورد سەرکەوتوو دەبێت؟

گەورەترین کێشەی کورد لە مێژوودا، پەرتەوازەیی گوتار بووە لە واشنتۆن.

**بۆ ئەوەی لۆبیی کورد بتوانێت گەرەنتییەکان بکاتە واقیع، دەبێت ئەم هەنگاوانە بنرێت:**

١- ناوەندێکی لۆبیی هاوبەش: پێویستە هێزەکانی ڕۆژهەڵات و باشوور یەک نووسینگەی لۆبییان هەبێت. ئەگەر واشنتۆن دوو دەنگی جیاواز لە کورد ببیستێت، یاری بە هەردووکیا دەکات.

٢- بەکارهێنانی کارتی جیۆپۆلەتیک: کورد دەبێت تێبگات کە "بەبێ کوردستان، هیچ نەخشەیەکی نوێ لە ناوچەکە جێگیر نابێت". ئەمە خاڵی هێزە و دەبێت لۆبیستەکان لە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە (Think Tanks) کاری لەسەر بکەن.

٣- شەرعییەتی دیموکراسی: لۆبی کورد نابێت تەنیا باسی جەنگ بکات، بەڵکو دەبێت کورد وەک "تاکە نموونەی دیموکراسی و پێکەوەژیان" لە ناوچەکەدا بناسێنێت کە لەلایەن ڕژێمە تۆتالیتارەکانەوە هەڕەشەی لێ دەکرێت.

## وانەیەک لە مێژوو: لە ١٩٧٥ بۆ ٢٠٢٦

کورد دەبێت لەوە تێبگات کە "خیانەتی گەورە" هەمیشە کاتێک ڕوودەدات کە کورد تەنیا وەک "ئامرازێکی سەربازی"



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خاکەلێوەی ٢٧٢٦**

دەردەکەوێت. لە ڕێککەوتنامەی جەزائیردا، کورد هیچ لۆبییەکی لە واشنتۆن نەبوو، بۆیە بە ئاسانی کرا بە قوربانیی بەرژەوەندییەکانی شای ئێران و سەدام حوسێن.

ئەمڕۆ، ئەگەر هێزەکانی ڕۆژهەڵات مەرجی گەرەنتی بۆ باشوور دادەنێن، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە کورد "فێری یارییەکە بووە". بەڵام مەرجەکە بە تەنیا بەس نییە؛ دەبێت مەرجەکە ببێتە پابەندییەکی یاسایی لە کۆنگرێسی ئەمریکا. لۆبیی بەهێز دەتوانێت وا بکات کە ئەمریکا تێبگات: "هەرێمی کوردستان هێڵی سوورە." و هەر دەستدرێژییەک بۆ سەری، دەبێت باجێکی قورسی سیاسی و ئابووری بۆ تاران هەبێت.

## کاتی بڕیارە مێژووییەکە

کورد لەبەردەم تاقیکەرییەکی سەختدایە. چیتر بێلایەنی "سەلامەتی" نییە، و لایەنگیریی بێ مەرجیش "خۆکوشتنە". تاکە ڕێگەی ڕاست، دروستکردنی لۆبییەکی نیشتمانیی یەکگرتووە لە واشنتۆن، کە بتوانێت داواکارییەکانی کورد (لە گەرەنتیی ئەمنییەوە تا شەرعییەتی سیاسی) بکاتە بەشێک لە بەرژەوەندییە باڵاکانی جیهانی ئازاد.

ئەو کۆبوونەوە نهێنییەی کە تێیدا کورد داوای گەرەنتی کردووە، دەکرێت ببێتە وەرچەرخانێکی مێژوویی، بە مەرجێک کورد بتوانێت لە ڕێگەی لۆبییەوە، واشنتۆن ناچار بکات کە ئەم گەرەنتییانە وەک "پەیماننامەیەکی فەرمی" ببینێت. ئەگەر نا، لە جەنگی نێوان ئێران و ئەمریکا و ئیسرائیلدا، جارێکی تر کورد دەبێتەوە بەو نەتەوەیەی کە "تەنیا چیاکان دۆستین."

داهاتوو نادیارە، بەڵام بۆ یەکەمجار، کورد دەستی خستووەتە سەر "برینە ڕاستەقینەکە" و مەرجی بۆ زلهێزەکان داناوە. ئێستا ئەرکی سەرکردایەتیی سیاسییە کە ئەم مەرجە لە ڕێگەی لۆبییەوە بکاتە قەڵغانێکی پۆڵایین بۆ پاراستنی ڕۆژهەڵات و مانەوەی قەوارەی باشوور.

**٨ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێشەوا فێری کردین یەکڕیز و یەکگرتوو بین و لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانماندا لە هیچ ئەگەرێک نەترسێین و خۆمانی بۆ ئامادە بکەین



(پەیامی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی ٧٩ ساڵەی لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد)

**خەڵکی مافویستی کوردستان!**
**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!**

٧٩ ساڵ بەسەر لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد، یەکەم سەرۆککۆماری کوردستاندا تێدەپەڕێ. ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی ئەو ڕۆژە بوو دامەزرێنەری یەکەم دەسەڵاتی مۆدێرن و دێموکراتیکی نەتەوەی کورد بە بڕیاری دادگایەکی فەرمایشی و زاڵمانەی دەسەڵاتی نگریس و دیکتاتۆریی پەهلەوی گیانی پاکی لێ ئەستێندرا. پاش هەشت دەیە لەو ڕووداوە تاڵە ئێستا کە دەڕوانینە ڕابردووی نەتەوەی کورد بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆمان دەردەکەوێ کە دەسەڵاتە ناخەڵکی و ستەمکار و داگیرکەرەکان مەحکووم بە لەنێوچوون و نەمانن. ئەو وانەی مافویستییەی لە کۆماری کوردستان و دامەزرێنەرەکەیەوە بۆ ئێمە ماوەتەوە، هەردەم لە یادماندایە و هەمیشە چرای ڕێی تێکۆشانمان بووە؛ هەر بۆیەشە ئەو ڕێکەوتە بۆ ئێمە نەک هاوتای تازیەباری و دەستبەئەژنۆوەگرتن نەبووە، بەڵکوو هاندەر و دنەدەرێک بووە بۆ درێژەدان بەو

ڕێ و ڕێبازە.

پێشەوا قازی محەممەد، ئەو کەسایەتییە هەڵکەوتووەی نەتەوەی کورد کە بە وتەی شەهید دوکتور عەبدوڕەحمانی قاسملوو "گوڵێک بوو و لە سەحرادا ڕوابوو"، هەموو ژینی کورت بەڵام پڕبەرهەمی سیاسیی خۆی تەرخانی کۆکردنەوەی هێز و یەکڕیزیی و سەروەریی نەتەوەکەی کرد، و لە وەسیەتی خۆیدا بۆ نەوەکانی داهاتووش - کە ئێمە و پاش ئێمەشە - چارەسەری تەبایی و یەکڕیزیی بۆ بەجێ هێشتووین. ئێستا پاش چەند دەیە لە شەهیدبوونی سەرکردەی شەهیدانی نەتەوەی کورد، ئێمەی کورد وەک ڕۆڵەکانی پێشەوا قازی محەممەد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەموو هەوڵی خۆمان داوە ئەو یەکڕیزییە بەجێ بێنین و وانەکانی پێشەوا لە یاد نەکەین.

لە دۆخی هەستیار و مێژوویی ئێستادا یەکڕیزی و هاوخەباتیی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکێک لە گەورەترین دەسکەوتە سیاسی و مێژووییەکانە و مایەی دڵخۆشیی میلیۆنان کوردە لە هەموو چوار پارچەی کوردستان، لە هەمان کاتیشدا چقڵی چاوی دەسەڵاتە دیکتاتۆری و پاشماوەی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکانە و بووەتە کۆسپێکی گەورە لە بەردەم ملهوڕییاندا؛ ئێمە لەسەرمانە نەک تەنیا ئەم هاوپەیمانی و یەکڕیزییە بپارێزین، بەڵکوو دەبێ هەموو هەوڵی خۆمان بدەین بۆ بەرینترکردنەوە و بەهێزترکردنی هاوپەیمانییەکەمان و مزگێنیی پێشوەختەی سەرکەوتن بە نەتەوەکەمان بدەین.

پێشەوا قازی محەممەد فێری کردین یەکڕیز و یەکگرتوو بین، لە هەمان کاتدا فێری کردین لە پێناو بەدەستهێنانی مافەکانماندا لە هیچ ئەگەرێک نەترسێین و خۆمانی بۆ ئامادە بکەین. هەر بۆیە لە وڵاتی ئێمەدا هەزاران پێشمەرگەی گیانلەسەردەست، هەزاران چالاکی مەدەنی، هەزاران خەڵکی خوێنگەرم و ڕاپەڕیو گیانی خۆیان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانمان بەخت کردووە. هەر چەند مانگ لەمەوبەر بوو کەوا ڕۆڵەکانی نیشتمان لە پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان و تەنانەت لە شارەکانی ئێرانیش، بۆ بەگژداچوونەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی، ڕاپەڕین و شەقامیان پڕ کرد لە هاواری ڕزگاری، بەڵام بەداخەوە بە دڕندانەترین شێوە سەرکوت کران. ئەمە ئەو ڕاستییەمان پێ دەسەلمێنێ کە نەتەوەکەمان لە دانی تێچوو ناترسێ و سەرکوت و سێدارە گەر وڵامدەر بووایە، ئێمەی کورد لەدوای شەهیدبوونی پێشەوامان چیی تر ڕێی ئازادی و ڕزگاریمان نەدەگرتە بەر.

ئێمە ئەمڕۆ لە کاتێکدا و لە ١٠ی خاکەلێوە یادی ڕێبەرانی شەهیدمان بەرز ڕادەگرین کە نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە هەر کاتێک لە سەرکەوتن و ڕزگاری نزیک بوونەتەوە و لەگەڵ هەموو شەهیدانی ڕێی ڕزگاری و

**خاکەلێوەی ٢٧٢٦**

سەرفرازیی نەتەوەی کورد پەیمان نوێ دەکەینەوە و بەڵێنیان پێ دەدەین لەسەر ئاوات و ئاواتەکانیان پێداگر بین. داوا لە هەمــوو جەمــاوەری کوردســتان دەکەیــن یــادی ئەم ڕۆژە مەزنە بەشکۆوە بەڕێــوە بەرن و کوردســتان و مێــژووەکەی و ویســت و مافەکانی بەزیندوویی ڕابگرن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ناوەندی کۆمەڵایەتی


٩ی خاکەلێوەی ١٤٠٥ـی هەتاوی

٩ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێشەوا لە گۆشەنیگایەکی نزیکتر و ڕوونترەوە





ئیبراهیم لاجانی

ڕێبواری ڕێی دوور کە ئەژنۆی دەلەرزێ و هەنگاوی شل دەبن، وچانێک دەدا و تۆشەبەرەی نێو کۆڵەپشتی دەردێنێ و نانێک دەخوا و سەرلەنوێ هێزی ڕۆیشتن و ورەی دێتەوەبەر.

## خاکەلێوەی ٢٧٢٦

بۆ ئێمەی ڕێبوارانی ڕێگای خەباتیش، ١٠ی خاکەلێوە و گەڕانەوە بۆ شەهیدانی نەتەوەکەمان، وەک سەرچاوەی ئیلهام، هەمیشە ورەمان وەبەردێنێتەوە و خەنجەری ڕوحییەی خەباتگێڕانەمان ئاو دەداتەوە.

بۆ تیشکخستنە سەر کەسایەتیی گەورە و مەسیحئاسای پێشەوا، چەند نموونەیەک لە هەڵوێستە بەرز و مێژووییەکانی لە چەند کۆنتێکست و چەند مەوقعییەتی جۆراوجۆردا دەخەینە بەرچاو. مرۆڤی سیاسی و خەباتگێڕ بە هەڵوێستە سیاسییەکانی دا ئیعتیبار و وەجاهەت سیاسی وەدەست دێنێ. جا دوایە کەسایەتیی پێشەوا دەخەینە بەر ڕووناکی.

(بە ئاڵای موقەدەسی کوردستان سوێند دەخۆم کە تا ئاخر هەناسەی ژیانم و ڕژاندنی ئاخر تنۆکی خوێنم بە گیان و ماڵ لە ڕێی ڕاگرتنی سەربەخۆیی کۆماری کوردستان و یەکێتیی کورد و ئازەربایجان موتیع و وەفادار بم)

سوێندی پێشەوا لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆمار

(ئەوە کە لە ڕێگای ئازادیی نەتەوەی خۆم بکوژرێم، جگە لە ڕەحمەتی خودا شتێکی دی نییە. بە مەرگی جوامێرانەی خۆم شانازی دەکەم)

لە بەناو دادگادا

(ئەو مافە بە کەس نادەم سووکایەتی بە نەتەوەی من بکات. من لە پێناوی ئەو نەتەوەیەدایە کە ئێستا بە ئیعدام مەحکووم بووم. قازی محەممەد ئیدی شتێکی دیکەی نییە لە دەستی بدا، کەسێک دەست لە گیان هەڵگرێ، قسەی دڵی خۆشی دەکا. ئەوەی کە لە خوام دەویست، یانی شەهادەت لە ڕێگای خوا و وەتەندا بە دەستم هێناوە)

قازی محەممەد لە بەناو دادگادا

(ئەنگیزەی من بۆ ئەو کارانە کە کردوومن سەرزەمین و نەتەوەکەم بووە، هەر کارێک لەگەڵ من دەکەن بیکەن بەڵام دەست لە ئازاری نەتەوەکەم هەڵگرن)

دیفاعیات لە بەناو دادگادا

(لە ئاخرین سەعاتەکانی ژیانمدا، خودا بە شاهید دەگرم کە لە ڕێگای ئازادی و بەختیاریی ئێوەدا گیان و ماڵی خۆم فیدا کردووە لە هیچ هەوڵ و کۆششێک درێخیم نەکردووە)

وەسیەتنامە

(کوردستان سەرزەمینی نەتەوەی کوردە و ماڵی ئەوە. کەس مافی حەسادەت و بەخیلی نییە. هەموو لەو ماڵەی خۆیاندا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خاکەلێوەی ٢٧٢٦

ئازادن .هەرچی لە دەستان دێت بۆ ئازادیی کورد درێخی مەکەن)

وەسیەتنامە

پێشەوا ئەو لووتکە گەورەی جوگرافیای ناسیۆنالیزمی کوردستانی، دەکرێ لە گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە سەیری بکرێ. تا پتر لێی بڕوانی و لە پێرسپێکتیڤی جیاوازترەوە سەیری بکەین، پتر گەورەیی ئەو ئینسانە مەزنەمان بۆ دەردەکەوێ. من ئەو ماوەیە جارێکی دیکەش بە هەندێک لە بەڵگەنامەکانی سەردەمی کۆماردا چوومەوە و سەرەڕای سەرقاڵی زۆرم، هەندێک یاداشتم هەڵگرتوون کە پێشەوا لە گۆشەنیگای نزیکترەوە دێننە بەرچاو.

قازی هەر لەو ماوە کورتەدا کە پێی نایە مەیدانی سیاسەتی کوردی، بە خێراییەکی زۆر بوو بە ئەستێرەی هەرە پرشنگداری ئاسمانی کوردایەتی و خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی نەتەوەکەمان. ئەوەتا ئێستا بووەتە سەمبوولی قوربانیبوون، فیداکاری و بووەتە سەرچاوەی ئیلهام و سەرمەشقی خەبات بۆ هەموو ڕۆڵەکانی کورد لە کوردستان.

سیاسەتەکانی و بەرنامەی سیاسیی پێشەوا، پاش تێپەڕینی ئەو ماوە درێژەش، هەروا مەوزووعییەتیان هەیە و ئێستاش هەروا ڕێگاچارەی گیروگرفتەکانی ئێران و هەڵدان و گەشەکردنی کوردستان و وڵاتەکەمانن. دامەزرانی دێموکراسی، سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتی، دابینکردنی مافی کەمایەتییە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی وڵاتەکەمان، دابینکردنی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووری، دیسانترالیزەکردنی دەسەڵاتی ناوەندی و پێکهێنانی هەلومەرج بۆ کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران تا بتوانن لە پرۆسەی سیاسی و حاکمییەتی گشتیدا بەشداری بکەن، هەروا مەسەلەی ڕۆژن لە سیاسەتی ئێراندا.

بەرنامەی سیاسیی پێشەوا بووەتە مانیفێستی کوردایەتی و ناسیۆنالیزمی هاوچەرخی کورد. دامەزراندنی دەسەڵاتی کوردستانی و دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین، هەروا ئامانجی هەرە بەرزی بزووتنەوەی کوردە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا. ئەو جادەیە کە قەتاری جووڵانەوەی کوردی پێدا دەڕوا، هەر ئەو جادەیەیە کە پێشەوا موهەندیسیی کردووە. ئێمە نەسڵەکانی دوای ئەو گەورەترین شانازیمان تەنیا ڕەنگە هەر ئەوە بێت، کە نەمانهێشتووە ڕێبازەکەی کوێر بێتەوە و خەباتەکەی ئەومان بردووەتە پێشێ. وەک شەهاب بە ئاسمانی خەباتی نەتەوەییماندا کشا و کوردی لە خەوی غەفڵەتی ژێر چەپۆک ڕاچڵەکاند و ئێستاش لەو شەوەزەنگە تاریکەدا لە پەنجەرەی مێژوومانەوە، هەروا دەبینرێ و دەدرەوشێتەوە.
پێشەوا مێژووی نەتەوەی کورد و ڕاپەڕینە نەتەوەییەکانی کوردی خوێندبووەوە. ئەزموون و ئامانجە سیاسییەکانی ڕێبەرانی پێش خۆی فۆرموولە کرد و لە شێوەی پرۆژەیەکی سیاسیدا دایڕشت. بۆ ڕێبەریکردنی ئەو پرۆژەیە، حیزب و تەشکیلاتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مۆدێرنی دروست کرد و دەوڵەتی لە شکڵی کۆماریدا بۆ پیادەکردنی ئەو پرۆژە سیاسییە پێکهێنا. دواتر لە دادگادا و لە جەرەیانی سەفەرەکانیدا بۆ تاران دیفاعی لە کار و بەرنامەی سیاسیی خۆی و ئامانجەکانی نەتەوەی کورد کرد و تا سەر پێیان وەفادار مایەوە و گیانی خۆشی لەو پێناوەدا بەخت کرد. دوای مردنیشی بوو بە ڕەمزی فیداکاری لە پێناو نەتەوەدا.
لە دەورانی بزووتنەوە دژی ئیستیعمارییەکاندا، لە هەموو وڵاتانی ناوچەدا، ڕێبەرانی بزووتنەوەی دژی ئیستیعماری توند بە خەباتی دژی ئیستیعمارییەوە نووسابوون و دواتریش هەموویان دیکتاتۆر و سەرەڕۆ دەرچوون. پێشەوا لە سیاسەت و کردەوەدا، بۆ ئازادی و دێموکراسی، ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی تێدەکۆشا و بە هەر سێکیان وەفادار بوو. لە ئەوپەڕی ئیقتداری سیاسیدا، خەڵکی و خاکەڕا و لە هەڵسوکەوتدا دێموکرات بوو و دێموکراتیش مایەوە. لەو دەورانە مێژووییەدا، لە نێو ڕێبەرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکاندا، ئەوە تەنیا پێشەوا بووە کە نەکەوتووەتە داوی سەرەڕۆییەوە.

عونسوری پێشکەوتنخوازی لە بەرنامەی سیاسی و کارنامەی حکوومەتی پێشەوادا وەک ڕۆژی ڕوون دیارە. ڕێفۆرمی ئەرزی و مەسەلەی دابینکردنی مافەکانی ژنان و پەرەپێدانی پەروەردە و فێرکردن و ئەمنییەتی قەزایی و سێکۆلاریزەکردنی دادگاکان باشترین نموونەی ئەو قسەیەن. لەگەڵ ئەوەدا کە پیاوێکی ڕووحانی بووە، بەڵام هیچ کات وەک ڕێبەری دینی لە حیزب و حکوومەتدا هەڵسوکەوتی نەکردووە و لە هەموو جێگایەک وەک ڕێبەری نەتەوەیی و سیاسی قسەی کردووە. نە دینی خستووەتە خزمەت ئامانجە سیاسییەکانی خۆی و نە سیاسەت و حیزب و حکوومەتی کردوونەتە بووکەشوشەی دەستی دین و مەزهەب. لە سەرتاسەری ئێراندا ئەو دەم ئاخوندەکان دژی ئیسلاحاتی ئەرزی و مافەکانی ژنان بوون و دژایەتییان دەکردن، بەڵام پێشەوا تێدەکۆشا بیانکاتە واقیعییەتێکی ژیانی ڕۆژانە.

کۆماری کوردستان پرشنگدارترین قۆناغی مێژووی هاوچەرخی کورد و کوردستانە. ئەوەی تا ئێستا هەمانە و لە داهاتووشدا تا چاو بڕ بکات دەمانبێت، هەر لەوێڕا دەست پێ دەکات. بیگبانگ، تەقینەوەی گەورەی ناسیۆنالیزمی هاوچەرخی کوردستانی لەوێڕا سەرچاوە دەگرێ و ئێستاش ئەو ئینێرژییەی کە وەری دەگرێ هەر لەو تەقینەوە گەورەیەوە پێی دەگات.
پێشەوا سەرۆکی حیزب و سەرکۆمار بوو، بەڵام قەت حکوومەتی نەکردە ئالقەبەگوێی حیزب. حیزبی نەکردە سەرباری حکوومەت و زنجیر بۆ دەست و پێی حکوومەت. قەت نەبوو لە کێوی سینای دەفتەری سەرکۆماری و سەرۆکایەتیی حیزبەوە فەرمان نازڵ بکات. بڕیارەکان دەستەجەمعی دراون و ڕاوێژیان لەسەر دەکرا و بە فیلتەرە پێویستەکاندا تێدەپەڕین، جا دوایەش لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاو دەکرانەوە و بە ئاگاداریی بیروڕای گشتی دەگەیەشتن.

حیزب ماتۆڕی بردنە پێشی بەرنامەکان و ڕێکخستنی نەتەوە و مۆبیلیزەکردنی تواناکان بوو نەک دەستوپێگر. هەموو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیمکاناتی حیزبی خستبووە خزمەت حکوومەت نەک بە پێچەوانەوە. قەت خۆی لە جێی کۆمیتەی ناوەندی دانەدەنا و کۆمیتەی ناوەندیشی لە جێی حیزب دانەدەنا و حیزبیشی لە جێی نەتەوە دانەدەنا. خۆی و حیزب و کۆمار و دەوڵەتی بۆ خزمەتی نەتەوە دەویستن. پێشەوا بەرانبەر بیروڕای گشتی لەسەر هەست بوو. ئەو کەسێک نەبوو گوێ نەداتە بیروڕای گشتیی نەتەوە و ڕوانگە و بیروبۆچوونی هاوکارەکانی بە گرنگ دەگرت. مەیدانی بۆ دروستبوون و پێگەیشتنی چینی ناوەندیی کۆمەڵگەی کوردستان خۆش دەکرد. ئەدیب و زانا و فەرهەنگییەکانی کوردی لە دەوری حیزب و کۆمار کۆ کردبوونەوە و خستبوونیە خزمەت نەتەوە و پەرەسەندنی زمان و ئەدەب و کولتوور و پەروەردە و فێرکردنی نەتەوەیی. هەموو توانای ڕووناکبیرانەی کوردی خستبووە خزمەت خەبات و بەرنامەکانی حکوومەتی کوردستان. ئەو حیزبەی ئەو لە دوای خۆی بەجێی هێشت، ئێستاش هەروا خۆشەویستی خەڵکی کوردستانە و ئەوەش تا ڕادەیەکی زۆر لەوەڕا دێت کە حیزبی پێشەوایە و پێشەوا دایمەزراندووە.

پێشتر ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد بە هۆی پێگە و نفووزی عەشیرەتی و ئایینییەوە هاتوونەتە سەر. پێشەوا لە ڕێگای حیزبایەتی و کاری ڕێکخراوەییەوە هاتبووە سەر. ئەو هەم مەشرووعییەتی هەبوو هەم لێوەشاوەیی زانستی و سیاسی و هەم پاکژیی ئەخلاقی و هەم مەحبووبییەتی جەماوەری. پاش مەرگیشی هەروا خۆشەویست مایەوە. کەمن ئەو ڕێبەرانەی ئاوا لە نێو نەتەوەی خۆیاندا خۆشەویستن و هەر خۆشەویستیش بمێننەوە.

پێشەوا ڕزگاریخواز، ئازادیخواز، پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕ بوو. ڕاستەوخۆ لەگەڵ نەتەوە پێوەندیی هەبوو. ئەو دیوانسالاری و بۆرۆکراسی بۆ بردنە پێشی بەرنامە و پرۆژەکانی کۆمار هێنانە کایە و دامەزراوەگەلێکی بۆ کۆمەڵ و کۆمار دروست کرد، بەڵام وەک پێشەوای نەتەوەیی قەت نەهات خۆی لە قاوغی تەسک بۆرۆکراسیی حیزبی و دەوڵەتیدا زیندانی بکات. ئەو بە کردەوە ڕێبەرایەتی دەکرد و لە ڕیزی پێشەوەی کار و خەبات و هەوڵ و تێکۆشان بۆ چارەسەری گیروگرفتەکان بوو. خاکەڕا و خۆماڵی و بێ فیز و تەکەببوور بوو. ئەو هاتبوو وەک بۆخۆی لە ڕۆژی سوێندخواردنەکەیدا فەرمووی، سەر و ماڵی فیدای نەتەوە و نیشتمانەکەی بکات. ئینسانێکی زانا و خاوەن فەرهەنگ بوو، هەر بۆیەش بایەخێکی زۆری بە فەرهەنگ و ئەدەب و کولتوور دەدا. دەورانی حکوومەتی کۆماری کوردستان لە مێژووی نەتەوەی کورددا، تا ئەو دە دوازدە ساڵەی دوایی، پرشنگدارترین قۆناغی گەشەکردنی فەرهەنگ و زمان و ئەدەب و ڕۆژنامەگەریی کوردییە کە مێژوو بە خۆیەوە دیویەتی.

ئەو زمانە ئەدەبی و سیاسییەی ئەمڕۆ بەکاری دێنین، هەر هەمان زمانە کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بوو بە زمانی ئەدەبی و سیاسی و ڕۆژنامەگەریی کوردی. نەخش و بەشی خەڵک لە بزووتنەوە و دەسەڵاتدا، نەخش و سەهمی هەرە زۆر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوو. پێشەوا دەسەڵاتی حیزبی و حکوومەتی لە دەستی خۆی و کەسوکارەکانیدا کۆ نەکردبووەوە. چەترێکی گەورە بوو کە هەموو لە ژێریدا جێگایان دەبووەوە. معیار بۆ ئەو خزمەت بوو. ئەو گەورەترین کۆڵەکەی هاوبەش بوو. مەخرەجی موشتەرەک بوو.

تەمەنی کەم بوو، هیچ عەشیرەت و تایفەیەکی لە پشت نەبوو، بەڵام توانی لە کۆمەڵگەی دواکەوتووی ئەو دەمی کوردستاندا، ببێتە کاریزمایەکی نەتەوەیی هێندە گەورە کە هەموو عەشیرەتە گەورە و ناتەبا و تەنانەت نەحەواوە لەگەڵ یەکتردا، لە دەوری فەرماندەییەکی سیاسی و نیزامی کۆ بکاتەوە و تەنانەت کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، ڕاکێشێتە ژێر ئۆتۆریتەی نەتەوەیی کۆماری کوردستان.

پاکژیی ئەخلاقیی پێشەوا لە پلەیەکی هێندە بەرزدا بوو کە گەورەیی خۆی لە گەورەیی و مەزنیی نەتەوە و خەڵک و هاوکارەکانیدا دەدی و پێویستی بەوە نەبوو کەسانی دی نەبینێ و وەلایان بنێ. بە پێچەوانەوە ئەو دەیزانی گەورەیی و مەزنایەتی لەوەڕا دێت کە بتوانێ خەڵک و کەسانی گەورە و بە ئۆتۆریتە لە دەوری خۆی و بەرنامەکانی کۆ بکاتەوە نەک بە پێچەوانەوە. ئاخر کەسێک کە دەسەڵاتی سیاسی و حیزبی و حکوومەتی لە خۆی و دەوروبەری خۆیدا کۆ دەکاتەوە، کەسێکە کە توانای سیاسی و فکری و ئەخلاقییەکەی بەرتەسکە، کاراکتێرێکی بێهێزی هەبووە و دەوروبەرەکەشی هیچکارە و لێنەهاتوو بوون.

پێشەوا نیهادسازی کرد، بزووتنەوەی کردە نەتەوەیی و گشتی. حیزبی نەکردبووە فیرقە و سێکتێکی سیاسی، حیزبی دێموکرات لە سەردەمی پێشەوادا، جەبهەیەکی بەرینی نەتەوەیی بوو کە هەموو ڕۆڵەکانی کوردستان لە نێویدا جێیان دەبووەوە و هەمووشیان بە هی خۆیان دەزانی شاعیر وتەنی بە ملیۆن کورد، سوجدەیان بۆ دەبرد. ئەو خسڵەتە نەتەوەییەی کە وەک میرات بۆ حیزبی دێموکرات بە جێ ماوە هەر لە ئەو دەمەوە دێت کە پێشەوا کردییە حیزبی نەتەوەیی. حیزبی دێموکراتی دروست کرد و لە ڕێگای حیزبەوە بوو بە پێشەوای گەل و دواتر حیزبیشی خۆشەویست کرد.

دەڵێن هەر خەباتێک ڕێبەری خۆی دروست دەکات، حیزب و بزووتنەوەی کوردستان لە سەردەمی پێشەوادا جەماوەری و نەتەوەیی و گەورە و بەرین بوون، بۆیەش ئەو ڕێبەرە گەورەیان هێنایە مەیدان. ئەوەتا ئێستاش مەیدانی چوارچرا و گۆڕی پێشەوا، بوونەتە سەمبوولی نیشتمانپەروەری و مەکۆی کوردایەتی و قیبلە و زیارەتگای ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و پێشەوا لە دڵی نەتەوەی کورد و ویژدانی نەتەوەی کورددا هەر زیندووە و ڕێباز و ئامانجەکانی هەروا ئامانجی کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کوردستانن. گۆڕی پێشەوا بووەتە کورەی جۆشدانی کوردایەتی و لە سەرتاسەری کوردستاندا خەڵک سوێندی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەورەیان بە گۆڕی پێشەوایە.

ئەوە مانایەکی گەورەی مەعنەوی و ئەخلاقیی هەیە. بیری سیاسیی پێشەوا هێشتاش هەروا بە پێشەنگ دادەنرێت و مەوزووعییەتی هەیە و ڕوو لە گەشەیە. ئەو درەختەی پێشەوا چاندی، هەروا دێت پتر ڕەگ لە کوردستاندا دادەکوتێ. ئەو ئێنێرژییە نەتەوەییەی کە لە پشتی سەری بزووتنەوەی کوردستانەوە هەیە، بە تایبەتی ئەو هێزەی کە نەیهێشتووە حیزبی دێموکرات بشکێ، یان لە ڕەیلی خۆی لابدا، هەر ئەو ئێنێرژییەیە کە لە پێشەواوە پێی دەگات.

ئەمڕۆ بە ملیۆن کورد لە هەموو کوردستاندا پەیامی پێشەوایان کردووەتە مەشخەڵی ڕێنیشاندەری ڕێگای خەباتیان. هەموو هێزە کوردستانییەکان چ لە بەشی ڕۆژهەڵات یان لە بەشەکانی دیکە، لە ڕاستی ڕاستەوە تا چەپی چەپ و تەنانەت مەزهەبییەکانیش، شەجەرەی سیاسیی خۆیان دەبەنەوە سەر پێشەوا و دەیانەوێ مەشرووعییەتی لێ وەربگرن. هەموو هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆر تین و ڕووناکی لە خۆر وەردەگرن، هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستانیش تین و ڕووناکی لە پێشەواوە وەردەگرن. ئەو گەرمی و ڕووناکییەش لە بن نایەت و دەگاتە هەمووانیش. ئەو شوێنەوارەی پێشەوا لەسەر تاکی کورد، نەتەوەی کورد، سیاسەتی کورد و ویژدانی نەتەوەیی کوردستانی بە جێی هێشتووە، باشترین بەڵگەی ئەو قسەیەن.
ڕاستە کۆماری کوردستان ڕووخا و بزووتنەوە پاشەکشەی کرد، بەڵام بیری پێشەوا نەشکا، چونکە شکست ئەوەیە قەت هەڵنەستییەوە. هەر کەس پاش کەوتنەخوار درەنگ یان زوو هەستێتەوە، نەشکاوە. بەرنامەی سیاسی و حیزبیی پێشەوا و خەباتی پێشەوا، بە جۆرێک لە کوردستاندا ڕەگیان داکوتاوە، کە ئەوتا شەوەزەنگی ڕەشی ئیستبدادی ئاخوندیش، نەیتوانیوە، لە گەشە و هەڵدانیان بخات. پێشەوا و کۆماری کوردستان و بەرنامەی سیاسیی پێشەوا ئێستا بوونەتە ڕێفێرێنس و نەسڵەکانی ئێستا و داهاتووی کوردستان خۆیانی پێ پێناسە دەکەن. چونکە قۆناغی دەوڵەتی کۆماری کوردستان، لە مێژووی نەتەوەی کورددا بەرجەستەگیی مێژوویی هەیە و سەردەمی زێڕینی مێژووی دەسەڵاتدارییەتیی هاوچەرخی کوردە.

پێشەوا هەموو هەڵوێستەکانی چ لە پێوەندی لەگەڵ تاران و چ لەگەڵ تەورێز و چ لەگەڵ زلهێزەکان و چ لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلە نێوخۆییەکانی کوردستاندا، تەنیا لە گۆشەنیگای بەرژەوەندیی کوردستان و دێموکراسییەوە دەگرتن. لێزانییەکی بێوێنەی لە فۆرموولەکردنی داخوازەکانی نەتەوەی کورد و پەیامی سیاسیی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتدا هەبوو. ئەوەش بوو پێشەوای کردبووە ڕێبەرێک تەواو عەیاری نەتەوەیی. لە خۆڕا نەبوو بە پێشەوا و هەروا بە پێشەواییش مایەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشەوا فیداکاریی کرد و تەڵەبکاریش نەبوو. ئەو لە دادگاشدا دەزانێ شەهیدی دەکەن، بەڵام دیفاعی سەرسەختانە لە نەتەوەی کورد و داخوازەکانی نەتەوەی کورد دەکات. لە وەسیەتنامەکەشیدا و لەسەر سێدارەش هەر داوا لە ڕۆڵەکانی کوردستان دەکات خەبات بەرنە پێش و خواش بە شاهیدی دەگرێ کە بە سەر و ماڵ، خزمەتی نەتەوەی خۆی کردووە و داوا دەکات ئەگەر قسوورییەک هەیە نەتەوەکەی بیبەخشن. بەم جۆرە ئەو هیچ تەڵەبکار نییە و فیداکاریشی بۆ ئەوە نەکردووە لە نەتەوەکەی تەڵەبکار بێت. تەنیا داوای ئەوەیە نەتەوە پشت بە یەک ببەستن و خۆیان بە عیلم و زانست تەیار کەن و خەبات بەرنە پێش و نەیەڵن ئاگری خەبات لە نێڵە بکەوێت. بۆیە لە پێدەشتی بزووتنەوەی کورددا بووەتە لووتکەی هەرە بەرزی فیداکاری و گیانبازی و نیشتمانپەروەری و وڵاتپارێزی.

ئەوە چەند دەیەیە کە تەواوی دەزگای تەبلیغاتی دەوڵەتی ئێران و ناسیۆنالیزمی مەزنخوازی ئێرانی و کۆنەپەرستیی ناوچە و تەنانەت زرەچەپی کورد و ئێرانیش کەوتوونەتە خۆ تا پێشەوا تەخریب کەن و خۆی و بەرنامە و کارنامەکەی ڕەش کەن، بەڵام نەک هەر نەیانتوانیوە زەڕەیەک لە گەورەیی و خۆشەویستیی پێشەوا کەم کەنەوە، بەڵکوو پێشەوا هەروا دێت و مەزنتر و خۆشەویستر دەبێت و بەرنامەی سیاسیی پێشەوا ئەمڕۆ بووەتە بەرنامەی ڕێگاچارەی گیر و گرفتەکانی وڵاتە خۆشەویستەکەمان. ئەو کەسایەتییەک بوو تێدەکۆشا کۆڕپەی ئازادی و ڕزگاریی کوردستان، لە نێو نەتەوەی کوردەوە بۆ سەر دونیا هیدایەت بکات. حیزب و تەشکیلاتی بۆ ئەو کارە دەویست و حیزب بۆ ئەو کەناڵی خزمەت بە گەل و نیشتمان بوو.

پێشەوا کەسێک بوو کە مێژووی کورد و زەمان هێنابوویە پێشەوە. لە ماوەیەکی کورتدا کە دەستی بە کاری سیاسی کرد، نەخشی هێندە گەورەی گێڕا کە لە مێژووی نەتەوەی خۆیدا بوو بە گاندییەک، ماندێلایەک. ئەو دروستکەر بوو. خۆی و دەزگای حکوومەتەکەی دوور بوون لە گەندەڵی. ئێستاش دروستکاری نەک بە فەزیڵەت بەڵکوو بە موعجیزە دادەنرێ، کەچی پێشەوا لە هەموو گەندەڵی و دەستپیسییەک بەدوور بوو. ئەو کێوێک بوو لە ئەخلاقییەتی بەرز و ئیستراتیژیی سیاسی و سەلامەتیی ویژدانی. هەر بۆیەش ئیعتبارێکی سیاسی و مەعنەویی گەورەی لە نێو نەتەوەدا هەبوو. دەڵێن مێژوو ڕوحم بە کەس ناکات. پێشەوا لە نێو ڕێبەرە سیاسییەکانی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ناوچەدا، لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ئەو ڕێبەرانەدایە - کە ژمارەشیان بەداخەوە زۆر کەمە - کە لە ئیمتیحانی سەختی مێژوو دەرچوون و ڕووسوور هاتوونە دەر.
لایەنێکی دیکەی گەورەیی پێشەوا لە ئەو پیلانە گەورەیەوە دێت کە کۆنەپەرستی و ئیمپریالیزم و دوژمنانی کورد لە دژی ئەو و حکوومەتەکەی بەڕێوەیان برد. ئەو ڕاستییە لە ڕەوتی دادگادا و لە چۆنییەتیی حوکمدانی قازییەکان و لەداردانیاندا بە باشترین شێوە دەردەکەوێ. پێشەوا بێکیفایەت نەبوو، بەڵام پیلانێکی نێونەتەوەیی لە دژی ئەو وەڕێخرا کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئەودا بوو. ئەو ژمارەیەکی کەم کارتی بۆ یاری لە دەستدا بوون، لە هەموو کارتەکان بە باشترین شێوە کەڵکی وەرگرت. توانا و لێوەشاوەیی و دروستکاری و مودیرییەت و بەتەگبیریی پێشەوا پێشتر لە زۆر بواردا تاقی کرابووەوە. ئەوەی ڕوویدا ئاکامی پیلانی هاوبەشی زلهێزان و کۆنەپەرستی بوو. بە بڕوای من گەورەترین تایبەتمەندیی پێشەوا ئەوەیە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە ئەو وەک ڕێبەر و پێشەوای نەتەوەی کورد لە بەرامبەر نەتەوە و مێژوودا هەستی بە بەرپرسایەتی دەکرد. ڕێبەرانی ئێستای کورد دەبێ زۆر دەرسی بە نرخ لە پێشەوا فێر بن، بەڵام لە هەمووان گرنگتر ئەوەیە ئەو هەستی بەرپرسایەتی لە بەرامبەر نەتەوە و مێژوودا، لە قازیی نەمر فێر بن.

کەسایەتییە سیاسی و ڕووداوە مێژووییەکان، بە ئەو پێوانەیە هەڵدەسەنگێنرێن، کە لە کاتی خۆیان و لە دوای خۆیان چ شوێنەوارێکیان بە جێ هێشتووە و چ کاریگەرییەکیان داناوە. جا ئەگەر لە ئەو پێرسپێکتیڤەوە تەماشای کەسایەتیی سیاسیی پێشەوا و ئەو ڕووداوانە بکەین کە لە ماوەی ڕێبەرایەتیی ئەودا ڕوویان داوە - هەر لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، تا ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و پاشان ئیعدامی پێشەوا - هەر کام لە ئەو ڕووداوانە بە تەنیا و بە سەر یەکەوە و شەخسییەتی سیاسیی پێشەوا و حوزووری پێشەوا لە حافیزەی نەتەوەیی کورددا، ئەوە دەردەخەن کە پێشەوا و هەڵوێستە سیاسییەکانی و کاروکردەوەکانی، گەورەترین ڕووداوی مێژووی سیاسیی کوردن لە مێژووی هاوچەرخی کورددا و تەکانی یەکجارەکییان بە نەتەوەی کورد داوە و بە لووتکەی گەشەکردنی ناسیۆنالیزمی کوردستانی دادەنرێت. کورد ئاوات و ئارەزووەکانی خۆی ئێستاش هەر لە ئامانجەکانی کۆماری کوردستاندا دەبینێ، ئەو ئامانجانەی کە لە کەسایەتیی سیاسیی پێشەوادا تەجەسومیان پەیدا کردبوو و پێشەوا گیانی خۆشی لە ڕێگای ئەواندا دانا.

ئێستاشی لەگەڵ بێت پێشەوا گەورەترین و بەهێزترین کەسایەتیی سیاسی و خەباتگێڕانەی نێو بیر و زەینی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردە کە وەک سەرمەشقی خەبات و تێکۆشان و فیداکاری لە پێناوی ئازادیی کورد و کوردستاندا، تەوافوقی نەتەوەیی لەسەرە. ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کۆماری کوردستان لە لایەن پێشەواوە، بە هەر پێوانەیەک هەڵیسەنگێنین، بە ڕاوەستانەوەی سیاسی و ڕاسانی کورد لە دژی ئەو وەزعە مەوجوودە دادەنرێت، کە سەدان ساڵە کورد لە نێویدا بەسەر دەبات. ئەوەتا ئێستاش پێشەوا هێزێکی ئەخلاقی و سیاسیی هێندە گەورە و ئینێرژییەکی پۆزەتیڤی هێندە زۆرمان پێ دەبەخشێ، کە چ وەک تاکی کورد و چ وەک نەتەوەی کورد بەرەو پێشەوەمان دەبات.

پێشەوا دید واتە ئاسۆ یان بە واتایەکی دیکە ڤیژن(Vision) ی دا بە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد. واتە ئاسۆی ئەو بزووتنەوەی دەستنیشان کرد. بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان ڕێگای خەباتی نەتەوەی کوردی دیاری کرد. ڤیژن لەگەڵ هەڵسوکەوتی تاکتیکی فەرقی هەیە. ئێستا پێگەی جووڵانەوەی کورد لە سیاسەتی ڕۆژانەدا هەرچییەک بێت، ڤیژن لە ئەو سیاسەتە تاکتیکیانە بەرزتر و بڵندترە. ڕێگای کەژڕەوی و هەڵخلیسکان دەگرێ. ئەوەی پێشەوا کردی نابێت بە ئیدیالیزم دابنرێت و بە ئەو بیانووەوە بە کەم بگیردرێ. ئیدیالیزم خۆی لە خۆیدا شتێکی خراپ نییە. بەستراوەتەوە بە ئەوەی کە دەتەوێت کورد و کوردستان بەرەو ئازادی و سەربەخۆیی بەریت یان داوای مەدینەی فازیڵە و کۆمەڵگەی بێتەبەقەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خاکەلێوەی ٢٧٢٦**

تەوحیدی و دیکتاتۆریی پڕۆلیتاریا دەکەیت. کورد وەک نەتەوەیەک زەرفییەتی ئەوەی تێدایە و حەقی ئەوەشی هەیە بە ئازادی بگات و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دامەزرێنێ و خۆی بگەیەنێتە ئاستی نەتەوەکانی دیکەی دونیا. واتە مافی ئەوەی هەیە ڕێگای پەرەسەندنی خۆی دیاری بکات. ئەو خەباتەی کورد دەیزاتە پێش بۆ گەیشتنە بە لووتکەی بەرزی پەرەسەندن و پێشکەوتن کە بریتییە لە ئازادی و ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی و مافی چارەی خۆنووسین.

پێشەوا ڕۆڵەی زەمانی خۆی بوو. ئەو توانی لە ئەو دەرفەت و ئیمکاناتانە کە ئەو دەم بۆ کورد ڕەخسابوون بە باشترین شێوە کەڵک وەرگرێ. ئەگەر قسە و هەڵوێستە سیاسییەکانی پێشەوا لێک بدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە هەم ڤیژنار بووە و هەم واقیعبین (Grounded) بووە. واتە پێی سیاسەت و هەڵوێستەکانی لەسەر ئەرزی واقیع بووە و چاویشی لە ئاسۆ و ئاسمان و ئەستێرەکان بووە. واتە واقیعبین بووە بەڵام هەرگیز ئاسۆی خەباتی کوردستانی لە بەر چاو ون نەبووە. ئازادیی کوردستان بۆ قازی مەسەلەی سەرەکی بووە. لە ڕوانگەی ئەوەوە کورد مەسەلەی کورتخایەن و درێژخایەنی نییە. کورد مەسەلەی کورتخایەن و درێژخایەنی یەکە: ئازادی و ڕزگاری. مەسەلەی کورتخایەنی کورد درێژخایەنەکەیەتی و مەسەلەی درێژخایەنەکەشی مەسەلەی کورتخایەنییەتی. سیاسەتگوزاریی ڕۆژانەیی پێشەوا، لە ڕوانگەی ستراتیژیکی پێشەوا جیا ناکرێتەوە. ئەوە فەلسەفەی کاری سیاسیی پێشەوایە.

ئامانجی پێشەوا بە لەداردانی پێشەوا نەمرد و تەنانەت گەورەتر و مەزنتریش بووە. پێشەوا بووەتە ئیلهامبەخشی نەسڵە یەکلەدوای‌یەکەکانی نەتەوەی کورد. ئێمە وەزیفەی بردنە پێشی ئەو ئامانجەمان لەسەر شانە. با تێکۆشین شایستەی ئەوە بین کە ڕێبواری ڕێگای پێشەوا و ئامانج و ڕێبازی پێشەوا بین. بۆ ئەو مەبەستە دەبێ سیاسەتی خۆمان لە سۆز و عاتیفە و ئایدیۆلۆژی پاک کەینەوە. با تێکۆشین لە هەموو زەرفییەتی ئەو نەتەوەیە بۆ ڕزگاری کەڵک وەرگرین. دەبێ لە پشتی مەنشووری قازانج و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد، سیاسەتەکانی خۆمان بدەینە بەر دید. دەبێ شەهامەتی ئەوەمان هەبێت لە ئەشکەوتی کەهفی هەزارساڵەمان بێینە دەر. دونیای تەنگی سیاسەتی خۆمان بە جێ بێڵین و ڕاست لە قەلبی مەسەلەکە بدەین. مەسەلەی ئێمە زۆر جدییە. مەسەلەی ژێردەستیی نەتەوەیەکە لە سەدەی ٢١دا، پێشەوا لە هەلومەرجێکدا ئاڵای ئەو خەباتەی هەڵگرت کە ئیمکاناتێکی زۆر کەمی بۆ کەڵک وەرگرتن لە بەر دەستدا بوو، ئێمە ئۆقیانووسێک لە دەرفەت و ئیمکاناتمان لە بەر دەستدایە. با تێکۆشین لە ئەو ئیمکاناتە لە ئەو ئینێرژییە زۆرەی کە بۆ خەبات لە نێو نەتەوەکەماندا هەیە، بە باشترین شێوە کەڵک وەرگرین.

**١٠ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ساڵڕۆژی ڕێفراندۆمی «کۆماری ئیسلامی» لە دەروازەی گۆڕانە چاوەڕوانکراوەکاندا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خاکەلێوەی ٢٧٢٦**


کیهان
امام: از امروز
رژیم ایران
جمهوری اسلامی شد
سفیر امریکا
از ایران
احضار شد
قطع رابطه
ایران و مصر
شاه سرگردان را
برزیل هم راه نداد
امام خمینی:
۱۲ فروردین
روز نخستین
حکومت الله است



**مستەفا مەعرووفی**

نزیک بە دوو مانگ دوای شۆڕشی گەلانی ئێران خومەینی «گۆڕینی ڕێژیمی شا بۆ کۆماری ئیسلامی، بەڵێ یان نەخێر»ی کردە بابەتی ڕێفراندۆمی گشتی لە ئێراندا، وەک بۆ خۆی لە وەڵامی ڕەخنە و پرسیاردا کە «کۆماری ئیسلامی» چییە؟ گوتی: «یەک وشە نە کەم نە زیاد». خومەینی دوای ڕووخانی ڕێژیمی شا نەک هەر تاقە کەسی بەدەسەڵات و بڕیاردەر، بەڵکوو تاکە سەرچاوەی یاساش بوو؛ دوای شۆڕش تەواوی دامودەزگا حکوومەتییەکان هەڵوەشابوونەوە، هەموو دەسەڵات و سەڵاحییەتەکانی تێکڕای حکوومەتێکی بە تەنیا بەدەستەوە گرت. بە بڕیارگەلی کورت و یەک یان چەند ڕستەیی و بە لێبڕاوی و توورەیییەوە تەواوی ڕێوشوێن و بنەماکانی حکوومەتێکی لەژێر ناوی «کۆماری ئیسلامی»دا ساغ کردەوە کە لەمێژ بوو خەونی پێوە دەدی و هەر بەو لێبڕاوی و تاکڕەوییەشەوە لە ڕۆژانی ١٠ و ١١ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ (١٩٧٩) خستییە بەر ڕێفراندۆمەوە و سیستمێکی سیاسیی بەسەر ئێرانێکی فرە نەتەوە، فرە فەرهەنگ و فرە ئاییندا سەپاند کە لە ئیرادەی یەک کەس، یەک ڕێچکەی ئایینی و سەر بە یەک نەتەوەوە سەرچاوەی گرتبوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕێفراندۆمێکی بێ بنەما و نادێموکراتیک

لە ڕۆژی ١٢ی خاکەلێوەدا ئاکامی ئەم ڕێفراندۆمە ڕاگەیەندرا کە گۆیا ٩٨%ی دەنگەکانی هێناوەتەوە. لە کاتێکدا نەک هەر لە کەشوهەوای دوای شۆڕش کە هیچ پێوانە و چاوەدێرییەک نەبوو، تەنانەت سالانی دوای سەقامگیریی کۆماری ئیسلامییش هیچ کام لە ئاکامەکانی هەڵبژاردن جێی باوەڕ نین تا ڕێژەی دەنگە ئەرێنییەکانی ئەم ڕێفراندۆمە جێی باوەڕ بێ. گۆڕینی ڕێژەی دەنگەکانی میر حوسێنی مووسەوی لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ١٣٨٨دا بە قازانجی مەحموودی ئەحمەدی نەژاد کە بزووتنەوەی «سەوز»ی لێ کەوتەوە گەورەترین نموونەیە. پاشان لانیکەم لە کوردستان هێزە سیاسییەکانی کورد بایکۆتیان کرد و بە گشتی کورد دەنگی پێویستی پێ نەدا.

ئەو ڕێفراندۆمە لە بنەڕەتدا بێ بنەما بوو؛ چونکە ڕێفراندۆمەکە بریتی بوو لە «گۆڕینی ڕێژیمی پێشوو بۆ کۆماری ئیسلامی، بەڵێ یان نەخێر». نزیکەی دوو مانگ پێشتر لە شۆڕشێکی بەرین و خوێناویدا ڕێژیمی پێشوو ڕووخابوو، ڕوون و ئاشکرا بوو کە خەڵک دەنگ دەدەن بە «گۆڕینی ڕێژیمی پێشوو» کەوابوو پێویست نەبوو بخرێتە بەر ڕێفراندۆمەوە. لەبارەی بەشی دووەمی ناوونیشانی ڕێفراندۆمەکەشەوە: «کۆماری ئیسلامی» بابەتێکی دژی دێموکراسی بوو؛ چونکە باس و ڕاوێژ بە پێکهاتە جیاجیاکانی ئێران و هێزە سیاسییەکانی دیکە نەکرابوو کە لەسەر سیستمێک پێک بێن بۆ ئەوەی بیکەنە بابەتی ڕێفراندۆم. تەنیا خومەینی بە پشتیوانیی هاوبیرەکانی سەپاندیان، پاشان یەک سیستمی حکوومەتی بە «بەڵێ یان نەخێر» خرابووە بەر ڕێفراندۆم نەک دوو یان چەند سیستمێک کە خەڵک بتوانن یەکێکیان هەڵبژێرن. جگە لەمانەش «کۆماری ئیسلامی» تێکەڵکردنی دوو چەمکی «کۆمار» وەک چەمکی سیاسی و سیستمی حکوومەتی و «ئیسلامی» وەک چەمکێکی ئایینی داهێنانێک بوو کە لە هیچ قۆناغێکی مێژووی ئێراندا و لە هیچ وڵاتێکدا تاقی نەکرابووەوە و بابەتێکی پێچەڵپووچ و دژبە یەک بوو. هەتا ئەمڕۆشی لەگەڵ بێ ئەو دوو بابەتە نەک هەر نەبوون بە تەواوکەری یەکتر، بەڵکوو بوون بە سەرچاوەی زۆر کێشە بۆ خودی کۆماری ئیسلامییش. لە پەڕینەوە لە سیستمی پاشایەتیدا بۆ سیستمێکی دیکە خەڵکی ئێران کێشەیەکی دیکەشیان هەبوو کە بریتی بوو لەوەی ئەم وڵاتە هیچکات ئەزموونی دێموکراسیی نەبوو، جگە لە کوردستان کە هەلومەرج و مێژوویەکی جیاوازی هەبوو، تەنانەت جگە لە خومەینی و هاوبیرەکانی، گەورەترین هێزی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی شاش کە بریتی بوو لە حیزبی توودە حیزبێکی ئایدیۆلۆژی و نادێموکرات بوو. بۆیە لە دەرفەتێکی وادا کە دیکتاتۆری ڕووخابووە خەڵکی ئێران لە بنیاتنانی دێموکراسییدا تووشی گیروگرفت هاتن.

### «کۆماری ئیسلامی» دوو چەمکی دژ بە یەک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## خاکەلێوەی ٢٧٢٦

ئـایەتوڵڵا مـودەڕیس لە سـەردەمی ڕەزا شـای پەهلەویـدا دروشـمێکی بەرز کـردەوە کە خـومەینی لە ١٣٥٨دا کـردییە هەوێنـی ڕێفرانـدۆم؛ مودەڕیس گوتبـووی «سیاسـەتی ئێمە عەینـی دیـانەتی ئێمەیە و دیـانەتی ئێمە عەینـی سیاسـەتی ئێمەیە». بـابەتی ئـایینی کە لە ئاسمانەوە سـەرچاوە دەگرێ نەک لە ڕای خەڵـک، بـابەتێکی دوگم و نەگـۆڕ و چەسپاوە نەک وەک سیاسەت کە «هونەری مومکین»ە و لە سیاسەتدا تـاکتیک و تەنانەت ستراتیژییەکان بەپێی پێویست و هەڵـومەرج دەگـۆڕێن، تێکەڵکردنـی ئەو دوو بـابەتە دژبەیەکە ئەگەر لەبـاری تیـۆرییەوە نـاڵۆژیکی و پـڕ لە کەموکـوڕی دێـتە بەرچـاو، لە بـواری کردەییدا کێشە لە دامودەزگا و ئیدارەی وڵاتدا دروست دەکـا و سیستمێکی قەیرانـاوی بەرهەم دێنـێ. لە ٤٧ سـاڵی ڕابـردوودا کۆمـاری ئیسـلامی هـیچ کـات لە نێوخۆیـدا بـێ کێشـە و قەیـران نەبـووە کە بنەمـایەکەی بـۆ ئەو دوو بـابەتە دژبەیەکە دەگەڕێـتەوە. لە لایەک بەرەیەک هەیە کە نـوێنەرایەتیی «ئـایـدیۆلۆژیی مەزهەبـی» دەکەن کە هەڵنـابژێردرێن، خۆیـان بە نوێنەری ئایین و خوا دەزانن و دەسەڵاتی سـەرەکییان بەدەستە، لە لایەکـی دیکە کەسـانێکی کە کاروبـاری ڕۆژانەی وڵاتیـان پێ ئەسپێردراوە و بە ڕواڵەت هەڵدەبژێردرێن بەڵام دەسەڵاتی سەرەکییان بەدەست نییە، نـوێنەری «کۆمار»یەتـی ڕێـژیمن. سەرەڕای ئەوەی ئەو کەسانەش کە هەڵدەبژێردرێن دەبێ پەسندی پیاوانی ئایینی بـن، بەڵام لە پۆستی خۆیـاندا بە کـردەوە هەمیشە تووشی کێشە دەبن. هەر بۆیەش تـاقە یەک سـەرکۆماری ئەم ڕێـژیمە بەبـێ کێشـە و چارەنووسێکی پـڕ لە سەرئێشە ماڵاوایی لە پۆستەکەی نەکردووە.

لە ڕاستیدا دوو بابەتی «کۆماری و ئیسلامی» ڕێژیمێکـی ئـاڵۆز و پێچەڵپـووچی بەرهەم هێنـاوە و تەواو دەسـەڵاتی کۆمـاری ئیسلامی لە دوو دەوڵەت پێـک هـاتووە؛ دەوڵەتێکی سیاسیی لە ژێر کـۆنترۆڵی دەوڵەتێکـی ئایینیـدا. تەواوی ئەو پۆست و دامودەزگایانەی کە دەوڵـەتی «کۆماری» هەیەتی، دەوڵـەتی مەزهەبییش هەیەتـی: سـەرۆک (ڕێـبەر)، پەرلەمـان (مەجلیسـی شارەزایان)، سوپا (سـوپای پاسـداران)، وەزارەتـی ئـابووری (ئیمـامزادە و دامەزراوە ماڵییەکـانی ئـایینی). لەگەڵ ئەوەدا کە ئەمە سـەرچاوەی زۆر کێشـە و قەیرانـی نێوخـۆی ڕێـژیمە بەڵام هەنـدێک قـازانجیشـی بـۆ ئەم ڕێـژیمە هەبـووە، لە پێوەنـدی لەگەڵ دنیای دەرەوەدا، لە هەڵبژاردنەکاندا کە لە سەرەنجام دەنگەکان هەر دەچنە نێـو سندووقەکانی کۆمـاری ئیسلامی، لە ڕەخنە و گلەیی و گـازنـدەی خەڵکدا لەسـەر کەموکورییەکـان ڕەخـنە لە سـەرکۆمار و وەزیرەکـانی کـابینەی دەوڵەت دەگیـرێ و ئەوە ئەوانن کە «بەرپرسن» و دەسەڵاتدارانی سەرەکی خۆیان تووشی ئەو سەرئێشە و گیروگرفتە ڕۆژانەیە ناکەن. کەوابوو دەوڵـەتی فەرمی تەنیا ڕۆڵی سپەر و پاساودەری حکوومەتی ئەسڵی دەگێڕێ.

### بەسەرچوونی شەرعییەتی ڕێفراندۆمی ١٣٥٨



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جگە لەوەی کە ڕێژەی دروستی دەنگەکانی ڕێفراندۆمی ١٣٥٨ ڕەنگە هیچکات ڕوون نەبێتەوە، ئەم ڕێژیمە بە چەند هۆ مەشرووعییەتی خەڵکیی لەدەست داوە و بەم پێیەش ئەم ڕێفراندۆمەش بایەخی نەماوە: بەر لە هەموو شتێک، لەم ساڵانەی دواییدا پێویستیی بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆمێکی دیکە لە شەقامی ئێراندا و بەتایبەتی لەلایەن چالاکانی سیاسی و مەدەنییەوە هاتووەتە گۆڕێ کە کۆماری ئیسلامی بە توندی بەرپەرچی داوەتەوە. دیارە لە ژێر سێبەری کۆماری ئیسلامییدا ئەگەر ڕێفراندۆمێک بەڕێوەچووبا بەبێ چاوەدێری و کۆنترۆڵی چاوەدێرانی بێلایەن ئاکامەکەی بە هیچ جۆر جێی باوەڕ نەدەبوو چونکە کۆماری ئیسلامی ئیزنی نەدەدا ڕێفراندۆمێکی دروست و بێ فرتوفێڵ بەڕێوە بچێ. پاشان، هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و شووراکان کە زۆر بە وردییەوە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە کۆنترۆڵ دەکرێن، بەڵام زۆر ڕاستیی شاراوە لە دانی دەنگی تاکتیکی بە کاندیدەکان و ئاکامی هەڵبژاردنەکان ئاشکرا دەکەن. بە ڕوونی دیارە کە خەڵک لەو دەرفەتە زۆر بەرتەسک و کەمەدا بە جۆرێک دەنگ دەدەن کە بە دڵی کاربەدەستانی سەرەکیی ڕێژیم نەبێ. بۆ نموونە کاندیدەکانی نزیک لە بازنەی دەسەڵاتی ئەسڵی بەردەوام شکست دەخۆن. ئەوە بەو واتایەیە کە خەڵک دەسەڵاتدارانی ئەسڵیی ڕێژیمیان قەبووڵ نییە. هەروەها، شکستە سیاسی و ئابوورییەکان و دابەزینی ئاستی گوزەرانی خەڵک نیشان دەدەن کە ئەو ڕێژیمەی لە ڕێفراندۆمی ١٣٥٨دا هاتە سەرکار تووشی شکست بووە. جگە لەمانەش، نەوەیەک ٤٧ ساڵ لەوە پێش دەنگی ئەرێنیی بەو ڕێفراندۆمە دا ئێستا ڕێژەیان یەکجار کەمە لەچاو ئەو نەوەیەی کە ئەو کات تەمەنی نەگەیشتبووە تەمەنی دەنگدان یان دواتر لەدایک بوون. زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکی ئێران ئەمانەن کە ئەو ڕێفراندۆمە ڕەت دەکەنەوە. لە هەمووی ئەمانە گرنگتر، دوو ڕاپەڕینی گەورە (ژینا و بەفرانبار) لە ساڵی ١٤٠١ و بەفرانباری ئەمساڵدا بەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕوویان داوە گەورەترین ڕێفراندۆمی ڕەتکردنەوەی «کۆماری ئیسلامی» بوون کە بە توندترین شێوە سەرکوتی خوێناوی کران. کەوابوو ڕێفراندۆمی دیاریکردنی ڕێژیم لە ١٣٥٨دا نە ئازادی و دێموکراسیی بۆ خەڵکی ئێران و نەتەوەکان و ئایینە جیاجیاکانی ئێران بە دیاری هێنا، نە گوزەران و باری ئابووریی خەڵک و نە ئاسایش و هێمنایەتی. هەر بۆیە ئەو ڕێفراندۆمە بە تەواوی شەرعییەتی لەدەست داوە.

## ڕێفراندۆمی ساڵی ١٣٥٨ ئەزموونێک بۆ داهاتوو

خەڵکی ئێران بە گشتی و نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران تێچوویەکی زۆر قورس و قەرەبوو نەکراوەیان لە ئاکامی ئەو ڕێفراندۆمە و سیاسەتی بەڕێوەبەرانی داوە. سیاسەتی شەڕخوازانەی ئەم ڕێژیمە، دەستێوەردانی لە کاروباری وڵاتانی دەرەوە و هەناردەکردنی تێرۆر، سەرەنجام ئەم ڕێژیمەیان تووشی گەورەترین شەڕ لە لایەن ئەمریکا و ئیسرائیلەوە کردووە کە هەتا ئێستا گەورەترین زەبری بەرکەوتووە بە چەشنێک ئەگەری ڕووخانی زۆر بردۆتە سەر. لە لایەکی دیکەش شکستە ئابوورییەکانی و دۆخی دژواری ژیان و گوزەرانی خەڵک، بەربەستکردنی لەڕادەبەدەری ئازادییەکانی خەڵک، کۆنترۆڵی

خاکەلێوەی ٢٧٢٦

ڕادیکاڵانەی مەزهەبی بەسەر خەڵکدا و سەرکوتی بێبەزەییانە و ئێعدامی ناڕازییان ئەم ڕێژیمەیان کێشاوەتە مەیدانی بەرەوڕووبوونەوەی لەگەڵ خەڵک و ئەم ڕێژیمەی گەیاندووەتە لاوازترین قۆناغەکانی ژیانی خۆی بە چەشنێک کە هیوا بۆ ڕووخاندنی زۆر بەهێز بووە. کەوابوو دوور نییە خەڵکی ئێران ڕێفراندۆمێکی دیکەی لەپێش بێ.

لە دەرفەتێکی وادا کە ئەگەر بۆ خەڵکی ئێران هاتەوە پێش، ڕێفراندۆمی ساڵی ١٣٥٨ ئەزموونێکی گرنگە. لەسەر هێزە ئازادیخوازە دێموکراتیکەکانە کە ڕێگە نەدەن کەسێک یان گرووپێک بە تەنیا سیستمی دڵخوازی خۆی لە کەشوهەوای دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامیدا زاڵ بکا و دیکتاتۆرێکی دیکە لە جێی دیکتاتۆری پێشوو دابنێنەوە. پێویستە کاروباری سیاسی و ئیدارەی وڵات لە مەزهەب جیا بکرێتەوە، چونکە جگە لەوەی تێکەڵکردنی مەزهەب و سیاسەت ئاکامەکەی دەبێتەوە ئەوە کە لە کۆماری ئیسلامیدا دیمان، ئێران وڵاتێکی فرەمەزهەبییە؛ ئەگەر مەزهەبێک ببێتە بنەما بۆ سیاسەت، دەبێتەوە هۆی فەرق و جیاوازیدانانی مەزهەبی هەر وەک لە تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا بەهاییەکان، زەردەشتییەکان و ئاسوورییەکان و تەنانەت پەیڕەوانی سوننی لە ژێر فشار و بێڕێزی و فەرق و جیاوازیدا بوون. پێویستە نەتەوەکانی دیکەی ئێران وەک ئازەری، بەلووچ و عەرەبیش وەک کورد ڕێگە نەدەن وڵاتێک بەبێ ویست و ئیرادەی ئەوانیش دابڕێژرێتەوە. بە پێچەوانەی ڕێفراندۆمی ١٣٥٨ لە داهاتوودا دەبێ مەجلیسێکی وەک دامەزرێنەران یان پێکهاتەیەکی فرەچەشن لە نەتەوەکانی ئێران، هێز و ڕێکخراوە سیاسییەکان و شارەزایانی بواری یاسا بە گیانێکی دێموکراتیک و بەرابەرخوازانە لە داڕشتنەوەی سیستمی سیاسیی وڵاتدا بەشدار بن و بەرهەمی کاری ئەوان ببێتە بنەما بۆ حکوومەتی داهاتووی وڵات.

١١ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦

---

## دڕندەیی و تاوانخوڵقێنیی ڕێژیمی ئێران، لە جەنگی ٨ ساڵەوە تا جەنگی ئەمڕۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org





**جەماڵ ڕەسووڵ دنخە**

**ئاماژە:**

**لە سیستمی پەروەردیی کۆماری ئیسلامییە. ئەو سیستمە فێرکاری و پەروەردەییەی لەسەر بنەمای وەهم، قسەی بێمانا و بێبنەما، پیاوسالاریی ڕەها و ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە پێشکەوتنێکی زانستی و مرۆیی داڕێژراوە، هیچ شتێکی پێ نییە جگە لە دووپاتەکردنەوە و دووپاتەکردنەوە. ئەم جۆرە پەروەردەیە لە جیاتی ئەوەی مرۆڤ بەرەو لووتکە و گەشەسەندن بەرێت، پەلکێشی ناو قووڵایی تیاچوونی دەکات. لەو جەنگەی کە سەرانی ڕێژیمی تاوانباری کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵیانگیرساندووە، هێزە سەرکوتکەر و جینایەتکارەکانی ئەم ڕێژیمە کە تا دوێنێ بەسەر جیهانی ڕۆژئاوادا دەیاننەڕاند و**

بڕیار وابوو ئیسرائیل لەسەر نەخشەی جیهان بسڕنەوە، ئەمڕۆ هەم بیرکردنەوەیان و هەم خۆیان خەریکە لەسەر گۆی زەوی دەسڕێنەوە. بەڵام پێش ئەوەی لەم جیهانە پاک ببنەوە، دەخوازن بنەماکانی کۆمەڵگە پتر بەرەو هەڵدێر و داڕمان بەرن.

## بەکارهێنانی منداڵان وەک سەرباز

ڕێبەرانی ڕێژیمی تێرۆریستیی ئێران بانگەوازیان کردووە مێرمنداڵانی سەروو ١٢ ساڵ وەک هێز وەردەگرن و بڕیارە ئەم هێزانە لە ناوەندە سەربازی و ئەمنییەکاندا ڕێکبخرێن. ئەمە هەمان دیاردەی "منداڵ - سەرباز"ە کە لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە ئیدانە کراوە و یاسا نێودەوڵەتییەکان و مافەکانی منداڵان بە توندی لۆمەی دەکەن.

لە سەردەمی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراقدا، بەگشتی ٥٥٠ هەزار قوتابی ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ کران. لەو ژمارەیە ٣٦ هەزار قوتابی لە پێناو سیاسەتی دوژمنکارانە و خەیاڵپڵاوییەکانی ڕێبەرانی ڕێژیمی ئێران و لە سەرووی هەموویانەوە خومەینی، بوونە قوربانی و کوژران. پارێزگای ئیسفەهان زۆرترین ئاماری قوربانیانی لەم بوارەدا هەیە کە هەندێکیان ئێستاش بێسەروشوێنن.

## ئامانجەکانی ڕێژیم لە ناردنی منداڵ – سەربازەکان بۆ بەرەکانی شەڕ

پەروەردەکردنی نەوەیەکی دڵسۆز بۆ بەها ئیسلامییەکان و گیانفیدایی هاوشێوەی ئەو خوێندکارانەی پێشتر کوژرابوون، تێڕوانینی ئەوان بۆ پەروەردە و فێرکردن بووە. ئێستا دوای تێپەڕبوونی ٣٠ ساڵ بەسەر ئەو شەڕە ٨ ساڵەیەی ڕێژیمی ئێران درێژەی پێ دا و بڕیار وابوو "لە ڕێگەی کەربەلاوە قودس ڕزگار بکات" و ئەمڕۆش بەتەمای سڕینەوەی ئیسرائیلە، هیچ شتێک نەماوەتەوە جگە لە قسە و لاف و گەزافی ڕێبەرانی ڕێژیم. زۆر لەوانەی نەخشەی تێکشکاندنی ئیسرائیل و ئەمریکایان لە خەیاڵدانیاندا دەکێشا، کوژران؛ لە سەرووی هەمووشیانەوە عەلی خامنەیی کە داڕێژەر و پەرەپێدەری ئەم بیرۆکە شوومە بوو.

## چاندنی ئایدۆلۆژیا لە مێشکی نەوەی نوێدا

تەواوی ئەم بیرکردنەوانە لە ڕێگەی میدیاکان، دامەزراوە پەروەردەییەکان، قوتابخانە و زانکۆکان، کتێبە خوێندنەکان و دروستکردنی چیرۆکی حەماسیی دوور لە ڕاستی - کە لە سەروویانەوە چیرۆکی "حوسێن فەهمیدە" بوو - بە زۆر بەسەر مێشکی قوتابییان و کۆمەڵگەدا سەپێنران و وەک ڕاستی نیشان دران. بەڵام دەرکەوت کە ئەمانە تەنیا بۆ جووڵاندنی هەست



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خاکەلێوەی ٢٧٢٦**

و سۆز بوون، تاوەکوو پەرداخە خوێنەکانی ڕێبەرانی ڕێژیم بەو منداڵە - سەربازانە پڕ بکرێنەوە کە هێشتا لە یارییەکانی نێو کۆڵان و بازاڕ تێر نەببوون.

سەپاندنی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە ناوەندی پەروەردە و فێرکردندا، نیشانەی ئەوەیە دامەزراوەیەکی ئاوا گرنگ کە ئەرکی پێگەیاندنی تاکی بۆ داهاتوویەکی مۆدێرن لەسەر شانە، خراوەتە خزمەت ئایدۆلۆژیا پاشکەوتووەکانەوە؛ ئایدۆلۆژیایەک کە لە تونێشووەکەیدا تەنیا تۆوی دوژمنایەتی هەڵگرتووە و ئەنجامەکەشی تەنیا وێرانکارییە.

ئەو بانگەوازەی چەند ڕۆژ لەمەوبەر ڕێکخراوی تێرۆریستیی سپای پاسداران بۆ بەکارهێنانی قوتابییان لە پێناو خزمەتی سەربازیدا بڵاوی کردەوە؛ هەمان ئەو بیرۆکەیەیە کە ٤٧ساڵ لەمەوبەر لە مزگەوت و حوجرە ئایینییەکاندا گەڵاڵە کرا. بڕیار وابوو بەپێی ئەو بەرنامە پەروەردەییەی کە خامنەیی و هاوکارانی دایانڕشتبوو، ئێران لە ساڵی ١٤٠٤ی هەتاویدا بگاتە "ژیانی پاکژ" (حیات طیبە) و لەسەر ئاستی جیهانیش لە ریزی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بێت. بەڵام ئەمڕۆ ساڵی ١٤٠٥ی هەتاوییە و داڕێژەرانی ئەو پلانە هەموویان تێداچوون و قوتابییەکانیشیان هەوڵ دەدەن بەم جۆرە بانگەوازانە، دووپاتە هەمان جەنگی ٨ ساڵە تاقی بکەنەوە و ژمارەیەکی دی لە قوتابییانی لە ئامێزی باوک و دایکیان بێبەش بکەن و لە باوەشی مەرگیان باوێن.

هەر قوتابییەک یان هەر کەسێکی تر ببێتە ئەندامی ڕێکخراوی سپای پاسداران، بە تێرۆریست دادەنرێت؛ چونکە ڕێکخراوی سپای پاسداران لەلایەن یەکیەتیی ئورووپا، ئەمریکا و چەندین وڵاتی تری جیهانەوە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ناسێنراوە. کەواتە پێویستە کۆمەڵگە، دایک و باوکان و مامۆستایان لەم مەترسییە ئاگادار بکرێنەوە. بەدڵنیاییەوە، پەروەردە و فێرکردن لە ئێراندا بە هەموو پایە و ژێرخانەکانییەوە هەر لە سەرەتاوە بەرەو تیاچوون ڕۆیشتبوو؛ ئەم تێداچوونەش میراتی ڕێژیمی پێشووی پەهلەوی بوو کە بە سیاسەتی ناوەندگەرایی، لە جیاتی خزمەتکردن بە نەتەوەکانی ئێران، سیاسەتی تکۆلێکردن و سڕینەوەی گرتبووە بەر، کە پەروەردە ڕۆڵێکی سەرەکی لەو سیاسەتەدا هەبوو. ڕێژیمی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەم جۆرە بانگەوازانە، لەم سەردەمەدا مەبەستیەتی تاوانێک بخوڵقێنێت و دواتر ئەو تاوانە وەک قوربانییەک نیشانی جیهان بدات. بەڵام خەیاڵیان خاوە.

**١٣ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# تاڵ و شیرین



**ئاسۆ مینبەری**

ئەمساڵ لە کاتێکدا بەرەوپیری نەورۆز و ساڵی نوێ دەچین کە کوردستان نوقمی دووکەڵ و شەڕ و ئاڵۆزییە. بە پێچەوانەی ساڵانی پێشوو کە هەموو کۆمەڵگەی کوردستان سەرەڕای نالەباربوونی دۆخی ئابووری و لەژێر دۆخی داسەپاوی سیاسیدا ئامادەکارییان بۆ بەڕێوەبردنی نەورۆزێکی بەشکۆ دەکرد تاکوو وەک هێمای پێکەوەبوونی نەتەوەیی ڕێزی لێ بگرن، ئەمساڵ دۆخەکە زۆر جیاوازە.

لە بەفرانباری ئەمساڵدا، شەپۆلێکی نوێی نارەزایەتییەکان لە تارانەوە دەستیان پێ کرد و لە درێژەی ئەم نارەزایەتییانەدا، ڕێژیم وەک خووی هەمیشەیی خۆی دەستی بە سەرکوتی دڕندانەی خەڵک کرد. هەر ئەم دڕندەییە وای کرد لە ڕۆژانی ١٨ و ١٩ی بەفرانباری ١٤٠٤دا هەزاران کەس لە خەڵکی ئازادیخوازی بکرێنە ئامانج و ئەم سەرکوتکارییە لە ناوچەکانی ئیلام، کرماشان و مەڵکشایی کارەساتی گەورەیان بەدواوە بوو. کوشتاری خەڵکی بێتاوان بە تایبەت لە کوردستان وای کرد خەڵک زیاتر لەوەی کە بیر لە هاتنی ساڵی نوێ و دەسپێکی وەرزێکی نوێ لە ژیان بکەنەوە، بیر لەوە بکەنەوە کە چۆن نەورۆزی ئەمساڵ بکەن بە هەوێنێک بۆ هاوخەمی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە هەر کامیان بە جۆرێک لەم سەرکوتکارییەدا ئازیزێکیان لەدست دابوو.

## خاکەلێوەی ٢٧٢٦

ڕووداوەکان زۆر بە خێرایی تێپەڕین تاکوو لە ڕۆژی ٩ی ڕەشەمەی ئەمساڵدا، هێرشیان کردە سەر کۆماری ئیسلامی و چەخماخەی شەڕێکی دیکە لە نێوان ئێران- ئیسرائیل و ئەمریکادا لێ درا. لە ماوەی زیاتر لە ٢٠ ڕۆژی ڕابردوودا کە شەڕەکە بەردەوام بووە، زۆربەی سەرانی ڕێژیم لەوانە خامنەیی ڕێبەری ئەم ڕێژیمە نگریسە تێدا چوون، و ئەو هیوایە لەنێو خەڵکدا سەری هەڵداوە کە بێگومان نەورۆزی ئەمساڵ، نەورۆزی ئازادی دەبێ!

ئەگەرچی دەسپێکی شەڕ و ماڵوێرانی لە خۆیدا ڕووداوێکی ناخۆشە بەڵام، ئەم شەڕە بۆ خەڵکانی وەزاڵەهاتووی ئێران، مژدەی بەهارێکی نوێ و دەسپێکێکی نوێ بۆ بونیاتنانەوەی داهاتوویەکی گەشە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا و بەتایبەت لە دەسپێکی شۆڕشی ژیناوە، جیا لەوەی کە هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە کەوتنە بەر هەڕەشەی سڕینەوە و سەرکوتکارییەوە، ژنان بەشێک لەو کۆمەڵگەیە بوون کە زیانی زۆریان بەرکەوت. لەو کاتەوە هەتا ئێستا کۆمەڵگەی ئێران بە زۆر قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە، ڕێژیم هاوکات لەگەڵ کوشتنی سیستماتیکی خەڵکی سەرشەقام و هەوڵدان بۆ سەرکوتی خەڵکی ئازادیخواز، هەموو ڕێگاکانی دژایەتی لەگەڵ ئازادیی خەڵکی تاقی کردەوە. لەم نێوانەدا ژنان لەگەڵ ئەوەی کە قوربانییانی سەرەکیی نادادپەروەرییەکان بوون، توانیان سەرەکیترین ئەکتەری مەیدانی خەباتەکەش بن.

نەورۆزی ئەمساڵ لە کاتێکدا دەست پێ دەکات کە کوردستان لەلایەکەوە خەمباری لەدەستدانی ڕۆڵەکانی لە ئیلام و مەڵکشاییە و لەلایەکی تریشەوە بێزوو بە ئازادییەوە ئەکا. ڕووداوەکانی ئەم ڕۆژانە ئەگەرچی تاڵن و دەتوانن تا ساڵەهای ساڵ کاریگەرییان لەسەر دەروونی خەڵک بەتایبەت ژنان و منداڵان بمێنێتەوە، بەڵام هاوکات مزگێنیدەری بەهارێکی نوێ و داهاتوویەکی گەشن. ئەم قۆناغە ، قۆناغێکی هەستیارە، ژنان لەم قۆناغەدا ئەگەرچی ئەتوانن زیاترین خەساریان بەر کەوێ بەڵام هاوکات دەتوانن ڕۆڵی گرینگیش بگێڕن.

لەگەڵ ئەوەی کە ژمارەیەک لەو ژنانە لە شارەکانی کوردستان و لەژێر دەنگی مووشەک و درۆنەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلدان و نا بۆ لەناوچوونی دەسەڵاتی خوێنمژی کۆماری ئیسلامی دەکەن، لەلایەکی ترەوە ژنانی دیکەش لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستانی ئێران و لەنێو حیزب و لایەنە سیاسییەکاندا، هاوکات لەگەڵ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکە و بارەگا و شوێنی حەسانەوەیان، بیر لە بونیاتنانەوەی نیشتمانەکەیان لە داهاتوویەکی نزیکدا دەکەنەوە. لەم قۆناغەدا، ژنان دەتوانن کۆڵەکەی قایمی وەرەبەخشین بە کۆمەڵگە بن، هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە هاوخەمی ژنانی دیکە بن کە لە قۆناغە جیاوازەکاندا کەسانی ئازیزی خۆیان لەدەست داوە، ئەتوانن هێمای کۆڵنەدان و پێدانی هیوا بۆ دواڕۆژێکی ڕووناک بە کۆمەڵگە و بنەماڵەکانیان بن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## خاکەلێوەی ٢٧٢٦

نەورۆزی ئەمساڵ بۆ کوردستان، نەورۆزێکی تاڵ و شیرینە! تاڵە چونکە لە بەرەبەری نوێبوونەوە و گەشەی سروشتدا، کوردستان ڕەشپۆشی ڕۆڵەکانییەتی و شیرینە چونکە هاوکات، بووەتە دەرفەتێک بۆ جێژنگرتنی نەمانی داگیرکەر، داگیرکەرێک کە ٤٧ ساڵە دەمی لە خوێنی خەڵک ناوە و لە هەموو ڕێگایەک بۆ سەرکوت و کوشتاریان کەڵکی وەرگرتووە و نەیهێشتووە تامی ئازادی بکەن. ئەم نەورۆزە بۆ ژنان، نەورۆزی هیوا بە داهاتوویە و بێگومان مژدەی ڕزگاربوونی ئەوان لە چنگ داگیرکەرێکی پێیە کە لە ٤ دەیەی ڕابردوودا، هەموو چەشنە سەرکوتکارییەکی بەرنابەریان ئەنجام داوە و لە هەموو مافە ئینسانییەکانیان بێبەری کردوون.


ژنان لەم جێژنە مەزنەدا، یەکەم سەرکوتووەکانی مەیدانی خەباتن! ئەوان لەم بەهارەدا سەرکەوتن بەسەر هەڵاواردن، کوشتنی سیستماتیک و سەدان دیاردەی خولقاوی دەستی کۆماریدا جێژن دەگرن کە نەیهێشت لەم ساڵانەدا وەک مرۆڤ بژین. نەورۆزی ئەمساڵ نەورۆزی نوێبوونەوە و گەیشتن بەو ئاواتانەیە هەزاران کەس لە ژن و پیاوی ئازادیخواز نرخیان بۆ دا و گیانیان بۆ فیدا کرد.

١٤ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید وەلی عەوێزی)



**برایم چووکەڵی**

"لەگەڵ تۆ ئەدوێم ئەی نیشتیمان
چاوەکانم جگە لە تۆ هیچ نابینێ..."

ئاوایی "نەڕوێ" یەکێک لەو ئاواییانەی هەورامانە کە کۆمەڵێک رۆڵەی فیداکارو ئازای لێ هەڵکەوت لە ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا قۆڵیان هەڵماڵی و زۆر ئازایانە لە بەرامبەر ناعەدالەتییەکانی ئەو ڕێژیمە وەستانەوە، وەک هەڵۆیەکی تیژباڵی شاهۆی سەربەرز ئەوەندەی لە ژیاندا مابوون چاوەدێری ئاو خاک و نیشتمانیان دەکرد و نەیاندەهێشت پۆستاڵی پیسی دوژمنان بێتە ناوچەکەیان و زۆر ئازایانە هەتا دوا دڵۆپی خوێنی گەشیان وەفادار بە ڕێبازیان مانەوە و بە خوێنی خۆیان حەقانییەتی گەلەکەیان تۆمار کرد و سەریان لە و ڕێبازەدا دانا، یەکێک لەو کەسانە شەهید وەلی عەوێزی خەڵکی ئاوایی نەروێ لە هێزی شاهۆی سەربەزر.

وەلی عەوێزی کاتێک لە ساڵی ١٣٣٦ی هەتاویدا چاوی بە دنیای ڕوون کردەوە کە ساواک باڵی ڕەشی خۆی بەسەر کوردستاندا دەکێشا و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ڕەوانەی سیاچاڵەکانی پاشایەتی دەکرد. وەلی لە وەها بارودۆخێکدا چاوە گەشەکانی بە جوانیی ناوچەی هەورامان کردەوە، بەرە بەرە بە هەوای بێگەردی هەورامان پێرۆکە بوو.

**خاکەلێوەی ٢٧٢٦**

ڕۆژ هات و مانگ تێپەڕی و وەڵی باوخۆش بوو و وێڕای بنەماڵەکەی ملی بەر کار و ژیانی نەمر نەژی نا، هەر ئەو ژیانە تاڵە کە بەرۆکی بەشی هەرە زۆری خەڵکی کوردستانی گرتبوو و بنەماڵەی وەلی یەک لە هەزاران بنەماڵانە بوو کە تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەمجۆرە تێپەڕی.

دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی ئیسلامی، زیاتر لە ڕێژیمی پاشایەتی سەرکوت و خەفەقان دەستی پێ کرد و هێزی کۆنەپەرستی بە کوردستان وەر کرا. جینایەتەکانی ڕێژیمی ئیسلامی هەستی وەلی عەوێزیی زەحمەتکێشی خەوشدار کرد. هەر چەند ژیانی ئەو لە ئاستێکی نەزمدا بوو، بەڵام بە باشی هەست بەوە کردبوو کە نەتەوەکەی لە توانەوە دایە. ئەو پێی وابوو ژیان بێ ئازادی و سەربەستی مانایەکی نیە، هەربۆیە دوای ئەوەی هێزی کۆماری ئیسلامی بە سەدان و هەزاران لاوی کوردیان کۆمەڵکوژ کرد و بە ئاگر ئاسن وڵامی داخوازەکانی گەلی کوردیان دایەوە، ڕۆڵەی قارەمانی ئەم چیرۆکەمان وێرای چەند کەس لە لاوانی گوندەکەی خۆیان شانیان بەر بەرپرسایەتییەکی قورس دا. ئەوان کاتێک دیتیان حیزبی دێموکراتی کوردستان بە کردەوە دژی زۆرداری وەستاوەتەوە، و بووەتە پێشڕەوی ئەو بەربەرەکانێیە؛ هاتنە نێو ڕیزەکانی حیزبەوە.

وەلی وەک زۆر لاوی دیکەی کوردستان قۆڵی لە خەبات هەڵماڵی هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دەستبەکاربوونی کۆمیتەی حیزبی لەو ناوچەیە وەک هەڵۆیەکی بەرزەفر لەگەڵ پۆلێک لە پێشمەرکەگان بەرپەرچی هێرشی دوژمنانی کوردیان دایەوە و بۆ گیانی ئەوان بوونەتە مۆتەکە. کاتێک دوژمن بە چەکی قورس و هێزی زۆر و سێ هێلیکۆپتێرەوە پەلاماری "سەرکۆیان"ی دا، قارەمانانی وەک وەلی بە دەیان و سەدان لە بەرەکانی شەڕدا بوون و هێزی کۆماری ئیسلامییان بەرەو خوار ڕاماڵی و چیای سەرکۆیان لە دوژمن پاک کردەوە. ئەوە یەکەم شەڕی ئازایانەی وەلی نەبوو بەڵکوو شەڕەکانی کەللەقەندی و تاش باسی ئەو داستانانە دەکەن کە کوڕی دێموکرات حەماسەی تێدا خوڵقاندووە کە وەک لاپەڕەیەکی پڕشنگدار لە دەفتەری پێشمەرگایەتیدا تۆمار کراوە.

وەلی لە ماوەیەکی کەمدا بوو بە خۆشەویستی هاوسەنگەرانی و زۆر زوو بەرپرسایەتیی پێ سپێردرا و بە ماندووبوونی بەردەوام لە کارکردندا توانی ئەرکی قورس بخاتە سەر شان و وەک فەرماندەری لک لە ناوچەی هەورامان دیاری بکرێ. ئەو لە بەڕێوەبردنی ئەرکە پیرۆزەکانیدا سەرلەپێناو بوو و بۆ هەموو مەئموورییەتێکی حیزبی ئامادە بوو.

وەلی بەڕێوەبەرێکی بەمشوور، پێشمەرگەیەکی ئازا و بەئیمان، خاوەن نەزم و بەدسیپلین بوو. کاتێک دوژمن پەلاماری ناوچەی دا ئەوە وەلی و چەند تیمێکی چووکەی دیکە پێشمەرگە و هێزی بەرگری بوون کە دەرسێکی لەبیر نەکراویان بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خاکەلێوەی ٢٧٢٦**

هێزی کۆماری ئیسلامی دا. ئەو کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی لەنێو خەلکی ناوچەکە و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک بوو. لە ڕاستیدا بە مانای وشە پێشمەرگەی حیزب و گەلەکەی بوو. ئەو هەرچی توانای هەیبوو بۆ بەڕێوەبردنی ڕێکوپێک و ئەنجامگەیاندنی ئەرکە پیرۆزەکانی وەگەڕی خستبوو. وەلی هەتا کاتی شەهیدبوونی لە دەیان کەمین و بەربەرەکانی و گرتنی موڵگەی دوژمن بەشداری چالاکانەی دەکرد، بۆیە خەڵکی قارەمانی ئەو ناوچەیە هەمیشە یادی ئەو ڕۆڵە فیداکارە دەکەنەوە و وەک قارەمانێکی بوێر و ئازا ناوی دێنن.

ڕۆژانی پێشمەرگایەتیی وەلی زۆر درێژ نەبوو و بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا کە زیاتر خزمەت بە نەتەوە بەشخوراوەکەی بکا و مخابن لە ڕۆژی ٢٥ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی لە شەڕی نێوخۆیی لەگەڵ کۆمەڵە شەهید کرا.

**١٤ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦**

---

**ئینتەرنێت، ئەو مۆتەکەیەی هەم نامووس و هەم دەسەڵاتی لێ تێکداوین!**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org






## دارسمە

سەد هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی پاکی باب و باپیرانمان! ئای کە چەندە ئاسوودە و بێکێشە و بێزیان دەژیان. ئەوانەی پێش ئێمە، لەو سەردەمە زێڕینەدا، زیان و زەرەریان بۆ هەموو شتێک زۆر کەم بوو، چونکە هێشتا پەتایەک بە ناوی "پێشکەوتن" یەخەی نەگرتبوون. بەڵام مرۆڤی تێکدەر و ئاژاوەگێڕ، بە درێژایی مێژوو کاری زۆر خراپ و کارەساتاوی کرد و دواتریش بۆ ئەوەی خۆی هەڵبخەڵەتێنێت، ناوی لێ نا "پێشکەوتن و تەکنەلۆژی". هەزاران خۆزگە دەخوازم بەو سەردەمەی باب و باپیرانمان، کە لەم دەرفەت و کەرەستە سەیروسەمەرانەی ئەمڕۆیان لەبەردەست نەبوو؛ ئەوان زۆر هێدی، هێمن و بە کەمترین زیان و زەرەرەوە دەژیان و دەمردن.

مرۆڤی نەفام، هەر ئەوەندەی چەکی گەرمی دروست کرد، ئیتر کەوتە وێزەی گیانی یەکتر و کوشت و کوشتار. ژیان بوو بە تەقەکردن لەملا و لەولا. هەرچەندە ئەم چەکوتەقەمەنییە پێشکەوتووتر بووایە، کوشتاریش ئاسانتر و زیاتر دەبوو. یەکێکی دیکە لەو داهێنانە نەگبەتییانەی ناویان ناوە پێشکەوتن، دروستکردنی ئۆتۆمبێل، شەمەندەفەر و فڕۆکە بوو! بەتایبەتی فڕۆکە، کە بووەتە ئامرازێکی خێرا بۆ گواستنەوەی خەڵک بۆ ناو گۆڕ. دوای ئەم بەناو پێشکەوتنانە، ئیتر

مەرگ پەرەی سەند؛ بەهۆی پێدادان و وەرگەڕانی ئۆتۆمبێل، دەرچوونی شەمەندەفەر لە هێڵی ئاسنین و کەوتنەخوارەوەی فڕۆکە، ڕۆژانە و ساڵانە دەیان و بگرە هەزاران کەس لە سەرانسەری گۆی زەویدا گیان دەسپێرن.

بەڵام با ویژدانمان هەبێت، نابێت چاوپۆشی لە هەندێک لایەنی "ئەرێنی"ی ئەم دەستکەوتانە بکەین! بۆ نموونە، چەکوچۆڵی پێشکەوتووی وەک فڕۆکەی جەنگی، بۆمبی ئەتۆم و مووشەکی دوورهاوێژ، لەم پێشکەوتنانەن "زۆر بۆ مرۆڤ بەکەڵکن". لە ڕابردوودا، زۆرجار شەڕی گەرم لە نێوان هۆز، قەوم و عەشیرەتدا دروست دەبوو و دوژمنایەتیی سەدان ساڵەی لێ دەکەوتەوە، چونکە بەو شمشێر و خەنجەرە ژەنگگرتووانە زۆر بە زەحمەت دەیانتوانی بەسەر یەکدا زاڵ بن. نەبوونی چەکی پێشکەوتوو، یەکلاییکردنەوەی کێشەکانی زۆر وەدرەنگ دەخست و خەڵکێکی زۆر ماندوو دەبوون. بەڵام ئێستا، سوپاس بۆ تەکنەلۆژیا! لە سایەی ئەم مووشەک و بۆمبە زیرەکانەوە، دەتوانیت دراوسێکانت و تەنانەت نەیارانی ئەو پەڕی دنیاش بە یەک دوگمە بپێکیت و لە چاوتروکانێکدا لەنێویانی ببەیت. بێگومان دەکرێت تەنیا بەم جۆرە داهێنانە بڵێین: پێشکەوتنی باش و بەسوود!

بەڵام کارەساتەکە لێرەوە دەست پێدەکات؛ بەداخەوە هەندێک داهێنانی مرۆڤ هەن تەواو پێچەوانەن و بە هەڵە ناوی پێشکەوتنیان لێ نراوە. یەکێک لەو کارەساتانە ئەوەیە مرۆڤ بۆ ڕێکخستنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، قاچی لە بەڕەی خۆی زیاتر ڕاکێشاوە. ئەگەر مرۆڤ عاقڵ بوایە، هەر لە سەرەتاوە پێشی بە بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە و ڕادیۆ دەگرت، تاوەکو ئەمڕۆ لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا تووشی ئەم دەردەسەرییە گەورەیە نەدەبوو.

لەم دواییانەدا، مەترسیدارترین و کوشندەترین بەناو داهێنان، "ئینتەرنێت"ـە. ئەم ئینتەرنێتە پیسە لە بواری کۆمەڵایەتیدا خەریکە ماڵمان وێران دەکات. لە ڕابردوودا، لەبەر ئەوەی شتێک نەبوو بە ناوی ئینتەرنێت، پێوەندییەکان سنووردار بوون و بەو هۆیەوە حەیا و نامووس زۆر پارێزراوتر بوون. بەتایبەت ژنان و کچان کە وەک نیوەی کۆمەڵگە سەیر دەکرێن و شەرەف و نامووسی پیاوانن، لە ماڵەوە دانیشتبوون و گوێڕایەڵ بوون. بەڵام ئینتەرنێت وای کردووە کچان و ژنان لەژێر دەسەڵاتی پیاوان دەربچن، بە کەیفی خۆیان پێوەندی بە کوڕان و پیاوانەوە بگرن و بیروڕا بگۆڕنەوە و شتی تریش، لە ئاکامدا ئاستی "بۆرسەی نامووسی پیاوان" لە بازاڕدا دابەزێت! بێگومان مەترسیی ئینتەرنێت تەنیا لەوەدا کورت نابێتەوە کە شیرازەی خێزان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەڵدەوەشێنێت، بەڵکو گەورەترین تاوانی ئەوەیە ڕیسی دەسەڵاتدارانی وڵاتان دەکاتەوە بە خوری! ئەم تۆڕە نەفرەتییە ناهێڵێت بەرپرسان بە دڵی خۆیان نەخشە و بەرنامەکانیان جێبەجێ بکەن و لە پشت پەردەوە کارەکانیان ڕاپەڕێنن. بۆ نموونە، ئەگەر ئەم ڕاگەیاندن و ئینتەرنێتە نەبووایە، هەموو دەسەڵاتدارانی وڵات لە تاران وەک ئەوەی ئێستا بە بەرچاوی دنیاوە کوژران، بکوژرابان، خەڵکی ڕەشۆک هەر پێی نەدەزانی! گۆمی مەنگی

## خاکەلێوەی ٢٧٢٦

نەفامیمان نەدەشڵەقا و هەموومان مێگەل‌ئاسا خەریکی خورد و خەو و ژیانی ڕۆژانەی خۆمان دەبووین بێ ئەوەی پرسیار بکەین کێ هات و کێ چوو.

بۆیە لە ئێستادا، لە هەموو شتێک باشتر وایە بە یاسا پێش بەم ئینتەرنێتە پیسە بگیرێت و قەدەغە بکرێت. بەم جۆرە کارێکی پڕخێر دەکرێت؛ هەم نامووس بۆ پیاوان دەگەڕێتەوە، هەم خەڵکیش ئاگاداری لەنێوچوونی گەورەپیاوانی دەسەڵات نابن و لەبەرانبەر حاکماندا ڕووهەڵماڵراو و چاوکراوە نابن و زۆری بڵێی ناکەن.

ئەوەتا لە بەرچاوی خۆمان دەبینین، لە وڵاتانی وەک چین و کۆریای باکوور، بەهۆی خەساندن و قەدەغەکردنی ئەم ئینتەرنێتە پیسەوە، خەڵکەکەیان وەک مەڕی باش سەریان بەرداوەتەوە و کەموزۆر تەنیا خەریکی خواردن و خەوی خۆیانن و سەریان نایەشێت. بەرپرسانی لێزان و شارەزای ئێرانیش، زۆر ژیرانە پێش ئەوەی بەکۆمەڵ بکوژرێن و ئابڕوویان بچێت، دەستیان بە داخستنی ئینتەرنێت کرد و بە کردەوە سەلماندیان کەڵکوەرگرتن لەم تۆڕە، تاوانێکی گەورەیە.

ئێستا کە لە سەرانسەری ئێران و ناوچەکەدا جارجارە تۆڕی ئینتەرنێت دەپچڕێت، کارێکی زۆر پیرۆزە، چونکە ناهێڵێت عەیبوعاری خەڵک و حاکمان ببێتە بنێشتەخۆشەی دەمی ئەملا و ئەولا. با ئەم ئینتەرنێتە هەر داخراو بێت! هەرکاتێک ئەمریکا، ئیسرائیل و هەموو جۆرە نەیار و دژبەرێکی دەسەڵاتەکانی ناوچەکە لەنێو چوون و دوژمنان هیچ تروسکاییەکیان بۆ نەماوە، ئینجا با ئینتەرنێت بەسەر هەموو لایەکدا بکرێتەوە. بەڵام تا ئەو ساتە مێژووییە، دەبێت بزانین کەڵکوەرگرتن لە ئینتەرنێت تاوانێکی گەورەیە، و بگرە ئەگەر بە ویژدانەوە سەیری بکەین، تاوانی جەنگە و دەبێت سزای توندی لەسەر بێت!

**١٤ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شیکردنەوەیەکی ستراتیژی بۆ سیاسەتەکانی دۆناڵد ترامپ لە بەرامبەر ئێران و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست





خالید قادری

## پوختە

ئەم وتارە هەوڵ دەدات ستراتیژییەکانی دۆناڵد ترامپ لە بەرامبەر ئێران و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست شی بکاتەوە، بە

تایبەتی لە چوارچێوەی تیۆریی «پرۆفایلینگ» و ستراتیژیی فشاری ئابووری و سەربازی. وتارەکە باس لەوە دەدات کە بە پێچەوانەی هەڵسەنگاندنی زۆربەی شیکارییە سیاسی، ئابووری و سەربازییەکان، ستراتیژیی ترامپ نە خۆدوورخستنەوەیە لە شەڕ، بەڵکوو بەکارهێنانی شەڕ و قەیرانەکانە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە ستراتیژییە درێژخایەنەکان.

## ١- چوارچێوەی تیۆری: پرۆفایلینگ و هەڵسەنگاندنی ڕێبەرایەتی

لە زانستی ئاسایشی و ستراتیژیدا، «پرۆفایلینگ» بۆ ناسینی کەسایەتی و شێوازی بڕیاردانی ڕێبەران بەکار دێت. دامەزراوەکانی وەک CIA و ناوەندە ستراتیژییەکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی سیستەماتیک ئەم ڕێکارە بۆ پێشبینیکردنی کردەوەی ڕێبەرانی نێوخۆ و دەرەوە بەکار دەهێنن.

سەبارەت بە دۆناڵد ترامپ، زۆرێک لە لێکۆڵەران ئەوەیان وەک بنەمای پرۆفایلینگ وەرگرتووە کە ناوبراو حەزی لە شەڕی درێژخایەن نییە و هەوڵ دەدات بە زووترین کات کۆتایی بە قەیرانەکان بهێنێت. بەڵام ئەم لێکدانەوەیە بە شێوەیەکی بنەڕەتی کەمکورە و لە ڕووی ستراتیژییەوە تەواو نییە، چونکە ڕەفتاری سیاسیی ترامپ لە زۆر بارودۆخدا پێچەوانەی ئەم وێنەیە بووە.

## ٢- ستراتیژیی پێچەوانەکردنەوەی وێنەی جیهانی(Strategic Inversion)

یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی سیاسەتی ترامپ، بەکارهێنانی «پێچەوانەکردنی وێنە»یە؛ واتە هەڵسوکەوتکردن بە شێوەیەک کە دژی ئەو چاوەڕوانییە بێت کە دوژمن و جیهان هەیانە. ئەم ڕێکارە دەبێتە هۆی تێکدانی هەڵسەنگاندنە ستراتیژییەکانی بەرامبەر.

بەپێی ئەم بۆچوونە، سەرکەوتنی ترامپ لەوەدایە کە نەک تەنیا لە شەڕ خۆی دوور ناگرێت، بەڵکوو شەڕ و قەیران وەک ئامرازێک بۆ دروستکردنی گۆڕانکاریی ستراتیژی بەکار دەهێنێت.

## ٣- ستراتیژیی فشاری ئابووری و وزە

لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەمریکادا بەرامبەر بە ئێران، یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکان بریتییە لە «فشاری ئابووری»، بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تایبەتی لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی وزەوە:

- نەوت و گاز وەک بنەمای دارایی ئێران
- سنووردارکردنی فرۆشتن و هەناردەکردن
- لاوازکردنی گرووپە چەکدارە پاشکۆکان

ئەم ستراتیژییە تەنیا کاریگەریی لەسەر ئێران نییە، بەڵکوو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی فشارخستنە سەر چین، کە بە شێوەیەکی بەرچاو پێویستی بە وزەی هەناردەکراو هەیە. بەم جۆرە، قەیرانی ناوچەیی دەگۆڕدرێت بۆ ئامرازێکی جیهانی لە پێناوی کێشە دروستکردن بۆ هێزە گەورەکان.

### ٤- شەڕی ناڕاستەوخۆ و بەکارهێنانی قەیران

**بە پێچەوانەی شەڕی ڕاستەوخۆ، ستراتیژیی ترامپ زیاتر لەسەر «شەڕی ناڕاستەوخۆ» بنیاد نرابوو:**

. بەکارهێنانی گەمارۆی ئابووری
. دروستکردنی قەیرانی بەردەوام
. بەهێزکردنی فشاری نێوخۆیی لەسەر ئێران
لە هەمان کاتدا، ئەم شەڕە دەبێتە مەیدانێک بۆ:
. تاقیکردنەوەی چەک و تەکنەلۆژیی نوێ
. بەکارهێنانی تەقەمەنییە کۆنەکان
. کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگری لەسەر چین و ڕووسیە

### ٥- ستراتیژیی دانوستان و دروستکردنی هەڵوێست

لە ڕووی دیپلۆماسییەوە، باس لە دانوستان دەکرێت، بەڵام ئەمە تەنیا شێوازێکی ستراتیژییە. ئەمریکا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیامێک دەدات کە حەزی لە شەڕی درێژخایەن نییە، کە ئەمە دەبێتە هۆی:

. دروستکردنی هیوا لە لایەن ئێرانەوە

خاکەلێوەی ٢٧٢٦

. هەڵە لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخ و تێنەگەیشتنی دروست
. بەردەوامبوون لەسەر ستراتیژیی هەڵە

### ٦- توانای کۆنترۆڵی سەربازی و ئەنجامە ستراتیژییەکان

بەپێی ئەم شیکارییە، ئەمریکا توانای ئەوەی هەیە:

. کۆنترۆڵی ئاسمانی و دەریایی ئێران بکات
. سنووردارکردنی گەیاندنی چەک
. لاوازکردنی توانای نێوخۆیی بەرهەمهێنان

ئەم هەلومەرجە دەبێتە هۆی ئەوەی گۆڕانکاریی نێوخۆیی لە ئێراندا دروست ببێت، بەبێ پێویستی بە هێرشی وشکانی.

### کۆتایی

بەگشتی، ناتوانرێت ستراتیژیی دۆناڵد ترامپ لە بەرامبەر ئێراندا تەنیا وەک خۆدوورخستنەوە لە شەڕی درێژخایەن پێناسە بکرێت. بەڵکوو ئەم ستراتیژییە لەسەر بنەمای بەکارهێنانی قەیران، فشاری ئابووری و شەڕی ناڕاستەوخۆ دارێژراوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە جیهانییە درێژخایەنەکان، بە تایبەتی لە چوارچێوەی کێبڕکێی هێزە گەورەکان و کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی وزەدا.

١٤ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦

---

## قازی محەممەد؛ لووتکەی بەرپرسیارێتی و واتای ڕاستەقینەی ڕێبەر بۆ هەموو قۆناغەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org





**سەلام ئیسماعیل پوور**

لە مێژووی خەباتی پڕهەورازونشێوی نەتەوەی کورددا، ناوی پێشەوا قازی محەممەد زیاتر لە ڕێبەرێکی سیاسیی ئاسایی، وەکوو هێمایەک بۆ هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و جێگیرکردنی دوو تایبەتمەندیی باڵای دەروەستی و ئەخلاق لە پرۆسەی ڕێبەریکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیەکدا ڕەنگیان داوەتەوە.

ئەو لە قۆناغێکی هەستیاری مێژوویی و لە نێو دڵی قەیرانێکی قووڵدا، نەک هەر وەکوو دامەزرێنەری کۆماری کوردستان لە مەهاباد، بەڵکوو لە پێگەی کەڵەمرۆڤێکی بەرپرسیار لە بەرانبەر چارەنووسی نەتەوەکەیدا دەردەکەوێت. پێشەوا ڕەوایی خۆی لە سواربوونی شەپۆلی پێشهاتەکان و هەلومەرجی سیاسیی سەردەم وەرناگرێ، بەڵکوو وەکوو پیرەدارێکی بەردەم

ڕەشەبای مێژوو و سیاسەت، بنجی لە قووڵایی ڕەوەزی نیشتمان داکوتاوە و بەهۆی پێگەی کۆمەڵایەتی، پرێستیژی ئایینی و پێوەندیی قووڵی لەگەڵ کۆمەڵگاکەی، دەگاتە ئاستی نوێنەرایەتیی دۆزی ڕەوای نەتەوەکەی.

لە قۆناغی دامەزرانی کۆماردا، هەوڵ دەدات کە پرۆژەیەکی سیاسی لەسەر بناغەی شوناسی نەتەوایەتی، بەشداریی کۆمەڵانی خەڵک و ڕێزگرتن لە پرەنسیپە ئەخلاقییەکان بینا بکات؛ هەوڵێک کە نیشان دەدات خەبات بۆ بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکان دەکرێ لە چوارچێوەیەکی بەرپرسیارانە و یاساتەوەریشدا بەڕێوە بچێت و پێش بە سەرەڕۆیی، تاکپەرەستی و بێسەروبەری بگیرێت.

لە قۆناغی بەڕێوەبردنی کۆماردا، پێشەوا لەگەڵ بابەتێکی ئاڵۆز بەرەوڕوو بوو؛ لە لایەکەوە کەموکۆڕییەکانی کۆمەڵگا و گوشارە نێوخۆییەکان و لە لایەکی دیکەوە ئەو ئاستەنگانەی کە دەرئەنجامی هەلومەرجی ناوچەیی و جیهانی بوون. وێڕای ئەوەش، بە لێزانی و هەوڵێکی بێوچان توانیی دامەزراوە مەدەنییەکان، سیستمی پەروەردە بە زمانی کوردی، سوپای میللی و کیانێکی سیاسی و بەڕێوەبەریی خاوەن ڕەوایی دێموکراتیک دابمەزرێنێت. هەڵگرتنی ئەو هەنگاوانە لە ماوەیەکی کورتدا، دەرخەری تێڕوانینێکی ستراتژیکی دوورمەودا بۆ پرسی نەتەوەسازی بوو.

لەم قۆناغەدا لێهاتوویی و بڕشتی ئەخلاقیی پێشەوا لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی دەسەڵاتدا دەرکەوت؛ ئەو هەوڵی دا پێش بەوە بگرێت کە کۆماری تازەدامەزراو تەنیا ببێتە دەسەڵاتێکی سەربازی و ئەمنی یا سیستمێکی خێڵەکی و کۆنەپارێز؛ بەو شێوەیە توانیی بیکاتە دەسەڵاتێکی وەڵامدەر لە بەرانبەر خەڵکدا کە لە ڕێگەی یاساوە سنووردار کرابوو. هەر ئەم تێڕوانینە بوو بەهۆی ئەوەی کە تەنانەت لە هەلومەرجی ناسەقامگیری و قەیرانیشدا بەسەر دۆخەکاندا زاڵ بێت و دیمەنی ڕێبەرێکی هێور و میانڕەو و دەروەست بە بنەما و پرەنسیپەکانی لە خۆی پیشان بدات.

بەڵام لووتکەی هێژایی ئەخلاقی و نەتەوەیی قازی محەممەد لە قۆناغی ڕووخان و داگیرکرانی کۆماری کوردستاندا خۆی دەردەخات. پاش کارەساتی ڕووخانی کۆمار، هەلومەرجەکە بە جۆرێک بوو کە دەیتوانی وەکوو زۆرێک لە ڕێبەرانی سیاسی، خۆی دەرباز بکات و گیانی خۆی ڕزگار بکات، بەڵام خۆویستانە لە مەهاباد مایەوە؛ بڕیارێک کە پێش هەموو شتێک لەو تێگەیشتنە قووڵەوە سەرچاوەی دەگرت کە لە بەرپرسیارێتیی خۆی بەرانبەر بە گەلەکەی هەیبوو و دەرخەری پابەندبوونێکی ئەخلاقیی ڕەها بەرانبەر بە سوێندنامەکەی لە ژێکاف و سوێندی سەرکۆماری و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان لە بەردەم ئاپۆرای خەڵکدا بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشەوا زۆر باش دەیزانی کە بەجێهێشتنی وڵات دەتوانێ ببێتە بیانوویەک بۆ سەرکوتی بێبەزەییانە و تۆڵەکردنەوەی ڕێژیم لە خەڵکی ئاسایی. هەربۆیە مانەوەی هەڵبژارد - مانەوەیەک کە بە گیانی خۆی نرخەکەی دا، بەڵام واتای ڕاستەقینەی ڕێبەریی وەکوو دەروەستییەکی ئەخلاقی، نەک بە تەنیا وەکوو پلە و پێگەیەکی سیاسی سەلماند. ئەو هەڵبژاردنە، قازی محەممەدی کردە سەرچەشنێکی کەم وێنە لە مێژووی هاوچەرخدا؛ سەرچەشنێک کە بەو پێیە، واتای ڕاستەقینەی ڕێبەری، نەک لە ڕۆژانی سەرکەوتن، بەڵکوو لە کاتی دۆڕان و مەترسی و کارەساتەکاندا دەردەکەوێت.

ئەو لە هەلومەرجێکدا کە وادیار بوو هەموو شتێک بەرەو ڕووخان و کۆتایی دەچێت، بڕیاری دا کە بمێنێتەوە؛ نەک بۆ ئەوەی کە شەڕی مانەوەی دەسەڵاتی خۆی بکات، بەڵکوو بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکان و ساڕێژکردنی برینی خەڵکێک کە بەڵێنیی وەفاداریی پێ دابوون و خۆی لە بەرانبەریان بە بەرپرسیار دەزانی. لێرەدایە کە خاڵی جیاکەرەوەی «ڕێبەریی ئەخلاقی» و «فەرمانڕەواییەکی ئاسایی» دەردەکەوێت.

لە مێژووی ناوچەکەدا، زۆر نموونە دەتوانین بهێنینەوە کە دەسەڵاتداران لە وەها دۆخێکدا هەڵوێستێکی زۆر جیاواز و پێچەوانە دەگرن. بۆ نموونە، محەممەدڕەزاشای پەهلەوی لە دوایین ڕۆژەکانی دەسەڵاتەکەی و لە کاتێکدا کە وڵات لەگەڵ کێشە و قەیرانی قووڵ دەستەویەخە بوو، ڕێگای هەڵاتن و بەجێهێشتنی وڵاتی هەڵبژارد؛ بڕیارێک کە هەرچەند دەکرێ وەک بڕیارێکی تاکەکەسی لێی تێبگەین، بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەکرێ بە جۆرێک خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی لە قەڵەم بدرێت.

بە دیوێکی دیکەدا، جۆرێک لە بەرەورووبوونەوەی قەیران دەبینین؛ ئەوەش لە کاتێکدایە کە ڕێبەرانی سیاسی لەجیاتی وازهێنان لە دەسەڵات و یارمەتیدان بۆ تێپەڕینێکی هێمنانە و بەرپرسیارانە لە هەلومەرجی قەیراناوی، هێندە پێداگری لەسەر مانەوەی دەسەڵاتی خۆیان دەکەن کە زیانەکانی بەرۆکی خەڵک و ژێرخانە گرینگەکانی وڵات دەگرێتەوە.

لە وەها هەلومەرجێکدا، کۆمەڵگا دەکەوێتە نێو بەرداشی دوو دۆخی جیاواز: مانەوە لە بۆشایی دەسەڵاتدا، یان دانی تێچووی قورسی پێداگریی دەسەڵاتداران لەسەر مانەوەی خۆیان بە هەر نرخێک.

لەو بەراوردکارییەدا، گرینگیی هەڵوێستی مێژوویی قازی محەممەد بە شێوەیەکی بەرچاوتر دەردەکەوێت. پێشەوا نە ڕێگای چۆڵکردنی مەیدان و ڕزگارکردنی گیانی خۆی هەڵبژارد و نە لە پێناوی مانەوەی دەسەڵاتی خۆیدا، خەڵک و وڵاتەکەی تووشی کوشتوبڕ و کاولکاریی زیاتر کرد. بژاردەی ئەو، هەڵبژاردنێک لە نێوان «گیانی خۆی» و «ئاسایشی خەڵک» بوو، و ئەو بژاردەی دووەمی هەڵبژارد. سەرچاوەی ئەو جۆرە بڕیاردانە، تێگەیشتنێکی قووڵ لە واتای بەرپرسیارێتی بوو؛

بەرپرسیارێتییەک کە نەک وەکوو دروشم، بەڵکوو وەک دەروەستییەک لە کرداردا خۆ دەنوێنێت. لەم سۆنگەیەشەوە، نوێنەرایەتیی شێوازێک لە ڕێبەری دەکات کە تێیدا دەسەڵات ئامانج نییە، بەڵکوو ئامرازێکە بۆ خزمەتکردن بە خەڵک.

لە ڕەوتی دادگای سەربازیدا، ئەم لایەنە لە کەسایەتیی پێشەوا بە ڕوونی دەردەکەوێت. قازی محەممەد نەک هەر لە هەڵوێستەکانی خۆی پاشگەز نابێتەوە، بەڵکوو بە ڕاشکاوییەکی کەم وێنەوە داکۆکی لە بڕیارەکانی خۆی و کۆماری کوردستان دەکات. کاتێک کە لە وەڵامی ئەو پرسیارەی دادوەری دادگای سەربازیدا کە: «ئایا تا ئێستا لەم دادگایەدا قسەیەکت کردووە کە پێچەوانەی ڕاستی بوو بێت؟» دەڵێ: «ئەگەر قسەیەکم کردبێت کە بە دڵی دادگا بووبێت، لەو شوێنەدا درۆم کردووە» ئەوپەڕی ڕاستبێژی و ڕاوەستانی ئەو مرۆڤە مەزنە لە بەرانبەر دەسەڵات و دادگایەکدا کە لە بنەڕەتدا بە مەبەستی تێکشکاندنی ئەو پێک هێنراوە، دەردەکەوێت.

ئەو جۆرە هەڵوێستگرتنە، تەنیا پەرچەکردارێک لە ڕووی هەست و سۆزی دەروونییەوە نەبوو، بەڵکوو دەرخەری جیهانبینییەک بوو کە تێیدا ڕاستی و دەروەستی بەرانبەر بە خەڵک لە سەرەوەی هەموو بەرژەوەندییەکی تاکەکەسییە.

لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە، ئەو هەڵسوکەوتە دەکەوێتە خاڵی بەرانبەری وارسکەی خۆپاراستن و حەزی سروشتیی مرۆڤ بۆ مانەوە. لە کاتێکدا کە مرۆڤ لە حاڵەتی ئاساییدا هەوڵ دەدات بە پاشەکشە یان نکۆڵیکردن، خۆی لە وەرگرتنی سزا و تۆڵە بپارێزێت، ئەو ڕێگایەکی پێچەوانەی هەڵبژارد کە بریتی بوو لە: پێداگری لەسەر ڕاستی، تەنانەت ئەگەر گیانی خۆی لەسەر دابنێت. ئەم هەڵبژاردنە، ڕەنگدانەوەی جۆرێک لە «بەرپرسیارێتیی ئەخلاقییە» کە تێیدا تاک خۆی لە بەرانبەر خەڵک و مێژوودا بە بەرپرسیار دەزانێت.

لە ڕوانگەی سیاسیشەوە، ئەو خۆڕاگرییە گرینگییەکی تایبەتی هەبوو؛ چوونکە هەوڵی ناحەزان بۆ لەکەدارکردنی ڕەوایی و شکاندنی شکۆی بزووتنەوەکەی پووچەڵ کردەوە و ڕەنگ و ڕوخسارێکی ئاماژەگەرانە و هێماییی پێ دا. پێشەوای کورد، لەو بێدادگایەدا نەک وەکوو تۆمەتبارێکی دەستەوەستان، بەڵکوو وەکوو باڵوێزی بزووتنەوەیەکی ڕەوا و هەڵگری ئارمانجی بەرزی نەتەوەیەک دەرکەوت.

میراتێک کە قازی محەممەد بۆ نەوەکانی دوای خۆی بە جێی هێشت، زۆر زیاتر لە ئەزموونێکی کورتخایەنی سیاسییە. ئەو پێوەرێکی بۆ هەڵسەنگاندنی ڕێبەر خستە ڕوو کە بەوپێیە، ڕێبەری ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە لە دژوارترین هەلومەرجەکاندا نە خۆی بە تەنیا دەرباز دەکات و نە خەڵکەکەی دەکاتە قوربانی، بەڵکوو تا دواساتەکانی ژیان، باری قورسی بەرپرسیارێتیی خۆی لە کۆڵ دەگرێت. ئەو میراتە تا ئێستاش وەکوو خوێنێکی گەش لە شادەمارەکانی

خاکەلێوەی ٢٧٢٦

بزووتنەوەیەکدا کە ئەو بناغەدانەری بوو و لە نێو تانوپۆی گوتاری نەتەوایەتی، دادپەروەری و کەرامەتی مرۆیی لە هەموو کوردستاندا جمەی دێت.

لە ئاکامدا دەبێ بڵێین، زیندووڕاگرتنی یادی قازی محەممەد، تەنیا کردارێکی سیمبۆلیک نیە، بەڵکوو سەرلەنوێ خوێندنەوەی چەشنێک لە ئاکار و هێژامەندییە -کە لەسەر بنچینەی ئەمەگناسی، دەروەستبوون، ڕاستبێژی و بەرپرسیارێتی پێک هاتووە.

پێوەندیی نێوان ئەو ئەزموونە مێژووییە و داخوازییەکانی ئەم سەردەمە نیشان دەدات کە ڕێگای خەباتی پڕشانازیی کورد ئەگەرچی پڕ لە کۆسپ و کارەسات و هەڵدێر و نسکۆ بووە، بەڵام هێشتا وزە و ڕەوایی خۆی لەو پرەنسیپانە وەردەگرێت کە ئەو بە فیداکردنی گیانی خۆی لە لەشی برینداری بزووتنەوەی نیشتمانی موتوربەی کردن.

هەنووکە زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە، گەڕانەوە بۆ ئەو بەها پیرۆزانەی ڕێبازی پێشەوا دەتوانێ چرای ڕێگای داهاتوومان بێت؛ ئەو بەها و پرەنسیپانەی کە فێرمان دەکەن، ڕێبەر نەک لە بەجێهێشتن و هەڵاتنی کاتی قەیران و نەک لە خۆسەپێنی و سەرەڕۆییدا، بەڵکوو لە دەروەستی و هەڵگرتنی باری بەرپرسیارێتیدا دەبێتە خاوەنی پێناسە و واتای ڕاستەقینەی خۆی و دەچێتە نێو بیرگەی مێژوویی نەتەوەکەی.

١٤ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦

---

## وشیاریی نەتەوەیی وەک فاکتەری بنەڕەتیی هێزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خاکەلێوەی ٢٧٢٦**





**عومەر ئیزەدخوا**

زاراوەی وشیاری – Consciousness) آگاهی - الوعی)، بە واتای ڕێژەی بەرزی ئاگاداریی مێشکی مرۆڤە بەرانبەر ئەو کردارانەی ئەنجامیان دەدات یاخود ئەنجامیان نادات و بە شێوەیەکی ئەرێنی و لە بازنەی بەرژەوەندییەکی عەقڵانیدا دێت. بەڵام وشیاریی نەتەوەیی (National Consciousness) واتە ئاگالێبوونێکی بەرزی مێشکی مرۆڤ سەبارەت بە سەرجەمی ئەو کردارانەی دەربارەی پرسی نەتەوە و نیشتمانەکەی ئەنجامیان دەدات یاخود ئەنجامیان نادات لە دۆخێکی ئەرێنی و تەریب بە بەرژەوەندیی بەرەوپێشچوونی دۆزی نەتەوەکەی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بنچینەی وشیاریی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ئاستێکی بەرزی هزری تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان سەبارەت بە پێکهێنەر و چوارچێوەکانی نەتەوایەتی و بەها نیشتمانییەکان، شارەزابوون لە مێژوو و ڕابردوو، بەرپرسیارییەتی و جەختکردنەوە لە قۆناغە مێژووییەکان، بەرزڕاگرتنی دەستکەوتەکان و سوودوەرگرتن لە دۆخی واقعی ڕۆژگار و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان، باوەڕنەکردن بە هەواڵی ساختەی دژ بە دۆزی نەتەوایەتی، هەوڵەکانی دوژمنان بۆ دروستکردنی دووبەرەکیی سیاسی و کۆمەڵایەتی، پاراستنی یەکیەتیی ڕیزەکان و ئاسایشی گشتی، تێڕوانینێکی بەرز سەبارەت بە بەرژەوەندییە نەتەوەییە باڵاکان لەسەرووی کۆی بەرژەوەندییە کەسی و تایبەتییەکان وەک بنچینەیەکی سەرەکیی بیری نەتەوایەتی.

ئاشنابوون و باوەڕبوون بە بنەماکانی دامەزراوەییبوون وەک بنەمای کاری ڕێکخراوەیی و بەڕێوەبردن؛ دامەزراوەییبوون بەندە بە کەشێکی دێموکراسی، بەشداریی زۆرینە و فرەیی لە دروستکردنی بڕیار، پابەندبوون بە یاسای بنەڕەتیی دامەزراوە، دەستاودەستی دەسەڵات بە شێوازی خولی و لە کات و ساتی یاساییدا و، دابەشکردنی ئەرکەکان بەپێی پسپۆڕی و شیاوی و لێهاتوویی.

مرۆڤایەتیبوون وەک تایبەتمەندییەکی گرنگی بزاوتی نەتەوەیی گەلی کورد، وەک شێوەیەکی بەرچاو بۆ جیاوازبوونی خەباتی کورد بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتە نەتەوەییەکان لە خەباتی گەلانی دەوروبەر؛ مرۆڤایەتیبوون بنەما و ناسنامەیەکی دیارە بۆ کوردایەتی، وەک چۆن کۆمەڵی کورد وشیارە بە بەرقەرارکردنی تەواوی ماف و ئازادی و بەرپرسیارییەتەکانی لە بەرژەوەندیی نەتەوەکەی، بە هەمان شێوە لەبەرچاوگرتن و دانان بە ماف و ئازادیی پێکهاتە جۆربەجۆرەکانی تر، لە مێژووی درێژی بزووتنەوەی کوردایەتی و ئەزموونەکاندا هەمیشە ئەم ڕاستییە بە کردەیی پیادە کراوە.

بە هەمان شێوە ژینگەپارێزی وەک بنەمایەکی گرنگی نیشتمانپەروەری، بووەتە ناسنامەیەکی دیاری وشیاریی نەتەوەیی. لە چەند دەیەی ڕابردوودا ژینگەپارێزی وەک ئەرکێکی مرۆیی و نیشتمانپەروەری گەشەی زۆرتر سەندووە کە خۆی لە پاراستن و گرنگیدان بە سروشتی پاک و جوانی کوردستاندا دەبینێتەوە و دەکرێ دەرنجامێک لە وشیارییەکی بەرزی نەتەوەیی ببینرێت، کە دەیان ڕێکخراو و گرووپی تایبەت بەم بوارە پێی هەستاون.

**دەتوانین بڵێین وشیاریی نەتەوەیی کورد لە کۆمەڵێک پرەنسیپی بنیادنەر پێک دێت کە گرنگترینیان بریتین لە:**

- شارەزابوون لە مێژووی سیاسیی دوور و نزیکی خەباتی ئازادی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- لەبیرنەکردنی مێژووی سەرکوت و کوشتوبڕ و کۆمەڵکوژی، پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی تاک و کۆمەڵی کورد لەلایەن فاشیزمی سەردەست، وە لەهەمبەر ئەمەش هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی تەواوی مافە زەوتکراوەکان.
- پاراستنی زمان و کولتوور، بەرزڕاگرتنی یاد و بۆنە نەتەوەییەکان.
- کەڵکوەرگرتن لە میدیا بۆ هەستیارکردنی گەل لەسەر پرسە نیشتمانییەکان و بەها هاوبەشەکان.
- پاراستنی دەستکەوت و بەهاکان.
- پاراستنی ئاسایش و ئارامیی نێوخۆیی.
- پاراستن و بەرگریکردن لە یەکیەتیی ڕیزەکان.
- گرنگیدانی زۆر بە ئاشتەوایی نیشتمانی و داننان بە یەکتری.
- پاراستنی ژینگە و ژێرخانی ئابووری.
- ئەولەوییەتی بەرژەوەندیی گشتی بەسەر بەرژەوەندیی تایبەت.
- کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتی مێژوویی و گۆڕانکارییە جیۆسیاسییەکان.
- ڕەنگدانەوەی مرۆڤایەتیبوون، بە پاراستنی ماف و ئازادیی نەتەوە و پێکهاتەکانی تر.
- بوونی ئیرادەیەکی بەهێز بۆ زاڵبوون بەسەر کۆسپ و چەڵەمەکان.

## وشیاریی سیاسی – نەتەوەیی

کۆی ستراتیژ و ڕۆڵی هێزەکان لەم قۆناغە هەستیارەی هەنووکە، بەندە بە ئاستی ئەو وشیارییە نەتەوەییەی کە ڕێبەران و بڕیاربەدەستانی هێزەکان هەیانە و بەرجەستەی دەکەن، هەر وەک چۆن تاکەکانی کۆمەڵگە بەرپرسیارن بە کارکردنێکی بێوچان لەو ئاراستەیەدا، بە هەمان شێوە دەستەبژێر و چینی ناوەندی و باڵای سیاسی ئەرکی مەزنیان لەسەر شانە کە شێلگیرانە پابەندی بازنەی وشیاریی نەتەوەیی بن و لە پرەنسیپەکانی لا نەدەن.

خاڵێکی گرنگ سەبارەت بەم بابەتە، بریتییە لە: پێشخستنی بەها و بنەما نەتەوایەتییەکان پێش بەها و بنەما حیزبی، بنەماڵەیی، ناوچەیی و مەزهەبییە جۆربەجۆرەکان. لەگەڵ ئەوەشدا کارکردن بۆ پاراستنی ئاشتەوایی نیشتمانی و داننان و قبووڵکردنی یەکتریی هێزەکان، بریتییە لە: پرەنسیپێکی گرنگی وشیاریی نەتەوەیی کە گۆڕانکاریی مەزن بە ئاراستەی بەرەوپێشچوونی دۆزی نەتەوەیی دێنێتە کایەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خاکەلێوەی ٢٧٢٦**

هەروەها خوێندنەوەی واقیع و هاوکێشە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان، بریتییە لە: بنەمایەکی گرنگی وشیاریی نەتەوەیی سیاسی؛ یاریکردن بە ئاراستەیەکی نەتەوەیی لە گێژاوی قوڕاوی سیاسی و کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتەکان، ئەوپەڕی زیرەکی و پابەندیی هێزەکان دەردەخات. بەخۆشحاڵییەوە سەبارەت بە وشیاریی نەتەوەیی لە مەیدانی جەماوەری و سیاسی، کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات لە ئاستێکی بەرزی ئەو لایەنەدا دەبینرێت؛ دەتوانین یەکرێزیی تاکەکانی کۆمەڵگە و باوەڕی قووڵیان بە سەرکەوتنی پرسی نەتەوایەتی وەک پرەنسیپە بنچینەییەکانی وشیاریی نەتەوەیی بە ڕوونی هەست پێ بکەین.

## دەرەنجام

دەبینین پرسی وشیاریی نەتەوەیی گرنگییەکی گەورەی چوارچێوەی بزاوتی نەتەوایەتیی کورد پێک دەهێنێت و پێویستی بە گرنگیی تایبەتی لایەنی ئەکادیمی و ناوەندە پەروەردەیی و میدیاییەکانە؛ بەتایبەت لە قۆناغی هەستیاری هەنووکەدا، لەسەر دەسەڵاتی سیاسیی کوردی پێویستە بە شێوازێکی ستراتیژی گرنگیی زیاتر بەم لایەنە بدات. ئەوەی لە قۆناغی هەنووکەدا سەبارەت بەم پرسە گرنگیی دیاری هەیە، بریتییە لەو هەنگاوانەی کە هێزە سیاسییەکان لەم دواییانەدا و لە قۆناغی هەستیاری ئێستادا پێی هەستان؛ هەنگاوەکان بەرز بنرخێنرێن، لە قۆناغی یەکەمدا قبووڵکردنی یەکتر و سەرخستنی پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانی، پاشان لە قۆناغێکی زێڕیندا پێکهێنانی هاوپەیمانی و دەزگای نیشتمانی بۆ ڕابەرایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاری، دەتوانێت ببێتە ئاسانکاری و ڕێخۆشکەری گەورە بۆ داهاتووی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێزی کورد لە ئاستی نێوخۆیی و هەرێمی.

پێشوازی و هاندانی زیاتری کۆمەڵگە بۆ هەنگاوە سیاسییە ئەرێنییەکان، ڕەنگدانەوەی بەرزی وشیاریی نەتەوەیی پێک دەهێنێت، لەو پەیوەندییەدا دەکرێ کاریگەریی گەورە لە پانتایی میدیا و سۆشیاڵ میدیا بەتایبەت پێک بهێنرێت.

**١٤ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئەگەر ئێمە ئێتنیکین، ئەدی ئێوە چین؟



**دەقی قسەکانی دوکتور ئاسۆ حەسەن زادە بەرپرسی هەیئەتی حیزب لە کۆبوونەوەی "کۆنگرەی ئازادیی ئێران" لە لەندەن**

**ئاماژە:** لە ڕۆژانی ٢٨ و ٢٩ی مارسی ٢٠٢٦ کۆبوونەوەی بەرینی "کۆنگرەی ئازادیی ئێران" بە بەشداریی نزیکەی ٤٠٠ کەس لە کەسایەتی و چالاکان و نوێنەرانی لایەنە سیاسی و مەدەنییەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامی لە لەندەن بەڕێوە چوو. جگە لە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق و کەمپی ڕەزا پەهلەوی، نوێنەرانی زۆربەی نزیک بە تەواوی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوە و نێوخۆی وڵات (لە کۆماریخواز، مەشرووتەخواز و چەپەکانەوە بگرە تا لایەنەکانی سەر بە نەتەوەکانی ئێران و پێکهاتە سینفی و مەدەنییەکان) چ بە حزووری و چ بە شێوەی ئانلاین لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوون. کۆبوونەوەی ئامادەکاریی کۆنگرەی ئازادیی ئێران مانگێک پێشتر هەر لە لەندەن بەڕێوە چووبوو کە لەوێدا کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک نوێنەری حیزب بەشدار ببوو.

لە دوو ڕۆژ کاری کۆبوونەوەکەدا کۆمەڵێک وتاربێژ و پانێلیست ڕوانگەکانی خۆیان بۆ ئێرانی پاش کۆماری ئیسلامی خستە ڕوو. تەوەرەکان بریتی بوون: ژێندەر و دێموکراسی، ڕۆڵی هاووڵاتییان و پشتیوانیی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، گەشەسەندنی ئابووری و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی وەک پێشمەرجی دێموکراسی، لێکگەیشتنی ئۆپۆزیسیۆنی فرەچەشن، حیزب و ڕێکخراوە

سیاسییەکان وەک مۆتۆری بزوێنەری دێموکراسی، نەخشی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی لە دێموکراسی پایەداردا، ئێرانی بێ هەڵاواردن لە ڕێگای بەشداری و کۆدەنگییەوە.

کۆنگرەی ئازادیی ئێران ئیدیعای ڕێبەری و ئالترناتیڤ سازی ناکا و جارێ تەنیا فۆڕۆمێکی بە زەرفییەتە بۆ دیالۆگ و گفتگۆی ڕوانگە جیاوازەکان لەمەڕ ڕێگاکانی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و بنیاتنانی ئایندەیەکی دێموکراتیک لە ئێراندا. لە کۆتایی کارەکانی ئەم کۆبوونەوەیەدا ڕاگەیاندراوێک بڵاو کرایەوە کە جەخت لەسەر پێویستیی درێژەدانی ڕەوتی شکڵگرتنی کۆنگرەی ئازادیی ئێران دەکاتەوە و کۆمەڵێک سازوکاری نوێ بەتایبەتی دروستکردنی سکرتاریایەک لە پەنای شوڕای هەماهەنگیی کۆنگرەکە بۆ بردنە پێشی کار و بەرنامەکانی ئایندەی ئەو کۆنگرەیە دەخاتە ڕوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا هەیئەتەکانی سێ حیزبی ئەندام لە هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران و پارتی ژیانی ئازادی کوردستان)، هەروەها چەند کەس لە ئەکادیمییەکانی کورد، بەشدار بوون. هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە و پێکهاتوو لە ئاسۆ ساڵح، دوکتور مەنسوور سۆهرابی، مەولوود سوارە و ڕزگار ئالانی لە پەڕاوێزی کارەکانی ئەو کۆبوونەوەیەدا لەگەڵ زۆربەی کەس و لایەنەکانی شوێندانەر لەو کۆبوونەوەیەدا دیدار و چاوپێکەوتنیان هەبوو و ڕوانگەکانی حیزبی دێموکراتیان لە پێوەندی لەگەڵ بنەماکانی یەکگرتنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە گۆشەنیگای بەرژەوەندیی کورد و نەتەوە ژێردەستەکانی ئێرانەوە بۆ شی کردنەوە.

پێویستە بگوترێ کە مەسەلەی نەتەوەکانی ئێران باڵی بەسەر بەشی هەرە زۆری باس و خواسەکانی ئەو کۆبوونەوەیەدا کێشابوو. بەتایبەتی وتاری ڕاشکاوی پێشکەشکراو لەلایەن نوێنەرانی سەر بە نەتەوە ژێردەستەکانی ئێرانەوە کاریگەریی لە بردنەسەری وشیاریی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە پێوەندی لەگەڵ پرسی نەتەوایەتی لە ئێراندا هەبوو. ئەو کوردانەی لەو کۆبوونەوەیەدا وتاریان پێشکەش کرد بریتی بوون لە د. ئاسۆ حەسەنزادە کە سەرەتا لەلایەن وتەبێژی حیزبیشەوە وتەیەکی پێشکەش کرد، ناهید بەهمەنی، د. مەنسوور سۆهرابی، د. بێهرووز چەمەنئارا، د. شوکریە برادۆست.

**ئەوەی خوارەوە دەقی قسەکانی د. ئاسۆ حەسەن زادە لەو کۆبوونەوەیەدایە:**

سڵاوتان لێ بێ. لە سەرەتادا بە پێویستی دەزانم لەلایەن کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێرانیشەوە شتێک بڵێم. هەروەک دەزانن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرپرسیاریەتیی دیاریکراوی هەبوو کە لە ڕەوتی پێکهێنانی کۆنگرەی ئازادیی ئێراندا نوێنەرایەتیی حیزب بکا. ناوبراو لە کۆبوونەوەی ئامادەکاریی ئەو کۆنگرەیەدا لێرە چالاکانە بەشدار بوو. بەڵام بۆ ئەم کۆبوونەوە گرینگەی ئەمجارە، سەرەڕای ئەوە ناوبراو دەیویست لێرە بە حزووری بەشدار بێ، بەڵام بەهۆی هێندێک کۆسپ و پێشهاتی لەپڕ و تایبەتی نەیتوانی تەشریف بێنێ. هەربۆیە ئەمنی ڕاسپارد هەتا لەسەر ئەوە جەخت بکەمەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پشتیوانی لە هەر جۆرە هەوڵێکی جیددی بۆ پێکهێنانی چوارچێوەی هەمەلاگیر بۆ یەکگرتنی ڕاستەقینەی هێزە سیاسی و مەدەنییەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامی و خوازیاری گۆڕان لە ئێراندا دەکا. بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە گرینگی دەڕوانێتە ئەم چوارچێوەیە کە لێرە لە حاڵی شکڵگرتندایە. ئەو حیزبە لە سەرەتای کارەکەدا لەگەڵتان بوو و لە درێژەی کارەکەشدا لەگەڵتان دەمێنێ. دیارە بە لەبەرچاوگرتنی بنەما سیاسییەکانی حیزبی دێموکرات و هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، ئێمە لە درێژەی ئەو ڕەوتەدا و لەپێوەندی لەگەڵ ئەو بڕیارانەی لێرە لەبارەی دەرکەوتی کۆبوونەوەکە و ئەو سازوکارانەی لێی دەکەوێتەوە تێبینیی خۆمانمان دەبێ، بەڵام بەهەرحاڵ لە درێژەی هاوکاریی حیزبی دێموکرات دڵنیا بن.

ئێستا، لەبەر ئەوە کە بە سیفەتی شەخسیی خۆشم لە پانێلدا بووم، دەمەوێ وەک پانێلیست باسەکەی خۆمتان پێشکەش بکەم. "دەمەوێ وتەکانم (بە زمانی کوردی) بە تاقیکردنەوەیەک دەست پێ بکەم. ئێمەی کورد لەو کۆبوونەوەیەدا کەمینەین. بەڵام ئێستا ئەمن دەتوانم تەنیا لە ڕێگای زمانەوە زۆرینەی ئێوە کە لە من تێناگەن بخەمە دۆخێک کە لەودا دەسەڵات لەلای ئێمەیە و ئەوە ئێوەن کە دەچەوسێنەوە، چونکە لە من تێناگەن.

ببوورن، لەبیرم چوو، دەبێ بە فارسی قسە بکەم. زۆرینەی بەشدارانی ئەم کۆبوونەوەیە فارس زمانن یان فارسی دەزانن و ئێمە کوردەکان لێرە کەمایەتیین. سەرەڕای ئەوەش، هەر ئێستا ئەمن تەنیا بە گوتنی چەند وشەی کوردی دەسەڵاتم گرتە دەست و ئێوەم لە دۆخێکی نادڵخواز و نالەبار دانا. واتە هەمان ئەو شتەی زیاتر لە سەت ساڵە لە ئێران لە ئارادایە و بەشێک لە خەڵکی وڵات کە هیچ داتایەکی زانستی نایسەلمێنێ زۆرینەی دانیشتووانی وڵات بن، لە ڕێگای ناسنامەی نەتەوەیی و لە ڕێگای زمانەوە بەسەر ئەوانی دیکە کە ناسنامەی فەرهەنگی و زمانییان جیاوازە و بە ئەگەری زۆر ئەوان زۆرینەن، حوکم دەکا.

بێگومان منیش وەک دۆستانی دیکە سوپاسی بەڕێوەبەرانی ئەو کۆبوونەوەیە دەکەم کە توانییان تەیفێکی ئەوەندە بەربڵاو و فرەچەشنی نەیارانی کۆماری ئیسلامی لێرە کۆ بکەنەوە. بەڕاستی جێگای دەستخۆشییە. ئەمنیش لەو زەرفیەت و لێبوردەییە بێوێنەیەی لێرە بەدی دەکرێ، خۆشحاڵم. بەڵام ئەگەر دەتانەوێ ئەولاتر لەو مەرامنامە متەوازیعە بڕۆن کە لە سایتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆنگرەی ئازادیی ئێراندا بڵاو بۆتەوە، پێکهێنانی بەستێنێکی لەبار و بەزەرفییەت بۆ دەنگە جیاوازەکان بەس نیە. تەنانەت دەنگە جیاوازەکان دەتوانن ببنە هۆی کاکۆفۆنی (ژاوە ژاو). هونەر ئەوەیە فرە دەنگی بکەن بە هاودەنگی. بۆ ئەوکارەش ئێمە پێویستیمان بە زیاتر لە لێبوردەیی هەیە، لێبوردەیی ئاکامدار، فرەیی ڕاستەقینە کە لە ڕوانگەی من و لە ڕوانگەی ئێمەوە لە گرینگترین ڕەهەندی خۆیدا واتە خیسڵەتی فرەنەتەوەی ئێران بەو جۆرەی دەبێ لێرە دانی پێدا نانرێ. فەڕانسەوییەکان دەڵێن گای کەڵ دەبێ بە شاخەکانی بگری. ئەمن هێشتا ئەوە لێرە نابینم.

ئێمە زۆر باسی ئازادی و یەکسانی دەکەین بەڵام ناڵێین ئەو پرەنسیپانە بە چ شێوەیەک لە پێکهاتەی سیاسی و بەڕێوەبەریدا ڕەنگدانەوەیان دەبێ. دۆستان! چۆن دەکرێ باسی ئێرانی فرەچەشنی و نەهێشتنی هەڵاواردن بکەین بەڵام فرەیی پێناسە نەکەین و دیاری نەکەین کە مەبەستمان لە هەڵاواردن، هەڵاواردنی کێیە و قوربانیی هەڵاواردن بە ڕەسمی نەناسین؟ چۆن دەکرێ باسی یەکگری و کۆدەنگی بۆ ئێرانی سبەینێ و نموونە هەڵگرتنەوە لە سازوکارەکانی بەشداریی سیاسی بکەین، بەڵام نەڵێین ئەوانەی وا بەنیازن ئێرانی سبەینێ سەرلەنوێ ساز بکەنەوە کێن: حیزبەکانن، تاکەکانن، هاووڵاتییانن، نەتەوەکانن؟ و بیر لە ڕێکارەکانی دابەشکردنی دەسەڵات نەکەینەوە.

دوێنێ لە تەنیشت ئەو قسە باش و هیوابەخشانەی کران، هێندێک کەس بەداخەوە بابەتی میللییەتەکانی ئێرانیان دابەزاندە ئاستی ناسنامەی تاکەکەسی و گوتیان دەرمانی هەموو دەردەکان لە ئێرانی سبەینێ دا تەنیا و تەنیا مافی هاووڵاتییە.

دۆستان! ناسنامەی نەتەوایەتی هەڵبژاردن یان باوەڕێکی تاکەکەسی نیە، واقعیەتێکی عەینییە لە ڕەهەندی بەکۆمەڵدا کە بۆ هەموو ئێمە وەک یەک گرینگە. لێرە دۆستان جۆرێک وشەی ئێتنیک و ئێتنیکەکان بەکار دەبەن کە هەر دەڵێی بەشێک لە مرۆڤەکان لە ئێران بەپێچەوانەی ئەوانی دیکە نێوچاوانی خۆیانیان تاتۆ کردووە! ئەگەر ئێمە ئێتنیکین، ئەدی ئێوە چین؟ مافی هاووڵاتی بەتەنیا ناتوانێ وڵامدەری پێویستیی ڕەنگدانەوەی فرەیی فەرهەنگی لە بەستێنی سیاسی و پێکهاتەی حکومەتیدا بێ، چونکە باس لەو کۆمەڵگەیانەیە کە خۆیان پێ گەل یا نەتەوە و خاوەنی مافی دیاریکردنی چارەنووسە. ئێستا هەروەک بەڕێز عەلیجانی دوێنێ ئاماژەی پێ کرد کە بۆ ئێرانی سبەینێ کەس نابێ بەدوای لانیزۆرخوازیدا بێ، ئەگەر وای دابنێین نەتەوەیەک لانی زۆری مافی خۆی کە سەربەخۆییە داوا نەکا و بۆ نموونە بە ویستی خودموختاری یا فیدرالیزم قەناعەت بکا، ئەمن لە ئێوە دەپرسم لایەنی بەرامبەر واتە ناوەندگەراکان ئامادەن لەو لانی زۆرەی بۆخۆیانیان داناوە، چ مایەیەک دابنێن؟ هیوادارم لێرە کەس لەوە کە ئەمن وشەی نەتەوە بۆ کورد بەکار دەبەم نەڕەنجێ! ئەگەر خەڵکی کاتالۆن و کێبێک و ئێسکاتلەند بە ڕەسمی و لە بەستێنی حکوومەتیدا بە نەتەوە ناو دەبرێن، بۆ دەبێ کوردەکان ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مافەیان نەبێ؟

ئەوە کە یەکیەتیی سیاسی و فرەیی فەرهەنگی لەگەڵ یەک ناکۆک بن یا نا، بە دەست خۆتانە. ڕاستە خوێندنەوەی مێژوویی و ڕوانینمان بۆ جێگە و پێگەی گرووپەکان و ڕێگاچارە نیهادییەکان زۆر جیاوازە. بەڵام ئەگەر ئیرادە هەبێ و بەجێگای مەزنیخوازی و لەیەکتر ترسان، لە جێگە و پێگەی وەکیەکی سیاسی و لە بەستێنی قانوونیدا بەدوای ئامانجی یەکسانی و دادپەروەریدا بچین، گەیشتن بە سەنتێز تەواو مومکینە، هەروەک لەو وڵاتانەدا کە دێموکراتیک و فرەنەتەوەن مومکین بووە، بۆ نموونە هەر لەو وڵاتەی ئەو دانیشتنەی تێدا بەڕێوە دەچێ.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، نەک تەنیا چاوەڕوانیی خەڵکی کوردستان بەڵکوو پەسندکراوەکانی ئیئتلافیش دەروەستیان دەکا کە ئەندامەتی لە هەر ئیئتلافێکی سەراسەریدا بە بەڕەسمی ناسینی فرەنەتەوایەتی لە ئێراندا ببەستنەوە. ئەگەر ئێمە کوردەکان میوانین، ڕێز لە خۆتان و سروودی نەتەوەیی و ئاڵا و ئەو موزیکە سەتا سەت فارسییانەی دوێنێ لێرە لێ دران، دەگرین. بەڵام میوان لەبەر ئەوەی کاری هەیە، دەبێ بڕوا و سەرەنجام هەر دەڕوا. بەڵام ئەگەر هەروەک دەڵێن کوردەکان خاوەنماڵن و ئێمە لە سازکردنەوەی ئێرانی سبەیدا سووژەی دامەزرێنەرین، ئێمە بە جێگە و پێگەیەکی کەمتر لە یەکسانیی تەواو لەگەڵ نەتەوەی حاکم لە پێناسەکردنەوەی ئێراندا، چ هێماکانی چ پێکهاتە سیاسییەکەی، ڕازی نابین.

لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم دروستکردنەوەی متمانە کە دوێنێ لێرە باس کرا، زۆر شتێکی باشە. بەڵام بە باوەڕی من، سەت ساڵ بێمتمانەیی بە سەت وشەی جوان قەرەبوو ناکرێتەوە. لە مێژوو و ژیانی گەلاندا هێندێک برین هەن کە بۆ ساڕێژ بوونەوە دەبێ لەپێشدا بکرێنەوە دوایە سەرلەنوێ بدوورێنەوە. دەزانم کارێکی ئاسان نیە و پشوودرێژی و ئازایەتی و باجدان لە هەموو لایەکەوەی دەوێ. بەڵام بە شاردنەوە و پێچ و پەنا هیچ کێشەیەک چارەسەر ناکرێ، بگرە درزەکان قووڵتر دەبنەوە و لێک دوور کەوتنەوە دەگاتە خاڵی بێ گەڕانەوە.

سوپاستا.ن دەکەم

١٥ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# توندوتیژیی سیستەماتیک و سیاسەتە کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە ئەمنییەکانی کورد





ڕەحیم نزهتزادە

لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و کۆمەڵگەی کورد، لە ساڵانی یەکەمی دوای شۆڕشی ١٩٧٩ تا ئێستا، نیشاندەری نەخشەیەکی تاڕادەیەک جێگیر لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمنی، بێمتمانەیی سیاسی و کەڵک وەرگرتن لە ئامرازی توندڕەوانەیە. ئەم شێوازە، کە لە ئاستە جیاجیاکانی ناوخۆ و تەنانەت دەرەوەی سنوورەکان دەبینرێت، ڕەگ و ڕیشەی لە پێکهێنانی سەرەتایی سیستەمی سیاسی و چۆنیەتیی پێناسەکردنی "پرسی کورد" وەک بەرهەڵستکارێکی ئەمنی هەیە. لەو چوارچێوەیەدا، بۆ باشتر تێگەیشتن لەم پرۆسەیە، شیکاریی مێژوویی و سیاسیی هەندێک ڕووداوی سەرەکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەتوانێت یارمەتیدەر بێت.

یەک لە خاڵە وەرچەرخێنەرەکانی ئەم ڕێگایە، فەرمانی بەناو "جیهاد" بوو کە لە ساڵی ١٩٧٩ لەلایەن ئایەتوڵڵا خومەینی دژ بە کورد و بزووتنەوە کوردییەکان دەرچوو. ئەم فەرمانە، کە لە کەشێکی ئایدیۆلۆژی و بە ئاماژەیەکی ئایینی - لەوانەش بە پشتبەستن بە سوورەتی "النصر"- درابوو، وەک یەکەم چوارچێوەی فەرمی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توند لەگەڵ داواکارییە سیاسییەکانی کورد دێتە ئەژمار. لە کردەوەدا، ئەم پرسە بووە هۆی بەهێزبوونی بەستێنی ئەمنیی بۆ پارێزگاکانی کوردستان. هەروەها ڕێگای خۆش کرد بۆ ململانێی بەربڵاو، سەرکوتی سەربازی و بەرتەسککردنەوەی کەشوهەوای مەدەنی و سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

لە دەیەکانی دواتردا، ئەم نەخشەیە تەنیا بە جوگرافیای ناوخۆی ئێرانەوە سنووردار نەبوو، بەڵکوو ڕەهەندی سنووربەزاندنیشی تێپەڕاند. یەکێک لە نموونە دیارەکان، تیرۆرکردنی چالاکانی کورد لە کاتی دانوستانەکانی ڤیەننا لە مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٩٨٩ کە بوو بە هۆی شەهیدکردنی کەسایەتییەکانی وەک دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو - سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - و هاوڕێیانی. ئەم کارەساتە کە لە چوارچێوەی گفتوگۆ سیاسییەکاندا ڕوویدا، لەلایەن زۆرێک لە شیکەرەوان وەک نموونەیەک لە بەکارهێنانی توندوتیژیی لە ژێر پەردەی دیپلۆماسیدا لێکدراوەتەوە.

چەند ساڵ دواتر، بە ڕووداوی تیرۆری میکۆنۆس لە ساڵی ١٩٩٢ لە بەرلین، جارێکی دیکە سەرنجی بیروڕای گشتی و دامەزراوە دادوەرییەکانی ئورووپا بۆ سەر ئەم شێوە کردەوە تیرۆریستییانە ڕاکێشرا. لەم تیرۆرە ناجوانمێرانەدا، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، شەهید دکتۆر سادق شەرەفکەندی، لەگەڵ چەندین سەرکردە و تێکۆشەری کورد شەهید کران. دەرەنجامە یاساییەکانی ئەم ڕووداوە، بەتایبەتی لە دەزگای قەزایی و دادوەریی ئەڵمانیا، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ئورووپایی لێکەوتەوە؛ بەجۆرێک کە هەوڵ و ئەنجامی ئۆپەراسیۆنە دەرەکییەکانی ڕژێم، سەروەری و بواری ئەمنیی وڵاتانی ئورووپایی خستە ژێر پرسیارێکی بێ وڵام!

جگە لەوانەش، چەندین ڕاپۆرت لەسەر سەدان کردەوەی تیرۆریستی یان هەوڵە تیرۆریستییەکان لە دژی چالاکوانانی کورد لە وڵاتانی ئورووپا، هەرێمی کوردستان و باقی وڵاتانی ناوچەکە بڵاوکراونەتەوە. ئەم حاڵەتانە، چ ڕاستەوخۆ لەلایەن مۆرەکانی خودی ڕژێم و چ لە ڕێگەی هێزە «نیابەتییەکان» وەک بەشێک لە کردەوە و هەوڵە ستراتیژییەکان بۆ ملکەچکردن و کۆنترۆڵی ئۆپۆزسیۆنی کورد لێکدراونەتەوە. ئەم دیاردەیە، جگە لە پێشێلکارییە سیاسی و یاسا نێودەوڵەتییەکان، لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خاکەلێوەی ٢٧٢٦**

بواری مافەکانی مرۆڤ و تێکدانی ئاسایش و ئارامی، بووەتە باس و بابەتی گرنگ لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و وڵاتانی پەیوەندیدار بەو کێشە و گرفتانەوە.

لە ساڵانی دواییدا، سەبارەت بە ڕەهەندی سەربازیی ئەم سیاسەتانە لە شێوازی هێرشە مووشەکییە بالیستییەکان و فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان بۆ سەر ناوچە سنوورییەکان، بەتایبەتی بۆ سەر کەمپی پەنابەران و چالاکانی کوردی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان، تێبینی لەسەر کراوە. ئەم هێرشانە کە زۆرجار قوربانیی مەدەنی و زیانی مرۆیی لێکەوتووەتەوە، لەلایەن ئێرانەوە وەک دابینکردنی بەشێک لە "ئەمنییەت و ئاسایشی نەتەوەیی" پاساوی بۆ هێنراوەتەوە! کەچی ئەو هێرشانە، پێشێلکاریی ئاشکرای سەروەریی ئەو وڵاتانە و سەرەڕۆیی ئەو ڕژێمە دەسەلمێنێت!
جگە لەوەش، هەندێک لە شیکارییەکان ئاماژە بە ڕۆڵی هێزی هاوپەیمان و نیابەتییەکانی ئێران لە ناوخۆی عێراق دەکەن کە دەستیان لە هێرشکردنە سەر ژێرخانی ئابووری و شوێنی نیشتەجێی خەڵکی سڤیل و مەدەنی لە هەرێمی کوردستاندا هەبووە و هەیە! ئەم دۆخە بووەتە هۆی گرژی و ئاڵۆزیی زیاتری بواری ئەمنیی و تەنانەت ناسەقامگیریی پەیوەندییە سیاسییەکان و هەروەها نەریتی هاوسێیەتیی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی ناوچەکە.

لە ناوخۆی عێراقیش، پرسی ناوچە جێناکۆکەکان، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی لە چوارچێوەی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقیدا پێناسە کراون، گرنگییەکی تایبەتییان هەیە. هەندێک ڕاپۆرت و بۆچوونەکان ئاماژە بە هەوڵدان بۆ گۆڕینی پێکهاتەی دیمۆگرافیی ئەو ناوچانە، کە بە "تەعریب" ناسراوە، بە زیانی کورد دەکەن. هەرچەندە ئەم پرسە ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی هەیە، بەڵام لە چوارچێوەی کێبڕکێی ئێستادا هەروا وەک بابەتی جێی مشتومڕ ماوەتەوە.
لە کۆتاییدا، دەکرێت بگوترێت کە پەیوەندیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ پرسی کورد، زیاتر لە چوار دەیە، بە شێوەیەکی سەرەکی وەک ڕەوتێکی ئەمنییەتتەوەر پێناسە کراوە. ئەم بۆچوونە، لە سەرکوتی ناوخۆییەوە تا ئۆپەراسیۆنە دەرەکییەکان، و هەروەها هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەکتەرە هەرێمییەکان دەگرێتەخۆ. لەگەڵ ئەوەشدا، بەردەوامبوونی ئەم دۆخە نەک تەنیا بۆ چارەسەری بنەڕەتیی کێشەکە یارمەتیدەر نەبوو، بەڵکوو لە زۆر حاڵەتدا هۆکاری دروستبوونەوەی گرژی و بێمتمانەییش بووە. لەو ڕوانگەیەوە، هەندێک لە شارەزایان جەخت لەسەر پێویستیی گواستنەوە لە ڕەوتە ئەمنییەتتەوەرەکان بۆ چارەسەری سیاسی و وتووێژتەوەر دەکەن کە لەسەر بنەمای دانپێدانان بە مافە نەتەوەییەکانی کورد (بە جەختکردنەوە لەسەر جوگرافیا، مێژوو و شوناسی نەتەوەیی) وەک ڕێگەیەک بۆ سەقامگیری، پێکەوەژیان و گەشەسەندنی بەردەوام لە کوردستان و تەواوی ناوچەکە دەبێت دروست بکرێت.

**١٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بیناکردنەوەی نێوەڕۆکی چەمکی مەرگ و ژیاندنەوەی نەتەوەیەک





ئەبووبەکر کاروانی

قسەکردن لەسەر شەهیدبوونی پێشەوا، شەهیدانی دیکەی کۆمار، خودی کۆماری کوردستان و ناسیۆنالیزمی کوردی، کۆیەکی لەیەکجیا نەکراون و خوازیاری عەقڵ و بیرکردنەوەیەکی پێکهاتەخوازی ناسادەیە. تێکەڵبوونی چەندین چەمک و پرسی جۆراوجۆر لەگەڵ یەکتر، خوازیاری بیرکردنەوەیەکی هەمەلایەنەیە. چونکە ئەوەی باسی دەکەین ڕاستە لە مێژوودا ڕووی داوە، بەڵام ڕووداوێکی ئاسایی نەبوو. پێش هەموو شتێک، ڕووداو بوو؛ ڕووداو وەک چەمکێکی فەلسەفی لە پێشهات جیایە،

بە حوکمی ئەوەی تەنیا لە ناو مێژوودا ڕوونادات، بەڵکووو مۆرک و ڕەنگ و ئاراستە و واتاش بە مێژوو دەبەخشێت. لێرەشەوە دەتوانین باسکردن لە دیاردەی مێژوویی بێنینە کایەوە؛ دیاردە بە واتای تێپەڕاندنی حاڵەت و دۆخی تێپەڕو، و قسەکردن لەسەر ئەو بەستێنانەی مێژووسازن و بەرجەستەی وەرچەرخانی مێژوویی دەکەن. هەر مێژوو واتا بەم نادات، بەڵکوو ئەمیش لە ناسنامەدان بە مێژوو و قۆناغی مێژووییدا بەشدار دەبێت.

دەمەوێت بڵێم ئێمە لەم یادەدا باس لە ڕووداوێکی مێژوویی فرەڕەهەند دەکەین، کە زیاتر لە لقێکی فەلسەفە و ئایین و ئەدەب و هونەر بەشدارن لە پێکهێنان و واتاپێدانیدا. هەربۆیە دەبێت بەشداریش بن لە خوێندنەوە و تێگەیشتن و دیاریکردنی ئاسۆکانیدا.

بۆ ئەوەی یاد و ڕووداوەکە تەنیا ڕووخسارێکی سیاسیی ڕووت بەخۆوە نەگرێت، بەڵکووو ڕەگە قووڵە فەلسەفی و ئاینی و ڕۆحی و هونەرییەکانی ئامادەبن. ئەم دیدە ئەگەر بەگشتی و بۆ ڕووداوە هاوشێوەکانی نەتەوەکانی ترش ڕاست بێت، بۆ کورد ڕاستتر و پێویستترە، چونکە لە سۆنگەی دۆخی بێدەوڵەتییەوە، نەتەوە بەو جۆرەی ئەنتوان سەعادەی سەرۆکی پارتی نەتەوەیی سووری لە کتێبی «سەرهەڵدانی نەتەوەکان»دا دەڵێت؛ هێندەی کائینێکی زیندووی ڕۆحی و فەرهەنگییە. فەرهەنگ و زمان و بەهاکان بەشداری لە خەملاندنیدا دەکەن.

ناسیۆنالیزمی کوردی هەوڵ دەدات لە ڕێی خەملاندنی وشیارییەکی بەکۆمەڵ، ڕۆڵەکانی لە دەوری ئامانج و خەمی هاوبەش کۆ بکاتەوە؛ دیاردەیەکی سیاسی - جوگرافیی تەنیا نییە. ئەم خۆ پێناسەکردنە لە دۆخی سەختی بەربەرەکانی و بەرەڤانی نەتەوەییدا، وادەکات کورد و ناسیۆنالیزمەکەی لە یەک کاتدا لە هەوڵی ئەوەدا بن بچنە ناو مێژوو و خۆیان لە چنگی ڕزگار بکەن.

لێرەشەوە دەتوانین باس لە زیاتر لە فۆرمێکی مێژوو و دژایەتیی ئەم فۆرمانە بۆ یەکدیی بکەین. هەروەها پشت بەو دیدە فەلسەفییە مێژووییە کۆنکرێتییە هەمەلایەنە بکەین، کە مێژوو وەک کۆیەکی دابەشنەکراو و تەومێکی چارەسەرنەکراوی ئاراستە بۆی دیاریکراوی پێشوەختە دەبینێت، کە بە حوکمی ئەم تێگەیشتنە، بەهێزەکان لەسەر ئاستی نەتەوە و دەوڵەت و مەڵبەندە شارستانییەتەکان، ڕوح و نێوەڕۆک و ئاراستەی دیاری دەکەن. نەتەوەیەکی بێدەوڵەت و زەبرچێشتوو وەک کورد، لەم دیدە مێژووییە تۆتالیتارەدا یەکسانە بە هیچ.

لە کاتێکدا مێژوو خۆی سەلماندی - لە کەمتر لە سەدەی ناسیۆنالیزمی خوێناویی خۆرهەڵاتدا، واتە سەدەی بیستەم -



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خاکەلێوەی ٢٧٢٦**

توانی بەرگەی یەکێ لە توند و تیژترین هەوڵەکانی نەتەوەسازیی باڵادەست و هەوڵی تواندنەوە و شوێنبزرکردنی لە مێژوودا بگرێت. بە زیندوو مانەوەی یادی پێشەوا و درێژەدان بە دەستگرتن بەو ئامانجانەی ئەو هاوڕێبازانی بۆی تێدەکۆشان و مکوڕبوون لەسەر بەدیهێنانیان، بەڵگەن لەسەر ئەوەی خستمانە ڕوو.

هەربۆیە کاتێک مێژوونووسیی نەتەوەی باڵادەست هەوڵ دەدات مەرگی ئەوان بۆ ئاستی مردنی فیزیکی بچووک بکاتەوە -کە یەکسانە بە بوونەوە بە خاک و خۆڵ و لەبیرچوونەوە- و دامەزراندنی کۆمار لە ماهییەتە نەتەوایەتییەکەی دابڕێت و بکاتە پەیکەری خیانەت، ناسیۆنالیزمی کوردی ئەوان دەکات بە گیانێکی ڕووت و دەیانکات بە بەشێک لە فەزایەکی مەجازیی ڕۆحی، بەڵکوو بە ئەفسانە. واتە سنووری عەقڵیشیان پێ دەبڕێت و دەیانگەیەنێتە مەملەکەتی خەیاڵێکی دەستپێڕانەگەیشتوو.

لەم ڕوانگەوە و بەم هەستە میتۆدی و فکری و ئەخلاقییەوە، دەخوازین لەم بۆنەدا بەشداربین لە کردنەوەی دەرگا و پەنجەرەیەکی نوێ بۆ قسەکردنێکی ئایندەیی جیاواز و قووڵتر لەسەر بابەتەکە لەلایەن توێژەر و بیرمەندە بەتوانا و گەنجە کوردەکان. لەپێناو ئەوەی ڕەگ و پاڵپشتێکی تیۆریی قووڵتری خۆماڵی بە ناسیۆنالیزمی کوردی ببەخشین، زیانناسی بۆ بەشێکی گرنگ لەو زەبرە مێژووییانە بکەین کە لە ڕابردوودا ئایدۆلۆژیا -بەتایبەتی چەپ- بابەتەکەشمان لە ڕوانگەی وەڵامدانەوە بە دوو پرسیاری مەنهەجی و جددی دەخەینە ڕوو:

یەکەم لە ڕوانگەی فەلسەفەی مێژووەوە، چۆن ١٠ی خاکەلێوە مانا و مەفهومی «مردن»ی لە فەرهەنگی سیاسیی کورددا گۆڕی؟ دووهەم چۆن شیکاری بۆ ئەم تێپەڕینە بکەین لە کایەی «نەبوونی فیزیکی»یەوە بۆ «بوونێکی مێژوویی و ڕەمزی»، کە تێیدا مەرگی پێشەوا دەبێتە چرکەساتی لەدایکبوونەوەی نەتەوە؟

بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارانە دەبێت بە باس و خواس لەسەر چەمکی مەرگ و بیناکردنەوەی نێوەڕۆکەکەی لە پەیوەندی بەم بابەتەوە دەست پێبکەین، بۆ ئەوەی مەرگ یەکسان نەبێت بە فەوتانی یەکجارەکی و لەبیرچوونەوە؛ و بەڵکووو لەوەش زیاتر، یەکسانی مەرگی فیزیکیی کۆی زیندەوەران -و لەوانەش مرۆڤ- فرەڕەنگی چەمکەکەمان بیر نەباتەوە. بەو واتایەی کە باس دێتە سەر جۆری مردن و مەرگەکان و بەستنەوەیان بە کاریگەری و ئاسەوارەکان لە دوای مردووەکان، دەتوانین باس لە مەرگەکان بکەین. چونکە لە ئاستە ڕۆحی و ئەخلاقییەکەدا هەمووان وەک یەک ناژین تاکو وەک یەک بمرن؛ ژیانی جیاواز، مەرگ و مردنی جیاوازیشی بەدوادا دێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خاکەلێوەی ٢٧٢٦**

مەرگ یاخود مردن، هەمیشە بابەتێکی ئایینی، فەلسەفە، ئەدەب و هونەر بووە، بە حوکمی ئەوەی پرسێکی وجودییە. بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ تێکەڵ بە خەیاڵدان و دەروون و ڕەهەندە میتافیزیکییەکەی مرۆڤ بووە. یەکێ لە ئەرکە گەورەکانی ئایین و فەلسەفە و ئەدەب و هونەر، بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، واتادان بووە بە مردن، بۆ ئەوەی مرۆڤ بەرگەی ژیان بگرێت؛ چونکە جۆری تێگەیشتن لە مردن، شکڵ بە جۆرێکی ژیانکردن دەدات. لەو چوارچێوەیەدا، وێناکردن و واتادانە فکری و دەروونی و ڕۆحییەکان ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لەوەی مردن نەک تەنیا نەبێتە مێردەزمە و مۆتەکەیەکی هەمیشەیی، بەڵکوو بگۆڕێت بە پردی پەڕینەوە بەرەو دنیای هێمایی و نەمر و فۆرمێکی پێگەیشتووتری ژیان. بەم جۆرە، مردن تەنیا کۆتایی نییە، بەڵکوو سەرەتایە بۆ ژیانێکی هەمیشەیی کە تێیدا مردن دەمرێت و مرۆڤ لەم کەم و کورتییە وجودییە ڕزگاری دەبێت.

چەمکی شەهیدیش، بە هەردوو واتاپێدانە ئیسلامی و نەتەوەییە هاوچەرخەکەوە، یەکێکە لەو چەمکانەی کار لەسەر دووبارە بیناکردنەوەی نێوەڕۆکی چەمکی مەرگ دەکات؛ مردنی ئامانجدار و پەیامدارانە دەگۆڕێت بە فۆرمێکی تر لە ژیانێکی بەردەوام و ڕەمزیی هەتاهەتایی.

دیارنەمانی بوونی فیزیکیی مرۆڤی شەهید یەکسان نییە بە لەدەردانی هەتاهەتایی، بەڵکوو پانتاییەکی زەینی و ڕۆحییە بۆ دووبارە لەدایکبوونەوەیەکی جاویدانە. بەو واتایەی، لە کاتێکدا بکوژ و وەردیانەکان وا دەزانن لوتکەی هێز و غرووری خۆیان لە کردەی شەهیدکردندا بەسەر جەستە و ڕۆحی شەهید پیادە دەکەن، لەو ڕاستییە بێئاگان کە بەم کارەیان بۆ هەتاهەتایە دەسەڵات و هەژموونیان بەسەریەوە لەدەست دەدەن. چونکە ئیدی قۆناغی ژیانی مەعنەوی و واتایی لە ویژدانی ئەوانیدا دەست پێ دەکات؛ بەوەش شەهید لە هەموو شوێنێکدا هەیە و لە هیچ شوێنێکیشدا نییە. بۆ ڕەمزە گەورەکانی هاوشێوەی پێشەوا و شەهیدەکانی دیکەی کۆماریش، مەسەلەکە لە ویژدانی تاکەکەس تێدەپەڕێت بەرەو قووڵایی ویژدانی بەکۆمەڵ و نەتەوەیی، کە گوزارشتە لە کەسێتیی مەعنەویی نەتەوە لە دۆخی هەستکردن بە کەرامەتدا.

شەهید لەم چوارچێوەدا هەست و خەون و خۆزگە و ئاوات و خەیاڵە، لە عەقڵ و ڕۆح و ویژدانی ڕۆڵەکانی نەتەوەدا بە گشتی. ئەوەش کورت و پوخت ئەو شتە بوو کە سەبارەت بە پێشەوا و هاوڕێبازەکان ڕوویدا. دیارە ڕەگی ئەم تێگەیشتنەش لە نەمریی شەهید و درێژەدان بە ژیان لە فۆرمێکی تری ئیلهامبەخشدا دایە. بە حوکمی زۆرینە موسڵمانبوونی کۆمەڵگەی کوردستان و بەیەکداچوونی عەفەوی و عەدالەتخوازانەی ڕۆحییەت و فەرهەنگی ئیسلامی و نەتەوەیی لە ئەزموونی ژک و کۆمار و کەسێتی پێشەوادا، بە فەرهەنگی دینیی ئێمەدا ڕۆچووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆ ئەگەر سەیرێکی قورئان بکەین و سەبارەت بە جۆری تێگەیشتن لە چەمک و دۆخی شەهیدبوون و مرۆڤی شەهید سەرنج بدەین، دەبینین هەوڵ دەدات دەستکارییەکی قووڵی تێگەیشتنی مرۆڤی باوەڕدار بۆ مردن و ژیان بکات؛ تێگەیشتنێک سنووری ژیان و مردنی فیزیکی تێپەڕێنێت و ڕەهەندێکی مەعنەوی و ڕۆحیی قووڵتری پێ دەبەخشێت. هەربۆیە شەهید لە «مردوو» بە واتای فیزیکی و جەستەییەکەی لەیەکتری جیادەکرێتەوە. داوا لە باوەڕداران دەکرێت شەهیدان بە مردوو پێناسە نەکەن، چونکە ئەوان میوانی خوادانن و لە فۆرمێکی کامڵتردا زیندوون و درێژە بە ژیان دەدەن؛ فۆرمێک لە ژیان کە مەرگ ئاسۆکانی دیاری ناکات و بەشداری لە نێوەڕۆک پێدانیدا ناکات، بەڵکوو بۆ هەتاهەتاییە. هەربۆیە بەرجەستەی ژیانێکی ڕاستەقینە دەکات، واتە قووڵایی ماناکانی ژیان لەو دایە.

لە دوای سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمیش، هاوشێوەی بەسکیۆلارکردنی زۆر چەمکەکانی تر لە چوارچێوەی مۆدێرنەی خۆرئاوادا، هەمان بۆچوون لە سیاقێکی چەمکسازی و دووبارە بیناکردنەوەی واتایی و ئەرکدارکردنی نوێدا دەبێتە بەشێک لەو گوتارەی مامەڵەی پێ لەگەڵ مەرگی تێکۆشەری نەتەوەیی و ئامانجدارانە دەکرێت.

ئەم تێگەیشتنەش دیدی مرۆڤ لە مردنی جەستەییەوە بەرز دەکاتەوە بۆ ئاستی مانەوە و زیندوویەتیی ڕۆح و بەردەوامبوونی ژیان لە فۆرمێکی باڵاتر لەوەی لە جەستەدا خۆی پیشان دەدات. مەرگی پێشەوا و شوێنی ئەو لە بیرکردنەوە و ویژدان و خەیاڵدانی مرۆڤ و کۆمەڵگەی کوردیشدا، بە کامڵترین شێوە، دەچێتە نێو ئەم چوارچێوەوە؛ واتە مردن لە مێردەزمە و مۆتەکەوە دەگۆڕدرێت بە دەروازەی نەمریی و درێژەدانێکی شکۆمەندانە و ئیلهامبەخش و هێمایی بە ژیان و مانەوە.

ئەوەی تایبەتمەندیی بەم مەرگە بێدەنگ و لە هەمان کاتدا کەرنەڤاڵیی و قووڵەی پێشەوا بەخشی، ئامادەبوونی چەمکی شەهید بوو بە هەردوو ڕەهەندی ڕۆحی و نەتەوەیی و ئیسلامییەکەیەوە. واتە ناسیۆنالیزم وەک چەمکێکی مۆدێرنی سکیۆلار، لە سۆنگەی گەشەکردنی بەرایییەکانی خۆی لە ئەزموونی کوردی لە ئامێزی تۆڕە سوننەتییە ئیسلامییەکەی کۆمەڵگەدا و دەرەنگ بە جەماوەرییبوون و کەمڕەنگبوونی چەپ لەو قۆناغەدا، یەکسان نەبوو بە دابڕان لە ئاماژە دینییەکانی شەهید؛ بەڵکوو زیادکردنی ڕەهەند و بارگاویکردنی بوو بە کۆمەڵێک ئاماژەی نوێ کە بەستنەوەی هەستی موسڵمانێتی بە جوگرافیایەکی دیاریکراو، ئەرکەکانی ناسیۆنالیزم دەیخوازێت.

پێشەوا لە ژیان و مەرگی ئازادانە و سووقراتانەی خۆیدا، ڕەمزی کەسێتییەکی کۆکەرەوە و دابەشنەبووی هەردوو ڕەهەندەکە بوو: موسڵمانێتی و کوردبوون، ناسیۆنالیستبوون و دیموکراتبوون، ویژدانی عەدالەتخوازی ئیسلامی و کۆمەڵایەتی، دڵ و عەقڵێکی هەرگیز نەخەوتوو بۆ ڕزگاری کورد و سەربەخۆیی کوردستان، لێبوردەیی بەرامبەر ئەوی دی ئاینی و مەزهەبی و

نەتەوەیی، و لەخۆبوردوویی جوامێرانە لەپێناو شکۆی نەتەوەدا.

هەموو ئەم ڕەگەز و سیمایانە لە دووتوێی کەسێتیی ئەودا بە جۆرێک ئاوێتە بوون کە لێکجیاکردنەوەیان ئاسان نەبوو. ئەو ڕەمزی سەردەمی پڕ لە ئازاری پێش سەرهەڵدانی دووانەییە نامۆ و دەستکردەکانی کوردەواری بوو. هەربۆیە تاکو ئێستاش، هیچ ئایدیۆلۆژیایەکی تاکڕەهەند نەیتوانیوە لە قووڵایی ناسنامە و ڕۆح و هەستی مرۆڤی کورد و کۆمەڵگەی کوردستان، شکۆ و ڕەمزبوون و ڕەوایەتی مێژوویی و هارمۆنییەتی ناوەکیی کەم بکاتەوە.

ئەمە جگە لەوەی بەرهەمی تایبەتمەندیی کەسێتیی خۆی بوو، ڕەنگدانەوەی سرووشت و ناسنامە و پێکهاتە و ڕۆحییەتی ژک و کۆمار و واقیعی مێژوویی کۆمەڵگە و ڕووە پڕشنگدارەکەی فەرهەنگی باوەکەی و شەڕکردن بوو لەگەڵ ڕووە نەرێتییەکەی، کە زۆرجار مردن دەگۆڕا بۆ سنوور و تەماحەکانی بنەماڵە و خێڵ و بەرژەوەندییە لۆکاڵەکان.

ئەوەی ئەم مەرگە ئازادە سووقراتیانەشی گۆڕی بە ژیانێکی هێمایی درەوشاوە لە مێژوو و یادەوەریی گشتی و ویژدانی دەستەجەمعی کوردیدا، دەستهەڵگرتن و بەرزبوونەوە بوو لەسەر حەز و خواستە تاکەکەسی و جەستەییە دابڕاوەکان، بۆ ئەرکە ئەخلاقییەکان. مەرگێک کە -وەک لە قەسیدەیەکدا بۆ یادی کۆماری کوردستان نووسیم- تیایدا پێشەوام بە مەسیحی کورد چوواندبوو، وەک ئاماژەیەک بۆ مردنی پێشەوا و خۆکردن بە قوربانی نەتەوەکەی؛ پووچەڵکردن و بێئەوەڕۆککردنی گێڕانەوەی دوژمن دەربارەی مردنەکەی، و بەرزکردنەوەی بۆ ئاسمانی نەمری و دووبارە گەڕانەوەی لەپێناو دادپەروەریدا.

مردنی پێشەوا، مردن بوو لە جیاتی هەمووان؛ ئەوەش پرسی مردن لەو بازنە دەردەهێنێت کە تێیدا یەکسانە بە دەستەوستانی لەبەرامبەر چارەنووسێکی سەپاو. ڕەگەزێکی ئازادی و ئیرادەی تێکەڵ دەکات و دەیکات بە «بەپیر مەرگەوە چوون». ئەم جۆرە تێڕوانینەش، کارتی ترساندن بە مردن لە دەستی زۆردار دەستێنێتەوە و دەیکات بە ئامرازێکی کەمکردنەوەی لاسەنگی هێز.

پێشەوا تەنیا سەرکردە نەبوو، بەڵکوو سەرمەشقیش بوو. بە گژمەرگدا چوو و نێوەڕۆکی تەقلیدی و سەپاوەکان هەڵوەشاندەوە و گۆڕی بە ئامرازێکی تر لە خەبات. مەرگی خۆی و هاوڕێبازەکانی، لە ڕەمزی نائومێدی گۆڕی بە دەستەچیلەی هەڵگیرساندنی شۆڕشی کەرامەت لە ویژدانی نەتەوەدا. بەمەش مەرگ نەک هەر بوو بە دەروازەی نەمری، بەڵکوو خسترا ناو قووڵایی ویژدان و یادەوەریی کۆمەڵگە؛ شوێنێک کە هیچ دوژمنێک بە ئاسانی دەستی پێ ناگات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## خاکەلێوەی ٢٧٢٦

لە سۆنگەی تێکەڵاو بوونی ناوی پێشەوا و کۆماری کوردستانیشەوە، کۆمار لە ئەزموونێکی سیاسیی کاتهەڵگیر گۆڕا بە ڕەمزێکی ئیلهامبەخش. بەمەش کۆمار ڕزگاری بوو لە مەترسی لەبیرچوونەوە و بوو بە خەونێکی ئایندە کە پێویستە بگەڕێتەوە. بەم جۆرە، کۆمار بوو بە «شەهیدێکی زیندوو»، ڕەمزی مافێکی زەوتکراو و ئیرادەیەکی مکوڕ. واتە بوو بە هێمایەکی وزەبەخش لە ناو ویژدانی دەستەجەمعی کورد. ئەمەش ئاماژەی قۆناغێکی نوێی گەشەی ناسیۆنالیزمی کوردییە؛ قۆناغێک کە مردنەکان لە سنووری خێڵ و ناوچە دەردەچن و بەرز دەکرێنەوە بۆ ئاستی نەتەوە. بەوەش کاتێک پێشەوا شەهید دەبێت، دەبێتە ڕەمزی هەموو کورد، نەک تەنیا ناوچەیەکی دیاریکراو.

١٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خاکەلێوەی ٢٧٢٦

# ئاناتومیی دێموکراسی بۆ ئێرانی داهاتوو





غالب حەبیبی

"بەبێ دابینبوونی دێموکراسییەکی شێلگیر و سەقامگیر لەئێراندا خودموختاری کوردستان بەرەوڕووی مەترسی دەبێتەوە، وێنای ئێمە لە دێموکراسی، واتە پلۆڕالیزم."

دوکتور قاسملوو

## پێش باس

بزاڤی نەتەوایەتی گەلی کورد و خەباتی هەشت دەیەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەردەوام ئاوێتەی هزری دێموکراسی بووە. ئەم چەمکە هەم لە ناوی حیزبدا و هەم دروشمگەلی ستراتژیک و دواڕۆژیدا ڕەنگی داوەتەوە و دەبێ هەر لەو ئاستەشدا هەوڵی وێژمانی و کردەیی بۆ بدات. گرینگیی ئەو بابەتە و پێداگریی حیزبی دێموکرات لەمەڕ کارکردی دێموکراسی ئەو لێڵی و ناڕوونییەی لەلای بەردەنگ درووست کردووە کە ئەگەر بەو ئاقارە بێ ئیتر پرسی نەتەوەیی دەکەوێتە پەراوێزەوە؛ بەڵام ئەوە پێشتر لە لایەن دوکتور قاسملووەوە ڕوون کراوەتەوە کە "خەبات بۆ دێموکراسی نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی یا خەباتی چینایەتی". یان ئەوەی کە؛ وەپێشدانی دێموکراسی لە دروشمی ستراتژیکیی حیزبدا بە واتای ئەوەی دێموکراسی هەمەکە (کلی) و خودموختاری هەندەکە (جزئی) نییە". گرنگیی دێموکراسی بۆ حیزبی دێموکرات و بزاڤی نەتەوایەتی لەم ڕۆژانەدا بە ڕاگەیاندنی "هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران" وەدیار کەوت. گرنگایەتیی ئەم ڕووداوە بۆ پرسی دێموکراسی و هەڵوێست و کاردانەوەی نەرێنیی بەرەی سەڵتەنەتخوازی، نێوەڕۆکی ئەو بابەتە پێکدێنێت.

## بیردۆزییەک

لە ئێستادا شەپۆلی چوارەمی دێموکراسی لە وڵاتانی نادێموکراتیک هاتووەتە بەرباس کە بە دێموکراسیی لانیکەمی دەناسرێ کە لەوێدا دەسەڵاتی سیاسی (دەوڵەت) لە ڕێگەی ڕکەبەرایەتی و بەشداریی حیزبە ئۆپوزیسیۆنەکان و تەنانەت دەستەبژێری نێو حکوومەتی لەسەرکاربوو دەست دەخرێت. ئەم پرۆسەیە تایبەت بە دەورانی تێپەڕ و پەڕینەوە بۆ دێموکراسی و پێداگری لەسەر ڕۆڵ و کارکردی دەستەبژێری سیاسی (حیزبەکان) دەکرێ کە دەسپێکی پرۆسەکە لە سەرێ بۆ خوارێیە. واتا، لێدانەواندن و سازانەکان هێزی جووڵێنەری پەڕینەوە بۆ دێموکراسییە. ئەم لێدانەواندن و هاوپێوەندییە دەبێ چین و توێژەکانی کۆمەڵگەش بگرێتەوە، بەڵام لەم بیردۆزەدا حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بە ڕێکخستن و بەسیجی سەرچاوەکان، یەکلاکەرەوە و چارەنووسسازن. کات و ساتی پەڕینەوەی لەم چەشنە، پڕە لە تەمتومان و شیمانە کە کردە و کردار ڕۆڵێکی گرنگتری لە بونیاد و فەرهەنگی سیاسی دەبێ. بە واتایەکی دی پێکهاتەی ئەکتەرگەلی سیاسی (حیزبەکان) و شێوازگەلی کردەی سیاسی دەتوانێ فەزای تێپەڕین بۆ دێموکراسی بەرهەڤ بکات. ئەم هەلومەرجە بۆ حیزبە ئۆپوزیسیۆنەکان چەشنێک ئیمکان و دەرفەتی سیاسی دێنێتە ئاراوە کە بتوانن لە بواری ڕێکخستن و یەکخستنی سەرچاوەکاندا خۆ بنوێنن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کورتە مێژوویەک

ئێران نزیک بە ١٢٠ ساڵە بەڕواڵەت خەریکی دارشتنی ژیانی سیاسیی و تەمرینی دێموکراسییە، بەڵام ئێستە تازە باس لە "هەڵگەڕانەوە بۆ بەرەی ڕاست" و "گەڕانەوەی پەهلەوی" لەنێو بەناو هەندێ ئۆپوزیسیۆن دەکرێ. ئەو هەموو ساڵە بە دەیان کتێب، ڕۆشنگەری و شیکردنەوە بۆ هۆیەکانی نەگەیشتن بە دێموکراسی وەک ئامانجی بنەڕەتیی گشت چالاکییەکیی سیاسی کراوە، کەچی نە فەرهەنگی سیاسیی دێموکراتیک هاتووەتە ئاراوە و نەک دامەزراوەگەلی سیاسیی ئەوتۆ. ڕەنگە یەکێ لە هۆکارە سەرەکییەکان ئەوە بێ کە فرەچەشنی و جۆراوجۆری ئێران لە بواری زمانی، دینی، نەتەوەیی و ئایدیۆلۆژیکی وەکوو کەتوار و پێشمەرجی ئەو پێشاژۆیە لەبەرچاو نەگیراوە. بۆیە وێڕای هەوڵی بچووکی مەشرووتەخوازان بۆ بنەجێکردنی یاسای "دامەزرانی ئەیالەت و ویلایەتەکان"، هەنگاوی ناتەواوی موسەدق بۆ "سەربەخۆیی سیاسی" لە بێگانە، شۆڕشی بەناو "شا و خەڵک-شۆڕشی سپی"ی حەمەڕەزاشا و درووشمی "سەربەخۆیی، ئازادی، کۆماری ئیسلامی"ی خومەینی، هیچیان دێموکراسییان نەهێنایەدی. حاتەم قادری، توێژەری زانستی سیاسی دەڵێ؛ گشت شۆڕش و وەرچەرخانەکانی ئێران تەنیا نێوەڕۆک و ناخیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و پێکهاتە و بونیادەکان هێشتا لەجێی خۆیانن و دەبێ لە نەزمی نوێی ئێراندا ئەو بونیادە نەگۆڕە گۆڕانکاریی بەسەردا بێ و فرەیی نەتەوەیی، زمانی و دینی لەبەرچاو بگیردرێ تاکوو شۆڕش بە واتای ڕاستەقینەی بێتە ئاراوە.

## دژبەرانی دێموکراسی لەئێراندا

مەبەست لە گۆڕینی پێکهاتەی سیاسیی لە ئێرانی داهاتوودا بەدیاریکراوی دوو دامەزراوەی سەرەکیی مێژووی دەسەڵاتی سیاسیی (دەوڵەت)یە کە بریتین لە ڕۆحانییەت و دەربار. ئەم دامەزراوەگەلە هەتا پێش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، ئاگایانە و نائاگایەنە، پاڵپشتیکەری یەکدی بوون. بەڵام لە کۆماری ئیسلامیدا وێڕای دامەزراوەی ویلایەتی فەقیهـ، تەواوکەری یەکدین. بۆیە جیاوازییەک لەنێوان سەڵتەنەت (دربار) و ویلایەتی فەقیهـ(بیت)دا نییە و پێکهاتە و بونیادی دەسەڵاتی سیاسیی (دەوڵەت) هەریەک شتە. هەڵبەت دامەزراوەی ئابووری (بازار) لە ئێراندا بەپێچەوانەی کارکردی زاتیی خۆی لە وڵاتانی دیکە کە دامەزراوەی نزیک لە پڕۆسەی دێموکراسییە، لە ئێرانی کۆماری ئیسلامیدا بوونی سوود و قازانجی ڕانتی ـ ماڵی بوو بە هاوپەیمانی دامەزراوەی ڕوحانییەت. بۆیە بونیادەکان نەگۆڕاون و تەنیا یەکیان چووەتە جێگەی ئەوی دیکە لە لووتکەی دەسەڵاتدا. ئەو گۆڕانە تێکچڕژاوە بە یارمەتیی و دەستێوەردانی وڵاتانی ئیمپریالیستی لە سەرێ بۆ خوارێ کراوە. واتە دارشتن و دامەزرانی دەوڵەتگەلێک کە هاوتەریبی قازانجە سیاسیی و ئابوورییەکانی ئەوان بێ و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەزمێک بێنێتە ئاراوە کە گۆڕانە کۆمەڵایەتی و وەرچەرخانە سیاسییەکان نەتوانێ گەورەترین دەسکەوتی کۆمەڵگەی مودێڕن کە دێموکراسییە لەو ناوچەیە سەقامگیر بێ.

ئەو دوو یان سێ هۆکارێتییەی نێو ئێران لە هەر جڤاکێکی سیاسی دیکەشدا دیاردەیەک بەنێوی یەکبوون بەڵام بە نێوەڕۆکی لەنێوبردنی گشت جیاوازی و لێکنەچوونێک لەپێناو ئەو بەناو یەکبوونە بەرهەڤ دەکات کە لەم سەردەمەی مێژووی سیاسی ئێراندا بە "هەڵگەڕانەوە بۆ ڕاست" و "میللیگەرایی"ناوزەد کراوە کە لە ئەساسدا دژ بە پلۆڕالیزمە، فرەییەک کە بەو تایبەتمەندییەی کە وەڵاتی ئێران هەیە شتێک نییە بێجگە لە هەمدیسان ڕەنێونان و بەرهەمهێنانەوەی سەرەڕۆیی و بە دەڵەمەیی مانەوەی دێموکراسی لە ئێراندا.

## هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکان

ئەو ڕووداوە گرنگایەتییەکەی لەوێدا دەردەکەوێ کە شەش ڕێکخراوی سیاسیی کوردستان کە ئایدیۆلۆژیی جیاواز، نوێنەرایەتی چین و توێژێک و ڕابردوویەک لە ململانێی سەخت و نەرمیان هەیە توانیویانە هاوپەیمانییەک پێک بێنن کە "وزە و ڕیزەکانی یەک خستووە" و" قورسایی و دەوری زیاتری بە بزووتنەوەی سیاسی" لە کوردستان بەخشیوە تاکوو چلۆنایەتیی داڕشتنەوەی ئێرانی داهاتووی پێی هێڵبەندی بکەن. ئەم ئەزموونە لە هاوپەیمانییە سیگناڵێک ڕوو بە ئێرانە کە؛ یەکەم، ناوەند لە ڕێی پەراوێزەوە ساخ دەبێتەوە و دووەم، ئەو ساخکردنەوەش بەبێ سازانی ئەو هێز و لایەنانەی نوێنەرایەتیی نەتەوە و ئایدیۆلۆژیی جیاواز دەکەن سەر ناگرێ. ئەم پرۆژە سیاسییە پەڕینەوە بەرەو دێموکراسییە. هەڵبەت سەرگرتنی سەرکەوتووانەی ئەو پەڕینەوەیە کە هاوپەیمانیی کوردستان بە "گشتگیر" و " ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە دیکتاتۆرییەک" پەسنی دەکا، بەندە بە و مامەڵەی ئەو هێزگەلە، هەڵسوکەوتێک کە لە مێژووی سیاسیی ئێراندا نەبووە و لە هەنووکەشدا هێزگەلی نادێموکراتیکی وەک سەڵتەنەتتەڵەب بەتەمان کە هەموو بابەت و کێشەیەکی دیکە زەق بکەنەوە تاکوو پرۆسەی دێموکراسیخوازی لە ئێراندا بە ئاکامی دڵخوازی نەتەوەکان نەگات.

## جەستەمەندبوونی دێموکراسی (بەرئەنجام)

ئەوە گوترا کە ئەگەر تاکوو ئێستا دێموکراسیی ئەوپەڕگری (حداکثری) لە ئێراندا کە بەرهەمی درێژخایەنی هێزە کۆمەڵایەتییەکانە نەهاتووەتە دی، بەڵام دەرفەت و لوانی دێموکراسیی لانیکەمی بەهۆی ڕێککەوتنی حیزبەکانەوە لەئارادایە. ئەم چەشنە لە هاتنەدیی دێموکراسی دەکرێ وەک جەستە و تەنی دێموکراسی چاوی لێ بکەی. ئەم توانایەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## خاکەلێوەی ٢٧٢٦

حیزبەکان بۆ دەستەبەری دێموکراسی لە توانایی ڕێکخستن و بەکارهێنانی سەرچاوگەلی ماددی و ناماددیدایە کە حیزبەکانی کوردستان لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا ئەزموونی سەرکەوتووی ئەو بانگەشەیەن کە کوردستان لە بواری سیاسیدا لە پێش ناوچەکانی ئێرانەوەیە. ئەم ئەزموونە سەرەڕای گەشە و ئامادەیی بەڵام هێشتا ئامانجی بنەڕەتیی خۆی کە هەمان ڕەوینەوەی مەترسیی لەباربردنی لەلایەن هێزەکانی ناوەندە نەهێناوەتە دی. ئەم مەترسییەش وەک لە وتەکەی دوکتور قاسملوودا هاتووە بە دابینبوونی دێموکراسی دەڕەوێتەوە.

گرەکوێرەی دێموکراسی لە ئێراندا نە لە نێوەرۆک بەڵکوو لە پێکهاتە و بونیادەکاندایە، بۆیە سەرەڕای مێژووی ١٢٠ ساڵەی ئێرانییەکان بۆ بنەجێکردنی ژیانی سیاسی دێموکراتیک بەڵام هێشتا ئەو هیوایە نەهاتووەتە دی. وا دیارە ئەم کێشەیە لە بونیاد و پێکهاتەی ئەو ژیانە سیاسییە دایە کە هەمزاد و هەمزاتی دەوڵەت . نەتەوە لە ئێراندایە و لەو ماوە دوورودرێژەدا دەستی بۆ نەبراوە و لە زۆر بواردا بە هێڵی سوور و تاوان دانراوە. ئەو دەوڵەتە هیچ کات ئامادە نەبووە دەسەڵات دابەش و دان بە فرەیی ئێراندا بنێ. لەو پێوەندییەدا حیزبەکان بەهۆی کارکردی بنەڕەتییان بۆ گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسیی و پێگەیینی سیاسەتەکانی حکوومەت، دەکرێ و دەبێ هەوڵی جیددی بۆ داڕشتنەوەی ئەو دەسەڵاتەی ناوەند بدەن کە هۆکار و بەربەستی سەرەکی جێگربوونی دێموکراسی لە ئێراندا بووە. حیزبگەلێک کە بە پلەی یەکەم نوێنەرایەتیی نەتەوەکان و ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکان دەکەن و پاشان هێزی مۆبیلیزکردن و بەکارهێنانی سەرچاوگەلی هەبێ. ئەم دۆخە لە ناوچەکانی دەرەوەی کوردستان بەگشتی و ناوەند بەتایبەتی بەهۆی جیاجیا، لاوازە و لەجیاتی حیزبایەتی، "کیشی شەخسییەت" باڵادەستە و ئەو دیاردەیەش لەم ڕۆژانەدا لە ڕەزا پاڵەوی بەرجەستە کراوە.

کەواتە، ئەگەر بارودۆخی هەنووکەیی ئێران لە بەردەم وەرچەرخانێکی گەورە دایە و نامانهەوێ بونیادەکانی پێشوو هەروا بەردەوام بن و ناکرێ سەدەیەکی دیکەش چاوەڕێ ململانێی هێزە کۆمەڵایەتی . ئابوورییەکان بین تاکوو دێموکراسی بەدی بێنن، لێدانەواندن و ڕێکانەی حیزبە سیاسییەکانی نەتەوەکانی ئێران کە نوێنگەی پلۆرالیزمی سیاسی وەڵات دەنوێنن، فرەیی و هەمەچەشنییەک دێنێتە ئاراوە کە ڕێگەی گەیشتن بە دێموکراسی لانیکەمی بە تێچوویەکی کەم دەستەبەر دەکات.

١٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦

# هێزی بەکرێگیراو





**ئاسۆ مێنبەری**

له گەرمەی شەڕ و ئاڵۆزییەکانی ناچەکەدا و لەو کاتەدا کە فڕۆکەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ئۆپەراسیۆنی هاوبەشدا خەریکی بوردومانی ئێرانن و تەنگیان بەو ڕێژیمە دژەمرۆییە هەڵچنیوە، کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دوایین پەلەقاژەکانی خۆی بۆ مانەوە، لە بواری میدیاییشدا بێدەنگ دانەنیشتووە و بە بڵاوکردنەوەی زنجیرەفیلمێک، خەریکی ڕەواییدان بە دەستدرێژییەکانی بۆ سەر وڵاتانی ناوچە و هاوکات سەرکوتی خەڵک لە نێوخۆی ئێرانە!

لەو کاتەدا کە هێڵەکانی ئینتێرنێت پچڕاون و خەڵکی نێوخۆی ئێران بە بارمتە گیراون و هەموو جۆرە پێوەندییەکیان لەژێر چاوەدێریی چڕدایە و هیچ دەستڕاگەیشتنێکیان بە دنیای دەرەوە نەماوە، دەنگوڕەنگی سەرکوتکاری ڕێژیم بە بڵاوکردنەوەی فیلم لە چوارچێوەی ئیدئۆلۆژیی خۆیدا خەریکی چەواشەکردنی ڕاستییەکانە. فیلمی "روشنایی شب"، نوێترین بەرهەمی دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامییە کە جیا لەوەی تێیدا هەوڵ دراوە کورد و حیزبە کوردستانییەکان وەک تێرۆریست بناسێنێ، یەکێک لە ئامانجەکانی زەفکردنەوەی ژن وەکوو سووژەیەکی سەرەکی لە ڕووداوەکانە.

لەسەر بەشی یەکەم کە باس لە پرسی کوردە، دەرفەت زۆرە و زۆر جار باس لەو بابەتە کراوە کە حەقیقەتی بزووتنەوەی کوردی لە کوردستان، وێژمانێکی ڕزگاریخوازانەیە و کورد وەک نەتەوەیەکی بندەست هەمیشە هەوڵی داوە خۆی لە دیلی و بندەستی ڕزگار بکات و بۆ ئەم مەبەستەش هەمیشە ڕێگەی خەباتی ڕەوای لەبەر گرتووە. ئەوەی لەم وتارەدا باسی لێ دەکرێت، کەڵکوەرگرتن لە بوونی ژن وەک سووژەیەکی سەرەکییە. لەم فیلمەدا کە وا پێدەچێت بەسێکی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" بێت هەوڵ دراوە کە ژنێکی سەر بە ڕێژیم وەکوو کەسایەتییەکی ڕزگاریدەر نیشان بدرێت، بۆ ئەم مەبەستە ژنێک لە پێگەی مۆرەیەکی ئیتلاعاتیی ڕێژیمەوە کە نوێنەرایەتیی ڕێژیم دەکات، وەک کەسێکی زیرەک و کارزان ڕۆڵ دەگێڕی کە لە خزمەت دەزگای سەرکوتدایە.

لەم فیلمەدا چەمکی "ژنی بەهێز" دەستی بەسەردا گیراوە و نیشان دراوە کە ژنی بەهێز ژنێکە کە هەوڵی لەنێوبردنی دوژمن دەدات، بەرانبەر بە ڕێژیم وەفادارە و بەشێک لە ماشینی سەرکوت و دەزگای بەناو ئەمنییەتی ڕێژیمە. هەڵبژاردنی ژن وەکوو سووژەی سەرەکی، بۆ ئەوەیە کە ژن وەکوو کەرەستەیەک بۆ گێڕانەوەیەکی ئەمنییەتی بناسرێت. ئەم ژنە لە فیلمەکەدا تەنیا کەسایەتییەک نییە، بەڵکوو سووژەی ڕەواییدان بە ڕێژیمە و هەموو ڕۆڵی ئەو ژنە بە دەور ئەو بازنەیەدا دەخولێتەوە کە بتوانێ ڕەوایی بە دەزگا ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم بدا، سەرکوتکاری وەک ئەرکی نیشتمانی نیشان بدات و وەک هەستێک بیخاتە نێو جەماوەرەوە و لەلایەکی دیکەشەوە ڕوانینی ئەمنییەتی بەرانبەر بە نەتەوەی کوردیش، ئاسایی بکاتەوە. لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی بە کەڵکوەرگرتن لە شوناسی ژنبوون، هەوڵ دەدات گێڕانەوەی توندوتیژ، بۆ خەڵک ئاسایی بکاتەوە کە ئاسانتر بتوانن قەبووڵی بکەن، چونکە لە یادگەی بەردەنگدا، ژن زیاتر لەگەڵ ئاشتی و ژیان لە پێوەندیدایە. لە شۆڕشی ژینادا، بەربڵاوبوونەوەی دروشمی سەرەکی کە هەڵقوڵاو لە ساڵانێک سەرکوتی ژن، ژیان و ئازادی بوو، پرسی ژنی کوردی زۆر بەتایبەتی کردە ڕۆژەڤ و ئەمەش وای کرد ڕێژیم کاردانەوەی جیاواز نیشان بدات و چەند دروشمی ئیدئۆلۆژیک لەم چوارچێوەیەدا و لە بەرانبەر دروشمە سەرەکییەکەدا بڵاو بکاتەوە. لە نوێترین کاردانەوەشدا، بەم فیلمە خەریکی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دروشمێکە کە مێژووی تایبەتی هەیە و هەڵقوڵاو لە ویست و داخوازی نەتەوەیەکە. لە وێژمانی ژن، ژیان، ئازادیدا، ژن سووژەیەکی سەربەخۆیە، ژن لەو شۆڕشەدا ڕەخنەگری سەرەکیی دەسەڵات و خوازیاری

## خاکەلێوەی ٢٧٢٦

گۆڕانە و نە تەنیا پارێزەری نەزمی داسەپاوی دەسەڵات نییە، بەڵکوو کەرەستەی دەستی هێزی باڵادەستیش نییە.

لە ڕاستیدا ئەم فیلمە هەوڵ دەدات "ژنی بەهێز "پێناسە بکاتەوە، بەڵام ئەم هێزە، هێزێکی بەکرێگیراو لە سیستمێکی ئەمنییەتییە، نە هێزیکیی سەرچاوەگرتوو لە وشیاری و ئازادی.

لە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادیدا، ژنی بەهێز لە بەرانبەر سەرکوتدا خۆڕاگری دەکات، جەستە و ژیانی خۆی وەردەگرێتەوە و گێڕانەوە فەرمییەکان تووشی ئاڵنگاری دەکات. ژنی دڵخوازی ڕێژیم لەم فیلمەدا ژنێکی گوێڕایەڵە، لە کاتێکدا کە ژنی ڕاستەقینەی نێو کۆمەڵگەی ئێران، ژنێکی ناڕازی، وشیار و مافخوازە. ئەم فیلمە هەوڵێکە بۆ پێناسەکردنەوەی "ژنی دڵخوازی ڕێژیم"، ئەویش لە کاتێکدا کە ئەو پێناسەیە بەتەواوەتی تێک چووە. لە ڕاستیدا، زیرەکیی ئەم ژنە (کە زیرەکییەکە لە ڕوانگەی ڕێژیمەوە و بینینی فیلمەکە زۆر شت دەردەخات) تەنیا هەوڵێک بۆ جوان نیشاندانی سەرکوتە! ئەم جارە ڕێژیم هەوڵی داوە سەرکوت لە سیما و جەستەی ژنێکدا نیشانی بەردەنگ بدات نەک لە سیمایەکی توندوتیژ و پیاوانەدا. ئەم چەشنە لە پڕوپاگەندە تەنیا دەچێتە خانەی ئاخرین پەلەقاژەکانی ڕێژیمێکەوە کە سەرسەخترین دوژمنی ژنان لە ساڵانی ڕابردوودا بووە.

ئەم بەرهەمە نوێیەی ڕێژیم هەوڵێکە بۆ ئەوەی لە بەرانبەر ژنی ڕزگاریخوازی بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"دا، ژنێکی گوێڕایەڵی بەهێز بخولقێنێ کە لە جیاتی هەوڵدان بۆ ئازادی، هەوڵ بۆ پاراستنی دەزگای سەرکوت دەدات. دەزگایەک کە تەنیا لە مانگی بەفرانباردا هەزاران ژنی بە تاوانی نارەزایەتیدەبڕین کوشت.

١٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دەستپێکی هەرەسهێنانی بەرە بەرەی کۆماری ئیسلامی



نیوزویک – موهاناد سەلووم

و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

بەرزکردنەوەی پلەی موجتەبا خامنەیی هەر ئێستا وەک بەڵگەی بەردەوامبوونی پێکهاتەی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی لێک دەدرێتەوە، واتە ڕێژیم خۆی لەبەر شۆکێکی دیکە ڕاگرتووە و درێژەی بە ڕێگای خۆی داوە. ئەو لێکدانەوەیە هەڵەیە. ئەوەی ڕووی داوە بەردەوامبوون نییە. ئەوە ساتەوختێکە کە کۆمارێکی شۆڕشگێڕ، کە لە دژی پاشایەتی دامەزرابوو، دەسەڵاتی هەرە بەرزی کردە پرسی میراتی بەرەباب. کاریگەریی وێرانکەری ئەو دژوازییە گەلێک درێژمەوداتر لە هی بۆمبارانەکان دەبێت.

سیستەمی ئێران بە شێوەیەک داڕێژرابوو، لانی کەم لە تیۆریدا، کە شتێکی بەولاوەتر لە میرات بێت. شۆڕشی ١٩٧٩ دەسەڵاتی پاشایەتی پشتاوپشتیی ڕووخاند. یاسا بنەڕەتییەکەی دەڵێت ڕێبەر دەبێ لە لایەن ئەنجومەنی پسپۆڕان و بە گوێرەی پێوەرەکانی لێزانیی، خوداپەرستیی، لێکدانەوەی سیاسی و لێوەشاوەیی بەڕێوەبەریی، دیاری بکرێت. بە گوێرەی ە

ڕاپۆرت، عەلی خامنەیی بۆخۆی دژی بەربژێر بوونی کوڕەکەی بوو، چونکە ئەو نەیدەویست لە دەوڵەتێکدا کە ئاکامی ڕووخاندنی پاشایەتی بووە، بەرەو دەسەڵاتداریی میراتی بڕوات. کۆمارێکی شۆڕشگێڕ دەتوانێت خۆی لە جەنگ دەرباز بکات، بەڵام ئەو ناتوانێت بە هاسانی لەوە ڕزگار بێت کە ببێتە ئەو شتەی گوتبووی جێگرەوەیەتی.

ئەوەی ڕووی دا ئاڵوگۆڕێکی ئاسایی بە گوێرەی یاسای بنەڕەتی نەبوو. بە گوێرەی چەند سەرچاوە، سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دانانی موجتەبا خامنەیی وەک ڕێبەر یەکلاکەرەوە بووە، کە ئەوە لەخۆیدا دەرخەری ئاستی لادان لە پرەنسیپی جێگرەوەی ئایینی بەرەو بەڕێوەبەریی ئەمنییەتییە. ئەوە خاڵی یەکلاکەرەوەیە. کاتێک پیاوانی چەکدار کاریگەرییان لەسەر دەسەڵاتی دادوەریی هەبێت، ئەنجومەنی پسپۆڕان چیدیکە نابێتە یەکەیەکی بڕیاردەری هەڵبژاردن. ئەوە زۆرتر دەبێتە مۆرێکی ڕووکەشی بەسەر بڕیارێک کە لە شوێنێکی دیکەوە دراوە.

کەسایەتی موجتەبا خامنەیی گیروگرفتەکە قووڵتر دەکاتەوە. ئەو قەت بەرپرسایەتییەکی دەوڵەتی لە ئەستۆ نەبووە. ئەو دەرگاوانی باوکی بووە، لە ماوەی زیاتر لە دوو دەیەدا پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ سپای پاسداران هەبووە و بەشێوەیەکی بەرفراوان وەک کەسێکی توندئاژۆی دژی پەیوەندیی ڕیفۆرمخوازەکان لەگەڵ ڕۆژاوا بووە. وەک ئالێکس وەتەنخاهی سەر بە ئەنستیتۆی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست ئاماژەی پێ کردووە، "موجتەبا پلەکەی قەرزباری سپای پاسدارانە و لەبەر ئەو هۆیە ئەو ناتوانێ وەکوو باوکی، ڕێبەری گەورە بێت." ئەوە دەسەڵاتی پێ دەبەخشێت. ئەوە نابێتە هۆی دەستڕاگەیشتن بەو پلە ئایینییە دانپێدانراوەی کە خوازیارییەتی، دروست ئەو شتەی قەرار بوو ڕەوایی بە بەڕێوەبەرایەتییەکەی بدات. بەدەسەڵات گەیشتنەکەی ڕەوایی شۆڕشگێڕانە بە پشتگیریی ڕایەڵەی دەسەڵات و ئەمنییەتەوە دەگۆڕێتەوە. ئەو دەتوانێ داوای گوێڕایەڵیی بکات بەڵام بە شێوەی ئۆتۆماتیک ناتوانێ فەرمانی باوەڕی ئایینی بدات. ئەو دامودەزگای باوکی بە میرات دەگرێت، بەڵام ناتوانێ لە میراتی ئەفسانەی باوکیدا بەشدار بێت.

موجتەبا خامنەیی لە نەگونجاوترین کاتدا دەستبەکار دەبێت. بە گوێرەی ڕاپۆرت ئەو لەو هێرشەدا کە کرایە سەر باوکی بریندار بووە، موجتەبا خامنەیی هێشتا لە چاوپێکەوتنێکی فەرمیدا نەدیتراوە و پەیامەکەی بە بۆنەی ساڵی نوێی فارسی (نەورۆز) لە سەر تێلێگرام بە نووسراوە بڵاو کرایەوە، لەجیات بەرەوڕووی خەڵک. لە کاتێکدا جەنگی دەوروبەری ناوبراو بووەتە هۆی کوژرانی گەلێک لە کەسایەتییە پلە بەرزەکانی ناو هێزە سەربازییەکان، هەواڵگریی و دامودەزگا ئەمنییەتییەکانی ئێران، کە لە ئاکامدا جێگرتنەوەکە لە کاتێکدا ڕوویدا کە ئێران بەرەوڕووی زەختی لە ڕادەبەدەری دامەزراوەیی بووەتەوە. ئەوەی ماوەتەوە کابینەیەکی جەنگیی بەرەو توانەوەیە کە لە ڕێبەرێکی ناحازرەوە هاڵاوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ئەوە بۆ ئەولای تاران بە چ مانایەکە؟

ئاسەوارە ناوچەییەکان ئەو شوێنەیە کە تووشی زەرەری ستراتیژیک دەبێت. ڕایەڵەی میلیشیای هاوپەیمانی ئێران و هێزە بەکرێگیراوەکانی قەت تەنیا بە هاژەک و دراوەوە لەسەر پێ نەبوون. ئەوان پشتیان بە کۆمارێکی ئیسلامییەوە بەستووە کە خۆی وەک ناوەندی پرسێکی نێودەوڵەتی دەبینێت، پرسێک کە لەسەر بەرگریی، قوربانیدان و ڕەوایی ئایینی دامەزراوە. کاتێک دەسەڵاتی گەورە بە ئاشکرا بۆ میراتی بەرەباب و هاوسۆزیی زۆرەملێ دادەبەزێت، ئەو ئیدیعا ئایدیۆلۆژیکییە بنکۆڵ دەبێت.

بڕوانە گۆڕانکارییەکان لە سەرانسەری ڕایەڵەکەدا. دوای هێرشەکانی ئیسرائیل لە ٢٠٢٤، حیزبوڵڵا، لایەنێک کە لە هەمووان زیاتر گرێدراوی ڕەوایی ئایینی ویلایەتی فەقێیە (ئەو دۆکترینە کە لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا لە ١٩٧٩ بە دامەزراوەیی کرا، کە لە نەبوونی ئیمامی دوازدەهەمدا دەسەڵاتی باڵای سیاسی هی مەلایەکی پلەبەرزی شیعەیە کە بە نوێنەرایەتی ناوبراو حوکمڕانی دەکات) هەر ئێستا وێران بووە. لە ژێر سەرۆکی ئێستایدا، نەعیم قاسم، جووڵانەوەکە هێشتا گوێڕایەڵبوون بۆ وەلی فەقێ وەک ئەرکێکی ئایینی سەیر دەکات، نەک ئاسانکارییەکی سیاسیی ئاسایی. جێگرتنەوەیەکی بنەماڵەیی دروست ئەو ئیدیعا ئایینییە بنکۆڵ دەکات کە دەسەڵاتی تارانی بە سەر جووڵانەوەکەدا کردووەتە شتێکی زیاتر لە پرسی مامەڵە کردن. بەپێچەوانە، حوسییەکان لە نەریتێکی زەیدی دیاریکراوەوە هەڵقوڵاون (لقێکی ئیسلامی شیعە، کە بە شێوەی نەریتی لە یەمەن و چەند بەشێکی باکووری ئێران هەن، کە دان بە ڕێبەریی بۆ نەوەکانی سەلمێنراوی عەلی و فاتیمە بەهۆی لێهاتوویی و چالاکی دادەنێن تا میراتگریی نەگۆڕ کە تایبەتمەندییەکی سەرەکی شیعەی دوازدە ئیمامییە). ئەوان کەمتر ڕاستەوخۆ بە دۆکترینی مەلایی تارانەوە بەستراونەوە، ئەگەرچی دەسەڵاتی ئێرانییەکان گەشەی ئایدیۆلۆژیکی و سەربازیی ئەوانی داڕشتووە. بۆ ئەوان ئاڵوگۆڕی جێگرەوە کاریگەریی کەمتری لە سەر کردارەکانیان دەبێت، بەڵام هۆکاری زۆرتر بۆ سەیر نەکردنی تاران، لە لایەن ئەوانەوە، وەک خاوەن دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژیک دەستەبەر دەکات. میلیشیاکانی عێراق دەکەونە دۆخێکی بەینابەینی، بە هەندێک لایەنەوە کە بەرەو هەڵوێستێکی نەتەوەپەرستانەی زۆرتر یان ئەقڵانییەتی پارێزگارانە دەچن، کە ڕێبەرێکی گەورەی لاواز لەجیات ئافراندنی ئەو ڕێچکەیە، خێراتری دەکات.

ئاکامە گریمانە بۆ کراوەکە ئەوە نییە کە سەرجەم لایەنە میلیشیاییەکان لەناکاو جیا ببنەوە. ئەوە زۆرتر بەو مانایەیە کە بواری ئایدیۆلۆژیکی هاوتەریب بوون لەگەڵ تاران کاڵتر دەبێتەوە. لەگەڵ تێپەڕینی کات، ڕایەڵەکە لە جیات جووڵانەوەیەک، زۆرتر دەبێتە تاقمێک بریکار، نوێنەری بازرگانیی و بەستراوەی ئاسایشی. ئەوە دەسەڵاتێکی هەژارترە و

بەخێو کردنەکەی پڕتێچووتر، بە تایبەت بۆ دەوڵەتێک کە هەر ئێستا لە ژێر ئابلۆقەی سەربازیی و ئابووریدایە.

## بنەماکانی هەرەسهێنان

کۆماری ئیسلامی قەت تەنیا بە زۆرەملێ کردن حوکمڕانی نەکردووە. سپای پاسداران، میلیشیای بەسیج، سێمینار و ڕایەڵە ناوچەییەکان هەموویان بەو بیرۆکەیە دەژیان: کە ئەوان تەنیا خزمەتی دەوڵەتێک ناکەن، بەڵکوو هی پەرگالێکی ئایینی لە ژێر چاوەدێریی مەلایەکی لێهاتوو. ئەو ئیدیعایە لە ترۆپکەکە بسڕەوە و دامەزراوەی ژێرەوەی تایبەتمەندییەکەی دەگۆڕێت. سپای پاسداران کەمتر دەبێتە پارێزەر و زۆرتر وەک دانەری ڕێبەری گەورەی لێدێت. دامەزراوەی مەلاکان لە سەرچاوەی دەسەڵاتەوە دەبێتە کۆڕێک بۆ پەسەند کردنی دەسەڵات پاش دانانی. ئەو لێکۆڵەرانەی بەدواداچوون بۆ سیاسەتی سپای پاسداران دەکەن چەند ساڵە هۆشداریی دەدەن کە دەسەڵاتی ڕەهای سپای پاسداران دەتوانێت کۆماری ئیسلامی بکاتە دەوڵەتێکی سەربازیی کە تەنیا تۆزقاڵێک ڕەوایی ئایینی دەبێت. بەرزکردنەوەی پلەی موجتەبا خامنەیی ئەو چرکەساتە بوو کە ئەو هۆشدارییە چیدیکە وەک تیۆری نەما.

ئەوە بە مانای هەرەسهێنانی دەستبەجێ نییە. حکوومەتە ملهۆڕەکان دەتوانن ماوەیەکی زۆر پاش درزکەوتن لە بناغە ئایدیۆلۆژیکییەکەیان درێژە بە مانەوە بدەن. ڕێژیم کاکڵێکی سەختی لە لایەنگران و توندئاژۆیانی وەها ڕێکخراوی هەن کە بتوانن نارەزایەتییەکان سەرکوت بکەن. بەڵام ڕێژەی لایەنگرانی گەلێک لەو ئاستە نزمترە کە کۆماری ئیسلامی سەردەمێک هەیبوو. لە هەڵبژاردنی مارچی ٢٠٢٤ بۆ پەرلەمان و ئەنجومەنی پسپۆڕان، تەنیا ٢٥ میلیۆن لە کۆی ٦١ میلیۆن ئێرانیی خاوەن مافی دەنگدان دەنگیان دا، پاش ئەوەی شوڕای نیگابان پێشیان بە بەربژێر کرانی ناوەندییەکان و ڕیفۆرمخوازەکان، لە ناویاندا سەرۆککۆماری پێشوو حەسەن ڕۆحانی بۆ هەر ئەو دامەزراوەیە گرت کە ئەرکی هەڵبژاردنی ڕێبەری گەورەی لە ئەستۆیە. ڕێژیم هێشتا دەتوانێ بەرگریکارانی بورووژێنێت. بەڵام گەلێک لەو ئیدیعایە دوورە کە نوێنەرایەتی ئاپۆڕای جەماوەر دەکات.

ڕێژیمێک کە نەتوانێت ڕەواییەکەی نوێ بکاتەوە ناچارە چاوەدێریی بە قەناعەت پێهێنان، پارێزگاریی بە کاریزما و میلیتاریزەکردن بە هاوسەنگیی دامەزراوەیی بگۆڕێتەوە. ئەو بەزەبرتر، بەڵام لە هەمان کاتدا ناسکتریش دەبێت. ڕێبەرانی زۆرتر لەمەڕ ئاسایشی نەتەوەیی دەدوێن چونکە کەمتر دەتوانن بە ناوی بایەخە شۆڕشگێڕییەکانەوە قەناعەت بە خەڵک بێنن. ڕاستکردنەوەی هەڵەکانیان دژوارتر دەبێت چونکە دانپێدانان بە هەڵە هەڕەشەیە بۆ سەر ئەو بنەما تەنکەی دەسەڵات کە ماویانە. جێگرەوە بە گوێرەی بەرەبب سیستەمی ئەوتۆ بە نەرم و نیانی لاواز ناکات. ئەو بە چەقبەستوویی، گومانداریی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خاکەلێوەی ٢٧٢٦**

و بەسترانەوەی هەرچی زۆرتر بە دامودەزگای داپلۆسێنەرە کە لە یەکەم شوێن دەبێتە هۆی ئافراندنی گیروگرفت.

هێرشی ئاسمانی ڕەنگبێ زەرەر بە ڕێڕەوی فڕین، بەندەرەکان، ناوەندەکانی فەرماندەیی و ژێرخانی نەوتی ئێران خێراتر لە هەرجۆرە دژوازییەکی نێوخۆیی بدات. بەڵام وێرانیی فیزیکی زۆرجار دەکرێ نۆژەن بکرێنەوە. ئەفسانەی سیاسی ناتوانێت نۆژەن بکرێتەوە. کۆماری ئیسلامی بە ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتداریی بە میراتگیراو سەری هەڵدا و دەسەڵاتی مەلایانی تێکەڵی باوەڕی ئایینی کرد و بەڵێنی دا ڕەواییەکەی لە بایەخە ئیسلامییەکانەوە سەرچاوە بگرێت، نەوەک خوێن. بە بەرزکردنەوەی پلەی موجتەبا خامنەیی، پەیامێکی دیکە نێردراوە: کە لە ساتەوەختی یەکلاکەرەوەدا، شۆڕش بوو بە پرسێکی بنەماڵەیی. ڕەنگبێ موجتەبا خامنەیی ملکەچیی بۆخۆی مسۆگەر بکات. ئەو ڕەنگبێ تەنانەت تەمەنی سیستەمەکە درێژ بکاتەوە، بەڵام کۆمارێکی شۆڕشگێڕ کە ڕوو دەکاتە دەسەڵاتی بنەماڵەیی، توانایی خۆڕاگرییەکەی پێشان نادات. ئەوە دەستپێکی هەرسهێنانی وردە وردەیەتی.

**١٨ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئەبووبەکر کاروانی: پێشەوا تەنیا سەرکردەیەک نەبوو کە مێژووی نووسییەوە، بەڵکوو خۆی بوو بەو مێژووەی کە هەموو کوردێک دەبێت تێیدا خۆی بدۆزێتەوە



**وتووێژ: شەهرام سوبحانی**

## ئاماژە:

لە ساڵیادی شەهیدبوونی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیەکانیدا، پێویستمان بە خوێندنەوەیەکی جیاواز هەیە کە لە سنووری گێڕانەوەی کلاسیکیی مێژوویی تێپەڕێت و بچێتە ناو قووڵایی فەلسەفەی وجوودی و شوناسی نەتەوەییەوە. بەڕێز ئەبووبەکر کاروانی، وەک بیرمەند و سیاسەتمەدارێکی دیاری کورد، لەم وتووێژە تایبەتەدا تیشکی خستۆتە سەر ڕەهەندە شاراوەکانی مەرگی پێشەوا و کۆماری کوردستان.

کاروانی بە دیدێکی "پێکهاتەخوازی فەلسەفی"، چەمکی مەرگ لە حاڵەتێکی بایۆلۆژیی کاتییەوە دەگۆڕێت بۆ "ڕووداوێکی مێژووساز"؛ ئەو پێی وایە مەرگی پێشەوا تەنیا کۆتایی ژیانێکی فیزیکی نەبوو، بەڵکوو چرکەساتی لەدایکبوونەوەی هوشیاریی نەتەوەیەک بوو کە لە چنگی مێژووی تۆتالیتار ڕزگاری کردین. کاروانی لەم باسەدا، بە وردی شیکاری بۆ ئەو "ئاشتکردنەوەیە" دەکات کە پێشەوا لە نێوان ناسیۆنالیزمی مۆدێرن و ویژدانی ئایینی کۆمەڵگەی کوردیدا دروستی کرد، و چۆن توانی مانا تەقلیدییەکانی "شکست" بگۆڕێت بۆ "سەروەری و ڕەمزی هەتاهەتایی."



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم وتووێژە تەنیا باسێک نییە لە ڕابردوو، بەڵکوو نەخشەڕێگەیەکی فیکرییە بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن "کۆماری شەهید" وەک وزەیەکی مەعنەوی لە ئێستا و داهاتووی تاکی کورددا دەژی و دەبێتە بەربەستێکی ستراتیژی لە بەرانبەر هەر هەوڵێکی سڕینەوەی فەرهەنگی و نەتەوەیی.

**شەهرام سوبحانی:** مامۆستا چۆن دەکرێت لە ڕێگەی دیدێکی "پێکهاتەخوازی فەلسەفی" و "مێژوویی"یەوە، خوێندنەوەیەکی جیاواز بۆ یاد و مەرگی پێشەوا قازی و هاوڕێیەکانی بکرێت، کە تێیدا مەرگ لە حاڵەتێکی بایۆلۆژیی کاتییەوە بگۆڕدرێت بۆ "ڕووداوێکی مێژووساز" و ببێتە بزوێنەری شوناسی نەتەوەیەکی بێدەوڵەت لە بەرانبەر مێژووی تۆتالیتاردا؟

**ئەبووبەکر کاروانی:** لە ساڵیادی شەهیدبوونی پێشەوا و براکانیدا، دووپاتە دارشتنەوەی نێوەرۆکی چەمکی مەرگ و پرسی ژیانەوەی نەتەوەیەک، پێویستی بە جۆرە تێفکرینێکی پێکهاتەخوازی ناسادە هەیە. قسەکردن لەسەر کۆماری کوردستان و ناسیۆنالیزمی کوردی وەک دوو ڕەهەندی لێکنەپچڕاو، داوای دیدێکی هەمەلایەنە دەکات؛ چونکە ئەوەی لە مێژوودا ڕوویدا، تەنیا "پێشهاتێکی" ڕووت نەبوو، بەڵکوو "ڕووداو" بوو بە واتا فەلسەفییەکەی. ڕووداو لێرەدا تەنیا چوارچێوەی کات پڕ ناکاتەوە، بەڵکوو مۆرک و ئاراستە و واتایەکی نوێ بە مێژوو دەبەخشێت.

لێرەوەیە کە ئێمە دەتوانین باس لە "دیاردەی مێژوویی" بکەین؛ تێپەڕاندنی دۆخە کاتییەکان بەرەو ئاسۆیەکی مێژووساز کە وەرچەرخانە گەورەکان بەرجەستە دەکات. ئەم یادە ڕووداوێکی فرەڕەهەندە کە فەلسەفە، ئایین، ئەدەب و هونەر پێکەوە واتای دەدەنێ. بۆ نەتەوەیەکی بێدەوڵەتی وەک کورد، نەتەوە تەنیا قەوارەیەکی سیاسی نییە، بەڵکوو وەک "ئەنتوان سەعادە" دەڵێت: "کائینێکی زیندووی ڕۆحی و فەرهەنگییە". ناسیۆنالیزمی کوردی لێرەدا دەبێتە پرۆسەی خەملاندنی هۆشیارییەکی بەکۆمەڵ کە دەیەوێت لە یەک کاتدا بچێتە ناو مێژوو و خۆیشی لە چنگی زەبروزەنگە مێژووییەکان ڕزگار بکات.

ئێمە لێرەدا پشت دەکەینە ئەو ڕوانگە کلاسیکە و کۆنکریتەی کە مێژوو وەک تەوژمێکی پێشوەختە دیاریکراو دەبینێت، کە تێیدا تەنیا "بەهێزەکان" و "خاوەن دەوڵەتەکان" خاوەنی ڕۆح و نێوەرۆکن. لەو جۆرە مێژووە تۆتالیتارانەدا، نەتەوەیەک وەکوو کورد وەک "هیچ" هەژمار دەکرێت. بەڵام سەدەی بیستەم و بەرگریی کورد لە بەرانبەر تواندنەوەدا، پێچەوانەی ئەمەی سەلماند. مانەوەی یادی پێشەوا باشترین بەڵگەیە کە مێژوونووسیی نەتەوەی باڵادەست شکستی هێنا لەوەی شەهیدبوونی ئەوان وەک "مردنێکی فیزیکی" و "ونبوون لە خاکدا" وێنا بکات. ناسیۆنالیزمی کوردی مەرگی ئەوانی کردە گیانێکی ڕووت و ئەفسانەیەک کە سنووری عەقڵی بڕی و چووە نێو مەملەکەتی خەیاڵی جاویدانەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خاکەلێوەی ٢٧٢٦**

**بۆ ئەوەی ئەم یادە لە ڕۆخسارە سیاسییە ڕووتەکەی دەربچێت، دەبێت لە ڕوانگەی دوو پرسیاری مێتۆدییەوە سەیری بکەین:**

**١- گۆڕانی مەفهوومی مەرگ: چۆن ١٠ی خاکەلێوە مەرگی لە "نەبوونی فیزیکی"یەوە گۆڕی بۆ "بوونێکی ڕەمزی" کە تێیدا مەرگی ڕابەر دەبێتە چرکەساتی لەدایکبوونەوەی نەتەوە؟**
**٢- شەهید وەک فۆرمێکی باڵای ژیان: چۆن وێنەی مەرگ لە مۆتەکەیەکی ترسناکەوە گۆڕدرا بۆ نەمری، و ئەم تێڕوانینە چۆن لەنێوان گوتاری ئایینی و ناسیۆنالیزمی مۆدێرندا یەکی گرتەوە؟**

**ژیانی جیاواز، مەرگی جیاوازیشی بەدوادا دێت. مەرگ لێرەدا کۆتایی نییە، بەڵکوو سەرەتایەکە بۆ ژیانێکی هەمیشەیی کە تێیدا "مەرگ دەمرێت". چەمکی شەهید، چ بە مانا ئیسلامییەکەی و چ بە مانا نەتەوەییە هاوچەرخەکەی، دووپاتە مانا بە بوون دەبەخشێتەوە. کاتێک بکوژەکان وا دەزانن بە لەداردان کۆتاییان بە پێشەوا هێنا، لەو ڕاستییە بێئاگان کە هەر لەو چرکەساتەوە هەژموونی خۆیان بەسەر ئەودا لەدەست دا؛ چونکە شەهید لە ویژدانی بەکۆمەڵدا دەبێتە "هەموو شوێنێک" و لە ژیانێکی مەعنەویدا نیشتەجێ دەبێت.**

**ڕەگی ئەم نەمرییە لە فەرهەنگی ئایینی ئێمەشدا قووڵە. قورئان جەخت دەکاتەوە کە شەهیدان بە مردوو ئەژمار نەکەن، چونکە ئەوان لە لای پەروەردگاریان زیندوون. ئەم تێگەیشتنە مێتافیزیکییە، لە ناسیۆنالیزمی کوردیشدا (هاوشێوەی بەسیکیولارکردنی چەمکەکان لە خۆرئاوا) ڕەنگی دایەوە. مەرگی پێشەوا لە ویژدانی جڤاکی کوردیدا، مەرگی جەستەیی تێپەڕاند و بوو بە دەروازەی شکۆمەندی.**

**ئێمە دەخوازین لەم یادەدا، پەنجەرەیەکی نوێ بۆ توێژەرانی گەنج بکەینەوە تا بە ڕوانگەیەکی تیۆریی خۆماڵی، زیاننناسی بۆ ئەو زەبرە مێژووییانە بکەن کە ئایدۆلۆژیا و ململانێ حیزبییەکان لەم ڕەوتە نەتەوەییەیان داوە، تا ناسیۆنالیزمی کوردی لەسەر بنەمایەکی فکریی قووڵتر بینا بکەینەوە.**

**شەهرام سوبحانی: پێشەوا قازی محەممەد چۆن توانی لە ڕێگەی مەرگە "سوقراتئاسا" و کەرنەڤاڵییەکەیەوە، پارادۆکسی نێوان "ناسیۆنالیزمی مۆدێڕن" و "ویژدانی ئایینی"ی کۆمەڵگەی کوردی ئاشت بکاتەوە و مانا تەقلیدییەکانی مردن لە خاڵی لاوازییەوە بگۆڕێت بۆ ڕەمزێکی نەمری و شکۆیەکی جەماوەری؟**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ئەبووبەکر کاروانی**: ئەوەی سیفەتێکی ناوازەی بەو کۆچە بێدەنگ و لە هەمان کاتدا کەرنەڤاڵیی و قووڵەی پێشەوا بەخشی، ئامادەبییەکی چڕی چەمکی "شەهید" بوو لە گشتێتیی خۆیدا؛ ئاوێتەبوونێکی دیالێکتیکی لەنێوان ڕەهەندە ڕۆحییە ئیسلامییەکە و ئاسۆیە نەتەوەییە مۆدێرنەکە. لێرەدا ناسیۆنالیزم وەک چەمکێکی سێکیولار، لە جیاتی دابڕان لە ڕەگ و ڕیشە دینییەکانی کۆمەڵگە، لەناو تۆڕە سوننەتییەکاندا گەشەی کرد. بەهۆی درەنگ بەجەماوەریبوونی ئایدیا چەپەکان لەو قۆناغەدا، ناسیۆنالیزمی کوردی نەک هەر لە ئاماژە ئایینییەکانی شەهید دانەبڕا، بەڵکوو چەمکی شەهادەتی بارگاوی کرد بە ماناگەلێکی نوێ؛ واتە گۆڕینی هەستی "موسڵمانێتی" بۆ "ئیرادەی سیاسی" لە چوارچێوەی جوگرافیایەکی دیاریکراودا.

پێشەوا لە ژیان و مەرگی ئازادانە و سوقراتانەی خۆیدا، بەرجەستەکەری کەسێتییەکی "کۆکەرەوە" بوو کە نەدەهاتە سەر دابەشبوون.

**ئەو خاڵی بەیەکگەیشتنی چەندین دژەباو بوو:**

- **کوردبوون و موسڵمانێتی:** وەک دوو توخمە ڕەسەنەکەی ناسنامە.
- **ناسیۆنالیزم و دێموکراسی:** وەک ئامراز و ئامانجی مۆدێرنیتەی سیاسی.
- **عەدالەتی ئیسلامی و کۆمەڵایەتی:** وەک ویژدانی بزوێنەری شۆڕش.

ئەم ئاوێتەبوونە هارمۆنییەی ناوەکی، پێشەوای کردە ڕەمزی سەردەمێکی زێڕین پێش سەرهەڵدانی دووانەییە ناتەبا و دەستکردەکانی دواتر. هەر بۆیە تا ئێستاش هیچ ئایدیۆلۆژیایەکی تاکڕەهەند و نامۆ نەیتوانیوە لە شکۆ و ڕەوایەتیی مێژوویی ئەو کەم بکاتەوە. ئەمە تەنیا بەرهەمی فەزیلەتە کەسییەکانی نەبوو، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی ڕۆحییەتی "ژ.ک" و واقیعی زیندووی کۆمار بوو؛ جەنگێک بوو لە دژی ئەو فەرهەنگە نەریتییەی کە مەرگی مەزنی کورت دەکردەوە بۆ ئاستی بەرژەوەندیی خێڵ و هەژموونە لۆکاڵەکان.

ئەوەی ئەم مەرگەی گۆڕی بۆ ژیانێکی هێمایی درەوشاوە لە ویژدانی دەستەجەمعیی کوردیدا، بڵندبوونەوەی ئۆنتۆلۆژیی پێشەوا بوو؛ تێپەڕاندنی حەزە جەستەییەکان و غەریزەی ترس لەپێناو ئەرکێکی ئەخلاقیی باڵاتردا. لێرەدا پێشەوا وەک "مەسیحی کورد" دەردەکەوێت؛ ئەو بە مەرگی خۆی، گێڕانەوەی دوژمنی پووچەڵ کردەوە و مەرگی فیزیکیی گۆڕی بۆ "نەمر بوون لە ئاسماندا"، تا وەک ڕێبەرێکی ئەبەدی بۆ چەسپاندنی دادپەروەری و ڕزگاریی یەکجاری بگەڕێتەوە ناو مێژوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مردنی پێشەوا و براکانی، "مردن بوو لەجیاتی هەمووان". ئەمە پرسی مەرگ لە چوارچێوەی "قەدەری سەپێندراو" دەردەهێنێت و دەیکاتە کردەیەکی ئازادانە. بە گوزارشتە مانیفێستۆییەکەی پیرەمێرد، ئەمە "بەپیر مەرگەوە چوون"ە. ئەم تێڕوانینە فەلسەفییە بۆ مەرگ:

١- کارتی ترساندن لە دەستی داگیرکەر دەردەهێنێت.
٢- لاسەنگیی هێزی ماددی لە ڕێگەی هێزی مەعنەوییەوە قڵپ دەکاتەوە.
٣- خاڵی لاوازی (فەنابوون) دەگۆڕێت بۆ خاڵی هێز (مانەوە.(

لە کۆتاییدا، ئەم مەرگە ڕێگەی گرت لەوەی "شەهیدەکان شەهید بکرێنەوە". واتە ڕێگری کرد لەوەی دوژمن لە ڕێگەی گێڕانەوەی چەواشەکارانەوە، مەرگی ئەوان لە مانا نەتەوەیی و ئەخلاقییەکەی خاڵی بکاتەوە. پێشەوا بە خوێنی خۆی، ڕاستییەکی مێژوویی چەسپاند کە نەک هەر مافی میللەتێک، بەڵکوو کرۆکە ئەخلاقی و ئینسانییەکەی دۆزی کوردیشی لە هەموو جۆرە شێواندنێکی مێژوویی پاراست.

**شەهرام سوبحانی**: ڕۆڵی پێشەوا قازی محەممەد لە گۆڕینی مانا تەقلیدییەکانی "شکست و مەرگ" بۆ "سەروەری و ڕەمزی نەتەوەیی" چی بوو؟ و چۆن توانی لە ڕێگەی شەهیدبوونی خۆی و کۆمارەوە، ئاسۆیەکی نوێ بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی و ویژدانی دەستەجەمعی تاکی کورد لە هەموو پارچەکاندا بکاتەوە؟

**ئەبووبەکر کاروانی**: پێشەوا قازی محەممەد، تەنیا وەک کارەکتەرێکی سیاسیی ڕێبەرایەتی نەکرد، بەڵکوو لە ڕێگەی "مرۆڤناسیی مەرگ"ـەوە، مەرگی خۆی گۆڕی بۆ کردەیەکی سەرمەشقانە. ئەو توانی ئەو مانا تەقلیدی و شێوێنراوانەی کە لەسەر جەستەی سیاسیی کورد سەپێنرابوون، هەڵوەشێنێتەوە و مانا لە نێو کایە کوردییەکەدا دابڕێژێتەوە. مەرگی ئەو، تەنیا کۆتاییەکی بایۆلۆژی نەبوو، بەڵکوو بوو بە ئامرازێکی "دیالێکتیکی" بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گوتاری هەژموونخوازی دەوڵەت - نەتەوەی سەردەست؛ ئەو دەوڵەتەی کە کورد وەک "ئەوی دی"یەکی بێ داهاتوو و وەک ئۆبژەیەک بۆ تێرکردنی غرووری ناسیۆنالیزمی باڵادەست دەبینێت.

وەسیەتە وتراو و نەوتراوەکانی پێشەوا، کە بە مەرەکەبی "دواهەناسە" و ڕوانینی قووڵی هاوسەنگەرانی نووسرانەوە، تراژیدیای مەرگیان لە ڕەمزی شکست و نائومێدییەوە (کە خواستی داگیرکەر بوو) گۆڕی بۆ پڕووشکەی بزوێنەری شۆڕشی کەرامەت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم پێناسەکردنەوەیەی مەرگ لە ڕێگەی:

- پێداگری لەسەر ئامانجە نەتەوەییەکان.
- ڕەتکردنەوەی گوتاری "خۆکەمبینین" و "هەست بە گوناهکردن."
- بەرپەرچدانەوەی ئاکاری ژێردەستەیی و کاسەلێسی.

بەمەش، پێشەوا مەرگی خۆی کردە دەروازەیەک بۆ نەمریی نەتەوەیی و ناوی خۆی لە قووڵایی ویژدانی جەمعیدا جێگیر کرد؛ بە چەشنێک کە بوو بە "تارماییەکی دادپەروەر" کە تا هەتایە خەو لە چاوی ستەمکار دەزڕێنێت.

بەهۆی تێکەڵاوبوونی گەوهەریی ناوی پێشەوا و کۆمار، کۆماری کوردستانیش لە چوارچێوەی ئەزموونێکی سیاسیی کاتی و سنووردار، گۆڕا بۆ "ڕەمزێکی مێتافیزیکی ". کۆمار لە ڕووداوێکی مێژوویی مەحکووم بە شوێن و کاتەوە، بوو بە خەونێکی کامڵ کە لە داهاتوودا چاوەڕوانی وەدیهاتنە. کۆمار ئێستا نەک هەر ئەزموونێکی ڕابردوو نییە، بەڵکوو وەک "کۆماری شەهید" و ئیرادەیەکی زیندوو لە ناو ڕۆحی نەتەوەدا گەورە دەبێت.

ئەم جۆشخواردنە مەزنەی ڕەمزەکان (پێشەوا و کۆمار)، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ گەیشتنی ناسیۆنالیزمی کوردی بە قۆناغی "سەروو - ناوچەیی" و "سەروو - حیزبی". لەم خاڵەدا، مەرگی پێشەوا و براکانی، سنوورە دەستکردەکانی "ڕۆژهەڵات" دەبەزێنێت و دەبێتە مانیفێستۆی کۆی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهاندا.

ئەم گوتارە نوێیە، نەک تەنیا پیلانی داگیرکەری بۆ کورتکردنەوەی کۆمار لە ناو مێژووی شارێکدا (مەهاباد) پووچەڵ کردەوە، بەڵکوو مانا و ناسنامەی کوردی وەک یەکەیەکی یەکگرتوو و دانەبڕاو لە لووتکەی مێژوودا جێگیر کرد.

**شەهرام سوبحانی**: پێگەی مێژوویی و سیمبولیی "پێشەوا" لە گوتاری ناسیۆنالیزمی هاوچەرخی کوردیدا چۆن دەخوێندرێتەوە، و شەهیدبوونی چۆن ڕەهەندێکی گشتگیر و نەتەوەیی بە پرسی کورد بەخشی کە لە سنووری تاکەکەس و ناوچەیی تێپەڕێت؟

**ئەبووبەکر کاروانی**: مێژوو وەک دادگایەکی باڵای حەقیقەت، ئەو ڕاستییەی لە مێمۆریای نەمریی خۆیدا چەسپاندووە کە پێشەوا قازی محەممەد، فۆرمێکی مێژووییە کە ناتوانرێت لە چوارچێوەی "شەهیدی جوگرافیایەکی دیاریکراو" یان "پارێزەری قەوارەیەکی سنووردار"دا کورت بکرێتەوە. فیداکاریی ئەو، تەنیا مانۆڕێکی سیاسی بۆ دەستەبەرکردنی ئۆتۆنۆمییەکی ناوچەیی نەبوو؛ بەڵکوو ئەو لە درەوشاوەترین وەرچەرخانی مێژووییدا، وەک شەهیدی تاقانەی سەربەخۆیی، دادپەروەری و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەرامەتی نەتەوەیی دەرکەوت. ئەو گەروویە بوو کە هاواری بێبەشی و ستەملێکراویی کوردی گەیاندە ئاستی "هەڵسانەوەی بووننناسیی نەتەوە."

ئەم گێڕانەوەیە کە بە زمانێکی تراژیدی و شکۆمەندانە (وەک شمشاڵی مەرگێکی ئازادانە) ژەنراوە، ئەوەندە بە قووڵی تێکەڵ بە ڕۆحی ناسیۆنالیزمی کوردی بووە، کە هەموو ئەو هەوڵە تاکتیکی و وردەواڵە ڕەخنەییانەی تێپەڕاندووە کە دەیانویست گومان بخەنە سەر ڕەوایەتیی ئەو پێگە سیمبۆلییە. چونکە پێشەوا لەو ساتەوەختەی بوو بە جەوهەری پڕۆژەی (ژ.ک) و کۆمار، لە "خودێکی بایۆلۆژی"یەوە گۆڕا بۆ "ناسنامەیەکی گشتگیر". مەرگی ئەو نەک کۆتایی، بەڵکوو بوو بە مانیفێستۆیەکی نەمری کە تێیدا ئازار، ئومێد و خۆڕاگریی کورد، فۆرمێکی باڵای "ئەزموونکردنی ئازادی"یان وەرگرت.

ئەگەر بە گوزارەیەکی هێگڵیانە و بە خوێندنەوەیەکی کوردی سەیری مێژوو بکەین، پێشەوا لە ساتەوەختێکی دیاریکراودا دەبێتە "ڕۆحی نەتەوە" لەسەر پشتی ئەسپە تیژڕەوەکەی مێژوو. شەهیدبوونی ئەو پڕۆسەیەکی "نەمان" نییە، بەڵکوو پڕۆسەی "بەجەوهەربوون"ە. ئەو ئاڵایەی لە سێدارەدا لە دەستی نەکەوت، لە ڕێی پەیمانێکی کۆمەڵایەتیی نوێوە گوازرایەوە بۆ پەنجە ڕۆحییەکانی نەتەوە و نەوەکانی داهاتوو.

ئەم وەرچەرخانە، تێگەیشتنی ئێمە بۆ "پەیمانی کۆمەڵایەتی" لە نێوان تاکی کورد و پێشەنگە ناسیۆنالیستەکان نوێ دەکاتەوە. لە غیابی دەوڵەتدا، پێشەوا دەبێتە ئەو جەمسەرەی کە ناسنامەی هاوبەشی کوردی لە دەوری کۆ دەبێتەوە. لێرەوە دەتوانین ژێرخانێکی فکریی خۆماڵی بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی دابمەزرێنین؛ ژێرخانێک کە تێیدا "شەهید" و "ڕەمز" دەبنە کەرەستەی پەروەردەی سیاسی و ئامرازی تێپەڕاندنی قەیرانە نێوخۆییەکان. پێشەوا وەک ڕەمزێکی "سەروو - ئایدۆلۆژیا" و "سەروو - حیزب"، دەتوانێت پایەکانی نەتەوەسازیی مۆدێرن لەسەر مەرجەعییەتی مێژوویی (ژ.ک و کۆمار) دووپاتە دابڕێژێتەوە.

پێشەوای شەهید دوای مەرگی، سەنگەری سەرکردایەتی چۆڵ ناکات، بەڵکوو تووشی جۆرێک لە "دۆنادۆنی نەتەوەیی" دەبێت. بە پێچەوانەی مانا ئایینییە کلاسیکییەکەی دۆنادۆن (کە تێیدا ڕۆح لە جەستەیەکی تاکەکەسەوە دەچێتە یەکێکی تر)، دۆنادۆنی پێشەوا "گشتگیر و فینۆمینۆلۆژی"یە. ڕۆحی ئەو ناچێتە ناو یەک تاکی دیاریکراوەوە، بەڵکوو دەچێتە ناو ویژدان، خەیاڵدان و ئیرادەی کۆیی نەتەوە. ئەو لە هەموو شوێنێکدایە؛ لە دەروونی پێشمەرگەیەکدا، لە ئومێدی منداڵێکدا و لە عەقڵی بیرمەندێکدا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو بەو مانایەی دۆرکهایم ئاماژەی پێ دەدات، سنووره تەسکەکانی "کەسێتیی بایۆلۆژی" تێپەڕاند و گەیشتە قۆناغی "مرۆڤی باڵا ". ئەو مرۆڤەی کە چیدی بۆ "خودی خۆی" ناژی، بەڵکوو ئینتیمای بۆ "خێری گشتی" و "مانەوەی نەتەوە" هەیە. پێشەوا تەنیا سەرکردەیەک نەبوو کە مێژووی نووسییەوە، بەڵکوو خۆی بوو بەو مێژووەی کە هەموو کوردێک دەبێت تێیدا خۆی بدۆزێتەوە.

**شەهرام سوبحانی**: ڕۆڵی مێژوویی و دەروونیی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی لە ڕزگارکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی لە پرۆسەی "تواندنەوە و مردنی کولتووری" چی بوو، و چۆن شەهیدبوونیان بووە بەربەستێک لە بەردەم نەتەوەسازییە سەرکوتکارەکەی ڕەزا شا و پاراستنی شکۆی تاکی کورد؟

**نەبووبەکر کاروانی**: پێشەوای شەهید، ژیانی خۆی نەک تەنیا وەک پێگەیەکی سیاسی، بەڵکوو وەک پرۆژەیەکی بوونگەرایی بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان تەرخان کرد. ئەو توانی ئیرادەی نەتەوەیەک لە کەسێتییەکی سیمبولیک و پێشەنگدا بەرجەستە بکات. شەهیدبوونی ئەو و هەواڵە تێکۆشەرەکانی، تەنیا کۆتاییەکی فیزیکی نەبوو، بەڵکوو وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو کە ناسیۆنالیزمی کوردی لە گەرووی "تواندنەوەی کولتووری" و پرۆسە توندوتیژەکانی نەتەوەسازیی دەوڵەت - نەتەوەی سەردەست دەرهێنا.

## ١- دروستکردنی مەودای فێنۆمینۆلۆژی و ستراتیژی

قوربانیی پێشەوا و هاوڕێیانی، مەودایەکی زەینی و ڕۆحیی لە نێوان "خودی کورد" و "ئەوی دی"ی سەرکوتکاردا دروست کرد. ئەم مەودایە بووە هۆی پەکخستنی میکانیزمە بێبەزەییەکانی پرۆسەی نەتەوەسازیی "ڕەزاشایی" کە ئامانجی سڕینەوەی ناسنامەی جیاوازی کورد بوو. بەمەش پێشەوا توانی مۆتەکەی "کۆتاییهاتنی مێژوویی کورد" تێکبشکێنێت و ڕێگری بکات لەوەی کورد ببێتە پاشکۆیەکی بێ ناسنامەی گوتاری ناوەندگەرا.

## ٢- بەدەروونیکردنی نیشتمان و پڕکردنەوەی بۆشایی وجودی

یەکێک لە دەستکەوتە گەورەکانی پێشەوا، گواستنەوەی چەمکەکانی (کوردستان، کۆمار، ئاڵا و شەهید) بوو لە کایەکی فیزیکییەوە بۆ ناو "خەیاڵدانی بەکۆمەڵ" و دەروونی تاکی کورد. ئەم کارە بووە بەربەستێکی دەروونیی پۆڵایین کە ڕێگەی نەدا نەتەوە لەناو گێژاوی بێدەوڵەتیدا تووشی هەڵوەشانەوە ببێت. لە غیابی قەوارەیەکی سیاسیدا، ئەو توانی جۆرێک لە

"پرێزبەندیی ڕۆحی" بە کۆمەڵگە ببەخشێت، تا لە بەرانبەر گوتاری نکۆڵیکاردا (کە کورد تەنیا بە "قەوم" و خێڵ دەبینێت نەک نەتەوە) خۆی ڕادەست نەکات.

### ٣- شکستی ستراتیژیی دوژمن و ژیانەوەی ناسیۆنالیزم

ئەگەرچی پێشەوا لە ڕووی فیزیکییەوە نەگەیشتە دوا مەنزڵی سەربەخۆیی، بەڵام توانی ستراتیژیی بنەڕەتیی نەیاران کە "سڕینەوەی یەکجارەکیی کورد" بوو، پووچەڵ بکاتەوە. گەشانەوەی هەستی نەتەوایەتی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو و تێکەڵبوونی ئامانجەکانی پێشەوا بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک، گەورەترین بەڵگەی سەرکەوتنی ئەم گوتارەیە.

### ٤- لە "بەرکار"ەوە بۆ "بکەر"؛ گەڕانەوە بۆ شکۆ

لەسەر بنەمای تێڕوانینە سارتەرییەکان، پێشەوا ڕێگەی نەدا تاکی کورد لە "بکەرێکی خاوەن ئیرادە و خەون، بگۆڕێت بۆ "بەرکارێکی" بێدەسەڵات کە تەنیا "ئەوانی دی"ی دەسەڵاتخواز نەخشەی بۆ بکێشن. ئەو ڕێگەی گرت لەوەی کورد تووشی "خونهۆمۆیی" و "گرێی هەست بە کەمی" ببێت. ئەم میراتە فکرییە، تاکی کوردی فێری ئەوە کرد کە بە شانازییەوە سەیری ناسنامەی خۆی بکات و وەک نەتەوەیەکی زیندوو، شکۆی مێژوویی و کولتووریی خۆی لە بەرانبەر هەژموونی ناوەندگەراییدا بپارێزێت.

**شەهرام سوبحانی**: پرۆسەی ناساندنەوەی کورد وەک گەشتێکی مەعریفی، چۆن لە ڕێگەی گۆڕینی 'ئازار' بۆ 'هۆشیاری' و 'واتا'، کار بۆ تێپەڕاندنی ناسنامە سەپاوەکان و زیندووکردنەوەی کەرامەتی نەتەوەیی و مرۆیی کورد دەکات؟

**ئەبووبەکر کاروانی**: پرۆسەی دووبارە ناساندنەوەی کورد، گەشتێکی مەعریفیی قووڵە بۆ تێپەڕاندنی ئەو شوناسە "فەرمییە" داسەپاوەی کە بەرهەمی نەتەوەسازییە توندوتیژەکان و جەبرە جیۆپۆلیتیکییەکانە. ئەم پرۆسەیە هەوڵێکە بۆ داڕشتنەوەی شوناسێکی نوێ لە دەرەوەی ڕەچەتەی دەوڵەتە ناوەندگەرەکان؛ شوناسێک کە گوزارشت لە جیاوازییەکی بوونگەرایی دەکات و کورد وەک بکەرێکی مێژوویی لە ئاستی جیهانیدا دەناسێنێت.

ئامانجی ئەم جووڵەیە، گەڕاندنەوەی "زیندوێتی"یە بۆ جەستەیەکی سیاسیی شەکەت و زەبرخواردوو. ئەم زیندوێتییە تەنیا جووڵەیەکی سادە نییە، بەڵکوو گۆڕینی دۆخی "نیمچە - سڕبوون"ە بۆ "جووڵەیەکی مێژوویی". لێرەدا ئازار دەبێتە خاڵی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەرچەرخان؛ بەو پێیەی مرۆڤی بێهۆش هەست بە ئازاری نەشتەرگەری ناکات، کوردیش پێویستی بە جۆرێک لە "بێداریی وجودی" هەیە تا هەست بەو ستەمە بکات کە لێی دەکرێت. وەک چۆن مارکس ئاماژەی پێ دەکات، ئەوەی شۆڕش دروست دەکات تەنیا بوونی ستەم نییە، بەڵکوو هۆشیاربوونەوەیە بەو ستەمە.

دژبەرانی کورد، لە هەوڵێکی بەردەوامدان بۆ هێشتنەوەی ئەم نەتەوەیە لە دۆخی بێهۆشیدا؛ ئەوان ڕۆڵی "جەللاد" لە بەرگی "پزیشک"دا دەگێڕن .دەیانەوێت کورد تەنیا وەک کۆمەڵێک "ئەندامی جەستەیی" بمێنێتەوە بۆ ئەوەی ئەوان وزەی لێ هەڵبمژن و لەسەر حیسابی مەرگی ئەو، گەشە بکەن. ئەمە ڕێک ئەو دۆخەیە کە کانت وەک "نائەخلاقیترین" کردە پێناسی دەکات: گۆڕینی مرۆڤ بۆ ئامراز. خەباتی کورد لێرەدا ڕەهەندێکی ئەخلاقیی گەردونی وەردەگرێت؛ چونکە تێدەکۆشێت بۆ ئەوەی مرۆڤی کورد لە "ئامراز" و "کۆیلە"بوونەوە بگۆڕێت بۆ "ئامانج" و سەنتەری سیاسەت، و کەرامەتە مرۆییە پێشێلکراوەکەی بۆ بگێڕێتەوە.

زیندوێتیی نەتەوەیی تەنیا بە واتای ناسینی دوژمن نییە، بەڵکوو بە واتای "واتادان بە ئازارەکان"یشە. کاتێک ئازار دەبێتە خاوەن واتا، جەنگی دەروونی و ئایدیۆلۆژیی داگیرکەر پووچەڵ دەبێتەوە. ئەو داگیرکەرەی کە دەیەوێت بە چەواشەکاری و ڕەشبینکردن، کورد بەوە قایل بکات کە خەباتەکەی "سەرکێشییەکی بێهودە" و "بێ ئاگایییە". ئەم بێدارییە وا دەکات کورد چیتر لە چاوی "ئەوی دی" (ناحەز)ەوە سەیری خۆی نەکات، بەڵکوو بە چاوی خۆی نێوەڕۆک بە ئێستا و داهاتووی ببەخشێت.

لە کۆتاییدا، ئەم ئازار و مەینەتییانە کاتێک بە ناوی "خودی نەتەوەوە" تۆمار دەکرێن، دەبنە هەوێنی "کۆ-یادەوەری" و مێژوویەکی ئیلهامبەخش. ئەم هۆشیارییە تەنیا لە کاتی ژیان و تێکۆشاندا بەرجەستە نابێت، بەڵکوو لە ساتی "مەرگی شەهادەتخوازانە"شدا دەگاتە لووتکەی شکۆ و درەوشانەوە؛ چونکە ئەوە مەرگێکە لەپێناو کەرامەت، نەک تەسلیمبوون بە فەنابوونێکی بێدەنگ.

**شەهرام سوبحانی**: چەمکی شەهید و شەهیدبوون لە ڕوانگەی ئایینی، نەتەوەیی و مێژووییەوە لە فەزای کوردستاندا چۆن پێناسە دەکرێتەوە، و پەیوەندیی نێوان "چۆن ژیان" و "نەمریی مەرگ" لە ئەزموونی مرۆڤی کورد و مێژووی سیاسیی وەک کۆماری کوردستاندا چۆن بەرجەستە دەبێت؟

**ئەبووبەکر کاروانی**: لە کایەی گشتیی کوردەواریدا، مەرگ تەنیا کۆتاییەکی بایۆلۆژی نییە، بەڵکوو وەرچەرخانێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیمبۆلیکییە؛ کاتێک لە تەک تەجەللیاتی ئایین و دەنگی قورئاندا، سروودی «ئەی شەهیدان» دەبێتە مانیفێستۆ، لێرەدا سنووری نێوان «مردن» و «شەهادەت» تەڵخ دەبێت. ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی تەرمەکانمان بەرەو مەزارگەی شەهیدان، گوزارشتە لە وشیارییەکی قووڵی مێژوویی؛ تەنانەت گۆڕستانە ئاساییەکانی کوردستانیش، لە جەوهەردا، «مەزارگەی شەهیدانی گمنام»ـن. ئەوان ئارامگەی ئەو مرۆڤە جەزرەبەچەشتوانەن کە تەنیا لەبەر «کوردبوون» ڕووبەڕووی ستەمی سیستەماتیک، ئاوارەیی و تاڵاوی ژیان بوونەتەوە.

ئەم ڕوانگەیە لەسەر ئەو بنەما فەلسەفییە وەستاوە کە: « هەموو چەوساوەیەک شەهیدە، بەو مەرجەی کەرامەتی مرۆیی خۆی لەبەردەم جەللاددا ڕادەست نەکردبێت .» ئەم خوێندنەوەیە لەگەڵ ئاسۆیەکی فراوانی ئیسلامیشدا یەک دەگرێتەوە؛ ئەو ڕوانگەیەی کە شەهادەت لە قاوغی جەنگی چەکداریدا قەتیس ناکات، بەڵکوو مەرگی نائاسایی (وەک سووتان، خنکان، و مردنی ژنان لە کاتی منداڵبووندا) بە ڕەنجێکی ئینسانی و پلەیەکی باڵای شەهادەت دادەنێت.

لێرەدا، چەمکی «شەهید» لە قورئاندا لە وەسفی مردووەوە دەگۆڕێت بۆ «شایەتی زیندوو». شەهید ئەو ڕەمزە ئەخلاقییەیە کە بە ژیانە پەیامدارەکەی، دەبێتە بەڵگەی ڕاستی و دادپەروەری بەسەر سەردەمەکەی خۆیدا. کاتێک ئەم گوتارە دەگوازینەوە بۆ نێو کایەی ناسیۆنالیزمی کوردی، مانا فەلسەفییەکەی زیاتر دەدرەوشێتەوە. وەک لەو چوارینەیەدا هاتووە:

«لە مەحشەری گیانەکاندا، لەپای ئەو ڕەنجەی وەک کورد کێشاوم، داوای پلەی شەهادەت لە خودا دەکەم. »

لەسەر ئەم بنەما فکری و ڕۆحییە، دەتوانین کوردستان بە «شەهیدستانی سەردەم» ناوزەد بکەین. تەنانەت ئەوانەی بە مەرگی سروشتیش کۆچی دوایی دەکەن، بەهۆی ئەو ئاواتە نەتەوەییە سەرکوتکراوانەی دەیبەنە ژێر خاک، بەشێکن لەو خەباتە بەردەوامەی بۆ بەدەستهێنانی «دانپێدانان» و «ماف» لە ئارادایە. لێرەدا، مێژووی کۆمار و ئەزموونی پێشەوا و هاوڕێیەکانی، مۆدێلێکی سیاسی و ئەخلاقین کە نیشانی دەدەن مێژوو بە «ژمارە و تەمەن» ناپێورێت، بەڵکوو بە «چۆنیەتیی ئامادەبوون» پێناسە دەکرێت.

کارتێکردنی سیمبۆلیکی و ژیانی مەعنەوی، پەیوەستە بە «چۆن ژیان» نەک «چەند ژیان». مەرگی وشیارانە، وەڵامێکە بۆ شێوازی ژیان و سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی مرۆڤ لە وێنەیەکی هەرمانییدا کە تێپەڕبوونی کات ناتوانێت لە مانا و ڕەمزییەتەکەی کەم بکاتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەمری نەتەوەیی لێرەوە سەرچاوە دەگرێت: لە مەرگێکی وشیارانەدا کە تێیدا ڕابردوو، ئێستا و خەونەکانی داهاتوو لە یەک خاڵدا دەبنە یەک. ئەم ئاوێتەبوونەی نێوان ڕەهەندی ئایینی و نەتەوەیی لە ئەزموونی کۆماری کوردستاندا گەیشتە لووتکە؛ ئەو شوێنەی کە خودوشیاریی نەتەوەیی و وشیاریی مێژوویی بە جۆرێک بەیەکدا دەچن کە مەرگ دەبێتە سەرەتای ژیانێکی ئەبەدی لە ویژدانی میللەتدا.

**شەهرام سوبحانی**: بۆچی ڕووخانی سەربازیی کۆماری کوردستان نەبووە هۆی کۆتاییهاتنی، و چۆن ئەم ئەزموونە لە حوکمڕانییەکی ١١ مانگییەوە بوو بە ناسنامەیەکی نەمری نەتەوەیی؟

**ئەبووبەکر کاروانی**: کۆمار لە جەوهەردا، تەنیا ڕووداوێکی سیاسیی ڕێکەوت نەبوو، بەڵکوو هەوڵێکی ئۆنتۆلۆژی بوو بۆ دووپاتە بەستنەوەی مرۆڤی کورد بە ڕەگەکانی خۆی و دروستکردنی کەڵەکەبوونێکی شارستانی کە تێیدا نەتەوە وەک دەقێکی هاوچەرخ خۆی دەخوێنێتەوە. ئەم قەوارەیە گوزارشتێکی باڵا بوو لە نەتەوەیەک کە لە تاقیگەی مێژوودا سەلماندبووی خاوەنی ئیرادەی ژیان و وزەی داهێنان و سەروەریی سیاسییە.

کاتێک لە مێژووی نوێدا نەتەوە تووشی هەوراز و نشێو و دابڕان دەبێت، دیالێکتیکی مێژوو پێمان دەڵێت: ئەوەی جێگیر و ڕەسەنە، خودی کۆمار و ئیرادەی نەتەوەییە؛ ئەوەی کاتی و تێپەڕیشە، تەنیا فۆرمی ڕووخان و شکستی سەربازییە. هەلومەرجی سەختی ئێستا، تەنیا تەمومژێکی کاتییە و ناتوانێت مێژوویەکی ڕەگداکوتراو بشارێتەوە.

**کۆمار «ڕیزپەڕێکی مێژوویی» نییە، بەڵکوو درێژکراوەی زنجیرەیەک هۆشیاریی سیاسییە کە لە:**

- حوکمڕانییەکەی شێخ مەحموودی نەمر لە باشوور.
- جووڵانەوەی سمکۆ و شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران.
- کۆی خەبات و میراتی پێشەنگانی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە سەرچاوەی گرتووە.

ئەگەرچی کۆمار لە ڕووی کاتییەوە تەمەنێکی ١١ مانگی هەبوو، بەڵام چونکە بەرجەستەکردنی ئاواتێکی مێژوویی قووڵ بوو، شکستی فیزیکی نەبووە هۆی کۆتاییهاتنی مێژوویی. لێرەدا کۆمار لە قۆناغی "دەسەڵاتی مەیدانی"یەوە دەپەڕێتەوە بۆ قۆناغی "شەهادەتی ڕەمزی."

کۆمار نەڕووخاوە، بەڵکوو شەهید بووە؛ وەک چۆن شەهید لە فەزای هێماکاندا نامرێت، کۆماریش وەک مۆدێلێکی حوکمڕانیی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مۆدێڕن، بووە بە بەشێکی دانەبڕاو لە کۆیادەوەریی نەتەوەی کورد.

گرنگیی ستراتیژیی ئەم وەرچەرخانە لەوەدایە: ئەگەر کۆمار لە سەردەمی دەسەڵاتە فیزیکییەکەیدا تەنیا فەرمانڕەوایی جوگرافیایەکی دیاریکراوی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردبێت، ئەوا لە دوای شەهیدبوونی و لە ئاستە مەعنەوی و سیمبولییەکەیدا، سنوورە دەستکردەکانی بەزاندووە.

ئەمڕۆ کۆمار تەنیا یادەوەرییەک نییە، بەڵکوو سەروەرییەکی ڕەمزییە کە بەسەر تەواوی کوردستانی مێژوویی و ویژدانی زیندووی گەلی کورددا حوکم دەکات. کۆمار لە "دامەزراوەیەکی سیاسییەوە" گۆڕاوە بۆ "شوناسێکی نەتەوەیی" کە هیچ هێزێکی فیزیکی توانای ڕووخاندنی نییە.

**شەهرام سوبحانی:** پەیمانی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیی کوردانە چۆن لە بەرانبەر دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی سەردەست و دەوڵەتە مۆدێڕنە داسەپاوەکاندا وێنا دەکرێت؟ و چۆن پابەندبوون بە میراتی مەعنەویی کۆماری کوردستان و شەهیدان، دەبێتە سەرچاوەی ڕەوایەتی و ڕەتکردنەوەی ئەو گرێبەستە سیاسییانەی کە ئیرادەی کوردیان تێدا فەرامۆش کراوە؟

**ئەبووبەکر کاروانی:** کاتێک دەسەڵاتێکی سیاسی لە ڕێگەی کایە گشتگیرەکانی وەک هێما مەعنەوییەکان و پیرۆزیی «شەهید»ـەوە، هەوڵی داگیرکردنی فەزای دەروونی و ناوەکیی تاکی کورد دەدات، گوتاری ناسیۆنالیزمی سەردەست و زۆردار لە ئاستی هۆشیاریی گشتی و بەتایبەت لای دەستەبژێری نەتەوەیی، دووچاری «قەیرانی ڕەوایەتی» دەبێت. لێرەدا، سەرەڕای واقیعی ماددیی سەپاو، ئەو دەسەڵاتە وەک بونەوەرێکی نامۆ، کاتی و تێپەڕ دەردەکەوێت؛ وەک هێزێکی داسەپاو کە تەنیا لە چاوەڕوانیی هەلێکی مێژووییدایە بۆ تێکشکاندنی نەرجسییەتە نەتەوەییەکەی و ناچارکردنی بە پاشەکشە لەبەردەم ئیرادەی گەلدا.

## یەکەم: جەوهەری پەیمانی کۆمەڵایەتی و ڕەوایەتیی ئەخلاقی

ئەم پرۆسەیە لە بنەڕەتدا گرێدراوی چەمکی «پەیمانی کۆمەڵایەتی» و نوێنەرایەتیکردنی سیاسییە. پابەندبوون بە وەسیەتی پێشەوا و شەهیدان، تەنیا وەفایەکی سۆزداری نییە، بەڵکوو پابەندییەکی ئەخلاقی و سیاسییە بۆ پاراستنی ئامانجە جەوهەرییەکانی نەتەوە. دیوی دووەمی ئەم پەیمانە، گوزارشتە لە ڕەتکردنەوەی ئەو گرێبەستە سیاسییەی کە دەوڵەتە مۆدێڕنەکانی ناوچەکەی لەسەر بونیاد نراوە.

## دووەم: کورد وەک «نەبوویەکی سیاسی» لە دەوڵەتی مۆدێڕندا

بەو پێیەی کورد لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا وەک «نەبوویەک مامەڵەی لەگەڵ کراوە و ئیرادەی لە پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەتدا پەراوێز خراوە، هیچ جۆرە پابەندییەکی یاسایی و ئەخلاقی بۆ دروست نابێت. کاتێک نەتەوەیەک بەشێک نەبێت لە دارشتنی گرێبەستی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگە، و بە زەبری هێز و تواندنەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ئەوا ئەو دەوڵەتە لە ڕووی شەرعییەتەوە بۆ کورد چوارچێوەیەکی پووچەڵە.

## سێیەم: وەفاداری بۆ پرۆژەی کۆماری کوردستان

پەیمانی ڕاستەقینەی ئێمە، ئەو گرێبەستە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەیە کە پرۆژەی ناسیۆنالیزمی کوردی و کۆماری کوردستانی لەسەر دامەزراوە.

**ئەرکی مێژوویی ئێمە بریتییە لە:**

– **پاراستنی پەیامی کۆمار:** وەفاداری بۆ ئەو مۆدێلە «مەسیح ئاسا»یەی کە جەستەی ڕووخا، بەڵام گیانی وەک هێمایەکی نەمر مایەوە.
– **بنیاتنانەوەی مۆدێڕن:** هەوڵدان بۆ دووپاتە بونیادنانەوەی ئەو قەوارەیە بەپێی پێوەرە مێژووییە نوێیەکان و داخوازییەکانی سەردەم.

و لە ئەنجامدا جەوهەری پەیمانی کۆمەڵایەتیی کوردی، لە ناو ئەو ئیرادەیەدایە کە داگیرکاری ڕەت دەکاتەوە و شەرعییەت تەنیا بەو سیستەمە دەبەخشێت کە گوزارشت لە خودی ڕاستەقینەی نەتەوە وەک قەوارەیەکی سەربەخۆ دەکات.

**شەهرام سوبحانی:** چۆن ناسیۆنالیزمی کوردی توانی ئەزموونی کۆمار لە فەوتان و سڕینەوەی مێژوویی بپارێزێت، و ئەم جۆرە تێڕوانینە چۆن یارمەتی کورد دەدات لەوەی لەناو زەینی خۆیدا بەسەر دۆخی ژێردەستەییدا زاڵ بێت؟

**نەبەز گەردی کاروانی:** ئەزموونی کۆمار وەک وەرچەرخانێکی سیمبۆلیکی و خەیاڵدانێکی جەماوەری، کاتێک ڕووبەڕووی پرۆسەی سڕینەوەی مێژوویی بووەوە، ناسیۆنالیزمی کوردی توانی لە فەزایەکی فیزیکییەوە بیگوازێتەوە بۆ نێو ویژدانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زیندووی نەتەوە و بپەرژێنێتە سەر ڕەهەندە نەمرییەکان. کۆمار لێرەدا تەنیا ڕووداوێکی سیاسی نەبوو، بەڵکوو بوو بە گوتارێکی باڵا بۆ ئامادەیی مێژوویی کورد؛ هێمایەک کە خۆی لە سەرووی هاوکێشە کاتییەکانی هێز و هەژموونـدا دەبینێتەوە.

نەیاران وابەستە بە لۆژیکی هێز، کۆرپەی هیوای ئەم نەتەوەیەیان سپارد بە ڕووبارێکی بێبەزەیی، هاوشێوەی فڕێدانی "مووسا" بۆ نێو شەپۆلەکان. ئەگەرچی دڵی نەتەوە وەک دایکی مووسا لە گڕی ئازاردا بوو، بەڵام هەرگیز تەسلیمی ئەو وێنایە نەبوو کە دوژمن بۆ "ڕووبار" و "کۆتایی" کێشابووی. ئەم یەقینە لەسەر ئەو بڕوایە وەستاوە کە کۆمار، نەک وەک ڕابردوو، بەڵکوو وەک فۆرمێکی کامڵتر و شکۆمەندتر لە ئاسۆی داهاتوودا چاوەڕوانی گەڕانەوەیە.

ئەم دیدگا ئەخلاقی و نەتەوەییە، شکستەکان وەک دیاردەیەکی کاتی و تێپەڕ دەبینێت و نایانبەستێتەوە بە جەوهەرێکی "نامێژوویی" یان بێدەسەڵاتییەکی ئەزەلییەوە. ئەمە ستراتیژێکی مەعریفییە بۆ:

- پوچەڵکردنەوەی جەنگی دەروونیی نەیاران.
- ڕێگریکردن لە قودسییەت بەخشین بە "ئێستا"ی پڕ لە ستەم.
- وێناکردنی کورد وەک بکەرێکی مێژوویی و شارستانی کە داهاتوو درێژکراوەی ئیرادەی ئەوە، نەک ئیرادەی داگیرکەر.

لەم چوارچێوەیەدا، ژێردەستەیی نەک قەدەر، بەڵکوو وەک "گوناهێکی مێژوویی تێپەڕ" دەخوێندرێتەوە کە لە داهاتوویەکی جیاوازدا، کورد تێیدا تەنیا بۆ مانەوە تێناکۆشێت، بەڵکوو وەک کارەکتەرێکی هاوسەنگ و یەکسان، داوای پشکی خۆی لە جیهانی نوێدا دەکات.

ئەم گەڕانەوە خەیاڵییە لە داهاتووەوە بۆ ئێستا، ئامانجەکەی ئەنجامدانی شۆڕشێکی مەعریفییە لە پانتایی زەین و ڕۆحدا.

ئەمە جەنگی تێکشکاندنی "بتی ژێردەستەیی"یە لە ناوەوە؛ بۆ ئەوەی کورد:

١- متمانەی ستراتیژی بە خۆی لەدەست نەدات.
٢- لە ڕێگەی چاوی "ئەوی دی"یەوە سەیری ماف و چارەنووسی خۆی نەکات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خاکەلێوەی ٢٧٢٦**

**٣- ببێتە خاوەن نیراتیڤ و گێڕانەوەی سەربەخۆی خۆی.**

**کۆتاییهێنان بە هەژموونی فکریی نەیاران، دەستپێکی کۆتاییهێنانە بە باڵادەستیی فیزیکی و ماددییان. تەنیا لە ڕێگەی ئەم سەربەخۆییە هوشیارییەوەیە کە نەتەوە دەتوانێت ئازادانە مۆدێلی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ جیهان و دەوروبەردا دابڕێژێتەوە.**

**١٨ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦**

# پێگەی کۆمەڵایەتیی هاوبەشی ڕیفۆرمیست و شاپەرەستان لە ئێراندا





تاهیر قاسمی

ڕەنگە پرسیار بێت کە بۆچی بەپێچەوانەی ڕەوتی شۆڕشی ١٣٥٧ و نزیک پێنج دەیە دوای سەرکەوتنی شۆڕش، بەختی شاپەرەستان لە دەرەوەی وڵات لەم چەند ساڵەی دواییدا کراوەتەوە و ڕێژەیەکی بەرچاو لەو کەسانەی بەتایبەت لە تارانەوە چوون بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا، بە دەوری ڕەزا پەهلەویدا کۆ بوونەتەوە؟ ئەو کەسانە بۆ هەتا لە نێوخۆی ئێران بوون هیچ نیشانە یان کردەوەیەکی شاپەرەستی و سەڵتەنەتخوازییان پێوە دیار نەبوو؟ بۆچی لە نێو ئەو کەسانەی پەیوەست

بە شاپەرەستان دەبن، پتر لە هەر توێژێک وەرزشکار، سینەماکار و موزیسیەن و بەگشتی سێلبریتییەکان دەبینرێن؟ ئەی باشە هۆی چییە کە زۆربەی ئەوانەی لە دەوری ڕەزا پەهلەوی کۆ دەبنەوە، پێشتر لە بەڕێوەبەریی کۆماری ئیسلامیدا کاربەدەست بوون یان لە سەرۆککۆمارە ڕیفۆرمخوازەکان نزیک و لە کەمپەینەکانی هەڵبژاردنی ئەواندا چالاک بوون؟ بۆ ئەو کەسانە چ هاوبەشییەک لە نێوان کاندیدەکانی باڵی ڕیفۆرمخواز لەگەڵ ڕەزا پەهلەوی و ڕەوتی پاشایەتیخوازیدا هەیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە و وەرددانەوەی کۆمەڵێک بابەتی تر دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییە کە ماکی هەموو ئەو هاوبەشییانە لە پێگەی کۆمەڵایەتیی هاوبەشی ڕەوتی ڕیفۆرمخوازی نێو کۆماری ئیسلامی و ڕەوتی پاشایەتیخوازیدایە.

زۆربەی لێکۆڵەران لەسەر ئەوە کۆکن ئەو ئینقلابەی لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بە هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی سەرکەوت، ڕەگی لە ئاڵوگۆڕێکی قووڵ یان ئینقلابێکی پێشتردا بوو کە لە ساڵی ١٣٤٢دا هاتە ئاراوە. ئەو ئاڵوگۆڕە قووڵە کۆمەڵایەتییە کە بە گوشاری ئەمریکا، بەڵام لە لایەن شای دەسەڵاتدار خۆیەوە سەرپەرەستی کرا، ناوی "ئینقلابی شا و خەڵک" یان "ئینقلابی سپی"ی لێ نرا. لە ئەنجامی ئەو ئینقلابەدا کە دیارترین بەشی بریتی بوو لە: ئەستاندنی زەوی لە فیئۆدالەکان و دابەشکردنی بەسەر جووتیاراندا، کۆمەڵگەی ئێرانی بەشێوەی دەستکرد و بەپێی حوکمی دەسەڵات، لە کۆمەڵگەیەکی فیئۆدالییەوە بۆ سیستەمێکی سەرمایەداری گۆڕی. ئەگەرچی لە پاڵ ئەو ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەدا، هەندێک گۆڕانکاریی دیکەی وەک دانی مافی دەنگدان بە ژنانیش پەسند کرا، بەڵام موهەندیسیکرانی ئینقلابەکە لە لایەن شا خۆیەوە، نەک بواری ئەوەی نەدا لە پاڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکەدا، گۆڕانکاریی سیاسییش بێتە ئاراوە، بەڵکوو کۆمەڵگەی ئێرانی پتر لە پێشوو بەرەو داخرانی سیاسی برد. ئاکامی ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییە بوو بەهۆی ئەوە کە ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵکی گوندەکان بە مەبەستی دۆزینەوەی کار ڕوو لە شارە گەورەکان بکەن و بەم جۆرە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی شاریان گۆڕی. لە ناوەندی شارەکاندا چینی مام ناوەند و بۆرژوای شار هەبوو کە لە خۆشی و زەرقوبەرقی شاردا دەژیا و لە پەراوێزی شارەکانیشدا ئەو حەشیمەتە تازە هاتووە نیشتەجێ بوون کە زۆربەیان بە کرێکاری و حەماڵی و دەستفرۆشی ژیانیان تێپەڕ دەکرد. ئەوان نە ماڵ و سەرپەنایەکی ئەوتۆیان هەبوو، نە کار و داهاتێکی جێی ڕەزامەندی و نە پێڕاگەیشتنی کۆمەڵایەتی. هاوکات لە گوندەکانیشدا زەوییان پێ نەبڕابوو یان زەوی بەشی ئەوەندەی نەدەکرد ژیانی خۆیانی پێ بەڕێوە بەرن. ئەم دۆخە نابەرابەر و پڕ لە نادادپەروەرییە بوو بەهۆی ئەوە کە بزووتنەوە چەپەکان زۆر زوو لە ناخی کۆمەڵگەدا ڕەگ دابکوتن و پەرە بگرن. هاوکات بزووتنەوەی مەزهەبییش بەهۆی نارەزایەتیی مەلاکان لە دابەشکاریی زەویی وەقفی مزگەوت و حسێنییەکان و دانی مافی دەنگدان بە ژنان لە لایەک و لەباریی پێکهاتەی نەریتی و مەزهەبیی کۆمەڵگەی ئێران و نارەزایەتیی پەراوێز لە مۆدێرنیتەی ژیانی چینی مام ناوەند و بۆرژوای شار لە لایەکی تر دەستی بە تێکۆشان و ڕەگ داکوتان کرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەو پێیە دوو بزووتنەوەی چەپ و مەزهەبی هاوتەریب لەگەڵ یەکتر دژ بە دەسەڵاتی پاشایەتی و چینی مام ناوەند و بۆرژوای دەسەڵاتدار بە کۆمەڵگەی ئێراندا ڕۆچوون. ئەم دوو بزووتنەوەیە بەپێچەوانەی هەندێک بانگەشە و پێناسەی ئەو سەردەمانە، نەک لەگەڵ یەکتر ناتەبا و دژ نەبوون، بەڵکوو زۆرجار ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئاوێتەی یەکتر دەبوون و پارسەنگیان بۆ یەکتر ڕاست دەکردەوە. ئەگەر بزووتنەوە مەزهەبییەکە لە گوێن بزووتنەوە مارکسیستییەکە خۆی وەک پشتیوانی زۆرلێکراوان پێناسە دەکرد و دوژمنایەتیی ئیمپریالیزمی دەکرد، بزووتنەوە مارکسیستییەکەش هەندێک جار هەوڵی دەدا لە هەڵسوکەوت و وتەی کەسایەتی و ئیمامانی شیعە بۆ درێژەدان بە خەباتەکەی خۆی ئیلهام وەرگرێت و ئاوێتەی مارکسیزمیان بکات. بەڵام ئەو دوو ڕەوتە لە درێژەی تێکۆشانی خۆیاندا بە یەک ڕادە و لە ئاستی یەکتردا گەشەیان نەکرد و وەک یەک نەچوونە پێش.

بەپێچەوانەی ساڵانی دەیەی چلی هەتاوی، هێڵە مەزهەبییەکە بەهۆی نفووزی مەلاکان لە نێو کۆمەڵگەدا، پەلهاویشتنی بۆ نێو توێژی بازاڕی و چینی مام ناوەندی شار و، پێگەی لە مزگەوتەکاندا بەرەبەرە پێش ڕەوتە مارکسیستییەکە کەوت. تا وای لێ هات بزووتنەوەی چەپ تا ڕادەیەک بوو بە پاشکۆی بزووتنەوە ئایینەکە. ئاکامی هاودەستیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئەو دوو ڕەوتە سیاسییەش ئینقلابی ساڵی ١٣٥٧ی ئێرانی لێ کەوتەوە کە بەر لەوەی ئینقلابێکی نەتەوەیی یان مەزهەبی بێت، لە ڕاستیدا ئینقلابێکی چینایەتی بوو کە بەرگی مەزهەبی بە بەردا کرا. ئەو بەرگە مەزهەبییەش بەس بوو بۆ ئەوەی دەورانی شەریکایەتی و چاوچاوێنی ئەو دوو ڕەوتە لەگەڵ یەکتر بەرەبەرە کۆتایی پێ بێت. مەزهەبییەکان کە بە ڕێبەریی خومەینی دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت، ڕەوتە مارکسیستییەکەیان لە مەیدانەکە وەدەرنا. بەم جۆرە بە دامەزرانی کۆماری ئیسلامی، گۆڕەپانی سیاسیی ئێران لە هەردوو بەرەی چەپ و ڕاست پاک کرایەوە. کەسایەتییەکانی بەرەی ڕاست کە دەسەڵاتی پاشایەتی نوێنەرایەتیی دەکردن، ئەوانەی توانیان خۆیان ڕزگار بکەن، لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی گیرسانەوە و ڕێبەرانی بەرەی چەپیش یان لە زیندانەکاندا توند کران و دواتر ئیعدام کران، یان وەک ئۆپۆزیسیۆنی چەکدار بەرەو دەرەوەی سنوورەکان پاشەکشەیان پێ کرا.

کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای دەستبەکاربوونیدا وێڕای تۆخکردنەوەی بارە ئایینییەکەی، بە ناوی لاگری لە مستەزعەفان، دوژمنایەتیی ئیمپریالیزم، بە دەوڵەتیکردنی ئابووریی وڵات، خۆدوورگرتن لە زەرق و بەرق و بەکارهێنانی پێرسۆنێلی جلشڕ و ڕۆخسار شپرز و هەندێک ئاکاری پۆپۆلیستی، هەوڵی دەدا وەفاداریی خۆی بە بزووتنەوەی چەپ، بەڵام بەبێ حیزبە چەپ و کۆمۆنیستەکان نیشان بدات. شەڕی ئێران و عێراق کە پتر کۆمەڵگەی ئێرانی لە دۆخی ئینقلابدا هێشتەوە و هاوکات خەڵکیشی هەژارتر کرد، زیاتر یارمەتیی بە بەهێزبوونی ئەم ڕەوتە کرد، بەڵام بە کۆتایی هاتنی شەڕ، بەرەبەرە ڕەوتێک پەیدا بوو کە لە بەرانبەر ڕەوتە سەرەکییەکەدا کە پشتی بە پێگە نەریتییەکەی کۆماری ئیسلامی لەنێو خەڵکی

پەراوێزی شار و دانیشتوانی شارستان و گوندنشینانیدا بەستبوو، هەوڵی دا سەرنجی چینی مام ناوەندی شار بەتایبەت شاری تاران بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. ئەوان خۆیان سەر بەو چینە کۆمەڵایەتییەی شار بوون کە بە هۆکاری ئایینی لەگەڵ ئینقلابی ئیسلامی کەوتبوون، بەڵام ئێستا لاگری کرانەوەی ئابووری، هەندێک کرانەوەی سیاسی و ئازادیی کۆمەڵایەتی بە قازانجی پێگەی چینایەتیی خۆیان بوون. ئەم ڕەوتە کە دواتر ناوی ڕیفۆرمخواز یان ئیسلاحتەڵەبی لێ نرا، پێگە کۆمەڵایەتییەکەی هەمان چینی مام ناوەندی کۆمەڵگەی ئێران بەتایبەت توێژی مام ناوەندی پایتەختنشین بوو کە پێشتر پشتیوانیی شای دەکرد، بەڵام بە هۆکاری ئایینی لەگەڵ خومەینی کەوتبوو یان لانیکەم لە ئینقلابەکەدا بێ هەڵوێست بوو.

ڕەنگە بتوانین سەرەتای هەوڵەکانی ئەم ڕەوتە بۆ ڕۆژانی کۆتایی شەڕی ئێران و عێراق و لەژێر ڕێبەریی ئەکبەری هاشمیی ڕەفسەنجانیدا بگەڕێنینەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ناوبراو تەنیا خوازیاری کرانەوەی ڕێژەیی ئابووری بوو و نەیدەویست لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕێگای خۆی لە ڕەوتە سەرەکییەکە جودا بکاتەوە، نەشیتوانی ڕێبەریی ئەم ڕەوتە بە دەستەوە بگرێت. ئەوە بوو کە لە نێوەڕاستەکانی دەیەی حەفتای هەتاوی ڕەوتی ڕیفۆرمخواز بە ڕێبەریی محەممەدی خاتەمی بە کردەوە هاتە نێو گۆڕەپانی سیاسیی کۆماری ئیسلامییەوە. زۆرینەی پشتیوانانی ئەم ڕەوتە هەمان چینی مام ناوەند بوو، بەڵام بەهۆی دروشمە نیوە ئازادیخوازانەکانیان لە دۆخی پڕ لە خەفەقانی کۆماری ئیسلامیدا، زۆرجاریش دەیانتوانی سەرنجی چینە هەژارەکان و نەتەوە بندەستەکانیش بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. لەو کاتەوە ناکۆکیی نێوان دوو بەرەی ئیسلاحتەڵەب و ئۆسوولگەرای کۆماری ئیسلامی کە لە ڕاستیدا درێژەی هەمان هەوڵی چینی مام ناوەند بۆ بەدەستەوە گرتنەوەی دەسەڵات لە ئێراندا بوو، قۆناغی جۆراوجۆری بڕی تا سەرەنجام لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ساڵی ١٣٨٨دا بە چڵەپۆپە گەیی. لەو هەڵبژاردنەدا توێژی مام ناوەندی پایتەختنشین لە پشت میرحوسێن مووسەوی ڕاوەستا لە حاڵێکدا چینە هەژار و پەراوێزەکان لە دەوری دروشمە پۆپۆلیستییەکانی مەحموودی ئەحمەدی نەژاد کۆ ببوونەوە. ئاکامی ئەو ململانێ توندە لە هەڵبژاردنەکاندا بە دۆڕانی مووسەوی و بە براوە ناساندنی ئەحمەدی نەژاد لە لایەن باڵی دەسەڵاتداری توندئاژۆ کۆتایی هات، بەڵام مووسەوی دۆڕانەکەی قبووڵ نەکرد. لە ئاکامدا بزووتنەوەی سەوز بە ڕێبەریی مووسەوی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتیی بەرینی وەڕێخست. لە ئەو خۆپێشاندانانە سەرەڕای بەشداریی زۆری حەشیمەتی تاران، بەڵام هیچکات نەیانتوانی پەل بۆ شار و ناوچەکانی دیکە باوێژن. ئەوەش نیشانەی ئاشکرای ئەو ناکۆکییە بوو کە لە نێوان توێژی مام ناوەندی تاراننشین لەگەڵ دانیشتووانی شار و ناوچەکانی دیکەدا لە ئارادا بوو.

ئەگەرچی لە درێژەی ئەم ململانێیانەدا، دوای کۆتایی ماوەی سەرۆککۆماریی ئەحمەدی نەژاد، ڕەوتی ئیسلاح تەڵەب توانی لەژێر ڕێبەریی حەسەن ڕووحانیدا جارێکی دیکە کۆ ببێتەوە، بەڵام بەدرێژایی ئەو ساڵانەش کە لە ڕێی سندووقەکانی دەنگدانەوە دەسەڵاتی سەرۆککۆمارییان بەدەستەوە دەگرت، ئەوان قەت نەیانتوانی بەو جۆرەی گەرەکیان بوو، دەسەڵات


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەدەستەوە بگرن. سەرچاوەکانی دەسەڵات بەردەوام لە دەست باڵی سەرەکیدا مانەوە و هەڵبژێردراوانی ڕەوتە ڕیفۆرمیستەکەش دوای هەڵبژێرانیان پشتیان لە وادە و بەڵێنەکانیان دەکرد و دەکەوتنە ژێر هەژموونیی باڵی خاوەن دەسەڵات و کڕ دەمانەوە. بە درێژایی ئەو ساڵانی ململانێیە، ئەو ڕەوتە وێڕای هەوڵدان بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە ڕێی سندووقەکانی دەنگدانەوە، بە وەڕێخستنی خۆپێشاندان و نارەزایەتی، هەوڵی دەدا باڵی دەسەڵاتدار ناچار بە پاشەکشەی زیاتر بکات، بەڵام هەر سەرهەڵدان و نارەزایەتییەکی ئەوان لە لایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرا. ئەوە بوو کە لە ئەنجامی هەر کام لەو نارەزایەتی و سەرهەڵدانانەدا شەپۆلێک لە نارازییان ناچار دەبوون وڵات بەجێ بهێڵن و لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بگیرسێنەوە. بەرەبەرە خەڵکی ئازادیخواز چیدی باوەڕی بە وادە و بەڵێنەکانی ئەو ڕەوتە نەدەکرد و بە دەنگیانەوە نەدەهاتن و ئەو توێژەش لە بەدیهێنانی ڕیفۆرم و بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نائومێد بوون. دواجار لە خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٩٨دا بوو کە خەڵک بە دروشمی "ئیسلاح تەڵەب ئوسوولگەرا ئیتر با بەس بێت ماجەرا" کۆتایی یاریی مشک و پشیلەی ئوسوولگەرا و ئیسلاحتەڵەبیان ڕاگەیاند. بە جۆرێک کە ئاستی بەشداریی خەڵک لە دوا هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا بە ڕادەیەک کەم بوو کە ڕێبەری کۆماری ئیسلامیش هاواری لێ هەستا.

ئەو شەپۆلی کۆچبەرانەی کە بەدرێژایی ئەو ساڵانە لە ئەنجامی شکستی ڕەوتی ڕیفۆرمخوازی کۆماری ئیسلامیدا لە دەرەوەی وڵات دەگیرسانەوە، لە دۆخی ئاساییدا زۆر کاریان بە خەباتی سیاسی نەبوو یان هەروا بە پشتیوانی ڕیفۆرمخوازەکان دەمانەوە و لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا ڕوویان لە سندووقەکانی دەنگدان لە باڵیۆزخانەکانی کۆماری ئیسلامی دەکردەوە، لە سەردەمی سەرهەڵدانی ژینا بە دواوە کە دابڕانی یەکجاریی خەڵک لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییان دیت، بەتایبەت دوای پێکهاتنی هاوپەیمانیی جۆرج تاون، بەرەبەرە خولیا و خواستەکانی خۆیان لە ڕەزا پەهلەوی و ئەگەری بەدەسەڵات گەیشتنی سیستەمی پاشایەتیدا دۆزییەوە. ئەو هەوڵانەی کە ئەوان پێشتر بە ناوی پێکهێنانی ڕیفۆرم لە کۆماری ئیسلامیدا بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات دەیاندا، لەوە بەدوا تەرخانی گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی پاشایەتییان کرد. ئەوەش بەو هۆیە بوو کە ئەو بەرژەوەندییە چینایەتییانەی پێشتر پێیان وابوو بە سەرکەوتنی ڕیفۆرمیستەکان دەتوانن دەستەبەری بکەن، بە گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی باشتر بۆیان جێبەجێ دەکرێت.

لە تایبەتمەندییەکانی توێژی مام ناوەندی پایتەختنشین ئەوەیە هەموو ئێران بە موڵکی خۆی و دەسەڵات بە مافی بێ ئەملاوئەولای خۆی دەزانێت. لە بەرانبەردا ئەوانیتر بە نۆکەر و ئەگەر نارازی بن، بە ملۆزم و دوژمن دەبینێت. ئەوان زیاتر لە هەر چین و توێژێکی دیکە، لە بەری داهاتی وڵاتیان چنیوە و لە سفرەی ئێرانیان خواردووە. زمانی ئەوان بە تۆبزی کراوە بە زمانی هەموو گەلانی ئێران و فەرهەنگی ئەوان، بە فەرهەنگی سەرەکی و فەرمی وڵات سەپێندراوە. سەرچاوەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## خاکەلێوەی ٢٧٢٦

دەسەڵات لە هەردوو حکوومەتی پاشایەتی و ئیسلامیدا لە خزمەت پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەواندا بووە. لەپێناو پاراستنی ئەو بەرژەوەندییانەشدا چەمکی خۆکردی ناسیۆنالیزمی ئێرانییان داهێناوە و خۆیان بە داشداری توندی ئەم چەمکە فەیکە لەقەڵەم دەدەن. لە سێبەری ئەو ڕوانگە پاوانخوازنەیەدا ئەوان هیچ چین و توێژ و زمان و نەتەوەیەکی دیکەی ئێران بە هاوبەشی وڵات و دەسەڵات نابینن. لە باشترین حاڵەتدا نەتەوە پەراوێزەکان بە پارێزەری سنوورەکانی خۆیان دەزانن. ئەو نەتەوانەش کە لێیان نزیکترن یان بە جۆرێک لە دەسەڵاتەکەیاندا بەشدارن، دەدەنە بەر توانجی سووکایەتی و زمان و فەرهەنگی ئەوان دەکەن بە گاڵتەجاڕی خۆیان و نوکتە و قسەی پێکەنینی نێو مەجلیسەکانیان. بێجگە لە پاشماوەکانی ساواک، پلەدارانی ئەرتەش و کاربەدەستانی پایەبەرز و وەچەکانیان کە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی بە گیرفانی پڕەوە لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی گیرسانەوە، سێلبریتییەکان، کاربەدەستانی پێشووی نێو وەزارەت و دامودەزگا گرنگەکانی کۆماری ئیسلامی و خەڵکانی گیرفان پڕ کە دوای ئیختلاس و ڕفاندنی پارەی زۆری دەوڵەت لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی گیرساونەتەوە، ئێستا بەشی سەرەکیی نزیکانی ڕەزا پەهلەوی پێک دەهێنن کە خوازیاری گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی بۆ ئێرانن. ئەوە بێجگە لەو کاربەدەستە ئەمنییەتییانەی نێو دامودەزگاکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە گومان دەکرێت لە لایەن وەزارەتی ئیتڵاعات لە کۆماری ئیسلامییەوە ڕەوانەی نێو ئەو ڕەوتە کرابن. بە دەوری ئەوانەشەوە ئەو شەپۆڵە کۆچبەرانە کۆ بوونەتەوە کە دوای هەر ناکامییەکی ڕێفۆرمیستەکان لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا، ڕوویان لە دەرەوەی وڵات کردووە. ئەم توێژە نیشانی داوە کە وێڕای پاوانخوازییەکەی، بە تەواوی بەرژەوەندیخواز و لایەنگرانی سیاسیی تۆز و بان. بەو واتایە کە ئەگەر هەست بە شانسی لاوازی ڕەزا پەهلەوی بکەن یان کەس و لایەنێکی گونجاوتریان دەست بکەوێت، زۆر بە ئاسانی ڕووی لێ وەردەگێڕن و بە دەوری هەر کەس و لایەنێکدا کە بزانن شانسی زیاتری بۆ گەیشتن بە دەسەڵات هەیە، کۆ دەبنەوە و هەوڵ دەدەن بە هەڕەشە و هێرش و هەر کەرەستەیەک کە لە بەردەستیان بێت، خواستەکانی خۆیانی بەسەردا بسەپێنن. لە ڕاستیدا ئەوەی ئێستا ڕەزا پەهلەوی ئاراستە دەکات، نە خوو و خواست و هەڵوێستە سیاسییەکانی، بەڵکوو خواستە چینایەتییەکانی ئەو توێژە پاوانخوازەیە.

١٩ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ناسیۆنالیزم، سەربەخۆییخوازیی و ئەستێرەکانی ئورووپا!





**برایم فەڕشی**

ئەم ڕۆژانە، چەپ و ڕاست و شاهی و مەلایی فارس زۆرتر لە جاران باس لە جوداییخوازیی، حیزبی کوردی دەکەن، گوایە گەرەکیانە ئێرانی ئەوان "تجزیە" بکەن. بە درێژایی مێژوو ئەمە تێگەیشتنی زاڵی حکوومەت و نوخبەی فارس و ناوەندگەرا بووە و هەیە. بە ساڵان بە تایبەت لە ناوچەی فارس باس لەوە کراوە و دەکرێ کە مەسەلەی نەتەوەیی و نەتەوایەتی لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەردەمی گلۆبالیزم بەرەو کەمڕەنگبوون چووە و دەچێ و فرەنەتەوەبوون و جیهانیبوون بە وتەی هامبرماس، فەیلەسووفی ئاڵمانی جێگای نەتەوەییبوون دەگرێتەوە. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەش یەکیەتیی ئورووپا بە نموونە دەهێننەوە.

نووسەری ئەم دێڕانە لە کتێبێکدا بە ناوی (مرۆڤ و ناسنامە و ناسنامەی نەتەوەیی) کە جارێ لە لایەن وەشانخانەوە چاپکردنی ڕاگیراوە، ئەم بابەتەی تاوتۆ کردووە کە چۆن ناسیۆنالیزم لە هەموو ئورووپا، فەڕانسە، ئاڵمان، هۆلەند، ئوتریش، بلژیک، ئیسپانیا، ئیتالیا، سکاندیناوی و شوێنی تر گەشەی سەندووە. هەڵوەشانەوەی یۆگسلاوی، چێکۆسلۆواکی دوو وێنەی بەرچاو بوو. جگە لەوە یەکیەتیی ئورووپا لە نێوخۆیدا تووشی قەیرانێکی بنەڕەتی بۆتەوە کە بابەتی سەرەکی گەڕاندنەوەی سەربەخۆیی سیاسی وڵاتانی نێو یەکیەتییەکەیە و ئەوەش وای کردووە یەکیەتیی ئورووپا لە زۆر لایەنەوە نەتوانێ وەک ناوەندێکی ئورووپی هەڵوێستی یەکدەست هەبێت و بەرنامەکانی پێش بخات.

ئەوەی ڕوونە ئەوەیە لە وڵاتانی ئورووپا، ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی و ناوچەیی لە گەشەکردندایە و داوای سەربەخۆییکردن، تەنیا "باسک" و "کاتەلان" ناگرێتەوە. ژمارەی جوداییخوازانی ئورووپا بە سەد گرووپ و حیزب و ناوچە مەزندە دەکرێ. هەرچەند ناسیۆنالیزم و سەربەخۆییخوازیی لە ئورووپا لە سەدەی ١٨ و ١٩ گەرم بوو، بەڵام ئەو نەتەوە و کۆمەڵگەیانەی وەک خۆیان نەکەوتنە نێو پرۆسەی سەربەخۆییخوازیی سەدەکانی ڕابوردوو، ئێستا داوای سەربەخۆیی و بڕیاردانی مافی خۆیان دەکەن و لە لایەنی سیاسییەوە جیاواز دەنوێنن.

**بەناوبانگترین هێز و جووڵانەوەکان بریتین لە:**

- کاتەلان (ئیسپانیا) کە بە ساڵان داوای جیابوونەوەی تەواو لە ئیسپانیا دەکەن.

- جووڵانەوەی شۆتلاند (بریتانیا) کە وەک حیزبی نەتەوەی شۆتلاند (SNP) بە تەمان دووهەمین ڕیفڕاندۆمی خۆیان بۆ سەربەخۆیی بەڕێوە ببەن.

- نەتەوەخوازانی فلامی (Flandern) بلژیک کە زمانیان هولەندییە و ژمارەیان دەگاتە نزیک حەوت میلیۆن کەس و داوای جیابوونەوە لە بەشی فەڕانسە زمانی بلژیک دەکەن.

- باسکەکان لە ئیسپانیا کە لەمێژ ساڵە داوای سەربەخۆیی خۆیان لە سپانیا دەکەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- کرۆسیکا Korsika دوورگەیەکی نزیک ئیتالیایە، بەڵام لە ساڵی ١٧٦٨ەوە بۆتە ملکی فەڕانسە و داوای خودموختاریی زۆرتر هەتا سەربەخۆیی خۆیان لە فەڕانسە دەکەن.

- هەروەها ئەو شوێنانەی داوای سەربەخۆیی دەکەن وەک پادانیەن و باشووری تیرۆل لە ئیتالیا، دورگەی فێرۆر لە (دانمارک) و بایرن لە ئاڵمان کە خاوەنی دامودەزگای خۆیانن. حیزبی بایرن Die Bayernpartei BP ساڵی ١٩٤٦ دوای کۆتایی شەڕی دووهەم دامەزراوە و داوای جیابوونەوە لە ئاڵمان دەکات. ئەم حیزبە لە ساڵی ١٩٤٩ هەتا ساڵی ١٩٦٦ ئەندامی پارلەمانی ئاڵمان بووە و ئێستا ئەندامی پارلەمانی ئەیالەتی بایرن و ئەندامی بەرەی ئازاد لە ئورووپایە کە ٣٨ ئەندام، واتە حیزب و گرووپ لە خۆ دەگرێ. حیزبی بایرن گەرەکیە ئەیالەتی بایرن لە ئاڵمان جیا کاتەوە، بەڵام ئەندامی فێدرالیزمی ئورووپا بمێنێ و ئابووریی و سیاسەتی خۆی و بایەخە نەتەوەییەکانی خۆی ڕاگرێ و بیپارێزێ. ئەم حیزبە خۆی لە حیزبی سەرەکیی بایرن کریست دێموکرات مەسیحی دوور ڕادەگرێ و ئەوان بە حیزبی ناوەندگەرا دەناسێنێ. هۆی جیابوونەوەی ئەم خەڵکانە جگە لە مەسەلەیی نەتەوایەتی، فەرهەنگی، زمانی و ناسنامە، سیاسەتی ئابووریی حکوومەتی ناوەندیی بەرانبەر بە خۆیان و ناوچەکەیانە کە دواکەوتوتر لە شوێنی تر ڕاگیراوە. جگە لەم جووڵانەوانە، پاش دەرچوونی بریتانیا لەنێو یەکیەتیی ئورووپا هێزی ناسیۆنالیست لە زیادبووندایە و لە زۆربەی وڵاتانی ئورووپا لە ڕێگای هەڵبژاردن هێدی هێدی هەم لەنێو پارلەمانی ئورووپا و هەم پارلەمانی وڵاتان و ئەیالەتەکان پەرە دەستێنن و لە ساڵانی داهاتوو ڕەنگە لە زۆر وڵاتی وەک فەڕانسە، ئاڵمان، هولەند، ئوتریش و شوێنی تر زۆرینەی دەنگ پەیدا بکەن و دەسەڵاتی دەوڵەت و حکوومەت بگرنە دەست و بوونی یەکیەتیی ئورووپا تووشی قەیرانی بنەڕەتی بکەن.

**ئەم پرۆسەیە لە ڕۆژهەڵاتی ئورووپاش لە ئارادایە:**

- حیزبی ساین فەین Sinn Féin باکووری ئیرلەند ساڵانێکە داوای یەکگرتنەوەی هەر دوو ئیرلەند دەکات، کارێک کە ئاڵمانییەکان بە یەکگرتنەوەی دوو ئاڵمان کردیان و کارێک کە کورد دەبوو لە سەدەی شازدە و سەدەی هەژدە و سەدەی بیستدا کردبایان و تا ئێستا دوا کەوتووە و بۆیان نەکراوە.

لە ئورووپا، مافی نەتەوەکان Volksrechte بە ڕەسمی ناسراوە، بەڵام لە یاسای بنەڕەتیی ئەو وڵاتانە باس لە جیابوونەوە وەک ماف نەکراوە و ئەو خەڵکانە ڕووبەڕووی حکوومەتی ناوەندی دەبنەوە ، هەر وەک چۆن ڕووبەڕوو بوونەتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خاکەلێوەی ٢٧٢٦**

ئەوەی ڕوونە ئەوەیە ئورووپای ساڵان و دەیەکانی داهاتوو بێتوو وڵامی ئەم پرسیارانەی ئێستا نەداتەوە، تووشی قەیران و شەڕ و کێشە دەبێ. ئایا کوردی پارچەپارچەکراو لە چوارجێوەی تیۆریی و سیاسەت و بەرنامە وستراتێژیی بە بوونی ئەو ئورووپایە کە مێژووی ٢٥٠ ساڵەی دێموکراسیان لە پشتە، پرسیاری تازەیان بۆ نایەتە پێش؟ ئایا دەوڵەتانی دیکتاتۆری ناوچە کە کوردستانیان داگیر کردووە، خەونی کورد لە دێموکراسی خۆیاندا وەدی دەهێنن، هەتا کورد لە سایەی دێموکراسی ئەواندا، ببێتە خاوەنی مافی خۆی؟

**٢١ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە گوتار ڕا هەتا کردەوە!






**د. کامڕان ئەمین‌ئاوە**

ڕاگەیاندنی "هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران" لە ٣ی ڕەشەممەی ١٤٠٤ی هەتاویی، و پاشان پەیوەستبوونی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بەو هاوپەیمانییە لە ١٢ی ڕەشەممەی ١٤٠٤، دەتوانرێت وەک خاڵێکی وەرچەرخان لە خەباتی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاش شۆڕشی ڕێبەندانی ١٣٥٧ لەبەرچاو بگیرێت.

لەو نێوەدا، گرینگیی پەیوەستبوونی کۆمەڵەی شۆڕشگێر بەم هاوپەیمانییە ئەوەیە کە وێرای ئەوەی بە درێژایی چەند مانگ لە ڕەوتی دیالۆگی ئەم هێزانەدا بەشدار بوو، بە هۆی هەبوونی هەندێ ڕەخنە، لە قۆناغی ڕاگەیاندندا بەشداریی نەکرد. دواتر، بە هۆی زەروورەتی بارودوخی سیاسیی ئێران و ناوچەکە، وەک هەڵوێستێکی بەرپرسانە، بە پاراستنی ڕەخنەکانی، هاتە نێو ئەم هاوپەیمانییە.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم هاوپەیمانییە، بوونی دوو لەکۆمەڵەکان و بەشداریی پاک، خەبات و بە تایبەتی پژاکە، کە ساڵانێک نکووڵی لە بوونی وەک هێزێکی ڕۆژهەڵاتی لە لایەن بەشێک لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرا. بە گشتی، ئەم هاوپەیمانییە ڕەنگدانەوەی زۆرینەی بیروڕای هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بۆ چارەسەری کێشەی کورد. ئەم هێزانە لەسەر چەند خاڵێکی گرینگ و حەیاتی بۆ ئەم قۆناخەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێک کەوتوون. ڕاگەیاندنی ئەم هاوپەیمانییە لەنێو نەتەوەی کورد و هەروەها لە نێو گەلانی دیکەی ئێران و حیزب و ڕێکخراوەکانیاندا کاردانەوەی جۆراوجۆری هەبوو؛ لە خۆشحاڵی و پشتگیریی هۆگرانی چارەسەرکردنی کێشەی کورد هەتا ترس و دڵەڕاوکێی هێزە شاپەرست، پانئێرانیست و تەواویەتخوازەکان، کە سەرەڕای بەستراوەبوونی خۆیان تاوانی جیاییخوازی و هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلیان وەپاڵ ئەم هاوپەیمانییە دەدا.

دڵسۆزانی بزووتنەوەی کورد دڵخۆش لە ڕاگەیاندنی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، بەپێی ئەزموونی پێشووی هاوکاریی هەندێ لەم حیزبانە لە" ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران"، چاوەڕوانی هەڵگرتنی هەنگاوی کردەیی و جیدی لەلایەن ئەم هاوپەیمانییە بوون، بەڵام مخابن تا ئێستا، کاری سەرەکیی ئەوان لە ئاستی چەند ڕاگەیاندنێکدا قەتیس ماوەتەوە و تەنانەت لەم دواییانەدا نەیانتوانی بە یەک دەنگ لە کۆنگرەی ئازادیی ئێران (٨ - ٩ی خاکەلێوە لە لەندەن) بەشداری بکەن کە نوێنەرانی زۆرینەی هێزە سەرانسەری و نەتەوەییەکان پێکهاتوو لە حیزب یان کەسایەتیی سەربەخۆ بەشداری بوون. بێگومان ئەگەر لەم کۆنگرەیەدا نوێنەرێکیش لە لایەن هاوپەیمانییەوە بەشداری کردبا، کاریگەرییەکەی بە هێزی لەسەر دۆست و دوژمندا دەبوو.

**لە لایەکی دیکەشەوە، پاش نزیکەی دوو مانگ لە ڕاگەیاندنی ئەم هاوپەیمانییە:**

- هیچ سایت یان ئادرێسێکی فەرمی بۆ ئەم هاوپەیمانییە پێک نەهاتووە،

- لە دەرەوەی وڵات هیچ کۆبوونەوە و کۆڕ و کۆمەڵێکی گشتی بۆ ڕوونکردنەوەی بەرنامەکانیان پێک نەهاتووە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- هیچ نوێنەر یان وتووێژکارێکی دیاری هاوپەیمانی لە ئاستی دەرەوەدا بوونی نییە کە ڕێک لەم بارودۆخە هەستیارەدا وەک دەنگی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوو بکاتە دامەزراوە مەدەنی و سیاسییەکانی دەرەوە و کاری لۆبیگەری بۆ کوردی ڕۆژهەلات بکات.

- لە فەزای مەجازیی ناکوردیی ئێرانیدا، کە زۆرجار تاوان و تۆمەت دەدرێتە پاڵ ئەم هاوپەیمانییە، هەست بە نەبوونی دەنگی نوێنەری هاوپەیمانی دەکرێت.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بۆ سەرکەوتن پێویستی بە یەکگرتوویی و هاوئاهەنگی نێوخۆیی هەیە، بۆ ئەوەی دووبەرەکیی نێوخۆیی یان ڕکابەریی حیزبییەکان کەمتر بکەنەوە و هاوپەیمانییەکە بتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر ئامانجە کورتخایەن و درێژخایەنەکانی خۆی جێبەجێ بکات. ئەم یەکگرتووییە دەبێ ڕێگە بدات هاوپەیمانی وەک یەک یەکەیەکی سیاسی لە هەموو چالاکییە سیاسییەکان، لەوانە ڕووداوەکان، کۆبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوەی وڵات، چاوپێکەوتن لەگەڵ دامەزراوە و ڕێکخراوە سیاسییەکانی چەپ و دیموکراتی ئێرانی، پێوەندی لەگەڵ حیزبە پێشکەوتنخوازەکان، پەرلەمانەکان، نوێنەری حکومەتەکانی دەرەوە، چالاکانە ئامادە بێت.

هەروەها پێویستە هاوپەیمانی هەوڵ بدات بۆ ڕاکێشانی پشتیوانیی خەڵک لە ناوخۆی کوردستان و هێزەکانی دەرەوەی وڵات، و بە بەشداری کەسایەتییە سیاسی و ئەکادیمییەکان، دامەزراوە و گروپە ڕۆشنبیری و مەدەنییەکان، پانتایی هاوپەیمانییەکە پان و بەرینتر بکات. هاوکات لەگەڵ ئەم چالاکییانە، بە هەڵگرتنی هەنگاوی ڕۆشنگرانە و کردەویی پێویست لە دەرەوەی وڵات وەکو بەڕێوەبردنی کۆڕ و کۆمەڵی جۆراوجۆر، ڕاگەیاندنی کاریگەر، شەرعیەت و کاریگەری و نفووزی هاوپەیمانی بەهێزتر بکات

بۆ ئەوەی کاریگەرییەکانی لە فەزای مەجازی زیاد بکات و پێوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکدا دروست بکات، پێشنیار دەکرێت کە بولیتین، گۆڤار، ماڵپەڕ و تۆڕێکی تەلەفزیۆنی هاوبەش دروست بکرێت بۆ ئەوەی پەیام و چالاکییەکانی هاوپەیمانییەکە بە شێوەیەکی کاریگەر بگەیەنێت. هاوکات بە پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی وەک شەفافیەت، لێپرسینەوە، چالاکیی بەردەوام، گوتاری بنیاتنەر و گشتگیر، بناغە فیکری و ڕەفتارییەکانی هاوپەیمانی بەهێزتر دەبن. تێکەڵکردنی ئەو پرەنسیپ و مەرجانە، هاوپەیمانی دەگۆڕێت بۆ ئەکتەرێکی کاریگەر لەسەر شانۆی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی، بە شێوەیەک کە بتوانێت بە کارابیەکی بەرچاو ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی پێش بخات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خاکەلێوەی ٢٧٢٦**

ئەگەر لەم بوارانەدا کاری جیددی نەکرێ، کورد ناتوانێت لە داهاتوودا بە یەک دەنگ ڕۆڵی کاریگەر ببینێت و ترسی دووپاتبوونەوەی چارەنووسی ناوەندی هاوکاریی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کاتی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی هەیە.

بەو هیوایە، ئەم هاوپەیمانییە هەرچی زووتر بتوانێت هەنگاوی کردەیی هەڵێنێ و وەک هێزێکی بەهێز و بەرپرسیار خۆی بسەلمێنێت، و تەنانەت کەسایەتی و هێزە ناحیزبی و مەدەنییەکانیش بۆ ناوخۆی ڕابکێشێت. کە دیارە ئەمەش پێویستی بە هاوئاهەنگی و هاودەنگیی نێوان ئەندامانی ئەم هاوپەیمانییە هەیە.

**٢١ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦**

---



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕاگەیەندراوی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران سەبارەت بە ئاگربەست




لە کاتێکدا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ماوەی ٣٩ ڕۆژ لە نێو ئاگری شەڕێکی قورسدا بوو؛ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەژێر زەبری هێرشە توند و ڕاستەوخۆکانی ئەمریکا و ئیسرائیلدا بوو، سەرەنجام ڕۆژی سێشەممە، ١٨ی خاکەلێوەی ١٤٠٥ لە ئاکامی تەسلیمبوونی ڕێژیمی ئێران بە ئۆلتیماتۆمی سەرۆکی ئەمریکا (کە ئەگەر گەرووی هورمز نەکاتەوە ئێران دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی بەردین)، ملی بە ئاگربەست دا.

**هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستان، وێڕای چاودێریکردنی وردی بارودۆخەکە، ڕوانگەی خۆی لەم چەند تەوەرەدا دەخاتە ڕوو:**

**یەکەم:** بەرپرسیارێتیی ڕێژیم لە جەنگ وماڵوێرانییەکان، بەرپابوونی شەڕ و تێکچوونی ئاسایشی ناوچەکە، دەرەنجامی ڕاستەوخۆی سیاسەتە تێکدەرانەکانی کۆماری ئیسلامییە. ئەم ڕێژیمە لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی، دەستوەردان لە کاروباری وڵاتان، پەیڕەوکردنی سیاسەتی بەنێو هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی، پشتیوانیکردنی تیرۆریزم و پەرەپێدانی بەرنامەی مووشەکی و دڕۆن، جیهانی بەرەو ناسەقامگیری بردووە. ئەم جەنگە بووەتە هۆی زیانگەیاندنی زۆر

**خاکەلێوەی ٢٧٢٦**

بە هاووڵاتییان و ئاوارەبوونی هەزاران خێزان.

**دووەم:** پێشوازی لە هەر هەنگاوێک دەکرێت کە ببێتە هۆی ڕاگرتنی خوێنڕشتن و پاراستنی گیانی هاووڵاتییانی سڤیل، بەڵام هۆشداری دەدرێت کە ئاگربەست نابێت ببێتە دەرفەتێکی تاکتیکی بۆ ڕێژیم تا وەک جارەکانی پێشوو بۆ خۆڕێکخستنەوە و نزیکبوونەوە لە چەکی ئەتۆمی کەڵکی لێ وەربگرێت. هەر ڕێککەوتنێک ئیرادەی گەلانی ئێرانی تێدا فەرامۆش بکرێت، تەنیا ئاشتییەکی کاتی و مەترسیدار دەبێت.

**سێیەم: ئاگربەست تەنیا کاتێک مانای دەبێت کە ببێتە سەرەتایەک بۆ:**

١- کۆتاییهێنانی یەکجاری بە دەستوەردانی سەربازی، هەواڵگری، ڕێکخستن و ئاراستەکردنی ڕێژیم.
٢- هەڵوەشاندنەوەی بنەڕەتیی بەرنامە ئەتۆمی و مووشەکییەکان.
٣- پابەندبوون بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و دانان بە مافە ڕەواکانی نەتەوەکانی ناو ئێران، بەتایبەت مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد.

**چوارەم:** ئەزموونی ٤٧ ساڵەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیی ئێران نیشانی داوە کە ئەم ڕێژیمە چاکسازیی تێدا ناکرێت و تەنیا بە گۆڕانکاریی بنەڕەتی و دیموکراسی، ئارامی بۆ ناوچەکە دەگەڕێتەوە.

**بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان، بوون و بەردەوامی و هێزی خۆی لە نەتەوەکەی و ویستی ئازادی و سەروەری وەردەگرێ و بەرهەمی شەڕ و ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان نییە؛ بۆیە نە ئاگربەست و نە ڕێککەوتن لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بەردەوامییەکەی ڕاناگرێ. هیچ جۆرە ئاگربەست و ڕێککەوتنێکی سیاسی نامانوەستێنێت لە هەوڵەکانمان بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەروەری.**

**سەرکەوێت خەباتی ڕەوای گەلی کورد**
**هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران**
**١٨ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦ی کوردی (١٤٠٥ی هەتاوی)**
**١٠ / ٠٤ / ٢٠٢٦**

**٢١ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕوانگەی ئامرازی بۆ هەرزەکاران لە سیستەمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا





ئاسۆ ساعێدی

بەرکۆ: سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە مەبەستی پێکهێنانی "قەڵغانی مرۆیی"، بەتایبەت کەڵکوەرگرتن لە هەرزەکاران و گەنجان لە دەوروبەری ناوەندە هەستیارەکانی وەک ناوەندەکانی وزە و... تاد، زیاتر لە ڕێکارێکی بەرگرییە؛ واتە ستراتیژییەکی ئاڵۆزی دەروونییە، کە لەسەر بنەما جیاوازەکانی دەروونناسیی جەماوەری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، گەشە

و هەروەها پڕوپاگەندە و... تاد بنیات نراوە.

بەرپرسانی حکوومەت لە هەوڵێکی ڕێکخراو و پێشبینیکراودا، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی تێچووی ئەگەری هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ناوەندەکانی وزە و ژێرخانە هەستیارەکان، بە شێوەیەکی ئاشکرا و ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی کەناڵە تەلەفیزیۆنییە نێوخۆییەکانەوە، داوایان لە خەڵک بەگشتی و دایک و باوکان بەتایبەتی کرد، کە مێرمنداڵان و لاوان بە دروستکردنی پشتێنی مرۆیی وەک قەڵغانێک، لە بەرانبەر هێرشە ئاسمانییەکاندا و لە دەوروبەری ناوەندەکانی وزە کۆ ببنەوە.

یەکێک لە شێوازەکانی شەڕ بۆ بەکارهێنانی خەڵکی مەدەنی بەگشتی و منداڵان و مێرمنداڵان بەتایبەتی، بە مەبەستی وروژاندنی هەستی لایەنی بەرانبەر و پاراستنی شوێنە جێی مەبەستەکانە، کە لە ڕاستیدا بە پێشێلکردنی پرۆتۆکۆڵ و ڕەشنووسە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەکارهێنانی منداڵان هەژمار دەکرێت. ئەم هەوڵەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، تایبەت بە شەڕ لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل نییە، بەڵکوو بە درێژایی ساڵانی دەسەڵاتداریی، لە شەڕەکاندا کەڵکی لێ وەرگرتووە، وەک نموونە: "شەڕ لەگەڵ عێراق و سەرکوتی خۆپێشاندانەکان". هەر بۆیەش وەک هەوڵێکی نامرۆڤانەی بەئامرازکردنی منداڵان هەژمار دەکرێت و بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان کردەوەیەکی ڕێگەپێنەدراوە.

### شیکردنەوەی ستراتیژیی قەڵغانی مرۆیی لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە

لێکدانەوەی "ڕوانگەی ئامرازی بۆ مرۆڤ" لە چوارچێوەی شەڕدا، یەکێکە لە تاڵترین و لە هەمان کاتدا ئاڵۆزترین بابەتەکان، بەتایبەت لە ڕوانگەی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی، سیاسی، جەماوەر و چەمکە پێوەندیدارەکان بە پاتۆلۆژیی دەروونیی دەسەڵاتدارانەوە.

– بکەر **Subject**: کاتێک مرۆڤ "بکەر" بێت، واتە خاوەنی ئیرادە، هەست، بیرکردنەوە و هێزی هەڵبژاردنە. کەسێکە کە مێژوو دروست دەکات و چاوەدێری دەکات، بڕیار دەدات و کاریگەریی لەسەر ژینگەی ژیان و کۆمەڵگە دروست دەکات. لەم حاڵەتەدا تاک وەک مرۆڤێکی تەواو سەیر دەکرێت.

– بەرکار **Object**: کاتێک مرۆڤ دەبێتە "بەرکار"، واتە چیتر وەک مرۆڤێکی خاوەن هزر و ئیرادە سەیر ناکرێت، بەڵکوو وەک "کاڵا و ئامراز" مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، یان وەک ئامار و ژمارە لە گردبوونەوە و خۆپێشاندانە حکوومەتییەکاندا

بەکار دەهێنرێت. لەم پرۆسەیەدا ناسنامەی تاک لە کەسەکە وەردەگیرێت و دەبێتە بەرکار، واتە ئامرازێک بۆ پێشخستنی ئامانجە گەورەکان یان هێمایەکی ئایدۆلۆژیک بۆ حکوومەت.

**لە بەرکارکردن یان شێئاندنی مرۆڤدا، هەندێک پرۆسەی دەروونیی تایبەت چالاک دەبن کە توندوتیژی بە گونجاو دەزانن و ویژدان بێدەنگ دەکەن.**

### ١- دەروونناسیی بەرگری و بەرپەرچدانەوەی هێمایی

لە ڕوانگەی دەروونناسیی سیاسییەوە، بەکارهێنانی خەڵکی مەدەنی (بەتایبەت هەرزەکاران)، ستراتیژییەکە بۆ دروستکردنی "قەڵغانی ئەخلاقی". بوونی هەرزەکاران ئەم پەیامە بە لایەنی هێرشبەر دەگەیەنێت، کە هەر هێرشێک واتە زیانگەیاندن بە بێتاوانترین توێژی کۆمەڵگە. ئەمەش لە ڕووی دەروونییەوە ویژدانی گشتی دەورووژێنێت و تێچووی ئەخلاقیی هێرشەکە بۆ لایەنی بەرانبەر زیاد دەکات.

### ٢- هەستبزوێنیی هەرزەکاران

هەستبزوێنی و خراپ بەکارهێنانی هەرزەکار یەکێکە لە ئامرازە سەرەکییەکانی دەروونناسیی شەڕ بۆ بەکارهێنانی هێزی هەرزەکار. لە دەروونناسیی گەشەدا، هەرزەکاری قۆناغێکە کە تێیدا ئاستی بەرگەگرتنی مەترسی بەرز دەبێتەوە و پێویستی بە ئەزموونی نوێ و چڕ تێیدا دەگاتە لووتکە؛ بە شێوەیەکی سروشتی هەرزەکاران هۆگرییان بەرەو لای چالاکییە حەماسی، هاوسۆزی و پڕمەترسییەکان ڕادەکێشرێت.

### ٣- گەڕان بەدوای شوناس و بنیاتنانی کەسایەتی

هەرزەکاری قۆناغێکە کە تاک بە چڕی بەدوای ناسنامە و هەستی سەربەخۆیی و پەیوەستبوون بە گرووپێکی گەورەتردا دەگەڕێت. بەشداریکردن لەم جۆرە کارانەدا هەستی واتاخوازی بە هەرزەکار دەبەخشێت، کە دەبێتە بەشێک لە "ئامانجێکی گەورە" یان "بەرگرییەکی پیرۆزی نوێ". ئەمەش مانای سیاسی و کۆمەڵایەتی بە ژیانی دەبەخشێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٤- تیۆریی ناسنامەی تێکەڵکێشراو

لە دەروونناسیی کۆمەڵایەتی و سیاسییدا، دیاردەیەک بە ناوی ناسنامەی تێکەڵکێشراو هەیە. کاتێک کە سنووری نێوان "خود"ی تاک و "گرووپ" دەشکێت و لەناو دەچێت، تاک ئامادەیە بۆ مانەوەی گرووپ یان سەرکردە و ڕێبەر - سیستەم، خۆی بکاتە قوربانی. کۆماری ئیسلامیی ئێران بە فێڵی شوناس‌سازیی ساختە بۆ هەرزەکار، ئەم هەستەی پێ دەبەخشێت کە "پاسەوانی سەروەریی نیشتمانی"یە. ئەم هەستە درۆیینەی پاڵەوانبوونە، پێویستیی هەرزەکار بۆ بینران تێر دەکات.

لە دەروونناسیی گەشەدا، هەرزەکاران بەهۆی تەواونەبوونی گەشەی توێژی پێشەوەی مێشکیان، هەڵسەنگاندنێکی وردیان بۆ مەترسیی مردن نییە. حکوومەت بە خراپ بەکارهێنانی ئەم ناتەواوییە فیزیۆلۆژیکییە، وەک قەڵغانێکی بەرگری بەکاریان دەهێنێت.

## ٥- ستراتیژیی "بارمتەگرتنی سۆزداری"

لە دەروونناسیی سیاسییدا ئەم کردارە جۆرێکە لە بەستێنسازی بۆ باجخوازیی ئەخلاقی. ئامانج ئەوەیە کە لە هزری هێرشبەردا بنبەستێکی ئەخلاقی و دژبەیەکییەک دروست بکات و هێرشبەر لە دووڕییانێکدا دابنێت؛ ئەگەر هێرش بکات، وەک "منداڵکوژ" دەناسرێت و ئەگەر هێرش نەکات، حکوومەت و سیستەمەکەی بە ئامانجی خۆی (پاراستنی دامەزراوەکان) دەگات.

## ٦- بەکارهێنانی بێتاوانان وەک چەکێک

بە دانانی مێرمنداڵان لە بەرانبەر ئامرازە سارد و پیشەسازییەکانی وەک (وێستگەی کارەبا)، دژبەیەکییەکی بینراوی بەهێز دروست دەبێت، کە ئامانج لێی ڕاکێشانی سۆز و بەزەیی جیهانی و لە هەمان کاتدا وروژاندنی تووڕەیی نێوخۆییە بەرانبەر بە "هێرشبەر."

## ٧- پڕوپاگەندەی "شەهیدخوازی"

کاتێک هەرزەکارێک دەخرێتە ناو بازنەیەکی مرۆییی گەورەتر، وردەوردە لە بەرانبەر چەمکی مردن و کارەساتدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"هەستلێداماڵینی" بۆ دروست دەبێت و مردنی لا ئاسایی دەبێتەوە. بەستنەوەی مانەوەی سیستەم بە مانەوەی فیزیکیی هەرزەکار، دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاک هەست بکات بوونی تەنیا لە سایەی توانەوە لەناو پێکهاتەی دەسەڵاتدا مانا دەدۆزێتەوە.

## ٨- پارادۆکسی بەها و ئامراز

یەکێک لە لایەنە ئاڵۆزەکانی دەروونناسی ئەوەیە کە حکوومەت لە ڕواڵەتدا بانگەشەی "کەرامەتی مرۆیی" دەکات، بەڵام لە پڕاکتیکدا مرۆڤ وەک گۆشتی دەمی تۆپ بەکار دەهێنێت. ئەم ناهاوتاییە مەعریفییە (دژبەیەکبوونی نێوان بیرکردنەوە و واقیع)، لە کۆمەڵگەدا بە بەکارهێنانی پڕوپاگەندە چارەسەر دەکرێت؛ بەو شێوەیەی کە "تیاچوونی تاک" وەک "مانەوە و بەرزبوونەوەی" سەرلەنوێ پێناسە دەکرێتەوە، تاکوو هزر تووشی داڕمان نەبێت.

## ڕوانگەی ڕەخنەگرانەی دەروونناسیی گەشە

بەکارهێنانی ئامرازانەی هەرزەکاران لە شەڕدا، لە ڕوانگەی دەروونناسیی گەشەوە تەنیا بابەتێکی ئەخلاقی یان یاسایی نییە؛ بەڵکوو بە "زەبرێکی گەشەسەندن"ی قووڵ دادەنرێت، کە پێکهاتەی کەسایەتیی تاک لە هەستیارترین قۆناغەکانی ژیانیدا دەڕووخێنێت.

دەروونناسانی گەشە (وەک ئێریک ئێریکسۆن، پیاژە و کۆڵبێرگ)، پێیان وایە کە هەرزەکاری قۆناغی دروستبوونی ناسنامە و تێپەڕینە لە بیرکردنەوەی بابەتییەوە بۆ بیرکردنەوەی دەرهەست. کاتێک هەرزەکار وەک ئامرازێک بۆ ئامانجێکی سیاسی و سەربازی بەکار دەهێنرێت، جیا لە هەموو زەبرەکانی تر، قەیرانی ناسنامە و شوناس دروست دەبێت.

بەپێی تیۆریی ئێریک ئێریکسۆن، ئەرکی سەرەکیی هەرزەکار بەدەستهێنانی ناسنامەیەکی یەکگرتوو و لێکدانەبڕاوە. کاتێک هەرزەکار خۆی لەناو شەڕدا دەبینێتەوە، دەرفەتی "گەڕان"ی لێ دەسەندرێتەوە. ناسنامەکەی نەک لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی کەسی، بەڵکوو لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیای سەپێنراو و ڕۆڵی سەربازیدا دروست دەبێت.

جێگرتنەوەی "من" بە "ئێمە"، بە ئامرازکردن دەبێتە هۆی ئەوەی هەرزەکار تاکایەتیی خۆی لەپێناو کۆمەڵدا (یەکەیەکی سەربازی یان ئامانجی جەنگ) بکاتە قوربانی، کە دوای شەڕ هەستکردن بە پووچی و سەرلێشێواوی لێ دەکەوێتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خاکەلێوەی ٢٧٢٦**

زۆرێک لە ڕەخنەگرانی بواری دەروونناسی پێیان وایە هاتنە ناوەوەی منداڵان و هەرزەکاران بۆ ناو ململانێیە توندە سیاسی و سەربازییەکان، دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێ. دانانی هەرزەکار لە دۆخێکدا کە بەر مەترسی یان شەڕ بکەوێت، دەتوانێت ئاستی دڵەڕاوکێی بنەڕەتی لەم تەمەنە هەستیارەدا زیاد بکات. چونکە کاتێک دەکەوێتە ئەم دۆخەوە، هەستەکانی بەسەر لۆژیکیدا زاڵ دەبن و دەرفەتی شیکردنەوەی فرەلایەنەی پرسە سیاسییەکانی لێ دەسەندرێتەوە، لەبەر ئەوەی لە دۆخی سۆزداریی "هەموو یان هیچ شتێک"دا دادەنرێت.

## بەرەنجام

لە ڕوانگەی یاسا نێودەوڵەتییەکان و ڕێککەوتننامەکانی ژنێڤەوە، بەکارهێنانی خەڵکی مەدەنی (بەتایبەت منداڵانی خوار تەمەنی یاسایی)، وەک قەڵغانی مرۆیی لە ناوچە سەربازی یان ستراتیژییەکاندا ڕووبەڕووی ڕەخنەی جیددی دەبێتەوە. ڕەخنەگران پێیان وایە ئەم کارە ئاماژەیە بۆ لەپێشینەدان بە مانەوەی سیستەم یان پرۆژە تایبەتەکان بەسەر سەلامەتی و ژیانی هاووڵاتییاندا.

**لە ڕوانگەی ئەخلاقی دەروونناسییەوە، ئەم کارە نموونەیەکی ئاشکرای "منداڵئازاریی سیستەماتیکە"، چونکە لەبەر پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی پێکهاتەی دەسەڵات، منداڵ دەخاتە بەردەم هەڕەشە و گوشاری دەروونیی ئەوەی کە مەرگی نزیکە.**

**٢١ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دانوستان لەگەڵ شاندێکی تیرۆریستی لەژێر سێبەری ئاگربەسدا، فێڵ لە جیاتی ئاشتی






**د. مەنسوور سۆهرابی**

دوای زیاتر لە مانگێک شەڕی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە لایەک و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە لایەکی ترەوە، کە زیانی قورسی لێ کەوتەوە و کوژرانی ژمارەیەک لە بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامی و لەوانەش خامنەیی لێ کەوتەوە، ئێستا گفتوگۆگەلێک بەناوی دانوستانەکانی ئاشتی لە ئیسلامئابادی پاکستان بەڕێوە دەچێت. دۆناڵد

## خاکەلێوەی ٢٧٢٦

ترامپ، سەرۆککۆماری ئەمریکا، دوای چەند حەفتە بۆردوومانی ئامانجدار بۆ سەر دامەزراوە حەیاتییەکانی ڕێژیمی ئێران و هاوکات هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ناوەندە مووشەکی و هەواڵگرییەکانی سپای پاسداران، سەرەنجام لەگەڵ ئاگربەسێکی دوو حەفتەیی ڕەزامەندیی نیشان دا تا ڕێگەیەک بۆ کۆتاییهێنان بە تێکهەڵچوونەکان و ڕەنگە سەرەتایەک بۆ ڕێککەوتنێکی سیاسی بکرێتەوە.

لە ڕووکەشدا، ئاگربەسێکی لەو شێوەیە دەکرێت وەک نیشانەیەک بۆ مەیلی گەڕانەوە بۆ گفتوگۆ و ژیریی دیپلۆماتیک هەژمار بکرێت؛ بەڵام سەرنجدانێکی وردتر لە پێکهاتەی شاندی ئێرانی لەم دانوستانانەدا، وێنەیەکی جیاواز دەردەخات. ئەم شاندە نەک سیمای ئاشتی، بەڵکوو سێبەری شەڕی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە. سەرۆکایەتیی شاندەکە لە ئەستۆی محەممەدباقر قالیبافدایە؛ کەسایەتییەکی سەربازی کە ساڵانێک لە لووتکەی سپای پاسداران بووە و وەک مێشکی داڕێژەری پرۆژە مووشەکییەکانی ئێران دەناسرێت. ئامادەبوونی ئەو لە سەرۆکایەتیی شاندێکی ئاشتیدا، بەزەحمەت دەکرێت وەک نیشانەی مەیلی ڕاستەقینە بۆ ئارامی هەژمار بکرێت.

لە پەنای قالیبافدا، ناوی محەممەد جەعفەریی سەحراڕوودی دەبینرێت؛ ئەو کەسەی لە تێرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە ڤییەن، تۆمەتبارە. ئامادەبوونی ئەو جارێکی تر ئەم ڕاستییە تاڵەمان وەبیر دەهێنێتەوە کە کۆماری ئیسلامی نەک هەر دەستی لە سیاسەتی تێرۆر و سڕینەوەی ڕەخنەگران هەڵنەگرتووە، بەڵکوو تێرۆریستە کۆنەکانی بەناونیشانی فەرمی بۆ نێو کایەی دیپلۆماسی گەڕاندووەتەوە. ئەم پێکهاتەیە، ماهییەتی دانوستانەکانی ئیسلامئاباد بەڕوونی دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

ناکرێت شاندێک بەو ڕابردوو و پێکهاتەیەوە، بە شاندی ئاشتی ناو ببردرێت. لە ڕاستیدا، ئەم گفتوگۆیانە پێش ئەوەی سەبارەت بە ئاشتی بن، هەوڵێکن بۆ نۆژەنکردنەوەی سیمایەکی زیانبەرکەوتوو؛ هەوڵێک لە لایەن حکوومەتێکەوە کە لە شەڕی ئەم دواییەدا گورزی جەرگبڕی بەرکەوتووە و بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕێت تا گوشاری سەربازی و ئابووری کەم بکاتەوە و هێزەکانی خۆی ڕێک بخاتەوە.

لە درێژەی ئەم شەڕەدا، ئیسرائیل ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی گێڕا. هێرشە ورد و چڕەکانی سوپای ئیسرائیل، ژێرخانە مووشەکییەکان و تۆڕەکانی فەرماندەیی سپای پاسدارانی تێک شکاند. ئەم هەنگاوانە بە هەماهەنگی لەگەڵ واشینگتۆن داڕێژران و زۆربەی فەرماندە سەرەکییەکانی سپا و پلە باڵا ئەمنییەکان لەنێو چوون. کۆماری ئیسلامی کە ساڵانێکە بە پشتبەستن بە سپا، خۆی بە کۆڵەکەی دەسەڵاتی ناوچەیی دەزانی، لە ماوەی چەند حەفتەیەکدا بەشێکی بەرچاوی توانای

سەربازی و هەواڵگریی خۆی لەدەست دا. لەم بارودۆخەدا، ئاگربەسی کاتی بۆ تاران، پێش هەر شتێک وەک هەناسەیەکی ستراتیژیک هەژمار دەکرێت، نەک دەرفەتێک بۆ ئاشتی.

قالیباف و هاوڕێیەکانی لە ئیسلامئاباد بە باشی دەزانن کە بەبێ ئەم ئاگربەسە، پێکهاتەی سەربازیی حکوومەتەکەیان توانای بەردەوامیی نەدەبوو. بەڵام هەروەک چۆن ئەم ئاگربەسە بۆ ئەوان دەرفەتێکی حەیاتییە، بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش تەڵەیەکی سیاسییە؛ چونکە هەر جۆرە ڕێککەوتنێک بەبێ گۆڕانی بنەڕەتی لە ڕەفتار و ماهییەتی سپای پاسداران، لە کردەوەدا دەبێتە هۆی بووژانەوەی هەمان ئەو بازنەیەی کە لە وێرانەکانی شەڕەوە دووپاتە قەیران دروست دەکاتەوە.

لەم سۆنگەیەوە، دەبێ بە وریاییەوە سەیری دەستەواژەی دانوستانەکانی ئاشتی بکرێت. حکوومەتی ئێران لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا چەندین جار دیپلۆماسیی وەک ئامرازێک بۆ هەناسەدان و نۆژەنکردنەوەی هێزە سەربازییەکانی بەکارهێناوە. هەروەک چۆن لە دۆسیەی ناوکیدا بینیمان، ڕێککەوتنەکان نەک ڕێگەیەک بەرەو چاکسازی، بەڵکوو ئامرازێک بۆ کاتکڕین بوون. ئێستاش دیارە هەمان مۆدێل دووپاتە دەبێتەوە: گفتوگۆگەلێک کە لە ڕووکەشدا سەبارەت بە ئاشتین، بەڵام لە نێوەڕۆکدا هەوڵێکن بۆ مانەوەی دەسەڵاتێکی سەربازی - ئەمنی.

لە ڕوانگەی کوردەوە، ئەم دیمەنە جارێکی تر دژایەتیی ئاشکرای نێوان بانگەشەی دانوستان بۆ ئاشتی و ڕاستیی ڕەفتارەکانی تاران وەبیر دەهێنێتەوە. وڵاتێک کە ڕێبەرانی کوردی لە کاتی گفتوگۆدا تیرۆر کرد، ئەمڕۆ بەهەمان ئەو کەسانەوە لە جلی دیپلۆماتدا لەسەر مێزی دانوستان دانیشتووە. ئایا شاندێکی لەم شێوەیە دەتوانێت هەڵگری پەیامی ئاشتی و متمانە بێت؟
شەڕی ئەم دواییە دەریخست کە تەوەری دەسەڵات لە تاران هەرەسی هێناوە و سپای پاسداران، کە ساڵانێک ستوونی ئەم ڕێژیمە بوو، ئێستا بووەتە سێبەرێکی ماندوو و بریندار. مەرگی خامنەیی، ئەگەرچی بۆشاییەکی گەورەی لە لووتکەی هەرەمی دەسەڵاتدا دروست کردووە، بەڵام دەرفەتی دووپاتە بیرکردنەوەشی بۆ هێزە نێوخۆیی و ناوچەییەکان ڕەخساندووە. لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ نیشانەیەک لە گۆڕانی بنەڕەتی لە ڕەفتاری کۆماری ئیسلامیدا نابینرێت؛ سڕینەوەی ڕێبەر، مەرج نییە ببێتە هۆی گۆڕانی پێکهاتە، کاتێک هەمان سپا و هەمان تۆڕە ئەمنییەکان هێشتا بڕیاردەری ڕاستەقینەن.

لە بارودۆخێکی ئاوادا، گفتوگۆ لەگەڵ ڕێژیمێک کە لە کردەوەدا لە لایەن دامەزراوەیەکی تیرۆریستییەوە بەڕێوە دەبرێت، نەک هەر بێسوودە، بەڵکوو مەترسیداریشە. هەر جۆرە ڕێککەوتنێک لەگەڵ پێکهاتەیەکی ئاوادا، لە ڕاستیدا خوێنی نوێ دەخاتە دەمارەکانی هەمان ئەو سیستەمەی کە دەیان ساڵە ناوچەکەی بە نائارامی هێشتووەتەوە. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێ لە جیاتی شەرعییەتدان بەم نمایشە دیپلۆماتیکە، سەرنج بخاتە سەر لێپرسینەوە لە بکەرانی شەڕ و تیرۆر.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## خاکەلێوەی ٢٧٢٦

ئیسرائیل لەم شەڕەدا سەلماندی کە نەک تەنیا توانای تەکنیکی و هەواڵگریی بەرزی هەیە، بەڵکوو ئامادەیە بۆ سنووردارکردنی ئێران دەست بداتە هەنگاوی ڕاستەوخۆ. ئەمریکاش لە درێژەی ئەم ڕێگەیەدا، بە تێکەڵەیەک لە هێزی سەربازی و گوشاری دیپلۆماتیک هەوڵی دا کۆماری ئیسلامی پاشەکشە پێ بکات. بەڵام ئەگەر ئەنجامی ئەم گوشارانە لە جیاتی هەرەسهێنانی ماشینە جەنگییەکەی ئێران، ببێتە هۆی بووژانەوەی لە ڕێگەی دانوستانەوە، ئەوا هەموو هەوڵەکان و قوربانیانی ئەم شەڕە بێبەرهەم دەبن.

ئەرکی ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و هێزە ناوچەییەکانە کە چەمکی ئاشتی لە تەسلیمبوون لە بەرانبەر فێڵ جیا بکەنەوە. ئاشتیی ڕاستەقینە تەنیا کاتێک واتای هەیە کە دادپەروەری جێگیر بێت و میکانیزمە سەربازی و تێرۆریستییەکان لە دەسەڵات وەلا بنرێن. بەڵام ئەگەر هەمان پێکهاتە سەربازییەکان ئێستا لە چوارچێوەی دانوستاندا بگەڕێنەوە، ئەوا ئەنجامەکەی تەنیا نۆژەنکردنەوەی توندوتیژی دەبێت.

لە کۆتاییدا دەبێ بگوترێت کە دانوستانەکانی ئیسلامئاباد پێش ئەوەی نیشانەی ئاشتی بن، درێژەی هەمان سیاسەتی لەمێژینەی کۆماری ئیسلامین: بەکارهێنانی دیپلۆماسی وەک چەتری فێڵ. لە جیهانێکدا کە تێرۆریستەکان بتوانن لە جلی دیپلۆماتدا لەسەر مێزی دانوستان دانیشن، تەنیا قوربانیانن کە دەنگیان کپ دەمێنێتەوە.

داهاتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە گرەوی ڕاستگۆیی دایە، نەک مامەڵە لەگەڵ کەسانێک کە ساڵانێکە جیاوازییەک لە نێوان دانوستان و تێرۆردا نابینن.

٢٢ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦

---



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر دانوستانەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئیسلامئاباد




دانوستانەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئیسلامئابادی پاکستان دەستیان پێ کردووە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هەستیارییەوە چاودێریی ڕەوتی ئەم دانوستانانە دەکات؛ دانوستانگەلێک کە نەک هەر نیشانەی ئاشتی نین، بەڵکوو فێڵێکی سیاسی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دووبارە بەرهەم دەهێننەوە.

**پێکهاتەی شاندە نێردراوەکەی کۆماری ئیسلامی هیچ گومانێک لەسەر ماهیەتی ڕاستەقینەی ئەم ڕێژیمە ناهێڵێتەوە:**
پێکهاتەیەکی ئەمنییەتی - نیزامی کە دیپلۆماسیی تەنیا وەک ئامرازێک بۆ پێشخستنی ئامانجە سەرکوتکارانە و دەستێوەردەرەکانی خۆی بەکار دێنێت. سەرپەرشتیی ئەم شاندە لە ئەستۆی محەممەدباقر قالیبافە، کە وەک یەکێک لە فەرماندە باڵاکانی سپای پاسداران و کەسایەتییە سەرەکییەکانی دەزگای سەرکوت و پەرەپێدانی نیزامی لەوانەش پڕۆژە ناوکی و مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی دەناسرێت؛ ئەو بە هێمای ئاوێتەبوونی ئاشکرای دەسەڵاتی نیزامی و سیاسەت لەم سیستەمەدا دادەنرێت. هەروەها بەشدارکردنی محەممەد جەعفەریی سەحراروودی کە ناوی ئەو بە پەروەندەی تیرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملووەوە گرێ دراوە و فەرمانی گرتنی یاسایی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لەسەرە، تەنیا بە «ڕێکەوت» دانانرێت؛ بەڵکوو ئەمە دکتۆرینی فەرمیی ئەم ڕێژیمە دەردەخات کە تێیدا تیرۆر وەک ئامرازی سیاسەتی دەرەوە و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خاکەلێوەی ٢٧٢٦**

پارێزبەندی (مصونیت) وەک بنەمای سەرەکیی حاکم بەسەر پێکهاتەی دەسەڵاتدا دەبینرێت. دانیشتنی ئەم جۆرە کەسانە لەسەر مێزی دانوستانێکی نێودەوڵەتی، سووکایەتییەکی ئاشکرا بە شاندی نێردراوی ئەمریکا، پاشان بە دادپەروەری، قوربانیانی تیرۆر و کەمترین بنەما ئەخلاقی و یاساییەکانی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەگەیەنێت.

ئەم شاندە، شاندێکی دیپلۆماتیک نییە؛ بەڵکوو درێژکراوەی تۆڕێکی ڕێکخراوی تیرۆر و کوشتار، فێڵ و ئۆپەراسیۆنی نیزامی لە دەرەوەی سنوورەکانە. دانوستان لەگەڵ پێکهاتەیەکی ئاوادا، نەک هەر نابێتە هۆی ئاشتی، بەڵکوو بە واتای شەرعییەتدان بە سیاسەتی تێرۆر، بارمتەگرتن و پێشێلکردنی سیستماتیکی مافەکانی مرۆڤ دێت؛ لەم ڕووەوە ئەمریکا کە خۆی سپای پاسدارانی وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ناساندووە، ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی جیدی دەبێتەوە. ئەزموونی چوار دەیەی ڕابردووش بە ڕوونی ئەوەی سەلماندووە کە کۆماری ئیسلامی دانوستان نەک بۆ چارەسەری قەیران، بەڵکوو بۆ کاتکڕین، نۆژەنکردنەوەی تواناکانی و بەردەوامبوون لە هەمان سیاسەتە وێرانکەرەکانی خۆی بەکار دێنێت.

ئێمە بە ڕاشکاوی ڕادەگەیەنین: هەر جۆرە ساتوسەودایەک لەگەڵ ئەم ڕێژیمەدا، بەبێ ڕەچاوکردنی بنەمای لێپرسینەوە و بەفەرمی‌ناسینی مافی قوربانیان، بە بەشداری لە بەردەوامیی نادادپەروەری دادەنرێت. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتە دێموکراتیکەکان لەبەردەم هەڵبژاردنێکی ڕووندان: یان دەبێ لە تەنیشت و لە پشت خەڵکی ئێران و کوردستان و قوربانیانی تێرۆر و سەرکوت بوەستن، یان لە تەنیشت ڕێژیمێک جێگیر بن کە تێرۆری کردووەتە سیاسەتی فەرمیی خۆی.

**ئێمە داواکارین لە دانوستان و مامەڵە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا، ڕاوەدوونانی یاسایی بکەرانی تێرۆری دەوڵەتی، سەپاندنی گوشاری سیاسیی کاریگەر و پشتگیریکردنی خەباتی خەڵک بۆ ئازادی و دادپەروەری بکرێتە بنەما. هەروەها ئاشتیی ڕاستەقینە لە ناوچەکەدا نەک لەسەر مێزی دانوستان لەگەڵ بکەرانی تێرۆر، بەڵکوو لە ڕێگەی کۆتایی‌هێنان بە پارێزبەندیی ئەوان، چەسپاندنی دادپەروەری و ڕووخانی کۆماری ئیسلامییەوە دێتە دی.**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەستەی کارگێڕی**

**٢٢ی خاکەلێوەی ١٤٠٥ (١١ی ئاوریلی ٢٠٢٦)**


**٢٢ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خاکەلێوەی ٢٧٢٦

## "پاییزە" بە واتای دەقی بەرگری (خوێندنەوەیەکی پاش داگیرکاری لە ئەدەبی زارەکی کوردیدا)






هێمن مەردانی

**پوختە:** ئەم نووسینە بە نیازە ئاوڕێک بداتەوە لە بەندی بەناوبانگی "پاییزە" و شیتەڵکارییەکی بۆ بکات بەپێی مەجال و توانایی. شیکارییەکە پشت دەبەستێت بە چوارچێوەی تیۆریی ئەدەبی بەرگری و ڕەخنەی پاش - داگیرکاری. قسەی سەرەکی ئەوەیە ئەم دەقە بانتر و بەرەوژوورتر لە دەقێکی ئاشقانە و دڵدارییە و بە واتای ئەرشیڤی عاتفی و سۆزیاری کۆمەڵگەیەکی پەراوێزخراودا دەوری خۆی دەنوێنێت؛ دەقێک کە لە هەلومەرجی دەسەڵاتی مێژوویی، بێدەوڵەتی و هەبوونی دەوڵەتەکانی هاوسێیدا ژیاوە. بە کەڵکوەرگرتن لە چەمکگەلی سەرەکی وەک "ئەویترسازی" لە (فانوون، ١٩٦١) و

"نەتەوەخوازی فەرهەنگی" لە (سپیوەک، ١٩٨٨)، و "ژێردەستە" لە (سەعید، ١٩٧٨)، و "نەتەوە بە واتای گێڕانەوە" لە (بابا، ١٩٩٠). وتارەکە دەری دەخات کە بەندی "پاییزە" لە ڕێی کۆدەنانی خوازەیی سروشت، کۆچ و کۆچباری، ڕاو، دەنگی ژن، جۆرێ خۆڕاگری هێمایین دژ بە دارِشتەکانی دەسەڵاتی سیاسی، ئاغاوەتی و جنسییەتی بەرهەم دەهێنێت.

## پێشبار: ئەدەبی زارەکی بە واتای پاشخانی خۆڕاگری

لەم کۆمەڵگەیانەدا کە بواری بەرهەمهێنانی ڕێکخراوە ڕەسمییە نووسراوەییەکان کەم و بەرتەسک بووە، ئەدەبی زارەکی دەور و نەخشی مێژوویی و یادەوەری بەکۆمەڵی گێڕاوە. ئەدەبی کوردی، بەتایبەتی بەدرێژایی سەدەکانی دوایی، لە بارودۆخی دابەشکاری وڵات، حاشاکردنی شوناس و نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ شەقڵ و بیچمی گرتووە. ئێدوارد سەعید (١٩٧٨، ٣-٥) ئەوە پیشان دەدات کە هێز و دەسەڵاتی داگیرکاری لە ڕێی گوتار، "ئەویتر" نیشان دەدات و سەقامگیری دەکات. لە وەها دۆخێکدا، گێڕانەوەی خۆجێی دەبێتە کردەیەکی خۆڕاگرییانە. دەکرێ بەندی "پاییزە" وەکوو مشتێ لە مشتێی وەها کردەیێک ببینین و بڕوانین؛ دەقێک کە شوناس، سروشت و ئەزموونی بەکۆمەڵ لە ناوەوە چی دەکات نەک لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە.

## ڕووبەر و کۆچ: جوگرافیا بە واتای سیاسەت

لە بەندی "پاییزە" هاتووچۆکردن لە نێوان زۆزان و گەرمێن بەردەوامە و دووپات دەبێتەوە. ئەم کۆچە وەرزییە بەتەنیا زمانحاڵی بژیوی ژیان نییە، بگرە دەرخەری ژیانی سەخت و چەتوونی ئەو خەڵکانەیە کە لە پەراوێزی ناوەند و دارِشتەکانی دەسەڵات ژیان بەسەر دەبەن. فرانتس فانوون لە ڕاڤەی کۆلۆنیالیزم و داگیرکاری پەنجە دەخاتە سەر ئەمە کە داگیرکاری، ڕووبەر دابەش دەکا بۆ چەند بەش و سووژەی خۆجێی پاڵ پێوەدەنێت و وەدەری دەنێت لە ڕووبەرەکە (فانوون، ١٩٦١: ٣٧-٣٩). لە بەندی "پاییزە"، کوێستان، دەشت و مەزرا و کۆچکردن، جۆرێ ناسەقامگیرتوویی جوگرافیایی دەنوێنن کە دەکرێ وەک دەنگدانەوەی بارودۆخی سیاسی - مێژوویی لێکدانەوەی بۆ بکرێت. پاییز، وەکوو ساتەوەختی گەڕانەوەی زۆرەملێ، وەبیرهێنەرەوەی گەڕانەوە بۆ ناو نەزم و ڕێکوپێکی ناچاری و زۆرەملێیانەیە؛ ڕێکوپێکییەک کە بوار و ڕەخساندنی بەردەوامی پێکگەیشتن و کامی ئاشقانە و دڵدارییانە تێک دەدات و چیتر مەجال نادات دڵدارەکان دڵداری بکەن و پێک بگەن!

## کەروێشک و ڕاو: خوازەی ژێردەستە

وێنەی ئەو کەروێشکە کە کەوتووەتە ناو گەمارۆ و ئابلۆقەی هەوهەو و هەیهاتی سواران لەلایەک و پرمەپرمی کەحێلان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەولاتر و هەروەها ڕاوەدوونانی لەلایەن تانجی و تووڵان، لە ڕوانگەی خوێندنەوەی پاش - داگیرکاری، دووهێندە مانا پەیدا دەکات. گایاتری سپیوەک لە وتارە بەناوبانگەکەی خۆیدا پرسیار دەکات: "ئاخۆ ژێردەستە دەتوانێ و مافی ئەوەی هەیە قسە بکات؟!" (١٩٨٨، ٢٧١). کەروێشک لێرەدا خوازە بۆ ژن یان ئەو کچەی لە دۆستەکەی بە ناچار هەڵدەبڕێ و دەبێ پاییزێ بگەڕێتەوە بۆ گەرمێن تەک عەشیرەت و خێڵەکەی. لەو دەقەدا کەروێشک هێمای سووژەیەکە کە ڕاوەدوویان ناوە؛ بێدەسەڵاتە، گەمارۆدراوە و لە هەڕەتی گیران و کوژران دایە. بەڵام جیاوازی گرنگ لێرەدایە: دەق، ئەم بارودۆخە دەگێڕێتەوە، یانی دەنگ و سەدای بگێڕەوە، ژێردەستەیی تۆمار دەکات و دەیکاتە خوازەی ناوەندی و سەرەکی. ئەمەش خۆی لە خۆیدا، جۆرێک و شێوازێک لە باسکردن و قسەکردنی کەسی ژێردەستە لە ڕێی فۆرم و شەقڵی ئەدەبییەوەیە.

## دەنگ و سەدای ژن وەکوو خۆڕاگریی فەرهەنگی

ئەو بەشانە لە بەندەکە، کە دەنگی ژن دەگوازنەوە و نیشان دەدەن - سکاڵا دژ بە بەشوودانی زۆرەملێ، تووک و نزای باوک، باسکردنی زەبر و زەنگ - لە چوارچێوەی تیۆری پاش - کۆلۆنیالیزم بایەخێکی گرنگیان هەیە. قۆناغی پاش - کۆلۆنیالیزم، بەتەنیا ناپرژێتە سەر پێوەندی نێوان ناوەند و دەوروبەری جیهانی؛ بگرە لێکدانەوەی بۆ سازوکارەکانی دەسەڵاتی نێوخۆییش هەیە. لێرەدا، پیاوسالاری (نێر- وەجاخی) بە واتای "داگیرکاری نێوخۆیی" هەڵسوکەوت دەکات. هومی بابا لە چەمکی "شوێنی سێهەم" بۆ خەملاندنی ڕووبەری نێوان فەرهەنگێتی کەڵک وەردەگرێت (بابا، ١٩٩٠: ٢١١). دەنگ و سەدای ژن لە بەندی "پاییزە" لە وەها شوێنێکی سێهەم دێتە کایە و ئاراوە؛ نە تەواو بێدەنگە، نە بە تەواویش ئازادە. ئەو لە ناخ و هەناوی دابونەریتەوە دەنگ هەڵدەبڕێ، بەڵام هاوکات سوننەتیش دەخاتە ژێر پرسیار!

## بەندی پاییزە: یادەوەریی نیشتمانی و شین و خەمی مێژوویی

دووپاتبوونەوەی تاکە بەیت یان لینگە بەیتی «دەک نەمێنم لەبەر ئەوێ پاییزە! پاییزێکی لە من بە مێجێزە» دەتوانرێت لە چوارچێوەی «نەتەوە وەک گێڕانەوە»دا ڕاڤەی بۆ بکرێت. نەتەوە، پێش ئەوەی دامەزراوەیەکی سیاسی بێت، گێڕانەوەیەکی هاوبەشە (بابا، ١٩٩٠: ١-٧). لەم دەقەدا پاییز بەتەنیا وەرزێکی سادە و ساکار نییە؛ بەڵکوو خوازەیەکە بۆ قۆناغە دووپاتبووەکان و بەردەوامی سەرکوتکردن، جیابوونەوە و گەڕانەوە بۆ بارودۆخی پێشوو. ئەم دووپاتەبوونەوەیە جۆرێک لە شین و خەمی مێژوویی گرێ دەداتەوە بە یادەوەری کۆمەڵایەتییەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## فەرهەنگ بە واتای چەکی بەرگری

فانوون، لای وایە کە فەرهەنگی خۆجێی و ڕەسەن لە قۆناغی خەبات بە دژی داگیرکاری، ئەرکی سازکردنەوە و بنیاتنانەوەی شوناس بەخۆیانەوە دەگرن (١٩٦١، ١٦٨-١٧٠). لە بەندی "پاییزە"، توخم و ڕەگەزی خۆماڵی وەک ناوەکانی چیاکان، گوڵ و گیاکان، کۆچ و کۆچباری خێڵات بۆ هەواران، داب و ڕەسمی ڕاوچوون، بەتایبەتی جۆرێ جوگرافیای فەرهەنگی سەربەخۆ چێ دەکەن و شەقڵی پێ دەدەن. ئەو ناولێنانی ڕووبەر و جوگرافیای خۆماڵییە، کردەوەیەکی دژە کۆلۆنیالیزم و داگیرکارییە؛ چونکە جیهان لە ڕوانگەی نێوخۆیی و دەروونییەوە هەمیسان پێناسە دەکاتەوە نەوەک لە چاو و ڕوانینی دەسەڵاتی داگیرکارەوە.

## زەمەنی بازنەیی و خۆڕاگری لەهەمبەر بە ڕاستەڕێکردنی مێژوو

سیستەمی داگیرکاری، مێژوومان وەک ڕەوتێکی ڕاستەڕێ کە بەس لە هێڵێکدا بەرەو پێشەوە دەچێ، دەرخواردمان دەدات و دەناسێنێت. بەڵام لە بەندی "پاییزە" زەمەن بازنەییە: بەهار و پاییز، جیایی و دەستلێکبەردان و گەڕانەوە بۆ نوختە و پنتکی سەرەتایی. ئەم شەقڵە بازنەییە، بە جۆرێ لە جۆرەکان خۆڕاگری و بەرگرییە لەهەمبەر گێڕانەوەی ڕاستەڕێی مێژوویی کۆلۆنیالیزمدا. مێژوو نەک بەرەو توانەوە لە ناوەندا، بگرە بەرەو پێناسەکردنی دووپاتەی یادەوەری کۆمەڵگەدا ڕەوت دەبڕێ و هەنگاو دەنێتەوە.

## پاشبار

خوێندنەوە و شیتەڵکاری پاش - کۆلۆنیالیزم ئەوە دەردەخات کە بەندی "پاییزە" بەندێکی عاتفی و بە هەست و سۆزی کۆمەڵگەیەکی بە پەراوێزکراوەیە. خوازەی ڕاو و شکار دەبێتە هەوێنی کۆدێکی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردستان. دەنگ و سەدای ژن لێرەدا دەبێتە سووژە و بەرکاری خۆڕاگری و بەرگری و تۆماریش دەکرێت. لە ڕێگەی نواندنەوەی جوگرافیای خۆماڵی و خۆجێی، شوناس و پێناسی فەرهەنگی سەقامگیر و چەسپاو دەکات. لە ڕێی دارشتی بازنەیی خۆی، بەرگری و خۆڕاگری دەکات دژ بە ڕاستەڕێکردنی مێژوویی لەلایەن کۆلۆنیالیست و داگیرکارەوە. هەربۆیە، دەکرێ بەندی بەهێز و بە پێزی ڕۆمانتیک و کۆمەڵایەتی "پاییزە" وەک سەرتۆپ و سەرچلی ئەدەبی بەرگری فەرهەنگی دابنێین و بخەملێنین کە لە ئاستی هێمایین، بە ژیاندەنوە و چاککردنی یادەوەری و زمانی ڕەسەن و سروشتی کوردی، لە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خاکەلێوەی ٢٧٢٦**

بەرانبەر سڕینەوە و حاشالێکردنی مێژوویی دەسەڵاتی داگیرکار، بەرخۆدان دەکات و خۆ بەدەستەوە نادات. ئەوە ڕەمز و کۆدی فەرهەنگی بەرگی ناوئاخنی بەندی هەرمانی "پاییزە"یە.

**References**

**Bhabha, H.K. (1990). Nation and Narration. London: Routledge.**

**Fanon, F. (1961). The Wretched of the Earth. New York: Grove Press.**

**Said, E.W. (1978). Orientalism. New York: Pantheon Books.**

**Sirwe (1985). Payiza, No. 3. Urmia: Markaz-e Entešārāt-e Farhang va Adab-e Kurdi; Salah al-Din Ayyubi Publications, pp. 28–30.**


**Spivak, G.C. (1988). 'Can the Subaltern Speak?', in Nelson, C. and Grossberg, L. (eds.) Marxism and the Interpretation of Culture. Urbana: University of Illinois Press, pp. 271–313.**

**٢٣ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕێککەوتنی هەڵپەسێردراو؛ ئاشتییەک کە بڕیار نییە بێتە دی






**شاهۆ حوسێنی**

لە فەرهەنگی فەرمیی دیپلۆماسیدا، هەر جۆرە دانوستانێک بەو مەرجە پێناسە دەکرێت کە ئامانجەکەی گەیشتن بە ڕێککەوتن بێت؛ بەڵام ئەزموونی پەیوەندییە پڕ لە گرژییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا نیشانی دەدات کە ئەم پێناسەیە، لانی کەم لەم بابەتەدا، تەنیا سادەکردنەوەی ململانێیەکی یەکجار ئاڵۆزە. ئەوەی لە ڕواڵەتدا وەک هەوڵ بۆ دانوستان و

ئاشتی دەخرێتە ڕوو، لە ناخ و قووڵاییدا، زیاتر لە جۆرە مودیریەتێکی قەیران دەچێت؛ مودیریەتێک کە بەدوای کۆتاییهێنان بە ململانێکاندا ناگەڕێت، بەڵکوو دەیەوێت ڕێکیان بخات، کۆنترۆڵیان بکات و لە ئاستێکدا بیانهێڵێتەوە کە بتوانێت بەرگەیان بگرێت. لەم چوارچێوەیەدا، شکستی دانوستانەکان لادان نییە لە ڕێڕەوەکە، بەڵکوو دەکرێت بەشێک بێت لە خودی پرۆسەکە.

کۆبوونەوەی ئیسلامئابادیش دەبێت هەر بەم پێوەرە بخوێندرێتەوە. ئەگەر لایەنێکی دانوستانەکە تەنیا وەک شکست یان دەرفەتێکی لەدەستچوو سەیری بکات، ئەوا لایەنەکەی تر وەک دیمەنێک لە کایەیەکی دووبارەبووەوە لێی دەڕوانێت؛ کایەیەک کە تێیدا لە ڕواڵەتدا وا نیشان دەدەن مەیلی ڕێککەوتنیان هەیە، بەڵام لە کردەوەدا، لە هەر خاڵێکی کۆتایی کە پابەندییان بخاتە سەر، خۆیان لادەدەن. لێرەدا دانوستان بۆ چارەسەری قەیران نییە، بەڵکوو تەنیا بۆ ئەوەیە ململانێکان لە سنوور تێنەپەڕن و نەتەقنەوە. بەکورتی، ئەوەی لە ئارادایە دیپلۆماسیی ئاشتی نییە، بەڵکوو دیپلۆماسیی هەڵپەساردنە.

## تێڕوانینی ئێران بۆ دانوستان و ڕێککەوتن

ڕێککەوتنی هەڵپەسێردراو بۆ ئێران، تەنیا دۆخێکی کاتی نییە، بەڵکوو ستراتیژێکی جێگیرە؛ جۆرە هاوسەنگییەکی لەرزۆک کە تێیدا جەنگ دوا دەخرێت، بێ ئەوەی ئاشتی جێگەی بگرێتەوە. ئەم مۆدێلە ڕێگە بە ئێران دەدات لە نێو جەرگەی ئەو هەموو گوشارە دژبەیەکە نێوخۆیی و دەرەکییانەدا، چەند ئامانجێکی جیاواز بپێکێت: فشارە دەستبەجێیەکان سووک بکات، کات بکوژێت، کارتەکانی فشاری بپارێزێت و ڕێگەی گەیشتن بە هەر ئیمتیازێکی بنەڕەتییش ببەستێت. ئەنجامی دڵخواز بۆ تاران لەم دۆخەدا ئەوەیە کە گرژییەکان نە ئەوەندە توند بن بگەنە پێکدادانی ڕاستەوخۆ، نە ئەوەندەش خاو ببنەوە کە بگەنە ڕێککەوتنێکی کۆتایی.

لەسەر ئەم بنەمایە، چیتر پرسیارە سەرەکییەکە ئەوە نییە بۆچی دانوستانەکان بێ ئەنجام بوون، بەڵکوو ئەوەیە ئایا لە بنەڕەتدا بڕیار بووە بگەنە چ ئەنجامێک؟ ئەگەر "ڕێکنەکەوتن" وەک بژاردەیەکی ستراتیژی تەماشا بکرێت، ئەوا زۆرێک لەو شکستانەی باس دەکرێن، لە ڕاستیدا سەرکەوتنێکی کەمینەن: سەرکەوتن لە پاراستنی دۆخی هەبوو، بێ ئەوەی باجی ڕێککەوتنێکی گشتگیر بدرێت. لەم چوارچێوەیەدا، ڕێککەوتنی هەڵپەسێردراو نیشانەی ناتوانیی دیپلۆماسی نییە، بەڵکوو دەربڕی جۆرە ئەقڵانییەتێکی سیاسیی تایبەتە؛ تێڕوانینێک کە ئاشتی نە وەک ئامانجێکی کۆتایی، بەڵکوو تەنیا وەک کارتێکی دەستکاری کراو لە کایەی دەسەڵاتدا دەبینێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ تێگەیشتن لەم لۆژیکە، دەبێت لەو گێڕانەوە ئەخلاقییانە دوور بکەوینەوە کە لایەک بە تاوانبار و لایەکەی تر بە بەربەستی ئاشتی دەزانن؛ پێویستە لە ناوکۆی بڕیاردان ورد ببینەوە. لێرەدا کێشەکە ئیرادەی ئەم و ئەو نییە، بەڵکوو کۆمەڵێک سنوورداری و حیساباتە کە ئێران بەرەو پاراستنی دۆخی هەڵپەسێردراو پاڵ پێوە دەنێت. بۆ ئێران، ڕێککەوتنێکی گشتگیر بە واتای قبووڵکردنی کۆمەڵێک بەربەستە کە هاوسەنگیی نێوخۆیی دەسەڵات و شەرعییەتە لەرزۆکەکەی، لەگەڵ قووڵایی ستراتیژیی ناوچەیی، دەخاتە بەر مەترسییەوە.

## تێڕوانینی ئەمریکا بۆ دانوستان و ڕێککەوتن

لە لایەکی تری ئەم هاوکێشەیەدا، ناتوانرێت پێگەی دۆناڵد ترامپ تەنیا وەک "خواستی ئاشتی" کورت بکرێتەوە. ئەوەی لە یەکەم نیگادا وەک ئارەزووی کۆتاییهێنان بە گرژییەکان دەبینرێت، لە ڕاستیدا بەشێکە لە ڕێچکەیەکی کردەوەخوازانە (پڕاگماتییانە) کە ئاشتی نەک وەک بەهایەکی بنەڕەتی، بەڵکوو وەک دەستکەوتێکی نمایشکارانە دەبینێت. بۆ ترامپ، کێشەکە تەنیا بڕانەوەی قەیرانەکە نییە، بەڵکوو چۆنیەتیی کۆتاییهاتن و ئەو وێنەیەیە کە لەو کۆتاییە نیشانی جیهانی دەدات.

لەم چوارچێوەیەدا، جیاوازیی بنەڕەتی نە لە نێوان ئاشتیخوازی و شەڕخوازیدا، بەڵکوو لە نێوان دوو جۆر ئەقڵانییەتی سیاسیدایە: لە لایەک، لۆژیکی "ڕێککەوتنی هەڵپەسێردراو" کە لەسەر بەڕێوەبردن و کێشکردنی قەیرانەکە وەستاوە؛ لە لایەکی تریش، لۆژیکی "ڕێککەوتنی نمایشکارانە" کە بەدوای ئەنجامێکی خێرا و پڕدەنگودۆنگدایە بۆ ئەوەی وەک دەستکەوتی سیاسی ڕایبگەیەنێت. ترامپ، بە پێچەوانەی ڕێسای کلاسیکی دیپلۆماسی، چەندین جار نیشانی داوە کە خولیای ڕێککەوتنی خێرایە (تەنانەت ئەگەر ڕووکەش و بێبنەماش بن)، چونکە دەتوانێت وەک سەرکەوتنی سیاسی بیفرۆشێتەوە. وەک ئەوەی لەگەڵ کیم جۆنگ ئوندا کردی؛ لەوێدا دیدار و ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنەکە، خۆی بەقەد نێوەڕۆکەکەی گرنگ بوو. لە مۆدێلێکی وەهادا، هەر ئەوەی بگەیەتە خاڵێک کە بتوانێت ڕایبگەیەنێت، تەنانەت ئەگەر قووڵایی و بنەمایەکی جێگیرکەریشی نەبێت، بە سەرکەوتن دادەنرێت.

هەر بۆیە، لێرەدا ئاشتی زیاتر ئامرازێکە نەک دۆخێکی جێگیر. هەر لێرەشەوە دژایەتییە بنەڕەتییەکە سەر هەڵدەدات: ئەگەر ئێران بەدوای بەڕێوەبردنی گرژی بێت بێ ڕێککەوتنی کۆتایی، و ترامپیش بەدوای ڕێککەوتنێکی خێرا و نمایشکارانەدا بێت، ئەوا دوو لۆژیک ڕووبەڕووی یەک دەبنەوە کە هیچ خاڵێکی هاوبەشیان نییە. یەکێکیان کات دەکڕێت، ئەوی تریان کات دەکوشێت؛ یەکێکیان لە هەڵپەساردن سوود دەبینێت، ئەوی تریان لە ساتەوەختی وێنەگرتن و ڕاگەیاندنی ڕێککەوتن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەنجامی ئەم بەریەککەوتنە مەرج نییە ئاشتی بێت، بەڵکوو جۆرە لێکخشاندنێکی هەمیشەییە لە پرۆسەی دانوستانەکاندا. هەر جارێک کە دەرفەتێک بۆ ڕێککەوتن دەڕەخسێت، ئەم جیاوازییەی نێوان ئامانجەکان خۆی دەردەخات: ئەو لایەنەی تەنیا دەیەوێت دۆخەکە بەڕێوە ببات، لە خاڵی کۆتایی ڕادەکات؛ ئەو لایەنەیشی تەنیا چاوی لە ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنە، فشارەکان زیاتر دەکات. کەواتە، شکستی دانوستانەکان ڕووداوێکی لەناکاو نییە، بەڵکوو دەرەنجامی سروشتیی ئەم ناهاوئاهەنگییە ستراتیژییەیە.

لەو گۆشەنیگایەوە، تەنانەت ئەگەر وا دابنێین ترامپ بەڕاستی خوازیاری ئاشتییە، دەبێت بپرسین: چ جۆرە ئاشتییەک؟ ئاشتییەکی بنەڕەتی و جێگیر، یان ئاشتییەکی خێرا و نمایشکارانە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دیاری دەکات بۆچی تەنانەت ئەگەر ئیرادەش هەبێت، دیسان ڕێککەوتن ناکرێت. چونکە ئەوەی لای لایەنێک بە شکست و سەرشۆڕیی دادەنرێت، لای لایەنەکەی تر وەک نمایشی هێز و سەرکەوتن دەبینرێت.

## دەرەنجام

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، نابێت جێگیریی "ڕێککەوتنی هەڵپەسێردراو" لەگەڵ سەقامگیریی ڕاستەقینەدا تێکەڵ بکرێت. ئەم دۆخە، هەرچەندە لە کورتماوەدا کارا دەردەکەوێت، بەڵام لە درێژماوەدا بەرەو ناسکی و لەرزۆکییەکی بێزارکەر دەچێت. هۆکارەکەشی سادەیە: هەڵپەساردن، بە پێچەوانەی ئاشتی، خاوەنی هیچ دەزگا و بنەمایەکی جێگیرکەر نییە؛ نە ڕێسایەکی ڕوونی هەیە، نە گرەنتییەکی جێی متمانە، و نە ئاسۆیەکی هاوبەش کە یاریزانەکان بەرەو یەک ئاراستە ببات.

لەم سۆنگەیەوە، هەر گۆڕانکارییەکی بچووک، لە وەرچەرخانی هاوسەنگیی ناوچەییەوە بگرە تا گۆڕانکاری لە سیاسەتی نێوخۆییدا، دەکرێت ئەم هاوسەنگییە لەرزۆکە تێک بدات. لەم ڕوانگەیەوە، ڕێککەوتنی هەڵپەسێردراو زیاتر لەوەی چارەسەر بێت، جۆرە دواخستنێکی کێشەکەیە. لێرەدا کێشەکە چارەسەر نابێت، بەڵکوو لە کاتدا بڵاو دەکرێتەوە؛ تێچووەکان لاناچن، بەڵکوو بۆ داهاتوو ڕەوانە دەکرێن.

هاوکات، پارادۆکسێکی نێوخۆیی لەم مۆدێلەدا هەیە: هەرچی لایەنەکان لە بەڕێوەبردنی گرژیدا سەرکەوتووتر بن، پاڵنەریان بۆ دەرچوون لەم دۆخە کەمتر دەبێتەوە. بە واتایەکی تر، سەرکەوتن لە هەڵپەساردندا، خۆی دەبێتە بەربەست لە بەردەم چارەسەر. ئەمە هەمان ئەو خولگەیەیە کە قەیرانەکە بەرهەم دەهێنێتەوە: گرژی کۆنترۆڵ دەکرێت بۆ ئەوەی بەردەوام بێت، و بەردەوام دەبێت چونکە کۆنترۆڵ کراوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## خاکەلێوەی ٢٧٢٦

لەم نێوەندەدا، ڕۆڵی هۆکارە دەرەکییەکانیش یەکلاکەرەوەیە. یاریزانە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان هەرکامەیان بە جۆرێک لەم هاوسەنگییە ناسەقامگیرەدا بەرژەوەندییان هەیە یان کاریگەرییان لەسەرە. هەندێک لەم یاریزانانە لە بەردەوامیی دۆخی هەڵپەسێردراو سوود دەبینن، چ وەک کارتێکی فشار و چ وەک ئامرازێک بۆ پێناسەکردنەوەی پێگەی خۆیان. هەر ئەمەش ئاڵۆزیی دەرچوون لەم دۆخە دوو هێندە دەکات: تەنانەت ئەگەر دوو لایەنە سەرەکییەکەش بەرەو گۆڕانکاری بڕۆن، تۆڕێک لە بەرژەوەندییە ئاڵۆزەکان دەکرێت دیسان بیانگەڕێنێتەوە بۆ خاڵی هەڵپەساردن.

بۆیە پرسیاری کۆتایی چیتر تەنیا ئەوە نییە کە ئایا ڕێککەوتنێک پێکدێت یان نا، بەڵکوو ئەوەیە چ مەرجێک دەکرێت ئەم لۆژیکی هەڵپەساردنە بشکێنێت؟ وەڵامەکە، بە ئەگەری زۆر، نەک لە ئیرادەیەکی لەناکاودا بۆ ئاشتی، بەڵکوو لە گۆڕانی پێکهاتەیی تێچووەکان و بەرژەوەندییەکاندا شاردراوەتەوە.

تا ئەو کاتە، ڕێککەوتنی هەڵپەسێردراو لای لایەنێک وەک چوارچێوەی زاڵ دەمێنێتەوە: دۆخێک لە نێوان جەنگ و ئاشتیدا کە تێیدا گرژی نە چارەسەر دەبێت و نە دەگاتە تەقینەوەیەکی بێ کۆنترۆڵ، بەڵکوو بە شێوەیەکی دەستەمۆکراو بەردەوام دەبێت، بەڵام بۆ لایەنەکەی تر ئەم دۆخە یەکجار بێزارکەرە و وادیارە هەرچی زیاترە پەنا بۆ کارتە فشارە بەهێزەکان دەبات بۆ ئەوەی کۆتایی پێ بهێنێت.

٢٤ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦

---



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕێژوان تەها: مۆسیقا بڕبڕەی پشتی شۆڕش و پاسەوانی زمانە



وتووێژ: شەهرام سوبحانی

ئاماژە: مۆسیقا لە مێژووی گەلاندا تەنیا ئامرازێکی ئیستاتیکی بۆ چێژبەخشین نەبووە، بەڵکوو لە زۆر وێستگەی هەستیاردا وەک بڕبڕەی پشتی شۆڕش و پاسەوانێکی دڵسۆزی زمان و کولتوور ڕۆڵی گێڕاوە. بۆ نەتەوەیەکی وەک کورد، مۆسیقا تەنیا دەنگ و میلۆدی نەبووە، بەڵکوو زمانێکی جێگرەوە و سەنگەرێکی پتەوی بەرگری بووە لە بەرانبەر پڕۆسەکانی سڕینەوەی ناسنامە. لەم چوارچێوەیەدا، وتووێژێکی تایبەتمان لەگەڵ زۆر بەڕێز ڕێژوان تەها، کارناسی مۆسیقا، پێک هێناوە بۆ تاوتوێکردنی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەم هونەرە و کاریگەرییەکانی لەسەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کوردستان.

لەم دیدارەدا، هونەرمەند ڕێژوان تەها تیشک دەخاتە سەر ئەوەی چۆن مۆسیقا لە ناو تەکیەکان و کۆڕی دەنگبێژاندا، مێژوویەکی پەستێوراوی بۆ نەوەکانی ئەمڕۆ پاراستووە. هەروەها باس لە ڕەسەنایەتیی مەقامە کوردییەکان، گرنگیی ئەرشیڤکردنی زانستی و ڕۆڵی ژینگەی زاگرۆس لە دەوڵەمەندکردنی ئاوازەکانماندا دەکات. ئەم گفتوگۆیە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە مۆسیقا نەک تەنیا وەک چێژ، بەڵکوو وەک جەوهەری "کوردبوون" و چەکێکی مەعنەوی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تاڵانی کولتووری.

**شەهرام سوبحانی:** ڕۆڵی مۆسیقا و هونەر لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و شۆڕشە سیاسییەکاندا چۆن دەبینیت؟ ئایا مۆسیقا

تەنیا ئامرازێکی ئیستاتیکییە بۆ جوانی، یان دەتوانێت وەک چەکێکی کاریگەر بۆ یەکخستنی جەماوەر و گەیاندنی پەیامی نەتەوەیی و نیشتمانی لە شۆڕشەکانی جیهان و بەتایبەت لە کوردستاندا بەکاربهێنرێت؟

**ڕێژوان تەها**: مۆسیقا لە بنەڕەتدا وەک کایەیەکی ئیستاتیکی (جوانیناسی) و ئامرازێکی ئارامبەخش دەناسرێت، بەڵام ئەم هونەرە تەنیا لە چوارچێوەی چێژی بینین و بیستندا قەتیس نامێنێت؛ بەڵکوو خاوەنی ڕەهەندێکی دیکەی جەوهەرییە کە ئەویش "پەیام و ئامانجە " لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، مۆسیقا هەمیشە وەک بڕبڕەی پشتی شۆڕشەکان لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا کاریگەریی هەبووە. تەنانەت ئەو لایەنە ئایدۆلۆژی و گرووپە توندڕەوانەی کە ڕوانگەیەکی نەرێنییان بەرانبەر بە مۆسیقا هەبووە، نەیانتوانیوە دەستبەرداری وزەی ئەم هونەرە ببن و لە ڕێگەی "سروودە دەنگییەکانەوە" بۆ مەرامە سیاسی و فیکرییەکانی خۆیان بەکاریان هێناوەتەوە. و ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی سیاسیی جیهان بدەینەوە، دەبینین مۆسیقا هاندەری سەرەکی جەماوەر بووە.

**بۆ نموونە:**

– **شۆڕشی فەڕانسە:** سروودە جەماوەرییەکانی ئەو سەردەمە بوونە هەوێنی ڕاپەڕین، کە دواتر یەکێک لەو سروودانە بوو بە مارشی نیشتمانیی فەڕانسە.

– **شۆڕشی تشرینی یەکەم (بۆلشەفیکەکان):** مۆسیقا و مارشە شۆڕشگێڕییەکان پایەیەکی ستراتیژیی بزووتنەوەکە بوون، کە تا ئێستاش وەک میراتێکی هونەریی دەوڵەمەند لە ئەرشیڤی جیهانیدا ماونەتەوە.

**ڕێژوان تەها**: ئەگەر ئاوڕێک لە مۆسیقای کوردستان بدەینەوە دەبینین کە لە دۆزی کورددا، مۆسیقا و هەڵپەڕکێ تەنیا دەربڕینی خۆشی نەبوون، بەڵکوو زمانێک بوون بۆ هاندانی خەڵک بۆ بەرخۆدان. هونەرمەندانی کورد لە ڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە توانیویانە "کوردبوون" وەک ناسنامەیەکی زیندوو لە دڵی نەوەکاندا بپارێزن.

لە سەدەی ڕابردوودا، دەنگی هونەرمەندانی وەک مامۆستا (شڤان پەروەر، ناسری ڕەزازی، نەجمەی غوڵامی و حەمە جەزا) بوونە هاندەر و لایلایەی سەر بێشکەی منداڵانی کورد، تا هەر لە منداڵییەوە بیرو هزری نەتەوەیی لە مێشکییاندا چەکەرە بکات و ئازایانە بێنە مەیدان. هەروەها لە باکووری کوردستان، گرووپە هونەرییەکانی وەک (کۆما ئاوازێ چیا) و هونەرمەندانی وەک (دیار دێرسیم و هۆزان دینۆ) بە سروودەکانیان ڕۆڵێکی کارایان گێڕا لە وشیارکردنەوەی تاکی کورد و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکاری.

لە ئەزموونی ئەم دواییەی خۆرئاوای کوردستان و لە کاتی شەڕی دژ بە تیرۆردا، ناوەندە هونەرییەکانی وەک "هونەرگەهـا وەڵات" مـۆدێلێکی نوێیـان لە مۆسـیقای شۆڕشـگێڕی پێشـکەش کـرد. ئەوان بە نـوێکردنەوەی میلـۆدییە فۆلکلۆرییەکـان و ئاوێتەکردنیـان لەگەڵ پەیـامی فیکری و نەتەوەیـی، توانییـان: یەکەم، ڕەوانـدنەوەی تـرس لە دڵـی جەمـاوەردا و دووهەم گڕووتین و وزە بەخشین بە شۆڕشگێڕان و هەروەها پەیـامی دادپەروەری و ئـازادیی کورد بە جیهـان بگەیەنن. لە کۆتـاییدا دەڵـێم کە مۆسـیقا تەنیـا ئـامرازێکی "ئیسـتاتیکی" نییە، بەڵکوو چەکێکـی نەرم و کـاریگەرە بـۆ یەکخسـتنی دەنـگە پەرتەوازەکان. مۆسیقا ئەو هێزە سیحراوییەیە کە دەتوانێت جەماوەر لە دەوری ئامانجێکی نەتەوەیـی کۆبکاتەوە و هەستی نیشتمانپەروەری لە ئاستێکی باڵادا ڕابگرێت.

**شەهرام سوبحانی**: ئایـا تێکەڵبـوونی مۆسیقا لەگەڵ پەیـامە جیاوازەکـان (وەک ئـایین، سیاسـەت، یـان ئایـدۆلۆژیا) دەبێتە هۆی ئەوەی مۆسیقا ناسنامە و چێژە ئیستاتیکییەکەی خۆی ون بکات؟

**ڕێژوان تەها**: بە بڕوای من، وەڵامەکە نەخێرە؛ مۆسیقا بە هیچ شێوەیەک ناسنامە و جوانییەکەی خۆی لەدەست نـادات. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئامرازێکی فرە ڕەهەند بووە؛ لە دێرینترین سەردەمەکانەوە بۆ مەبەستی جـادوویی، ئـایینی و عیرفـانی بەکارهاتووە، تەنانەت پێش ئەوەی ئایینەکان شێوازە دامەزراوەییەکەی ئێستایان وەربگرن.

مۆسیقا هەڵگری پەیامی جۆراوجۆرە، لە پەیامە گشتییەکانەوە تا دەگاتە گوزارشتە هەرە خودی و تاکەکەسییەکان. کاتێـک هونەرمەندێک (ئـاوازدانەر، گۆرانیبێژ، یـان ژەنیـار) بەرهەمێک دەخولقێنێت، لە ڕاستیدا جیهـانی نـاوەوەی خۆی و هەسـتە قووڵەکانی لە ڕێگەی دەنگەوە بەرجەستە دەکات. ئەم پرۆسەیە لە لایەن وەرگرەوە بە هەمان شێوە دووپـاتە دەبێتەوە؛ هەر بیسەرێک بەپێی ئەزموون و هەستی خۆی لەگەڵ مۆسیقاکەدا دەبێتە یەک، بێ ئەوەی لایەنە ئیستاتیکییەکەی (جـوانییەکەی) زیانی پێ بگات.

**بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە، دەتوانین ئاماژە بەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:**

**– تێپەڕاندنی سنووری زمان:** ئێمە زۆرجـار چێژ لە مۆسیقای نەتەوەکـانی تـر وەردەگرین بـێ ئەوەی لە زمـان و دەقـی گۆرانییەکانیان تێ بگەین؛ ئەمەش دەیسەلمێنێت کە جوانیی مۆسیقا سەربەخۆیە لە مانا فەرهەنگییەکان.

– **خەسڵەتی ئەبستراکت:** مۆسیقا زمانێکی ڕووتە کە سنوورەکان دەبڕێت. زمانێکە نەک تەنیا مرۆڤایەتی، بەڵکوو بەپێی توێژینەوە زانستییەکان، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر زیندەوەرانی تریش (وەک ڕووەک و ئاژەڵ) هەیە.

– **دوو جەمسەریی مۆسیقا:** مۆسیقا لەسەر دوو کۆڵەکەی سەرەکی) ئیستاتیکا و پەیام (وەستاوە. ئەگەرچی پەیامەکە (سیاسی، کۆمەڵایەتی یان ئایدۆلۆژی) بگۆڕێت، بەڵام جەمسەرە ئیستاتیکییەکە وەک هێزێکی جێگیر دەمێنێتەوە.

لە کۆتاییدا، مۆسیقا وەک زمانێکی گشتگیر دەمێنێتەوە. هەرچەندە ئاراستەکردنی پەیامەکان پەیوەستە بە بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕوانگە خودی موزیسیانەکە، بەڵام ئەمە نابێتە ڕێگر لەبەردەم چێژبینینی بیسەر، تەنانەت ئەگەر بیسەرەکە لە ڕووی بیروباوەڕەوە نەیار و جیاوازیش بێت.

**شەهرام سوبحانی**: ڕۆڵی ئاوازە فۆلکلۆری و ڕەسەنەکانی کوردستان چییە لە دەوڵەمەندکردنی گۆرانیی شۆڕشگێڕی مۆدێرن، و تا چەند هونەرمەندانی ئێستا توانیویانە ئەو ڕەسەنایەتییە لەگەڵ ستایلە جیهانییەکاندا بگونجێنن؟

**ڕێژوان تەها**: ئاوازە فۆلکلۆری و ڕەسەنەکانی کوردستان، وەک سەرچاوەیەکی بێبڕانەوەی ئیلهام، ڕۆڵێکی بنەڕەتییان لە دەوڵەمەندکردنی موزیک و گۆرانیی شۆڕشگێڕیی مۆدێرندا گێڕاوە. مێژووی هونەری کوردی پڕە لەو داهێنەرانەی بە ئاوتوێکردنی شیعری بەپێز و ئاوازی ڕەسەن، بەرهەمگەلێکیان خولقاندووە کە تا ئێستاش لە ویژدانی نەتەوەییدا زیندوون.

ئەمڕۆ تێڕوانینێکی نوێ و زانستی لەلایەن هونەرمەندانی کوردەوە گەڵاڵە بووە؛ ئەوان بە سوودوەرگرتن لە فرەچەشنیی ئاواز و مەقامەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، هەوڵی ژیاندنەوەی ئەم سامانە نەتەوەییە دەدەن. ئەم پرۆسەیە تەنیا دووپاتەکردنەوە نییە، بەڵکوو "نوێکردنەوەیەکی بنیاتنەرە" کە تێیدا دەقە شیعرییە نوێیەکان لەگەڵ ڕەسەنایەتیی ئاوازە کۆنەکاندا تێکەڵ دەکرێن.

**خاڵە جەوهەرییەکانی ئەم گۆڕانکارییە:**

– **کولتووری دەوڵەمەند:** کوردستان خاوەنی هەزاران ئاوازی ڕەنگاوڕەنگە کە هەر کامەیان خاوەن تایبەتمەندی و ناسنامەی ناوچەیی خۆیانن.

– **پشکی شێر:** زۆربەی گۆرانییە نیشتمانی و حەماسییە سەرکەوتووەکانی ئێستا، بنەما مۆسیقییەکەیان لە فۆلکلۆرەوە

وەرگیراوە.

– **جیهانیبوون:** ئەزموونی ناوەندە هونەرییەکانی وەک »هونەرگەهـا وەلات «سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە دەکرێت فۆلکلۆری کوردی بە فۆرمێکی مۆدێرن و ستاندارد دابڕێژرێتەوە، بەجۆرێک کە سنوورە نەتەوەییەکان ببڕێت و سەرنجی گوێگری بیانی (لە ئورووپاوە تا ئاسیا) بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

ئاوازە ڕەسەنەکان بەهۆی ئەو وزە مەعنەوییە و مێژووییەی لەناویاندایە، گونجاوترین کەرەستەن بۆ بەرهەمهێنانی موزیکی بەرخۆدان. هونەرمەندی هاوچەرخ توانیویەتی بە "سەلیقەیەکی نوێخوازانە"، ئەم مۆسیقایە لەگەڵ ستایلە جیهانییەکان بگونجێنێت و ناسنامەی نەتەوەیی کورد لە قاڵبێکی سەردەمیانەدا بە جیهان بناسێنێت.

**شەهرام سوبحانی:** سروشت و ژینگەی کوردستان و مێژووی دێرینی زاگرۆس چ کاریگەرییەکیان لەسەر شێواز و فرەچەشنیی ئاواز و مۆسیقای فۆلکلۆری کوردی هەبووە، و ئەم کاریگەرییە چۆن لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا ڕەنگی داوەتەوە؟

**ڕێژوان تەها:** بێگومان پەیوەندییەکی ئۆرگانی و دانەبڕاو لە نێوان ژینگەی کوردستان و مۆسیقای کوردیدا هەیە. ئەم ڕەنگدانەوەیە تەنیا لە ڕووی هونەرییەوە نییە، بەڵکوو ڕەگێکی قووڵی لە میراتی دەوڵەمەندی زاگرۆسدا هەیە. زاگرۆس وەک لانکەی مرۆڤایەتی و سەرهەڵدانی یەکەمین شارستانییەتەکان، ڕۆڵێکی میحوەری هەبووە لە داڕشتنی ناسنامەی مرۆڤی کورد؛ هەر لە دۆزینەوەی ئاگر و بونیادنانی شارەوە تا دەگاتە خوڵقاندنی ئایین و جەژنە نەتەوەییەکان.

مۆسیقای فۆلکلۆری کوردی لە جەوهەردا لە سروشتەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەم ڕاستییە لە جەژنە دێرینەکانی وەک: نەورۆز، جەمادە، قاوەڵتاس، خاوەنکار، خدر ئەلیاس و چوارشەممەسوورە بە ڕوونی دەردەکەوێت. ئەم بۆنانە بەرهەمی بڕیارێکی سیاسی نین، بەڵکوو گوزارشتن لە گۆڕانکارییە سروشتییەکان و سووڕی وەرزەکان.

مۆسیقای کوردیش بە هەمان شێوە، ئاوێتەی کات و بارودۆخە جیاوازەکانی ژیان بووە:

– **مۆسیقای کار:** لە کاتی دروێنە و کشتوکاڵدا وەک بزوێنەرێکی دەستەجەمعی بەکارهاتووە.

– **مۆسیقای شوانکارەیی:** ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆچەری و ئاژەڵدارییە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**– مۆسیقای پەروەردەیی:** لایلایە، نموونەیەکی باڵایە کە چۆن دایکی کورد لە ڕێگەی ئاوازەوە، زمان و بەها کولتوورییەکانی گۆشکردووەتە گوێی منداڵەکانی.

هەروەک چۆن زمانی کوردی خاوەن زاراوەی جیاوازە، مۆسیقای کوردیش بەپێی جوگرافیا و دۆخی کۆمەڵایەتی - سیاسیی ناوچەکان،

**پۆلێن دەبێت بۆ چەندین قوتابخانەی دەنگی:**

**ناوچەی جوگرافی**
**تایبەتمەندیی مۆسیقایی**
**باکووری کوردستان**
**شێواز و ڕیتمی تایبەت بە کرمانجیی سەروو کە گوزارشت لە چیاکانی تۆڕۆس و زاگرۆس دەکات.**
**باشووری کوردستان**
**مۆسیقای ناوچەی گەرمیان (مەقام و لۆرە) خاوەن سۆز و شێوازێکی جیاوازە.**
**ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
**جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان قوتابخانەی (موکریان) و (سنە)دا هەیە.**
**ناوچەکانی خواروو**
**ئاوازەکانی کرماشان، لوڕستان و کەلهوڕ تایبەتمەندیی هاوبەش و ڕەسەنی خۆیان هەیە.**

**شەهرام سوبحانی:** لە کاتێکدا کە دەوڵەتی تورکیە و داگیرکەران هەموو هەوڵێکیان بۆ سڕینەوەی ناسنامە و زمانی کوردی و پرۆسەی ئاسیمیلاسیۆن تەرخان کردبوو، مۆسیقا و دەنگبێژی چ ڕۆڵێکیان هەبوو لە پاراستنی مێژوو و کولتووری کوردیدا، و چۆن توانییان ئەو میراتە بە زیندوویی بگەیەننە نەوەکانی ئێستا؟

**ڕێژوان تەها:** لەژێر سایەی سیاسەتە ڕەگەزپەرستییەکانی دەوڵەتی تورکیە و هەوڵە چڕەکانی بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کوردی و جێبەجێکردنی پرۆسەی ئاسیمیلاسیۆن (تواندنەوەی کولتووری)، مۆسیقا و هونەری دەنگبێژی وەک قەڵغانێکی پتەو ڕۆڵی مێژوویی خۆیان لە پاراستنی زمان و میراتی نەتەوەییدا گێڕا. لەو سەردەمەدا کە کوردبوون و ئاخاوتن بە زمانی کوردی قەدەغە کرابوو، لاوک و دەنگبێژی بوونە تاکە کەرەستەی زیندوو هێشتنەوەی مێژووی پەستێوراو.

دەنگبێژان لە ڕێگەی کۆڕ و کۆبوونەوەی شەوانەوە "شەوچەرەکان"، توانییان مێژووی زارەکی و میراتی باب و باپیران بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەوە نوێیەکانی باکووری کوردستان بگەیەنن. دواتر، دامەزراندنی بەشی کوردیی ڕادیۆی ئێریڤان لە ئەرمەنستان، وەرچەرخانێکی گرنگ بوو؛ شەپۆلە ڕادیۆییەکان سنووره دەستکردەکانیان دەبەزاند و جارێکی دیکە مۆسیقا و هونەری ڕەسەنیان گەیاندەوە نێو ماڵەکان، ئەمەش بووە هۆی پووچەڵکردنەوەی هەوڵەکانی داگیرکەر بۆ دابڕانی کورد لە ڕەگ و ڕیشەی خۆی.

بۆیە هونەری دەنگبێژی تەنیا بۆ کاتبەسەربردن نەبوو، بەڵکوو ئەرکێکی گەیاندن و میدیایی هەبوو. دەنگبێژان بە گەشتەکانیان بۆ ناوچە جیاوازەکان، ڕووداوە مێژووییەکان، چیرۆکە دڵدارییەکان، سەرکەوتنەکان و تەنانەت تراژیدیای کۆمەڵکوژی و ناپاکی و شکستەکانیان لە قاڵبی بەیت، حەیران و لاوکدا دادەڕشت و دەیانگواستەوە.

مۆسیقای کوردی لە قۆناغە هەرە سەختەکاندا وەک بڕبڕەی پشتی ناسنامەی نەتەوەیی مایەوە. ئەم هونەرە نەک هەر ڕێگری لە سڕینەوەی زمان کرد، بەڵکوو بووە ناسنامەیەک کە پێویستە نەوەکانی ئێستا بە شانازییەوە لێی بڕوانن، بیپارێزن و وەک بنەمایەکی سەرەکیی "کوردبوون" پەرەی پێ بدەن. ئەم میراتە دەیسەلمێنێت کە مۆسیقا لە مێژووی کورددا تەنیا هونەر نەبووە، بەڵکوو ئامرازێکی بەرگری بووە لە بەرانبەر ئاسیمیلاسیۆنی کولتووریدا.

**شەهرام سوبحانی:** مشتومڕێکی زۆر هەیە لەسەر ئەوەی کە ئایا کورد خاوەنی مەقامی تایبەت بە خۆیەتی یان تەنیا لقێکە لە مۆسیقای خۆرهەڵاتی؟ ڕای جەنابت وەک پسپۆڕێک لەسەر ڕەسەنایەتیی مەقامە کوردییەکان (وەک مەقامی ئای ئای، خاوکەر، و... هتد) چییە؟

**ڕێژوان تەها:** سەبارەت بەو مشتومڕەی لە سەر ڕەسەنایەتیی مەقامە کوردییەکان (وەک ئایئای، خاوکەر و... هتد) هەیە، کە ئایا کورد خاوەنی مەقامی سەربەخۆیە یان تەنیا لقێکە لە مۆسیقای خۆرهەڵاتی،

**تێڕوانینی من وەک لێکۆڵەرێک لە بواری «موزیکۆلۆژی» و «ئێتنۆموزیکۆلۆژیا» بەم جۆرەیە:**

ئەو شێوازانەی وەک ئایئای، قەتار، خاوکەر، حەیران و سیاچەمانە، لە بنەڕەتدا پێیان دەوترێت (فۆرم) یان (شێوەئاواز) و ناچنە خانەی مەقامەوە. مەقام لە زانستی مۆسیقادا واتە سکێڵ (Scale) واتە پەیژەیەک کە لە تۆنێکەوە دەست پێ دەکات و لە هەمان تۆن کۆتایی دێت و بەپێی گۆڕانکاریی دەنگی (دییزی و بێمۆڵ) ناسنامەی بۆ دیاری دەکرێت. هەرچەندە زۆرێک لە هونەرمەندانیش بەم شێوەئاوازانە دەڵێن مەقام، بەڵام لە ڕووی زانستییەوە وەک فۆرمە کوردییەکان پۆلین



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکرێن.

سەبارەت بەوەی ئایا کورد مەقامی هەیە؟ بێگومان هەیەتی. گەورەترین بەڵگەش ئەوەیە کە تا ئێستاش ناوی زۆرینەی مەقامەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کوردین. بۆ نموونە مەقامی (کورد) کە لە هەموو جیهاندا بە ناوی نەتەوەی کوردەوە ناسراوە. هەروەها مەقامی (ڕاست) کە وشەیەکی کوردییە و لە زمانی عەرەبیدا هیچ واتایەکی نییە، یان مەقامی (بەیات) کە لە وشەی «بەیاد»ـەوە هاتووە.

زاگرۆس لانکەی مێژوویی ژیار و داهێنان بووە، هەربۆیە ڕەگی مۆسیقای ناوچەکە بۆ کورد دەگەڕێتەوە. ئەو مۆسیقایەی ئێستا نەتەوەکانی تر شانازیی پێوە دەکەن، ڕەگەکەی لای کوردە و بەڵگەی مێژوویی لە سەرە. کەسایەتیی وەک ئیسحاقی مووسڵی و زەریاب لە سەردەمی عەباسییەکاندا مۆسیقا و ئامێری عوودیان گەشە پێدا. ئەوەی ئێستا وڵاتانی دراوسێ وەک میراتی خۆیان دەیناسێنن، لە ڕاستیدا مێژوویەکی زەوتکراوی کوردە کە بە دەنگ، هەست و بەڵگەی ڕوون بۆ ڕەسەنایەتیی ئێمە دەگەڕێتەوە.

**شەهرام سوبحانی**: ڕۆڵی سیستەمی دەوڵەت - نەتەوە لە وڵاتانی داگیرکەردا چییە لەسەر ناسنامە و مۆسیقای کوردی، وە چۆن دەتوانرێت لە ڕێگەی هونەر و ڕۆشنبیرییەوە ڕووبەڕووی ئەم هەوڵانەی ئاسیمیلەکردن و دزینی کولتوورە ببینەوە؟

**ڕێژوان تەها**: سیستەمی دەوڵەت - نەتەوە لە وڵاتانی داگیرکەردا، لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیای «یەک نەتەوە، یەک زمان و یەک کولتوور» بونیاد نراوە. ئەم ڕوانگە تاکڕەهەندە، بوونی نەتەوەی کورد ڕەت دەکاتەوە و هەوڵ دەدات لە ڕێگەی پرۆسەی ئاسیمیلەکردنی زۆرەملێوە، ناسنامەی کوردی لەناو ناسنامەی زاڵدا بتوێنێتەوە. لەم چوارچێوەیەدا، تەنیا خاک داگیر نەکراوە، بەڵکوو مێژوو و بەرهەمە کولتوورییەکانیش، بە تایبەت مۆسیقا، ڕووبەڕووی تاڵانی مەعنەوی بوونەتەوە.

دەوڵەتە داگیرکەرەکان بە ئاشکرا ئاواز و مۆسیقای کوردی بۆ خۆیان دەبەن و وەک بەرهەمێکی نەتەوەیی خۆیان بە جیهانی دەناسێنن؛ ئەمەش لەبەر ئەوەی لە فەلسەفەی سیاسیی ئەواندا، کورد وەک قەوارەیەکی سەربەخۆ بوونی نییە. ئەگەرچی لە ئێستادا هەندێک گۆڕانکاریی ڕووکەشی لە گوتاری سیاسییاندا دەبینرێت، بەڵام لە جەوهەردا هێشتا دانی پێدا نانێن و بەرهەمە کولتوورییەکانی کورد بە موڵکی خۆیان دەزانن.

زۆر بەداخەوە نەبوونی قەوارەیەکی سیاسیی یان دەوڵەتێکی سەربەخۆ، وای کردووە کە کورد نەتوانێت لە ئاستە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نێودەوڵەتییەکاندا سکاڵای یاسایی بۆ پاراستنی مافی خاوەندارێتیی فیکری تۆمار بکات. هەر بۆیە، ئەرکی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم «جینۆسایدە کولتوورییە» دەکەوێتە ئەستۆی هونەرمەندان و ڕۆشنبیران **لە ڕێگەی ئەم خاڵانەی خوارەوە:**

– **بەڵگەنامەکردنی مێژوویی:** چەسپاندنی ڕەگ و ڕیشەی ئاوازەکان و گەڕاندنەوەیان بۆ شار و گوند و مێژووی ڕەسەنی خۆیان.
– **بەرخۆدانی هونەری:** بەکارهێنانی مۆسیقا وەک ئامرازێکی گوزارشتکردن لە ناسنامە و سەلماندنی ئەوەی کە مۆسیقای کوردی نەک هەر پاشکۆ نییە، بەڵکوو بناغەی زۆرێک لە مۆسیقای گەلانی دەوروبەریشە.
– **ڕۆشنبیریی گەنجان:** هۆشیاریی نەوەی نوێ و بەرخۆدانی گەنجانی دڵسۆز، دەبێتە هۆی تێپەڕاندنی ئەو چەقبەستووییەی سەد ساڵی ڕابردوو و ناساندنی ڕاستەقینەی هونەری کوردی بە جیهان.

ئەمڕۆ، لەڕێگەی تێکۆشانی فیکری و هونەرییەوە، تێگەیشتنێکی نوێ لە ئاستی جیهانیدا سەرهەڵدەدات کە چیتر ڕێگا نادات مۆسیقا و ناسنامەی کورد لە پەراوێزدا بمێنێتەوە، و هەوڵەکان بۆ شێواندنی ئەم ڕەسەنایەتییە بەرەو شکستهێنان دەچن.

**شەهرام سوبحانی:** ئایا مۆسیقایەک کە تەنیا بە نۆتە و ئەکادیمی بێت، دەتوانێت ئەو "ڕۆح و ئیحساسە" بگوێزێتەوە کە لە ڕێگەی سینەبەسینە و تەکیەکانەوە پارێزراوە؟

**ڕێژوان تەها:** لە ئورووپا مۆسیقا لە سەردەمی ڕێنسانسەوە بووەتە زانست و ئەرشیف کراوە، بەڵام لە کوردستان مۆسیقا لە ڕێگەی ئایین و تەکیە و خانەقاکانەوە بە شێوازی سینەبەسینە پارێزراوە. پێویستە فێرخوازی کورد هەردوو ڕێگەکە بگرێتە بەر؛ هەم ڕۆحیەت و ئیحساسی ڕەسەن لە مامۆستاکەی وەربگرێت، هەم بە شێوەیەکی ئەکادیمی بینووسێتەوە بۆ ئەوەی وەک ناسنامەیەکی نەتەوەیی ئەرشیف بکرێت.

**شەهرام سوبحانی:** تا چەند هاوڕایت کە "نەنووسینەوەی مۆسیقا" لە ڕابردوودا، ڕێگەی بۆ داگیرکەران خۆش کردووە کە ئاوازە کوردییەکان بە ناوی خۆیانەوە مارکە بکەن؟

ئەرشیڤکردن تەنیا کارێکی هونەری نییە، بەڵکوو پاراستنی مافی خاوەندارێتییە. ئەگەر زووتر مۆسیقاکەمان بە شێوەی ئەکادیمی تۆمار بکردایە، نەدەبووە موڵکی بێگانە. پێویستە موزیسیانی کورد تەنیا ژەنیار نەبێت، بەڵکوو ببێتە توێژەرێکی

**خاکەلێوەی ٢٧٢٦**

ئەکادیمی بۆ ئەوەی ڕێگری بکات لە لێشاوی داگیرکاری و تواندنەوەی میلۆدییە فۆلکلۆرییەکانمان.

**شەهرام سوبحانی**: ئەگەر "کولتوور" ببێتە بەشێک لە مەنهەجی خوێندن، چ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە تێڕوانینی گەنجی کورد بۆ شوناسەکەی دروست دەبێت؟

**ڕێژوان تەها**: لە کاتێکدا دەوڵەتانی تر شانازی بە پیشەسازیی چەک و ئۆتۆمبێلەوە دەکەن، کورد گەورەترین سەرمایەی کە هەیبێ کولتووره ڕەسەنەکەیەتی. بۆیە بە بڕوای من دەبێت ئەم کولتووره بخرێتە ناو مەنهەجی پەروەردە و خوێندنی باڵاوە. حکوومەت و وەزارەتی ڕۆشنبیری دەبێت ستراتیژییان بۆ "کولتوورسازی" هەبێت تا نەوەکانی داهاتوو بە بیرکردنەوەیەکی کوردییەوە گەورە بن.

**شەهرام سوبحانی**: ئایا دامەزراندنی دەزگایەکی کولتووری "سەروو - حیزبی و سەروو - پارچەیی" دەتوانێت ببێتە جێگرەوەیەک بۆ نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە ڕووی شوناسەوە؟

پێویستە دامودەزگایەکی تایبەت بە کولتوور دروست بکرێت کە تەنیا سنووردار نەبێت بە باشوور، بەڵکوو ناوەندێک بێت بۆ کۆکردنەوەی هەموو هونەرمەند و ڕۆشنبیرانی هەر چوار پارچەی کوردستان. دەزگایەک کە ئەرکی ژیانەوە و خستنەوەسەرپێی کولتووری کوردی بێت لەسەر ئاستێکی جیهانی.

**٢٤ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سەرکەوتن چییە؟



تەهای ڕەحیمی

شەڕ دیاردەیەکی مێژووییە و ڕەنگە پێش مرۆڤیش (هۆمۆساپینس) هەبووبێ. شەڕ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک و لە کاتێکەوە بۆ کاتێک جیاوازە. بەڵام ئەوەی نەگۆڕە هۆکاری شەڕە، ئەویش تێکئاڵقانی بەرژەوەندییەکانە. جا ڕەنگبێ بەرژەوەندیش لە کات و شوێنی جیاوازدا واتای جیاواز هەڵبگرێ، بەڵام یەک کاکڵەیە و تەنیا ڕەنگ و تێگەیشتن لێی دەگۆڕدرێ. هەموو ئەم چەمکانەی لە دەوری شەڕ کۆدەبنەوە، بە تێپەڕینی کات تووشی گۆڕانی واتا هاتوون: سەرکەوتن، بەزین، چەک، ستراتیژی، پلان. بۆ وێنە دوو خێڵ، دوو ئیمپراتۆری، دوو پاشایەتی جاری وابووە خاکی یەکیان بە تەوورەکە کێشاوە. پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆیی دیاردەی شەڕی هەم دڕندانەتر کردووە، هەمیش قانوونمەندتر. ئیدی ئەمڕۆ بۆت نییە دیل بکوژی. بۆت نییە فڵان و فیسارە چەک بەکار بهێنی و... هتد. دیارە شەڕ لە سەردەمی هاوچەرخدا لە دیاردە دەرچووە، بەڵکوو کۆمپانی و کارگەی ئابوورییە. ئابووریی شەڕ لە خودی شەڕ پڕبایەختر و تەنانەت جاری وایە شەڕ بۆ ئابووریی شەڕە.

کلاوزویتز دەڵێ: شەڕ سێ فاکتەر یان بەریانی هەیە: "کەفوکوڵ، شانس (دەرفەت)، ئاوەز". بۆ شەڕ و ڕەکێشی هێزی مرۆیی بۆ سەر بەرەکانی دوژمن، هەڵخڕاندنی کەفوکوڵ لە چەکی دەست گرنگترە. لە ڕاستیدا ئەگەر شیر و ڕمب و ئامرازەکانی دیکەی شەڕکردن چەکی دەستن، کەفوکوڵ چەکی شکستی مێشکن و تەنیا کەفوکوڵە دەتوانێ بیرکردنەوەی بەر لە شەڕ لەکار

بخا و هانی تاکێک بدا بچێ بۆ شەڕ. لە هەموو شەڕ و پێکدادانێکدا ڕێکەوت، هەڵکەوت و شانس زۆرجار ئاکامی بەربەرەکانییان گۆڕیوە؛ فاکتەری دووەم وەک دەرفەتێکیشە بۆ هەموو ئەوانەی خولیای سەربازی و پاڵەوانێتییان هەیە و دەیانەوێ توانایییەکانیان لەم بوارەوە تاقی بکەنەوە. ئاوەز فاکتەری سەرکەوتنە. بەرەی ئاوەزمەند خاوەن ستراتیژییە و پلانی بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژییەکانی هەیە. ئاوەز سەرکردە و سەرکردایەتیی شەڕە، هەرچەند بەهێز بێ ئەوەندەش سەرکەوتن مسۆگەرە. شەڕ لەم چرکەساتەی ئێمەی تێدا دەژین بووە بە بەشێک لە تەکنۆلۆژی، یان تەکنۆلۆژییە کە شەڕ دەکا نەک مرۆڤ. بەڵام هێشتاش ئەم سێ فاکتەرەی کلاوزویتز کاریگەر و دیاریکەرن.

دیارە بە واتای ئەوە نییە ئەم فاکتەرانە بتوانن هەمیشە بە باری ئەرێنیدا سەرکەوتن مسۆگەر بکەن. ئەگەر بە پێچەوانەوە ئەم سێ فاکتەرە لە بەربەرەکانی و ململانێییەکدا بەکار بهێنرێن، دەبنە مایەی شکست. بۆ وێنە ئەگەر لەم شەڕەی ئێستای نێوان ئەمریکا / ئیسرائیل و ئێراندا کورد کەفوکوڵ هەڵیگرێ و تێکەڵ بە شەڕی ئەوان ببێ، کە لە ڕاستیدا ئەم شەڕە لەسەر بەرژەوەندیی ئەم دوو وڵاتە هەڵگیرساوە و لە ئەگەری وەدیهاتنی ئامانجەکانی ئەوان دەتوانێ لایەنی سێیەمی شەڕەکە بەتەنیا لە شەڕەکەدا بمێنێتەوە. ئەمەش وا دەکا پاشان هۆکارەکانی شکستی بەسەردا ببڕێ و بکەوێتە بەر تووک و سزا. نازییەکان پاش سەرکەوتن لە دەیەی چلەی سەدەی ڕابردوودا یەکەم کاریان پەرەپێدانی ئەم وێژەمان و هزرینە بوو کە هۆکاری شکستی ئەڵمان لە شەڕی یەکەمی جیهانییدا سۆسیالیستەکان و جووەکان بوون. بە گەورەکردنەوەی ئەم ڕوانگەیە بەستێنی کۆمەڵکوژیی جووەکان و قەڵاچۆی سۆسیالیستەکان لە ئەڵمانی نازیدا ئەخلاقی و ویژدانی و قانوونی کرا. لە لایەکی دیکەوە نەتەوە بێدەسەڵاتەکانی ئێران هیچ کامیان خاوەن تەکنۆلۆژی نین کە دەرفەت و شانسی تاقیکردنەوەیان هەبێ. تەنانەت ئەگەر تەکنۆلۆژیی خاوەندارانیش تاقی بکەنەوە، ئەمە تەنیا دەرفەتی بۆ خاوەن کارگە و وڵاتانی خاوەن تەکنۆلۆژی خولقاندووە هەتا چاکتر کاڵاکانیان بەبازاڕ بکەن. بۆیە لەم بوارەشەوە نەتەوەی بێدەوڵەت و بێبەش لە تەکنۆلۆژی کوڵە. ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر ئاوەز و سەرکردایەتی، ڕوون و ئاشکرایە کە نەتەوەی کورد خاوەن پارت و ڕێکخراوی بەئەزموون و ئینستیتیوشناڵە، بۆیە هەر ئەو چاوەڕوانییەی لێدەکرێ کە هەتا ئێستا نواندوویەتی.

سەرەڕای ئەم کورتەیەی بە گوێرەی تیۆریی کلاوزویتز لەسەر کورد باسکرا، بەڵام کورد بەشێکە لەم شەڕە، بۆیە دەبێ بیر لە سەرکەوتن بکاتەوە. ئەگەر سەرکەوتن بۆ ئەمریکا گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم، شوێنگە و ئەو بەرەیەی ئێران وەک جوگرافیایەکی گرنگی ناوچەکە و جیهان کایەی سیاسی تێدا دەکا، یان پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکایە؛ بۆ ئیسرائیل لەرزۆککردن و دیسانترڵبوونی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران و داماڵینی کۆماری ئیسلامی لەو چەک و تەکنۆلۆژییانەیە کە دەتوانن هەڕەشە بن بۆ سەر مەوجوودییەتی ئەو وڵاتە. بۆ کۆماری ئیسلامی و سەرکردەکانی سپای پاسداران ڕەنگە سەرکەوتن مانەوە بێ، هەروەک دیتیشمان پاش ئەو هەمووە سەرکردە و ئەندامەی لێیان کوژرا، لەگەڵ

**خاکەلێوەی ٢٧٢٦**

ڕاگەیاندنی ئاگربڕ لە شەقامەکانی شارە گەورەکان جێژنی سەرکەوتنیان دەگێڕا.

بەڵام ئایا سەرکەوتن بۆ کورد چییە؟ دەرفەتێکە کۆماری ئیسلامی لە پەل و پۆ کەوتووە و ڕزگارکردنی ڕۆژهەڵاتە؟ ئازادکردنی بەشێکی ڕۆژهەڵاتە؟ دیارە ئەم پرسیارانە بەرەو لێکدانەوەیەکی چەندایەتیمان (Quantitative) دەبەن. واتا ناچارین پەنا بەرینە بەر لێکدانەوەیەکی ژمارەیی لەسەر تێچوو و دەستکەوتەکانمان، بۆیە خۆی لێ دەبوێرم. پێموایە بەر لەوەی هەر ئەکتێک دیاری بکەین بۆ نەتەوەیەکی بێدەوڵەت لەم قۆناغەدا، بەم هەڵومەرجەوە، دەبێ بزانین سەرکەوتنی چییە. ئایا سەرکەوتن بە واتای شکستی دوژمن لە بەرەکانی شەڕە؟ سڕینەوەی گێڕانەوە و ئیلقا هەڵەکانە؟ داماڵینی وێژەمانی و هزرینە لەسەر وێژمانی دوژمن؟ ڕەنگە هەموو ئەو پرسیارانە و پرسیاری دیکەش لەم بوارەدا ڕاست دەرچن. دەکرێ وەڵامی ئەم پرسیارانە و زۆر پرسیاری دیکەش سەرکەوتنی قۆناغ بە قۆناغ بن بۆ گەلێکی داگیرکراوی بێدەوڵەت. بەڵام بۆ نەتەوەی کورد لە سەردەمێکدا کە داگیرکاری و گۆڕینی دیمۆگرافیا بووە بە ستراتیژی (کرایمە، ئابخازیا و ئۆستیای باشوور، ناوچە جۆراوجۆرەکانی فەلەستین، ئۆیغورەکانی چین، ڕوهینگیاکانی میانمار، باشووری کوردستان، سووریە، قوبرسی باکوور) پاراستنی سەرمایەی مرۆیی گەورەترین سەرکەوتن بێ. لە ڕاستیدا خاک بە سەرمایەی مرۆییەوە واتا پەیدا دەکا. زۆرێک لەم شار و ناوچانەی وڵاتانی ناوچەکە بە ناو و فەرهەنگیشەوە بنچەی کوردییان هەبووە، بەڵام ئایا تازە سەعدییە لە باشوور، کوردستانە؟ حەڵەب لە سووریە کوردستانە؟

بۆیە لە هەمبەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە بەتایبەتی لە پاش بزاڤی ژیناوە، هەم لە نێوخۆیدا شۆڕشێکی بەربەرینی پێناسخوازی کردووە و هەمیش وێژەمانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کورد لە ئێراندا چووەتە قۆناغێکی نوێوە و وێژەمانی زاڵی لانیکەم شەقامە، لەم دۆخە هەستیارەدا بڕیاردان دەبێ زۆر بە هەستیاری و وردبینییەوە لە لایەن سەرکردایەتیی سیاسیی کوردەوە دەربچێ کە سەرکەوتنی سەرەتا لەم خاڵەی سەرێدا واتە پاراستنی سەرمایەی کۆمەڵایەتی (مرۆیی)دا ببینێ، پاشان سەرەتییەکانی دیکە بە پلەی خوارتر بخاتە ڕیزبەندەوە.

**٢٥ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بنیاتنانەوەی متمانە یان قووڵکردنەوەی کەلێنەکان





زانیار حوسێنی

گواستنەوەی سیاسی لەو کۆمەڵگەیانەی کە ئەزموونێکی درێژخایەنی پاوانخوازی و چڕبوونەوەی دەسەڵات و ململانێی شوناسیان هەبووە، بە ناچاری پرسی "قەیرانی متمانە" لەگەڵ خۆی دەهێنێت. لە ئێراندا پەیوەندیی نێوان ناوەند و نەتەوەی کورد لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا بە مۆدێلی حوکمڕانیی ناوەندگەرایی، سیاسەتی ئاسمیلەکردنی کولتووری، ڕوانگە ئەمنییەکان، سەرکوتکردنی ترسناک و توندی داواکارییە کۆمەڵایەتی - سیاسییەکان داڕێژراوە. ئەم ڕەوتانە کە لە قۆناغە

مێژوویيە جیاوازەکاندا، لە سەردەمی ڕێژیمەکانی دەسەڵاتی پاشایەتیی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بە شێوەی جیاواز درێژەی هەبووە، بووەتە هۆی کەڵەکەبوونی بەرچاوی بێ متمانەیی بە پێکهاتە فیکری و پراکتیکییەکانی ئەم دوو ڕێژیمە.
لە هەلومەرجی دوای کۆماری ئیسلامیدا، بنیاتنانەوەی ئەم متمانەیە تەنیا پێویستییەکی ئەخلاقی نییە، بەڵکوو مەرجی پێشوەختەیە بۆ پێکهێنانی نەزمێکی سیاسیی بەردەوام و گشتگیر؛ چونکە زیاتر لە سەدەیەک تاوانی لە ڕادەبەدەر و هەمەچەشن بڕاردەی بەردەوام بووە و هیچ وەڵام و چارەسەرێکی لۆژیکی و پراکتیکی لەم ڕووەوە لەبەرچاو نەگیراوە. ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ بێ متمانەیی نەتەوەی کورد بە ناوەند، پێویستییەکی مێژوویيە و ئەرکێکی نەتەوەیی هەموو تاکێکی کوردە، کە دەبێ وەک پێشمەرجێک بۆ گەڕاندنەوەی میکانیزمەکانی پێکهاتەی داهاتوو لێی بکۆڵدرێتەوە و لە پەیوەندی لەگەڵ داواکارییەکان بە نیازپاکی دابنرێت.

## بەردەوامیی مێژوویی ناوەندگەرایی و سڕینەوە

یەکێک لە تایبەتمەندییە نەرێنییە دیارەکانی مێژووی هاوچەرخی جوگرافیای ئێستای ئێران، درێژەی مۆدێلی ناوەندگەراییە لە حوکمڕانیدا. لە سەردەمی ڕەزاشادا، پرۆژەی دەوڵەتسازیی مۆدێرن، کە جەختی لەسەر یەکگرتوویی نەتەوەیی دەکردەوە، بووە هۆی ئەوەی سیاسەتگەلێک کە بە شێوەیەکی کردەیی، فرەچەشنی نەتەوەیی و زمانەوانی و کولتووری بە شێوازەکانی سەرکوتی بەربڵاو و توندوتیژانە پەراوێز بخات؛ زۆرێک لە بەشەکانی جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە بووە هۆی تاوانی گەورە دژی کۆمەڵگە مرۆییەکان (پرۆسەیەک کە لە تورکیەی ئەتاتورکیشدا بە زەبری چەک بۆ نەتەوەی کورد جێبەجێ کرا)؛ ئەم ڕەوتە لە سەردەمی محەممەد ڕەزا پەهلەویدا بە سیاسەتی کەمتر توندوتیژانە، بەڵام بە سیاسەتی بەرواڵەت نەرم لە هەمان چوارچێوەدا بەردەوام بوو. هەرچەندە کەمبوونەوەی چڕییەکەی بە سەردەمی باوکی بەراورد کرا، بەڵام لە چەشنی خۆیدا دەکرێ لە چوارچێوەی تاوانەکانی دژی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بە تەواوی لێی بکۆڵدرێتەوە.

لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی لە ئێران، چاوەڕوان دەکرا کە پێکهاتە سیاسییە نوێیەکە، دەرفەتێک بۆ پێناسەکردنی پەیوەندیی نێوان ناوەند و پەراوێزخراوەکان بڕەخسێنێت. بەڵام لە پراکتیکدا زۆرێک لە نەخشەکانی پێشوو، بە تایبەت لە بواری چڕکردنەوەی دەسەڵات و ڕوانگەی ئەمنی لەسەر ناوچە پەراوێزخراوەکان، بەردەوام بوون. لە ئەنجامدا داواکارییەکانی نەتەوەی کورد وەک بەشێک لە دیالۆگێکی نەتەوەیی پێناسە نەکرا، بەڵکوو زۆرجار لە شێوەی پرسێکی ئەمنیدا پێناسە دەکرا و سیستەمی یەکدەستکردن تەنیا جۆر و شێوازی گۆڕدرا، هەروا بەردەوام و بەشێک بووە لە سیاسەتەکانی ناوەند. تێڕوانینی دوژمنکارانە، پێناسە و پێناسەکردنەوەی ناواقیعی بۆ نەتەوەی کورد و داواکارییەکانی، شێواندنی نیازپاکیی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نوێنەرانی نەتەوەی کورد لە سەردەمە جیاجیاکاندا، هەوڵدان بۆ بێ بایەخکردنی داخوازییە مرۆیی و نەتەوەییەکان و... هتد، تەنیا بەشێک لە گەمە سیاسییە مەترسیدار و دژەمرۆییەکانی ناوەند لەهەمبەر کورددا بووە.

## سیاسەتە کولتوورییەکان و پرسی شوناس

یەکێک لە میحوەرە سەرەکییەکانی گرژی، سیاسەتەکانی پەیوەست بە شوناسی کولتووری و زمانەوانی بووە. زمانی کوردی وەک یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی ناسنامەی نەتەوەی کورد لە سیستەمی پەروەردەیی و ئیداریدا، پێگەیەکی فەرمیی نەبووە. ئەم دۆخە دەتوانرێت لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی ئاسمیلەکردندا شی بکرێتەوە؛ ئەو سیاسەتانەی کە تێیدا هەمەجۆریی کولتووری، لەبری ئەوەی وەک سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندکردن هەژمار بکرێت، وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر یەکگرتوویی نیشتمانی دادەنرێت، و ئەم هەڕەشەیە، هەمیشە ڕووبەڕووی ڕووبەڕووبوونەوەی سەختی ئەمنی، ئابووری و کولتووری بووەتەوە.

ڕوانگە و ڕەفتارێکی لەم شێوەیە، لە درێژخایەندا، نەک هەر نەبووە هۆی بەهێزبوونی یەکگرتوویی، بەڵکوو هەستی دوورخستنەوە و نامۆبوونیشی توندتر کرد؛ بەجۆرێک کە فاشیزم چووە ناو پەیکەری دۆکتۆرینی سیاسیی ناوەندەوە و بووەتە دابونەریت و تێڕوانینێکی هاوبەش و ئاسایی بۆ ئەو گەلانەی کە لە جوگرافیای ئێراندا دەژین. لێکۆڵینەوەکانی بواری کۆمەڵناسیی سیاسییش دەریانخستووە کە نکۆڵیکردن یان هەوڵدان بۆ لاوازکردنی ناسنامەی بەکۆمەڵ و نەتەوەیی، یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی دروستبوونی ململانێی بەردەوام.

## بەئەمنییەتیکردنی داواکارییەکان

فاکتەری گرنگی دیکەی کەڵەکەبوونی بێ متمانەیی، ئەمنییەتی کردنی داواکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بووە. لەم چوارچێوەیەدا، ئەو داواکاریانەی کە دەکرا لە شێوەی دیالۆگی سیاسی و چاکسازیی دامەزراوەیی بوروژێندرێن، وەک هەڕەشە هەستیان پێ کراوە. ئەمەش فەزای کارلێککردنی سنووردار کردووە و بووەتە هۆی سووڕێکی گرژی و بێ متمانەیی.

بەئەمنکردن، جگە لە دەرئەنجامە کورتخایەنەکان، کاریگەریی درێژخایەنیشی هەیە. ئەم کاریگەرییانە بریتین لە: دابەزینی سەرمایەی کۆمەڵایەتی، لاوازبوونی شەرعییەتی دامەزراوەکانی دەسەڵات و زیادبوونی دووریی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە. لەم جۆرە هەلومەرجەدا تەنانەت ڕەنگە هەوڵەکانی چاکسازییش بە گومان و بێ متمانەیی بەرەوڕوو ببنەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## لە شەرعییەتەوە بۆ بەشداریکردن

لەم چوارچێوەیەدا دەبێ چەمکی متمانە لە دەرەوەی هەستێکی تاکەکەسی لەبەرچاو بگیرێت. متمانە، لێرەدا، بە واتای قبوڵکردنی شەرعییەتی پێکهاتەی سیاسی، متمانە بە دادپەروەریی دابەشکردنی سەرچاوەکان و باوەڕبوون بە ئەگەری بەشداریکردنی ڕاستەقینە لە بڕیاردانەدایە. بە بێ وەدیهاتنی ئەو سێ پێکهاتەیە، هەر هەوڵێک بۆ ئاوەدانکردنەوەی پەیوەندیی نێوان ناوەند لە ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامیی ئێران و نەتەوەی کورد، ڕووکەش و ناسەقامگیر دەبێت.

بە واتایەکی تر متمانە بە دروشم دروست ناکرێت، بەڵکوو بە گۆڕانکاریی بەرجەستە لە پێکهاتەکانی دەسەڵات و داڕشتنی سیاسەتدا دەردەکەوێت. لەو کۆمەڵگەیانەی کە بەرەوڕووی پێشێلکاریی بەرفراوانی مافەکانیان بوون، دادپەروەریی ئینتقالی وەک ئامرازێکی سەرەکی بۆ بنیاتنانەوەی متمانە سەیر دەکرێت. ئەم ڕێگەیە بریتییە لە: دەستنیشانکردن، بەڵگەنامەکردن و لێپرسینەوە لە پێشێلکارییەکانی ڕابردوو. بەبێ پرۆسەیەکی لەو شێوەیە، ڕابردوو وەک برینێکی کراوە دەمێنێتەوە؛ ئەمەش دەبێ لە سەرەتای هەر پرۆسەیەکدا بۆ دامەزراندنی توخمەکانی سیستەمێکی نوێ و گشتگیر ئەنجام بدرێت و دەستپێشخەریی ناوەند لەم ڕووەوە و جێبەجێکردنی، وەک نیشانەیەکی ئەرێنی و بەرچاو سەیر دەکرێت.
ناناوەندگەرایی وەک هەنگاوی یەکەم دەتوانرێت وەک نموونەیەک لە ئەرکی ناوەند بۆ دامەزراندنی دادپەروەری و هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی دێموکراسی و بەدیهێنانی داواکارییە مرۆییەکان سەیر بکرێت. ناناوەندگەرایی واتە دابەشکردنی ڕاستەقینەی دەسەڵات لە نێوان ئاستە جیاوازەکانی حوکمڕانیدا، دەتوانێت ببێتە هۆی زیادبوونی لێپرسینەوە و بەشداریکردن. لە بارەی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکە کە لە جوگرافیای ئێراندا دەژین، ئەمە دەتوانێت لە ڕێگەی گواستنەوەی دەسەڵاتی تەواو لە چوارچێوەی فیدڕالیزم و پێکهاتەیەکی هاوشێوەدا بێت.

جگە لە ناناوەندگەرایی، پێویستە پرسی فرەکولتووری بەجیددی لەبەرچاو بگیرێت، کە جەخت لەسەر دانپێدانانی فرەچەشنی شوناس دەکاتەوە. لەم چوارچێوەیەدا شوناسی نەتەوەیی نەک وەک پێکهاتەیەکی یەکپارچە، بەڵکوو وەک کۆمەڵێک شوناسی فرەیی پێناسە دەکرێت و پێویستە بەپێی چوارچێوەیەک بێت کە لەسەر بنەمای ستانداردە جیهانییە پەسەندکراوەکان ئەنجام بدرێت.

## پێداویستییە کردارییەکان بۆ بنیاتنانەوەی متمانە

**یەکەم:** پێویستە بەفەرمی دان بە مافەنەتەوەیی، زمانەوانی و کولتوورییەکاندا بنرێت، لەوانەش پەروەردە بە زمانی دایک،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە هەموو ئاستەکانی پەروەردەدا. ئەم پێوەرە تەنیا ڕەمزی نییە، بەڵکوو کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر هەستی کەرامەت و سەربەخۆیی هەیە؛ هەنگاوێکی بچووکە بەڵام زۆر گرنگ و مانادارە لە هەوڵەکان بۆ دامەزراندنی دێموکراسیدا.

**دووەم:** دانانی میکانیزمی ڕاستەقینەی بەشداریی سیاسی، بۆ ئەوەی گەلی کورد بتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر لە بڕیاردانی ماکرۆدا بگێڕێت و جیاکاریی ئەرێنی بە نیشانەی نیازپاکی دادەنرێت.

**سێیەم:** کەمکردنەوەی نایەکسانیی ئابووری لە ڕێگەی سیاسەتی گەشەپێدانی ئامانجدار و قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی کە بەهۆی جیاکاریی ئابووریی دەیان ساڵەوە سەپاوە؛ زۆرجار بۆشاییە ئابوورییەکان وەک نیشانەی جیاکاریی پێکهاتەیی لێک دەدرێنەوە.

**چوارەم:** داوای لێبوردنی فەرمی و چاکسازی لە گوتاری فەرمی و میدیاییدا، بەجۆرێک کە وێنای گەلی کورد لە چوارچێوە ئەمنییەکان دوور بخرێتەوە و گوتارە فەرمییەکانی دەیەکانی پێشوو وەک لادان و بەلاڕێبردن و ڕوانگەی دژەمرۆیی هەژمار بکرێن.

دەبێ لەبیرمان بێت سەرەڕای پێویستیی ئەم چاکسازییانە، ئاستەنگی بەرچاو لە ئارادایە. ئەم ئاستەنگانە بریتین لە: بەرخۆدانی دەستەبژێر سیاسییەکان لە بەرانبەر گواستنەوەی دەسەڵات، ئاڵۆزییە ژێئۆپۆلیتیکییەکانی ناوچەکە و ئاستی بەرزی بێ متمانەیی کەڵەکەبوو. جگە لەوەش هەر چاکسازییەک دەبێ بە شێوەیەک دابڕێژرێت کە ڕێگری لە دروستبوونی گرژیی نوێ بکات. ئەمەش پێویستی بە ڕێبازێکی هێدییانە، ئارام و ڕوون لەسەر بنەمای دیالۆگ و هەوڵە پراکتیکییەکان هەیە؛ لەڕاستیدا دووپاتە بنیاتنانەوەی متمانە لە نێوان ناوەند و نەتەوەی کورددا، بەبێ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەخنەگرانە لەگەڵ ڕابردوو و چاکسازیی پێکهاتەیی لە ئێستا و داهاتوودا، مومکین نییە.

**لە ئێرانێکی دوای کۆماری ئیسلامیدا، سەرکەوتنی پرۆژەی نوێی بنیاتنانی دەوڵەت، تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندیی بە توانای دانپێدانانی فرەچەشنی نەتەوەیی و دابەشکردنی دەسەڵات بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و دروستکردنی میکانیزم بۆ بەشداریکردنی ڕاستەقینەوە هەیە، ئەگەرنا مەترسیی دووپاتە بەرهەمهێنانەوەی هەمان نەخشە و ڕەوتە کۆنەکان لەبەردەمدا دەبێت.**

٢٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## مستەفا هیجری لە پارلمانی ئورووپا: لەبیرتان نەچێ کە کوردستان لانکەی بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"یە. ئەم بەهایانە لای ئێمە پرەنسیپ و عەقڵییەتێکی بنیاتنەرن نەک دروشم




**(دەقی وتاری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پارلمانی ئورووپا – برووکسێل)**

**سڵاوتان لێ بێ بەڕێزان، ئامادەبووانی هێژا، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان!**

سەرەتا دەمەوێ سوپاستان بکەم بۆ ئەم دەرفەتە کە بانگێشتنی ئێمە، لانی کەمی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیتان کرد تاوەکوو لێرەوە بیروبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە ئەمڕۆ و سبەی ئێران بخەنە ڕوو. هیوادارم ئەوە هەنگاوێکی یەکەم بێ و لە کۆبوونەوەکانی دیکەدا ئێمە شاهیدی ئەوە بین کە ژمارەیەکی زیاتر لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بۆ باسکردن لە بیروبۆچوونی خۆیان لێرەدا کۆ ببنەوە.

ئەوەی کە ویستم بە زمانی کوردی قسەتان لەگەڵ بکەم، لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە زمانی ئێمە زیاتر لە ١٠٠ ساڵە لە ئێران ئینکار کراوە و بە فەرمی نەناسراوە. واتە منداڵانی ئێمە ئیجازەی ئەوەیان نەبووە کە بە زمانی دایکیی خۆیان بخوێنن و بنووسن، بەڵام ئەمڕۆ من لێرە بەو زمانە قسە دەکەم تاکوو بەشێکی بچووکم هەبێ لە خەبات بۆ

بەفەرمی‌ناسینی زمانی دایکیی خۆم.

بەڕێزان!

ئەمە سێیەم جارە ئێرانییەکان بۆ بنیاتنانی دیموکراسی تێدەکۆشن؛ بەو مانایەی کە خەڵکی نێو چوارچێوەی جوگرافیای سیاسی ئێران لە هەوڵێکی بەردەوامدان بۆ گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاری، بەڵام بەداخەوە تاکوو ئێستا سەرکەوتوو نەبوون. لە ڕوانگەی کوردستان و بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە -کە من نوێنەرایەتیی دەکەم - کێشەیەکی بنیادی لە ئێران هەیە، ئەویش دەوڵەتێکی نامەدەنی و پاوانخوازە کە ڕێگای هەر چەشنە ئازادییەکی بەربەست کردووە.

لە ئێراندا دوو جار دەوڵەت لە ئاراستەی مەدەنی دەرچووە: جارێک پاش شۆڕشی مەشرووتە، کە لەوێدا نیزامی پاشایەتی، دەوڵەتی کردە سیستمێکی پاوانخواز و جاری دووەمیش لە ساڵی ١٩٧٩ بەولاوە، نیزامی ئایینی، دەوڵەتی کردە کەرەستەی پاوانخوازی و بەڕێوەبردنی ئایدۆلۆژیای خۆی.

لە سەردەمی پاشایەتیدا، ناسنامەی فارسی دەوڵەتی بەکار هێنا تاکوو هەموو فرەییەکان بسڕێتەوە و تەنیا ناسنامەیەک، تەنیا زمانێک، تەنیا مێژوویەک و تەنیا کولتوورێک بەسەر ئەوانیتردا بسەپێنێت و ئاسیمیلەیان بکات؛ لە کاتێکدا ئێران وڵاتێکی فرەزمان، فرەناسنامە، فرەکولتوور و فرەمێژوویە.

لە ساڵی ١٩٧٩ جارێکی تر ئێرانییەکان بە هیوای بنیاتنانی سیستمێکی دێموکراتیک ڕاپەڕین، بەڵام ئەمجارە دەوڵەت لەلایەن ئایینی شیعەی وەلایەتی فەقیهـ کۆنترۆڵ کرا و ئەویش هەوڵەکانی بۆ سڕینەوەی ئازادی و فرەییەکانی نێو ئێران خستە گەڕ. ئەمڕۆ دەبینین کە دەوڵەتی ئێران تەنیا مەترسییەک نییە بۆ ئێرانییەکان، بەڵکوو مەترسییەکە بۆ هەموو جیهان.

مۆدێلی ئێمەی کوردستانی، بەر لە هەموو شتێک کۆنترۆڵکردنی پاوانخوازیی ئەو دەوڵەتەیە. بەدیاریکراوی ئێمە دەمانەوێت دەوڵەت ژێردەستی هاووڵاتی بێ، نەک هاووڵاتی ژێردەستی دەوڵەت. میکانیزمی ئێمە بۆ ئەو شێوە لە حکوومەتە، نیزامێکی دێموکراتیک، فیدراڵ و سێکۆلارە. لێرەدا هێز لە ناوەندێکدا کۆ نابێتەوە و دەتوانێ پاوانخوازیی دەوڵەت کۆنترۆڵ بکات.
ئێمە ئەوە بە تەنیا چارە دەبینین بۆ بنیاتنانی ئێرانێکی دێموکراتیک، ئازاد و سێکۆلار کە لەوێدا ئێران ببێتە موڵکی هەموو دانیشتووانەکەی، نەک موڵکی گرووپێک.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خاکەلێوەی ٢٧٢٦**

لە بەرامبەر ئەم داخوازییەدا، ڕێژیمەکانی پاشایەتی و دوای ئەو کۆماری ئیسلامی بۆ پاراستنی تۆتالیتاریزم و پاوانخوازیی خۆیان، ئەم داخوازییە دێموکراتیک و پێشکەوتنخوازانەیان وەک سەربەخۆییخوازیی ئەو نەتەوانە لەقەڵەم داوە و بەو تاوانە سەدان هەزار کەسیان ئێعدام و زیندانی کردووە، یان ناچاریان کردوون لەژێر گوشاری سەرکوتدا وڵاتی خۆیان بەجێ بێڵن و پەرپوەی هەندەران بن. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەزموونی دنیای پێشکەوتوو نیشانی داوە کە ڕێزگرتن بۆ جیاوازییەکان و بەڕەسمیناسینیان، نەک هەر نەبووەتە هۆی دابەشبوونی وڵات، بەڵکوو ڕاست بەپێچەوانەوە، بەهێزترین ئامرازی یەکگرتوویی ئارەزوومەندانە و پاراستنی وڵات و نیشتمانن. یەکگرتوویی خاک و نیشتمان ئەوکاتە دێتە دی کە هەموو پێکهاتە جیاوازەکان لە بەڕێوەبردنی ئیدارەی وڵات و ناوچەکانی خۆیاندا بەشدار بن و بەو شێوەیە وڵات ببەنە پێشەوە، نەک گرووپێک لەژێر سەرکوت و زەبروزەنگ هەموو وڵات بۆ خۆی داگیر بکات و ئەوانیدی دیکە پەراوێز بخات.

بزووتنەوەی ئێمە پشتی بەو بەها مرۆڤانە بەستووە و دەیەوێ بەپێچەوانەی دوو ڕێژیمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی، سەرانسەری ئێران بە کوردستانیشەوە ببێتە مەکۆی سەقامگیری و پەیوەستبوون بە جیهانی ئازادەوە.

لەبیرتان نەچێ کە کوردستان لانکەی بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"یە. ئەم بەهایانە لای ئێمە پرەنسیپ و عەقڵییەتێکی بنیاتنەرن نەک دروشم. بزووتنەوەکەشمان لە خانەی ئەو بەهایانەوە خۆی پێناسە کردووە، هەربۆیە ئێمە بیر لە چەوسانەوە، ناسەقامگیری و نەمانی ئاسایش ناکەینەوە، بەڵکوو بۆ بەدیهێنانی هەوڵ دەدەین؛ مەگەر ئەوەی جارێکی دیکە هەوڵی لەنێوبردنمان بدەن.

لە کۆتاییدا، بە ناوی هاوپەیمانی و بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە سوپاستان دەکەم بۆ ئەم دەرفەتە و لە دواییدا ئەگەر کات هەبێ، دەکرێ دووبارە باسەکانمان درێژە پێ بدەین.

سپاس بۆ هەموو لایەک.

**٢٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# مستەفا هیجری: کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نابێ یارمەتیدەری دروستبوونەوەی دەوڵەتێکی ناوەندگەرا بێت لە ئێراندا



**ئاماژە: کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی پارڵمانی ئورووپا بەڕێوە چوو؛ دۆخی سیاسیی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئامانجی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی شی کردەوە.**

ئەم کۆبوونەوەیە ڕۆژی چوارشەممە، ٢٦ی خاکەلێوە بە بەشداریی دانییێل ئەتارد، جێگری نێردەی دەرەوەی پارڵەمانی یەکیەتیی ئورووپا بۆ کاروباری ئێران؛ خاتوو ئەوین ئینجە، ئەندام پارڵمانی یەکیەتیی ئورووپا و هەروەها کۆمەڵێک لە پارلمانتارەکانی حیزبە سۆسیالیستەکانی یەکیەتیی ئورووپا و سۆسیال دێموکراتەکانی یەکیەتیی ئورووپا بەڕێوە چوو. لەو کۆبوونەوەیەدا نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، حیزبی تەزامنی دێموکراتیکی ئەهواز و حیزبی خەڵکی بەلووچستان وتاریان پێشکێش کرد.

**دەقی قسەکانی کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەو کۆبوونەوەیەدا:**

بەڕێزان!
ئەندامانی پارلمان و بەشداربووانی هێژا!

سەرەتا سپاس و پێزانینمان دەردەبڕین بۆ ڕێکخەرانی ئەم کۆبوونەوەیە کە دەرفەتێکی گرنگیان بۆ نوێنەرانی نەتەوە جیاوازەکانی ئێران ڕەخساندووە. ئەوانەی هێندێک جار بە "کەمینە" ناویان دەبەن.

بەڵام لە ڕاستیدا لەسەر زێد و هەرێمی خۆیان زۆرینەن و خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو ناوچانەن. ئێران تەنیا یەک نەتەوە نییە؛ بەڵکوو کۆیەکە لە چەندین نەتەوە و ناسنامەی جیاواز کە پێکەوە لە چوارچێوەی جوغرافیای سیاسیی ئێراندا جێگایان گرتووە .ئەمڕۆ لێرەدا نوێنەرانی ئەم نەتەوانە ئامادەن تا بیر و بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە پەڕینەوە بۆ ئێرانێکی دیمۆکراتیک، فیدراڵ و سێکۆلار بخەنە ڕوو.

بەرێزان!

تەنها چاوێک بە بەشداربوواندا بخشێنن: دەردەکەوێت ئێران وڵاتێک نییە کە تەنیا یەکزمان، یەک کولتوور، یەک مێژو و و یەک ناسنامەی هەبێت. بەڵام لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی ئێرانەوە، ئەم ناسنامانە چەوساونەتەوە و لەژێر سێبەری پاوانخوازییەکی تاکەنەتەوەییدا ماوەتەوە.

لە ڕوانگەی ئێمەی کوردستانی و بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، پەڕینەوە بۆ دێموکراسی لە ئێراندا هەرگیز بە تەواوی نایەتە دی تا ئەوکاتەی هەموو ئەو ناسنامانە بەفەرمی نەناسرێن. ئەم فرەییە ناتوانرێت تەنها بە "مافی کەمینە" یان "مافی هاوڵاتیبوون" جێبەجێ بکرێت. دەبێت ناسنامەی نەتەوەییی هەموو نەتەوەکان بە فەرمی بناسرێت.

نەتەوە بندەستەکان لە خەباتی خۆیان بەردەوامن، بەڵام ئەم خەباتە پێویستی بە تێگەیشتن و یارمەتیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەیە. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نابێت جارێکی تر یارمەتیدەری دروستبوونەوەی دەوڵەتێکی پاوانخواز و ناوەندی بێت لە ئێران.
ئێمە لە کوردستان، لە چوارچێوەی "هاوپەیمانیی هێزەکانی ئۆپۆزیسیونی کوردستانی ئێراندا" خۆما ن ڕێکخستووە و بەردەوام دەبین لە خەبات بۆ بەدەسهێنانی مافە نەتەوەییەکانمان . لە ساڵی ٢٠٠٣ ەوەش کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵمان پێک هێناوە بۆ ئەوەی سیمایەکی ڕاستەقینە و جیاواز لە ئێران پیشان بدەین. سیمایەک کە فرەنەتەوەیی و

فرەکولتووریی ئەم وڵاتە دەخاتە بەرچاو.

بەڵام لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا هێشتا سیمای ساختەی "ئێرانی یەک نەتەوە و یەک زمان" زاڵە، کە تەنیا پەرە بە هەڵاواردن و فەڕق و جیاوازی دەدات. بۆیە هیچ گۆڕانکارییەکی ڕاستەقینە بەدی نایەت ئەگەر ئەم پاوانخوازییە کۆتایی پێ نەیەت .لەنێو هێندێک لایەنی ئۆپۆزیسیونی ئێرانیشدا هەوڵێک هەیە بۆ دووبارەکردنەوەی جۆرێکی دیکە لەم پاوانخوازییە لە دوای کۆماری ئیسلامی. ئێمە وەک حیزبی دێموکرات، بۆ ماوەی هەشتا ساڵ و بەتایبەتی دوای بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" بەرەنگاری ئەم هەوڵە نوێیە بووینەتەوە.

گۆڕان لە ئێران پێویستی بە بەرەیەکی هەمەڕەنگ هەیە کە هەموو ناسنامەکان خۆیانی تێدا ببیننەوە. ئەگینا، دیسانەوە دەسەڵاتێکی دیکە وەک کۆماری ئیسلامی سەرهەڵدەدات و دەبێتە سەرچاوەی کێشە بۆ هەموو جیهان. سەرچاوەی سەرەکیی زۆریەک لە کێشەکانی ئێران پاوانخوازیی کۆنترۆڵنەکراوە. ئەم پاوانخوازییەش کۆنترۆڵ ناکرێت ئەگەر ناسنامە جیاوازەکان بە فەرمی نەناسرێن و دەسەڵات نەگەڕێتەوە بۆ دەستی دەوڵەتێکی مەدەنی کە دەوڵەتی نەتەوەیەک نەبێ، بەڵکوو ڕێکخەری پێوەندییەکانی ئەو نەتەوانە بێت.

**لە کۆتاییدا، ئەم جۆرە کۆبوونەوانە دەتوانن سەرەتایەک بن بۆ بینینی ڕاستیی ئێران وەک وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەناسنامە. سپاستان دەکەین.**

٢٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لە گۆڕانی نەزمی جیهانییەوە بۆ لێکنەبانبوونی ئەمریکا و ئورووپا



**ئاڵەشین**

دوو شەڕی جیهانی، ئەمریکا و ئورووپایان زۆر لێک نزیک کردەوە. پاش شەڕەکانیش، مەترسی بۆ سەر شارستانییەت و ئەو بەستێنە سیاسی ـ ئابووری ـ کۆمەڵایەتییەی کە ئەم دوو بلۆکە گرتبوویانە بەر، ئەوەندەی دیکە لێکی نزیک کردنەوە. لە بەجیهانیبووندا، ئیدی تۆ لێکی ناکەیتەوە چی ئەمریکییە و چی ئورووپی، تەنانەت ئەگەر بەرهەمەکە ئەمریکاییش بێت؛ چونکە ئاشکرایە ئەمریکا بە ژێنێتیک هەموو شتێکی، لە بەرهەست و دەرهەستەوە، ئورووپاییە. بەڵام لەپڕ ترامپ هاوکێشەکەی گۆڕی. ئەو لە خولی یەکەمیدا بە ڕەخنەی جیددی لەسەر ئورووپاییەکان و هاتنەدەر لە هەندێک گرێبەست و ڕێککەوتن و هەڕەشەی وەک کشانەوە لە ناتۆ، پاشانیش لەم خولەی سەرکۆماریدا بە سووربوون لەسەر بەدەستەوەگرتنی گرینلەند، لە هەڕەشەکانی پێشوو بۆ سەر ئورووپا مەترسیدارتر دەرکەوت. جگە لەوەش، باس و بابەتی ئابووری و تەعرفەی گومرگی و بەربەستە بازرگانییەکان، ڕەهەندێکی دیکەی کێشەکانن. ترامپ لە هەمبەر شەڕی ئۆکراینیشدا شێوازێکی جیاوازی گرتە بەر و پشتیوانییەکانی وڵاتەکەی بۆ ئۆکراینا، بەستەوە بە هەندێک مەرج و گرێبەستی ئابووری کە کانگە ستراتیژییەکانی ئەو وڵاتەی دەگرتەوە.

بەڵام شەڕی ئێران و بێمەیلیی ئورووپا بۆ پشتیوانی و بەشداری لەو شەڕەدا، جیاوازییەکانی بەرژەوەندیی ئەمریکای ترامپ

و ئورووپای دەرخست. دابەشکردنی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، دابەشکردنێکی ئورووپاییە، هەر بۆیەش ئەم نەزمە هەتا ئێستا تا ڕادەیەکی زۆر بەرژەوەندییەکانی ئورووپای دابین کردووە. بەڵام بە تێکچوونی ئەم نەزمە، دیار نییە بەرژەوەندییەکانی ئورووپا بەم جۆرەی دەیانەوێت بپارێزێت؛ چونکە دابەشکردنی بەرمەبەست لە ڕوانگەیەکی تەواو جیاوازەوە بڕیارە بکرێت. با ئەمریکا بە ژێنێتیک ئورووپایی بێت، بەڵام دەزانین خودی ئەمریکا بەرهەمی هەڵگەڕانەوە لە کۆلۆنیالیزمە. لەم لایەشەوە ئیسرائیل وا دەردەکەوێت لەگەڵ میراتە نەزمە کۆنە ئورووپاییەکاندا تەبا نییە و بە هیچ دارشتنێک کە زۆرترین بەرژەوەندییەکانی نەپارێزێت، قایل نابێت. لە لایەکی دیکەوە ڕووسیەی نوێ نیشانی داوە مەترسیی داکشانی بۆ خوارووی خۆی نییە، بەتایبەتیش کە پێگەی ڕووسیە لە قەوقاز و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەزۆری لاواز بووە و گەڕانەوەی ئەستەم دەنوێنێت (مەبەست هێژمۆنیکە). سیاسەتی هێرشبەرانەی ڕووسیە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا نیشانی داوە دەیەوێت بەرەو سنوورەکانی یەکێتیی ئورووپا زیاتر دەستی بکرێتەوە.

لە بەشی ڕۆژهەڵاتی دووریشدا، ئەوەی هەیە چین بە بێدەنگی خەریکە نەرمەنەرم پانتایی زیاتر دەتەنێت. کریدۆر و پڕۆژە ئێجگار مەزنەکان و هێزی نەرمی چینی، بەرەو پێش دێن. ڕەنگە شەپۆلەکانی هێژمۆنی چینی، پاڵ بە ڕووسیەوە بنێن تا بەرەو ئورووپا بخشێت. لەم لایەشەوە ئورووپا مەیلەو چین و تەنانەت هیندستانیش دەبێت. واتە ئەگەر ئەم هێژمۆنییانە وەک شەپۆل لەبەرچاو بگرین؛ چین پاڵ بە ڕووسیەوە دەنێت، ڕووسیە پاڵ بە ئورووپاوە، لەم لایەشەوە ئورووپا چونکە پانتایی و وشکانیی بەپاڵەوە نییە، هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی دوور، واتە چین و هیندستان. ئەمریکاش هەروەک بینیمان لەو جووڵەی شەپۆلانە بێکاریگەر نییە؛ بینیمان بەرەو باشووری وشکارۆی ئەمریکا کشا و بە دەستەمۆکردنی ڤێنۆزۆئێلا و لەم لایەشەوە بە بەرنامەکانی بۆ کوبا، دەیەوێت شەپۆلی نامۆ لە دەوروبەری خۆی نەهێڵێتەوە. ئەو بەشانەی جیهان کە توانای دروستکردنی شەپۆلیان نییە، وەک ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و تا ڕادەیەک ئەفریقا، دەبنە شوێنی بەریەککەوتنی شەپۆلەکان. بەریەککەوتنی شەپۆلەکانیش واتای دروستبوونی ئاڵۆزی و پشێوییە.

دوورەپەرێزبوونی ئورووپا لە زۆربەی پێشهات و ڕووداوەکاندا پێمان دەڵێت پاشهاتەکان و ئەنجامەکان لە قازانجی ئورووپا ناشکێنەوە. سیاسەتی کۆنەپارێزانە و کۆلۆنیالیستانەی ئورووپاش وا دەکات ئەم یەکێتییە لە ئاڵوگۆڕەکاندا زۆر دەستکراوە نەبێت. لە ڕاستیدا کاکڵەی یەکێتیی ئورووپا لە نێوان نۆرماتیڤ پاوەر (Normative Power) بوون و نۆرماڵ پاوەر (Normal Power) بووندا حاسی بووە. پرۆسەی فراوانبوونەوەی یەکێتی لە هەندێک بوارەوە، لەم دوو ڕەهەندەدا تووشی شکست بووە؛ وەک بەئەندامەوەرگرتنی هەندێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئورووپا و هەروەها پەلکێشانی بۆ ئاسیا و قەوقاز، بەبێ ئەوەی وەک هێزێکی نۆرماڵ دەربکەوێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## خاکەلێوەی ٢٧٢٦

بەڵام لە ئاریشەی هەنووکەیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بۆچی هێندە پەسیڤە؟ لە کاتێکدا پاش هێرشی ڕووسیە بۆ سەر ئۆکراین و بڕانی گاز و نەوتی ڕووسیە بۆ ئورووپا، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پاڵپشتیی بێوێنەی ئابووری و خزمەتگوزاریی ئورووپا بووە. ئەم ڕۆژانەش بەهۆی گیروگرفت لە ڕێڕەوەکانی گواستنەوەی وزە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، ئورووپا دوو هێندەی دیکە کەوتە بەر تەنگانە. ئایا هێژمۆنی ئەمریکا بە زیانی خۆی دەبینێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو داوایەی ترامپ بۆ بەدەستەوەگرتنی گرینلەند هەیەتی؟ ئایا هەڕەشە و ڕەفتاری ترامپ بۆ گوشارخستنە سەر ئورووپا، بەتایبەتی هاتنەدەر لە ناتۆ، هاوسەنگییەکەی تەواو تێکداوە؟ ئایا تێکچوونی دۆخی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دروستبوونەوەی ڕۆژهەڵاتێکی نێوەڕاستی دێموکراتیک و نۆرماڵ، پۆزیسیۆن و ڕەوایی ئەو پێناسەیەی ئورووپا بۆ خۆی هەیەتی دەخاتە ژێر پرسیارەوە؟

**لە زۆر بوارەوە دەکرێ وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە، بەڵام ئەوەی وەڵامەکەی لێڵە، داهاتووی یەکێتیی ئورووپایە لە گێژاوی گۆڕانی نەزمی سیاسیی ناوچەکە و پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا، لە ئەگەری بەردەوامیی سیاسەتی "نیومێرکانتلیزم"ی ترامپیدا.**

٢٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سەرنجێک لەسەر وتەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە پارلمانی ئوروووپادا






بێهزاد قادری

حوزووری سکرتێری گشتی و نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پارلمانی ئورووپا، نابێ تەنیا وەک دانیشتنێکی سیاسیی ئاسایی سەیر بکرێت؛ ئەم بابەتە لە ناوەرۆکی خۆیدا، هەوڵێکی گرنگە بۆ بەدەستهێنانی ڕەواییی نێودەوڵەتی بۆ پرسی کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکە لە ئێراندا.

پارلمانی ئورووپا یەکێکە لەو دەگمەن شوێنانەی کە دەنگی نافەرمی و دەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەتەکان دەتوانن تێیدا ببیسترێن. ئەوەی کە نوێنەرانی بزووتنەوەیەکی کوردی لە ئاستێکی وەها وتار پێشکەش دەکەن، بەو مانایەیە کە پرسی کوردستان چووەتە نێو مەیدانی سیاسەتی فەرمیی جیهانییەوە. ئەمە ڕێک ئەو ئامانجەیە کە ساڵانێکی دوورودرێژە خەباتی سیاسیی بۆ دەکرێت: گۆڕانی پرسەکە لە "پرسێکی ناوخۆیی"یەوە بۆ "دۆسیەیەکی نێودەوڵەتی."

لەو چوارچێوەیەدا، وتەکانی کاک "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نابێ تەنیا وەک هەڵوێستێکی کاتی ببینرێت، بەڵکوو بەشێکە لە پڕۆژەیەکی فکری و سیاسی. ناوبراو هەوڵ دەدات لە بناغەی ئەو گێڕانەوە باوەی لەسەر ئێران هەیە بدات؛ گێڕانەوەیەک کە لەلایەن دەسەڵاتەوە بێت یان لەلایەن بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنەوە، کە لەسەر بنەمای "یەک نەتەوە، یەک زمان و یەک ناسنامە" دامەزراوە. بەڵام کاک مستەفا ئەم بنەمایە دەخاتە ژێر پرسیارەوە و ئێران وەک وڵاتێکی فرەنەتەوە دەناسێنێت. ئەم گۆڕانکارییە لە دەستەواژەکاندا، لە ڕواڵەتدا سادەیە، بەڵام لە کردەوەدا لێکەوتەی قووڵی هەیە: کاتێک باس لە نەتەوەکان دەکرێت، چیتر باسەکە تەنیا مافی کولتووری و زمانی نییە، بەڵکوو پرسەکە دەچێتە ئاستی "مافی دیاریکردنی چارەنووس" و بەشداری لە دەسەڵاتی سیاسیدا.

خاڵی گرینگ لە قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتدا ئەوەیە کە لە قۆناغی تەنیا ڕەخنەگرتن تێپەڕ دەبێت و دەست دەکات بە پێشکەشکردنی بەدیل. جەختکردنەوە لەسەر فیدرالیزم وەک مۆدێلێک، نیشانەی ئەوەیە کە بزووتنەوەی کوردی لە ئێراندا تەنیا خەریکی ناڕەزایەتی دەربڕین نییە، بەڵکوو خەریکی داڕشتنی نەزمێکی سیاسیی جێگرەوەیە. لێرەدا جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ زۆرێک لە ڕەوتەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن دەردەکەوێت؛ ئەوانەی هێشتا لە ئاستی ڕەتکردنەوەی کۆماری ئیسلامیدا ماونەتەوە، بێ ئەوەی وێنەیەکی ڕوونیان بۆ پاشەڕۆژ هەبێت. لە کاتێکدا لە گوتاری حیزبی دێموکراتدا، داهاتوو پێناسە کراوە: ئێرانێکی فرەنەتەوە، فیدراڵ و لەسەر بنەمای شەراکەتی ڕاستەقینەی دەسەڵات.

لەلایەکی دیکەوە، کاک مستەفا هیجری بەدروستی پەنجە دەخاتە سەر خاڵێکی هەستیار: مەترسیی دووبارەبوونەوەی پاوانخوازی. ئەزموونی مێژوویی کوردەکان، چ لە ئێران و چ لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، دەریخستووە کە گۆڕانی دەسەڵات مەرج نییە ببێتە هۆی گۆڕانی پێکهاتەی دەسەڵات. ئەگەر عەقڵییەتی ناوەندگرا و تاک - ناسنامەیی بمێنێتەوە، تەنانەت سیستەمێکی بە ڕواڵەت دێموکراتیکیش دەتوانێت هەمان چەوسانەوە بە شێوازێکی نوێ بەرهەم بهێنێتەوە. ئەمە هەمان ئەو ئاگادارکردنەوەیەیە کە لە قسەکانی جەنابیاندا بە ڕوونی دەبینرێت؛ هۆشدارییەک کە ڕەگی لە ئەزموونە تاڵە مێژووییەکاندا هەیە، نەک تەنیا شیکردنەوەیەکی تیۆری بێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خاکەلێوەی ٢٧٢٦**

بەڵام ڕەنگە قووڵترین بەشی وتاری کاک مستەفا، جەختکردنەوە لەسەر ئەوە بێت کە مافی هاووڵاتیبوون بە تەنیا بەس نییە. ئەم ڕستەیە لە ڕاستیدا هێڵێکی جیاکەرەوەی جیددییە لەگەڵ گوتاری لیبرالیزمی کلاسیک کە هەوڵ دەدات هەموو کێشەکان بۆ ئاستی تاک دابەزێت. لە ڕوانگەی کوردەوە، کێشەکە تەنیا تاک نییە؛ کێشەکە ناسنامەی بەکۆمەڵە، کێشەکە مێژوویەکە لە نکۆڵیکردن و سڕینەوە. کەواتە بەبێ بەفەرمیناسینی ئەم ناسنامانە، هەر جۆرە دیموکراسییەک لە ئێراندا کەموکۆڕیی دەبێت.

لەگەڵ ئەمانەشدا، حوزووری هاوکاتی نوێنەرانی نەتەوەکانی دیکە وەک بەلووچ و عەرەبەکانی ئەهواز، نیشان دەدات کە جۆرێک لە لێکتێگەیشتن و هاوپەیمانی لە حاڵی شکڵگرتندایە. ئەم هاوکارییە ئەگەرچی هێشتا ساوا دیارە، بەڵام لەڕووی ستراتیژییەوە زۆر گرنگە. چونکە بۆ یەکەمجار وێنەیەکی بەکۆمەڵ لە ئێرانی ناناوەندی پێشکەشی جیهان دەکرێت. ئەم وێنەیە ئەگەر جێگیر بێت، دەتوانێت هاوکێشە سیاسییەکانی داهاتووی ئێران بە شێوەیەکی بنەڕەتی بگۆڕێت.

لە کۆتاییدا، دەبێ بوترێت ئەوەی لەم کۆبوونەوەیەدا ڕوویدا، تەنیا وتارخوێندنەوە یان چالاکییەکی دیپلۆماتیک نەبوو؛ بەڵکوو بەشێک بوو لە جەنگی گێڕانەوەکان. ململانێیەک لەنێوان دوو وێنە بۆ ئێران: ئێرانێکی تاقە – دەنگ و ناوەندگرا، لە بەرانبەر ئێرانێکی فرەڕەنگ و فرەنەتەوە. لەم نێوەندەدا، دەنگی کورد، بەهۆی ئەزموونی مێژوویی، یەکگرتوویی سیاسی و بەردەوامیی خەبات، یەکێکە لە دەنگە هەرە بەهێزەکان. ئەگەر ئەم دەنگە بتوانێت پێگەی خۆی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا جێگیر بکات، نەک تەنیا بۆ کوردستان، بەڵکوو بۆ داهاتووی تەواوی ئێرانیش چارەنووسساز دەبێت.

**٢٨ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# مستەفا هیجری: دیپلۆماسیی بێدەنگ لەگەڵ ئەم ڕێژیمەدا مەکەن، چونکە شەرعییەتی دەداتێ




**ئاماژە:**

**کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە درێژەی سەردانە دیپلۆماسییەکەی بۆ ئورووپادا چووە ئیسپانیا و لە کۆبوونەوەی «هاوپەیمانیی پێشکەوتنخواز (Progressive Alliance)» لە بارسێلۆنا بەشدار بوو. لەم کۆبوونەوەیەدا کە بە بەشداریی دەیان سەرۆکوەزیری وڵاتانی ئورووپایی، سەرۆکی حیزبە ئورووپاییەکان، سۆسیال دێموکراتەکانی ئورووپا، چالاکانی سیاسی و مەدەنی نوێنەرانی سەندیکاکان، ڕۆژنامەنووسان و توێژەران و نووسەران و نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکان لە گۆشە و کەناری جیهان پێکهاتبوو، سکرتێری گشتیی حیزب وتارێکی پێشکێش کرد.**

**ئەمە دەقی وتاری سکرتێری گشتیی حیزبە لەم کۆبوونەوەیەدا:**

**دۆستانی ئازیز، هەڤاڵانی خۆشەویست!**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خاکەلێوەی ٢٧٢٦**

سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە. جێگەی شانازییە کە لە بەردەم کۆبوونەوەیەکی پێشکەوتنخوازانەدا وەستاوم کە دەزانن خەبات بۆ دێموکراسی لە وڵاتێکدا، خەباتە بۆ دێموکراسی لە هەموو شوێنێک.
من سڵاوی کوردانی ئێرانم بۆ هێناون. نەتەوەیەک کە نزیکەی نیو سەدەیە بەرەنگاری دیکتاتۆری بووەتەوە و لە پێشەنگی خەبات بۆ دێموکراسی لە ئێراندا بووە.

**هاوڕێیان!**

جیهان بە زمانی دۆسیە ئەتۆمییەکان و نرخی نەوت باسی ئێران دەکات. بە دەگمەن باس لە کورد، بەلووچ، عەرەبەکانی ئەهواز، ژنانی زیندانی ئیڤین، ئەو کرێکارانەی مانگرتنەکانیان تێکدەشکێندرێت، ئەشکەنجە، لەسێدارەدان، یان کۆمەڵکوژیی خۆپیشاندەرانی ئاشتیخواز دەکات.
ئێران بۆ هاووڵاتیانی خۆی زیندانێکی پڕ لە ئەشکەنجەیە، ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکە و جیهان بەبێ دێموکراسی لە ئێرانی داهاتوودا مەحاڵە. ناسینی ئەم ڕاستییە دەبێت لە پێشەوەی کارەکانی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی جیهاندا بێت.
لە کاتێکدا کە شەڕی نێوان ئێران و ئەمریکا خەریکە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست سەرلەنوێ دادەڕێژێتەوە، مەترسی بۆ سەر حیزبەکەمان، حیزبی دێموکرات و گەلی کورد هەرگیز هێندەی ئێستا نەبووە. ئێمە نەک هەر لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە، بەڵکوو لەلایەن گرووپە پرۆکسییەکانی ئێرانیشەوە بەرەوڕووی هەڕەشە دەبینەوە و مەترسیی گەورەیان لەسەر دروست کردووین.

لە کۆتایی مانگی فێوریەوە، ئێران زیاتر لە ١٠٠ جار بە مووشەکی بالیستیک و درۆن هێرشی کردووەتە سەر حیزبەکەمان. هێرشەکان بۆ سەر کەمپەکانی حیزبەکەمان نەخۆشخانە، قوتابخانە، ماڵی مەدەنی و سەرچاوەکانی ئاو و کارەبایان کردووەتە ئامانج. لە گەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە داهاتووی هەموو نەتەوە جیاوازەکانی ئێران بخەینە چەق و ناوەندی گفتوگۆ نێودەوڵەتییەکانەوە، پێش ئەوەی ئەوانی تر بەبێ ئێمە بڕیار لەسەر چارەنووسمان بدەن.

بۆ ئەنجامدانی ئەمەش، دەبێت جێگرەوەیەک بۆ ڕێژیم پێشکەش بکەین. لە مانگی فێوریەوە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی تری کورد، «هاوپەیمانیی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران»مان دامەزراند. هەروەها خەریکی گفتوگۆین لەگەڵ گرووپە سیاسییەکانی تری ئۆپۆزسیۆنی ئێران بە گشتی. ئەمە بە هیوای بونیادنانی جێگرەوەیەکی دیموکراسی کە شایستەی قوربانیدانی هەموو ئەو خەڵکەی ئێران بێت کە لەلایەن ئەم ڕێژیمەوە کوژراون، زیندانی کراون و ئەشکەنجە دراون. ئەمە گرنگترین ئەرکی ئێمەیە و ئێوەش هەمووتان دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ لەم پرۆسەیەدا بگێڕن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خاکەلێوەی ٢٧٢٦

ئێمە نەهاتووین داوای خێر بکەین. ئێمە داوای هاوپشتی دەکەین، لەو جۆرەی کە ڕۆژێک پێشکەوتنخوازەکان پێشکەشی «کۆنگرەی نیشتمانیی ئەفریقا(ANC) "یان کرد لە باشووری ئەفریقا،

**بە ئەنجامدانی ئەم سێ کارە بە شێوەیەکی کۆنکرێت:**

**یەکەم؛** ناساندنی سیاسی: دەنگی ئێمە لە پەرلەمانەکانتان، لە پەرلەمانی ئوورووپا و لە نەتەوە یەکگرتووەکان بەرز بکەنەوە. بپرسن: ئەی کوردەکان چییان لێ هات؟ ئەی زیندانیانی سیاسی؟ ئەی لەسێدارەدانەکان؟ دیپلۆماسیی بێدەنگ لەگەڵ ئەم ڕێژێمەدا مەکەن، چونکە ئەمە تەنها خزمەت بە ڕێژێم دەکات و شەرعییەتی پێ دەبەخشێت.

**دووەم:** داوای لێپرسینەوە بکەن لەو هێرشانەی دەکرێنە سەر پەنابەرانی سیاسیی کورد لە کوردستانی عێراق. ئەمانە تاوانی جەنگن دژی ئەو کەسانەی لەژێر پاراستنی نێودەوڵەتیدان. پارتەکانی ئێوە دەتوانن پرۆژەبڕیار بجوڵێنن.حکومەتەکانتان دەتوانن باجی قورس بخەنە سەر ڕێژێم.

**سێیەم،** هاوبەشی: بانگهێشتمان بکەن بۆ نێو کارە سیاسییەکانتان سەبارەت بە ئێران، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گواستنەوەی دیموکراسییەکان. شارەزایی و ئەزموونەکانتان لەگەڵ حیزبەکەمان و ئەندامە گەنجەکانماندا بەش بکەن. بانگهێشتی شارەزایانی ئێمە بکەن لە بابەتە پەیوەندیدارەکان بە ئێران. میوانداریی چالاکوانەکانمان بکەن. دەنگی ئێمە وەربگێڕن. مامەڵە لەگەڵ (PDKI) مەکەن وەک دۆزێکی دوورەدەست، بەڵکوو وەک ئەوەی کە هەین ببینن: حیزبی دەستەخوشکتان، حیزبێکی سۆسیال دیموکرات بە مێژوویەکی هەشتا ساڵەوەیە، کە هەمان ئەو خەباتە دەکات کە ئێوە دەیکەن، تەنها لەسەر زەوییەکی سەختتر.

کۆماری ئیسلامی هەر دەڕووخێت. تەنها پرسیارەکە ئەوەیە کەی دەڕووخێت و چی لە شوێنی دادەمەزرێت. یارمەتیمان بدەن دڵنیابین لەوەی ئەوەی دادەمەزرێ دیموکراسی، فیدراڵ و پلۆرالیست بێت؛ نەک تەنها بۆ کورد، بەڵکوو بۆ هەموو ئێرانییەکان و بۆ ناوچەکەش.

سوپاس!

ژن، ژیان، ئازادی.

٢٨ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# حیزبی دێموکرات: بەرگریی ڕەوا بە مافی خۆمان دەزانین




خەڵکی کوردستان و ڕای گشتیی نێودەوڵەتی ئاگادار دەکەینەوە دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ ٢٨ی خاکەلێوە، جارێکی دیکە ڕێژیمی مرۆڤکوژی کۆماری ئیسلامی، کە بەهۆی شەڕەکانی ئەم دواییانەوە لەوپەڕی لاوازیی خۆیدایە، لە ئەنجامی ترس و فۆبیای هەمیشەیی لە هێز و ڕەوایەتیی خەباتی ڕزگاریخوازانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستانی لە کاتی ئاگربەستی دوو حەفتەیی لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا بەزاندەوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە ماوەی یەک مانگ و نیوی ڕابردوودا زیاتر لە ١٠٧ جار بە مووشەک و درۆن هێرشی کردووەتە سەر کەمپەکانی حیزبی دێموکرات، لە بەردەوامیی دەستدرێژییەکانیدا جارێکی دیکە هێرشی کردەوە سەر کەمپی پەنابەرانی مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە "جێژنیکان" لە نزیک شاری هەولێر، هەروەها پۆلێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بەئامانج گرتەوە. بەهۆی ئەم هێرشانەوە بەداخەوە دوو پێشمەرگەی کچ بە ناوەکانی "نەدا میری" و "سەمیرا ئەڵلایاری" و ڕۆڵەی نیشتمان "شاهین ئازەربەرزین" (کوڕی بنەماڵەی پێشمەرگە) شەهید بوون و دوو پێشمەرگەی دیکەش بریندار بوون.

کۆماری ئیسلامی وەک خووی هەمیشەیی دەیدەوێت تۆڵەی شکستی سەربازی، سیاسی و ئەمنییەتیی خۆی لە ناوخۆ و دەرەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## خاکەلێوەی ٢٧٢٦

وڵات، لە خەڵکی کوردستان و بزووتنەوە ڕەواکەی بە هێرشکردنە سەر کەمپ و بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکاتەوە. بە دڵنیاییەوە ئەو ڕێژیمە بە پەیکەرێکی وێران و داڕماوەوە، زیاتر لە هەموو کاتێک لە ئاست ئیرادەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران تووشی شڵەژان و سەرلێشێواوی بووە. ئەو حکوومەتە کە هیچ کاتێک پابەندی بنەماکانی مافی مرۆڤ و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان نەبووە، چاوەڕوانی ئەوەشی لێ ناکرێت لە سەرەمەرگی خۆیدا دەست لە خەڵکی مەدەنی و ئەو کەمپانە بپارێزێت کە خەڵکی سڤیلی تێدا دەژین.

حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئەوەی بە شانازییەوە لە ئاست هێرشی بێبەزەییانەی ڕێژیم بۆ سەر خەڵکی کوردستان خەباتی پێشمەرگانەی کردووە و بەرگریی لە مان و ناسنامەی نەتەوەکەی کردووە، بەڵام هەمیشە لایەنگری چارەسەری ئاشتییانە و سیاسییانەی پرسی کورد بووە و بۆ ڕەخساندنی دەرفەتێکی ئاواش تێچووی گەورەی داوە، کەچی ئەو ڕێژیمە وەڵامی هەموو ئەو هەوڵانەی بە مووشەکباران، تێرۆر، سێدارە و سەرکوتکردن داوەتەوە.

ئێمە وێڕای شەرمەزارکردنی ئەم هێرشانە، ڕادەگەیەنین کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ڕابردوودا بەردەوام ڕێککەوتننامەی ئەمنییەتیی خۆی لەگەڵ عێراق پێشێل کردووە، بەمجۆرە ئێمەش بەرگریی ڕەوا بە مافی خۆمان دەزانین. هاوکات داوا لە کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان، وڵاتانی دێموکرات و دۆستانمان لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان دەکەین، لە نێو پرسی بازاڕی نەوت و چەکی ئەتۆمیدا، پرسی نەتەوە جیاوازەکانی ئێران و لە سەرووی هەموویانەوە پرسی کورد و خەباتە دێموکراسیخوازییەکەی فەرامۆش نەکەن و لێپرسینەوە لەو هێرشانە بکەن کە دەکرێنە سەر کەمپەکانی کوردانی ڕۆژهەڵات، قوتابخانە، نەخۆشخانە، گۆڕستان و بنکە مەدەنییەکان. ئێوە دەتوانن ئەو کردەوانە وەک "تاوانی جەنگ" بناسێنن و کۆدەنگیی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی خەڵکی مەدەنی پێک بهێنن و سزای توند و تێچوو بخەنە سەر کردەوەکانی ڕێژیم و دەرفەتی بەکارهێنانی مووشەک، درۆن و کردەی تێرۆریستیی لێ بستێنن.

ئێمە وێڕای سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری تازەترین شەهیدانمان، هاوسەنگەرانیان و هەموو خەڵکی کوردستان، دڵنیا دەکەینەوە کە هێرشی ترسنۆکانەی کۆماری ئیسلامی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان بەردەوامترمان دەکات. هەروەک جاران بە ئیرادەی تێکۆشەرانی دێموکرات و پشتیوانیی بێپایانی خەڵکی کوردستان، لە خەباتی شێلگیرانەمان بەردەوام دەبین و ڕێبازی هەموو شەهیدانی گەلەکەمان درێژە پێ دەدەین.

ناوەندی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ٢٨ی خاکەلێوەی ١٤٠٥ی هەتاوی

## ٢٩ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران: سازان لەگەڵ تاران ڕێخۆشکردنە بۆ پەرەسەندنی تیرۆر و ناسەقامگیری




**بۆ ڕای گشتی و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان!**
**ڕوو لە نوێنەرایەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێڕاق و هەرێمی کوردستان!**
**ڕوو لە حکوومەتی فیدڕاڵی عێڕاق!**

ڕێژیمی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە مەبەستی پەردەپۆشکردنی شکستە سیاسی و نیزامی و ستراتیژییە ئایدۆلۆژییەکانی لە ماوەی شەڕی ٣٩ ڕۆژەی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلدا، بە بەردەوامی هێرشی کردووەتە سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کەمپی نیشتەجێبوونی بنەماڵەکانی خاوخێزانی کادر و پێشمەرگەکانیان لە هەرێمی کوردستان و تەنانەت لە ماوەی ئاگربەسی ئێستاشدا ئەو هێرشانە هەر درێژەیان بووە. لە نوێترینی ئەو هێرشانەشدا کە ڕۆژی ڕابردوو ٢٨ی خاکەلێوەی ١٤٠٥ (١٧ - ٤ - ٢٠٢٦) بە مووشەک و درۆن کرایە سەر کەمپە مەدەنییەکان و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران؛ مخابن سێ پێشمەرگە و تێکۆشەری ڕێگای ئازادیی ئەم حیزبە بە ناوەکانی شاهین ئازەربەرزین، نەدا میری و سەمیرا ئەڵلایاری شەهید بوون و دوو پێشمەرگەیەکی دیکەش برینداررن.

**خاکەلێوەی ٢٧٢٦**

کۆماری ئیسلامیی ئێران پێشتریش جگە لە بنکە و بارەگای حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان و شوێنی نیشتەجێبوونی بنەماڵەکانیان، بە بەردەوامی هێرشی کردووەتە سەر هەرێمی کوردستان کە بەداخەوە ئەو هێرشانەش ١١ شەهید و قوربانیی لێ کەوتبۆوە.

**هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، وێڕای مەحکوومکردنەوەی توندی ئەم تاوانە و سەرجەم هێرشە تێرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامی بۆسەر تێکۆشەرانی ڕۆژهەلات و شەهیدکرانی ١٠ ڕۆڵەی تێکۆشەری حیزبەکانی ئەندامی هاوپەیمانیی ڕایدەگەیەنیت:**

١- ڕوو لە حکوومەتی عێراق ڕایدەگەیەنین پێویستە هەڵوێست و کاردانەوەکانی جدیبیان هەبێ و هەنگاوی بەکردەوە، یاسایی و ڕاشکاوانە بنێن بۆ پاراستنی گیانی پەنابەرانی سیاسی و ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی ئەم تاوانانە. پاراستنی سەروەریی خاک و گیانی نیشتەجێبووانی هەرێم، ئەرکێکی دەستوورییە، بەتایبەت کە ئەوە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە ڕێککەوتننامەی ئەمنییەتیی نێوان دوو وڵاتی پێشێل کردووە.

٢- ڕەخنەی توند لە نوێنەرایەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەگرین و پێمانوایە بێدەنگی و پاسیڤبوونی ئەوان لە بەرامبەر ئەم جینایەتە جەنگییانە و پشتگوێخستنی ئەرکە مرۆییەکانیان، دەستی ڕێژیمی تارانی بۆ دەستدرێژی و تیرۆری زیاتر ئاوالاتر کردوە. داوا دەکەین و پێویستیشە ئەم هێرشانە وەک تاوانی جەنگ و تیرۆری نێودەوڵەتی لەقاو بدرێن، تۆمار بکرێن و هەڵوێستیان لە سەر بگیرێ.

٣- بە توندی ڕەخنە لە سیاسەتی ساتوسەودای وڵاتان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەگرین و پێ لەسەر ئەو ڕاستییە دادەگرینەوە کە ئەم ڕێژیمە دیکتاتۆرە ئەمنییەت و سەقامگیریی هەموو جیهانی بە بارمتە گرتووە و هەموو کاتێک دانوستان و سازان لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانیی بۆ کڕینی کات و بردنە پێشێی ئامانجەکانی قۆستۆتەوە. بۆیە کاتی ئەوە هاتووە شوڕای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان کاردانەوەی خێرای هەبێ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە سازان لەگەڵ تاران چیدی دەستی ڕێژیم بۆ بەردەوامیی تیرۆر و کوشتار ئاوەلاتر نەکات.

٤- داوا لە هەموو کوردانی دانیشتووی دەرەوەی وڵات دەکەین بە پلان و بەرنامەی تۆکمە، بە ڕێکخستنی ئاکسیۆن و ڕێپێوانی هێمنانە و بەشێوەی بەردەوام بێنە سەر شەقامەکان و بە کۆبوونەوە لە بەردەم باڵوێزخانە و کۆنسوولگەرییەکانی ڕێژیم و ناوەندەکانی بیرپیار دەنگی بێزاری نەتەوەکەمان بەرز بکەنەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خاکەلێوەی ٢٧٢٦

لە کۆتاییدا هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران جارێکی دیکە دۆست و دوژمن دڵنیا دەکاتەوە ئەم هێرشانە و گیانبەختکردن و قوربانیدانی هێزەکانمان نەک هەر ئیرادەمان نالەرزێنێت، بەڵکوو باوەڕمان بە ڕەوایی خەبات بۆ رزگاریی کوردستان و ڕووخانی ئەم ڕێژیمە و سووربوونمان لەسەر بەردەوامیی خەباتەکەمان قایمتر دەکات.

نەمری بۆ شەهیدان و سەرکەوتن بۆ ڕێگای ئازادی.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

٢٨ی خاکەلێوەی ١٤٠٥ (١٧ - ٠٤ - ٢٠٢٦)

٢٩ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خاکەلێوەی ٢٧٢٦

# شیکردنەوەیەکی یاسایی بۆ هێرشە مووشەکی و درۆنییەکانی ئێران بۆ سەر کەمپە مەدەنییەکان، نەخۆشخانە و قوتابخانەکان لە هەرێمی کوردستان






**شارۆخ حەسەنزادە**

لە چوارچێوەی ئاڵۆزییە ژێئۆپۆلیتیکییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پەرەسەندنی ململانێ و شەڕی نێوان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و نەیارە نێودەوڵەتییەکانی وەک ئەمریکا و ئیسرائیل، پاراستنی هاووڵاتیانی سڤیل و پەنابەران وەک یەکێک لە گەورەترین ئاڵەنگارییەکانی بەردەم یاسای نێودەوڵەتی دەردەکەوێت. هەرێمی کوردستان بەهۆی هەڵکەوتەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جوگرافی و میوانداریکردنی پەنابەرانی سیاسی کوردستانی ڕۆژهەڵات بووەتە گۆڕەپانی هێرشە بەردەوامە مووشەکی و درۆنییەکانی سپای پاسداران، کە ئەمەش نەک تەنیا ئەمنییەتی هەرێمی کوردستانی خستووەتە مەترسییەوە، بەڵکوو بە کردەوە بنەما بنەڕەتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی (IHL) و ڕێککەوتننامە جیهانییەکان پێشێل دەکات. بەپێی ماددەکانی کۆنڤانسیۆنی چوارەمی ژنێڤ (١٩٤٩)، پاراستنی کەسانی مەدەنی لە کاتی ململانێ چەکدارییەکاندا ئەرکێکی حەتمی و پاساوهەڵنەگرە و هەر جۆرە بەئامانجگرتنێکی کەمپی پەنابەران کە ژن و منداڵ و کەسانی مەدەنیی تێدا نیشتەجێن، لە چوارچێوەی تاوانەکانی شەڕدا پۆلێن دەکرێت، چوونکە ئەم ناوەندانە بەپێی یاسا پارێزبەندییان هەیە و نابێت بکرێنە ئامانجی هیچ جۆرە کردەوەیەکی نیزامی.

لە ڕوانگەی یاساییەوە، یەکێک لە بنەما هەرە گرنگەکان پرەنسیپی "جیاکاری"یە کە جەخت لەسەر جیاکردنەوەی ڕەهای نێوان ئامانجە نیزامییەکان و شوێنە مەدەنییەکان دەکاتەوە. بەڵام بەکارهێنانی مووشەکی بالیستیک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دژی کەمپەکان و ناوەندە مەدەنییەکان، نیشانەی پشتگوێخستنی بەئەنقەستی ئەم پرەنسیپەیە. ئەم جۆرە کردەوانە کە بە هێرشی کوێر و بێسەروبەر دەناسرێن، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرن لەسەر پێشێلکردنی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، چوونکە لەم جۆرە هێرشانەدا هیچ پارێزگارییەک لە ژیانی مرۆڤە بێتاوانەکان ناکرێت. هاوکات، نیشتەجێبووانی ئەم کەمپانە بەپێی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان وەک کەسی پارێزراو دەناسرێن و هەر هێرشێک بۆ سەریان لەنێو خاکی وڵاتێکی تردا، هاوکات پێشێلکردنی سەروەریی خاکی عێراق و بەزاندنی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤە کە لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا چەسپێنراون. تایبەتمەندیی تاوانکاریی ئەم هێرشانە کاتێک قووڵتر دەبێتەوە کە ژێرخانە تەندروستی و پەروەردەییەکان دەکرێنە ئامانج. بەپێی ماددەی ١٨ لە کۆنڤانسیۆنی چوارەمی ژنێڤ، نەخۆشخانە مەدەنییەکان کە بۆ چارەسەری بریندار و نەخۆشەکان تەرخان کراون، لەژێر هیچ بارودۆخێکدا نابێت ببنە ئامانجی هێرش. خاپوورکردنی ناوەندە تەندروستییەکان لە کەمپەکانی کۆیە، هەولێر و ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان، نەک هەر پێشێلکارییەکی زەق و گەورەیە، بەڵکوو هەوڵێکی مەبەستدارە بۆ لەنێوبردنی هۆکارەکانی مانەوەی ژیان لەو ناوچانەدا. کاتێک نەخۆشخانەیەک دەکرێتە ئامانج، مافی دەستڕاگەیشتن بە چارەسەری پزیشکی کە مافێکی سروشتییە، لە سەدان ژن و منداڵ زەوت دەکرێت، ئەمەش دەچێتە خانەی "سزای بەکۆمەڵ" کە لە یاسای نێودەوڵەتیدا قەدەغە کراوە. ئەم جۆرە هێرشانە نیشان دەدەن کە هێزە هێرشبەرەکان (لێرەدا مەبەست ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە) هیچ ڕێز و ئێعتیبارێکی ئەخلاقی و یاسایی بۆ ناوەندە مرۆییەکان دانانێن و بە مەبەستی دروستکردنی شکستی دەروونی و مرۆیی، گرنگترین جومگەکانی ژیانی مەدەنی دەپێکێنن.

لە لایەکی ترەوە، بەئامانجگرتنی قوتابخانە و کتێبخانەکان لەنێو کەمپەکاندا ڕەهەندێکی مەترسیدارتری تاوانەکان

## خاکەلێوەی ٢٧٢٦

دەردەخات کە ئەویش کوشتنی داهاتوو و تێکشکاندنی ناسنامەی ڕۆشنبیریی پەنابەرانە. قوتابخانەکان بە پێی "پرۆتۆکۆڵی یەکەمی زیادکراو بۆ کۆنڤانسیۆنەکانی ژنێڤ"، وەک شوێنی مەدەنی خاوەن پارێزبەندیی توند دەناسرێن. کاتێک مووشەکێک ناوەندێکی پەروەردەیی یان کتێبخانەیەک لە کەمپێکی پەنابەراندا دەپێکێت، ئەوە هەر بە تەنیا وێرانکردنی بینایەک نییە، بەڵکوو مافی خوێندن لە منداڵەکان دەستێنێت و ژینگەیەکی پڕ لە توندوتیژی و ترس و تۆقاندن جێگەی پەروەردە دەگرێتەوە. کتێبخانەکان وەک هێمایەکی مەعریفی و کولتووری، لە ژێربنەماکانی "ڕێککەوتننامەی لاهە بۆ پاراستنی ملکی کولتووری (١٩٥٤)" پارێزراوە. بۆیە وێرانکردنیان ئەویش بەمەبەست، هەوڵێکە بۆ سڕینەوەی مێژوو و کەلەپووری ئەو خەڵکەی کە لە غەریبیدا پەنایان بۆ کتێب و زانست بردووە.ئەم دەستدرێژییانەی کۆماری ئیسلامی دەریدەخات کە ستراتیژیی هێرشەکان تەنیا بۆ مەبەستی نیزامی نییە، بەڵکوو بۆ تێکشکاندنی هەموو جومگەکانی ژیانی مەدەنی و کۆمەڵایەتیی نەتەوەیەکە.

ئاسەوارە مرۆییەکانی ئەم کردەوە نیزامی و هێرشانەش تەنیا لە زیانە گیانی و ماددییەکاندا کورت نابنەوە، بەڵکوو دروستکردنی تەمێکی پڕ لە ترس و دڵەڕاوکێ و ناچارکردنی پەنابەران بە کۆچی دووبارە و زۆرەملێ، ڕەهەندێکی تری تاوانکاریی ئەم هێرشانە دەردەخات. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بەرپرسیارێتییەکی مێژوویان لەسەرشانە بۆ بەدێکیۆمێنتکردنی ئەم پێشێلکارییانە و گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی لە دادگا نێودەوڵەتییەکاندا. بێدەنگی یان کاردانەوەی لاواز بەرامبەر خاپووورکردنی ژێرخانە مەدەنییەکان، نەک تەنیا دەبێتە هۆی بەردەوامیی ئەم غەدرە، بەڵکوو سیستەمی یاسایی جیهانی بەرەو سستبوون دەبات. لەبەر ئەوە، پێویستە پرسی پاراستنی پەنابەرانی کورد لە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتیدا چاو لێ بکرێت و هەوڵەکان بۆ لێپرسینەوە لە بکەرانی ئەم هێرشانە و قەرەبووکردنەوەی قوربانیان چڕتر بکرێنەوە تا ڕێگری لە دووبارەبوونەوەی ئەم کارەساتە مرۆییانە بگیرێت.

٢٩ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خاکەلێوەی ٢٧٢٦

# شەڕی مان و نەمان!






**ڕەزا دانشجوو**

شەڕی کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا لە کاتێکدا چووەتە هەفتەی پێنجەمی خۆیەوە، کە هیچ نیشانەیەک لە دامرکانی ئاگری شەڕ و گەڕانەوەی لایەنەکان بۆ سەر مێزی دانوستان بەدی ناکرێت.

هەر وەک چاوەڕوان دەکرا، پێشنیاری ١٥ خاڵییەکەی ترامپ بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن و کۆتاییهێنان بە شەڕ لە لایەن

کۆماری ئیسلامییەوە بە تەواوەتی ڕەت کرایەوە و وەک کاردانەوەیەک کۆماری ئیسلامی پێنج مەرجی بۆ ئاشتی و گەڕانەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ دیاری کردووە کە بریتین لە: گەرەنتیی کۆتاییهاتنی یەکجاری و یەکلاکەرەوەی شەڕ، پێدانی قەرەبوو و زیان بە ڕێژیم و قبووڵکردنی شێوازی نوێی سەروەریی کۆماری ئیسلامی بەسەر گەرووی هورمزدا! مەرجێک کە قبووڵکردنی لە لایەن ئەمریکاوە بە مانای تەسلیمبوون و شکستی ڕەهای دەسەڵاتدارانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە!

ئەوەی کە کەسایەتییەکی خۆپەرست و زێدەخواز وەک ترامپ ملکەچی ئەو جۆرە مەرجانە بێت، زیاتر لە گاڵتەیەکی بێتام دەچێت تا واقیعێکی سیاسی! لە واقیعدا ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە هەموو کەس باشتر دەزانن کە ئەو مەرجانەی دایانناون هەرگیز لە لایەن ئەمریکاوە قبووڵ ناکرێن. کەواتە هۆکاری ڕاستەقینەی پێشنیارکردنی ئەم مەرجانە چییە؟
ڕاستی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە بارودۆخی ئێستادا هیچ چارەیەکی دیکەی نییە. دەتوانرێت بگوترێت ئەم شەڕە دوو لێکەوتە و ئاسەواری تەواو جیاوازی بۆ ڕێژیمی تاران هەیە. لێکەوتە و ئاسەواری روونی یەکەم، بە واتای لەدەستدانی ڕێبەر و چەندین فەرماندە و بەرپرسی باڵای سەربازی و سیاسی و بێگومان لەدەستدانی بەشێکی زۆر لە دەسەڵاتی سەربازیی ڕێژیمە، کە ساڵانێک بوو بە تێچوویەکی یەکجار زۆر کۆی کردبۆوە. بەڵام ئەم شەڕە جگە لە هەموو زیان و خەسارەتەکان، سوودێکی ئەوتۆشی هەیە. ساڵانێک کۆماری ئیسلامی لە لایەن لایەنگرانییەوە بەوە تۆمەتبار دەکرا کە هیچ کاردانەوەیەکی دژی ئیسرائیل و بەتایبەت ئەمریکا دوای کوشتنی قاسم سولەیمانی نییە! ڕێژیم ئێستا بەم نمایشە سەربازییە دەتوانێت ئەم بەشە لە لایەنگرانی خۆی ڕازی بکات. جگە لەوەش نابێ ئەوە لەبیر بکرێت کە شەڕ لە هەر حاڵەتێکدا، بەپێی سروشت و جەوهەری خۆی بۆ ماوەیەکی کورت، هەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری لە بەشێک لە تاک و چینە بێدەنگەکان و هەندێک جار تەنانەت ئەوانەی دژی ڕێژیمن دەوروژێنێت و ئەمەش دەرفەتێکی زێڕینە بۆ کۆماری ئیسلامی تا لانیکەم بۆ ماوەیەکی کورت بەشێک لە کۆمەڵگەی ناڕازی لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. "شەڕ نیعمەتە" ڕەنگە دوای ساڵانێک بتوانێت جارێکی دیکە ڕۆڵێکی گرنگ لە ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوە بگێڕێت.

بەڵام کێشەکە لە کوێدایە؟ کۆماری ئیسلامی سەرەڕای هەموو پڕوپاگەندە و بانگەشە بێمانا و دوور لە ڕاستییەکانی خۆی، باشتر لە هەر کەسێک دەزانێت کە توانای بەربەرەکانێی درێژخایەنی لە بەرامبەر هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلدا نییە. واقیعەکە ئەوەیە کە هەر ئێستاش ڕێژیم ڕووبەڕووی چەندین کێشە و ململانێی جیاواز بووەتەوە. تێکەڵاوبوون و هاتنە نێو مەیدانی شەڕی هێزەکانی بەوەکالەت و بەکرێگیراوی ڕێژیم وەک حەشدی شەعبی و حیزبوڵڵا، نیشانەی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە بارودۆخێکدایە کە مەجبوورە لە هەموو کارتەکانی بێ لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن کەڵک وەربگرێت. ئەوە لە کاتێکدایە کە خودی هێزە بەوەکالەتەکانی ڕێژیم، بە تایبەت حیزبوڵڵا، لە دۆخێکی زۆر ناهەمواردان و بە هیچ شێوەیەک کاریگەریی ڕابردوویان نەماوە. ئەوانەی باس کران تەنیا بەشێکی چکۆلەن لە کێشە کەڵەکەبووەکانی ڕێژیم. ئابووریی لە

**خاکەلێوەی ٢٧٢٦**

لێواری دارمانی کۆماری ئیسلامی یەکێک لەو کێشە گرنگانەیە کە بە درێژبوونەوەی شەڕ دەگاتە لووتکە. بڵاوبوونەوەی درزی هەواڵی دەمەقاڵێ و ناکۆکیی نێوان پزیشکیان، سەرۆککۆماری بێدەسەڵاتی ڕێژیم و پاسدار وەحیدی، فەرماندەی ڕێکخراوی تیرۆریستیی سوپای پاسداران، سەبارەت بە ئاکامی درێژەپێدانی شەڕ لە بارودۆخی نالەباری ئابووریی ڕێژیمدا، دەبێت لەم چوارچێوەیەدا هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت. لە کاتێکدا تێچووی سەرسوڕهێنەری ئەم شەڕە تەنانەت بۆ زلهێزێکی جیهانی وەک ئەمریکا جێی دوودڵی و تێڕامانە، ئاشکرایە بۆ ڕێژیمی گەمارۆدراوی کۆماری ئیسلامی چ لێکەوتە و ئاسەوارێکی دەبێت!

کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا بڵێسەی شەڕ هەڵدەداتەوە و باس لە سزادانی ئەمریکا و ئیسرائیل دەکات، کە لە هەموو کەس باشتر دەزانێت شەڕێکی درێژخایەن دەتوانێت چ کابوسێکی ترسناک بێت بۆ ڕێژیم. لەنێوچوونی ژێرخانی ئابووری و خراپتربوونی بارودۆخی ژیان لە کۆمەڵگەی تا ئێسقان توورە و ناڕازی لە ڕێژیم، یانی خرۆشی دووبارەی شەقامەکان، یانی شپرزەیی خەونی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی. ئەمە پاژنەی ئاشیل و لاوازترین خاڵی کۆماری ئیسلامییە، ئەوەی دەتوانێت کۆتاییپێهێنەری ئەم ڕێژیمە بێت.

لە لایەکی دیکەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەسایەتییەکی خۆپەرست و زێدەخواز وەک ترامپ هەرگیز ناتوانێت بە دەستی بەتاڵ ئەم شەڕە جێ بهێڵێت و تێچووی سەربازیی سەرسوڕهێنەر بێ وەڵام بهێڵێتەوە! ئێستا پرسیار ئەوەیە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم مەرجانە، شەڕ بە کام ڕێگادا دەڕوات و ستراتیژیی ئەمریکا چییە؟ هەرچەندە ترامپ چەندین جار باسی لە پەسەندکردنی سیناریۆی ڤەنزوێلا کردووە سەبارەت بە ئێران، بەڵام لانیکەم لە بارودۆخی ئێستادا جێبەجێکردنی ئەم سیناریۆیە لە ئێراندا مەحاڵە. سەرەتا ئەمە ڕوونە کە کەسێک لەنێو دەسەڵاتی ڕێژیمدا کە توانای بڕیاردانی هەبێت، بەدڵنیاییەوە کەسێکە کە هەم خۆی پێشتر یان ئێستا لە کاربەدەستانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی سوپای پاسداران بێت و هەم کاریگەریی لەسەر کەسانی تر هەبێت؛ کەسانێک لە دەرەوەی ئەم بازنەیە لە هەر پلە و جێگەیەکدا بن هیچ دەسەڵاتێکیان نییە و زۆر زوو بێدەنگ دەکرێن. دیارە دۆزینەوەی کەسێکی وەها لە بارودۆخی ئێستای ڕێژیمدا کە ناوەندی بڕیاردانی تەواو پەرتەوازە بووە، زۆر زەحمەتە. تەنانەت ئەگەر ئەو کەسەش بوونی هەبێت، تا ئەو کاتەی کە چوارچێوە و پێکهاتەی گشتیی ڕێکخراوی تیرۆریستیی سوپای پاسداران وەک خۆی ماوەتەوە و ڕێژیم خۆی لە قۆناغی کۆتاییی دارماندا نەبینێت، مەحاڵە هیچ کام لەم کەسە دەستڕۆیشتوو و خاوەن پێگانە، ئەگەر زیندوو بمێنن، خۆیان ڕادەست بکەن!

هەروەک باس کرا، ڕێژیم لە ئێستادا شەڕ وەک ئامرازێک بۆ ڕازیکردنی لایەنگرانی و مانەوەیان لە سەر شەقام و لە هەمان کاتدا وەک ڕێگرییەک لە دژی گردبوونەوە و هاتنە سەر شەقامی خۆپێشاندەرانی ناوخۆ بەکاردەهێنێت! تەسلیمبوون، لانیکەم لەم دۆخەی ئێستادا، بە مانای کۆتاییهاتنی هەموو ئەمانە دەبێت. بەو پێیە دەتوانرێت بگوترێت کە ڕێژیم لانیکەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## خاکەلێوەی ٢٧٢٦

تا لەدەستدانی بەشی سەرەکیی ژێرخانی ئابووری و توانای سەرەکیی دەسەڵاتی سەربازیی خۆی، لە شەڕکردن بەردەوام دەبێت. ئەمە لە بارودۆخی ئێستادا و لە ڕوانگەی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمەوە، تاکە چارەسەرە بۆ مانەوەی کۆماری ئیسلامی. درێژەدان بە شەڕ بۆ پڕوپاگەندە و ڕازیکردنی لایەنگرانی ڕێژیم تا گەیشتن بە خاڵێکی دیاریکراو بۆ خواردنەوەی "جامی ژەهر" و "سوڵحی ئیمام حەسەن"!

بەڵام ئەمە تەواوی چیرۆکەکە نییە؛ ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێستا لە چەقبەستووییدا هێشتووەتەوە و توانای بڕیاردانی لێ وەرگرتووە، ترس و دڵەڕاوکێی بێسنووری ڕێژیمە لە گەڕانەوەی شۆڕشگێڕان بۆ سەر شەقامەکان. هەر ئەم ترسەیە کە وای کردووە دەیان جار بەرپرسانی ڕێژیم بە ئاشکرا بە هەڕەشە و گوڕەشە و ترساندن و تۆقاندن، باس لە کوشتنی بێبەزەییانەی نەیاران بکەن. هەر وەک باس کرا، کۆماری ئیسلامی بە درێژایی ئەم ماوەیە هەوڵی داوە بە هێنانی لایەنگرانی بۆ سەر شەقامەکان، وێڕای وەرەپێدان بە سەرباز و بەکرێگیراوەکانی، ڕێگر بێت لە ئەگەری هەر خۆپێشاندانێکی نەیاران. تاکتیکی "خەڵک لە بەرامبەر خەڵکدا"، تاکتیکێکی ئاشنای کۆماری ئیسلامییە بە درێژایی ساڵانی تەمەنی نگریسی ئەم ڕێژیمە.

بەڵام تا کەی و تا کوێ ئەم کۆمەڵە خەڵکە بچووکە دەتوانن یارمەتیی دەسەڵات بدەن؟ تا کەی کۆماری ئیسلامی دەتوانێت خۆی لە پشت دێوەزمەی شەڕدا بشارێتەوە و کات بۆ خۆی بکڕێت؟

ڕۆژێک لە شوێنێک ئەم شکۆیە پووچ و خەیاڵییە دەشکێت؛ ئەمە دەسپێکی دارمانی دۆمینۆی دەسەڵاتی پووچەڵ و نگریسی کۆماری ئیسلامییە. ئەو کاتە ئەوە سێڵاوی سامناک و بەگوڕوتینی خەڵکی تووڕە و شۆڕشگێڕانە کە دەخرۆشێت و ڕێگە دەبڕێت و هەرچی لق و پۆ، ڕێگر، پڕوپووش و چیلکەوچاڵە لەگەڵ خۆی دەبات. ئەو کاتە نە شەڕ و نە هیچ ڕێککەوتن و تەسلیمبوونێک کۆماری ئیسلامی ڕزگار ناکات.

٣٠ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## هەستی پاکی ساواکی‌یانە




**دارسمە**

"سازمان اطلاعات و امنیت کشور" بە کوردییەکەی خۆمان دەکاتە: "ڕێکخراوی زانیاری و ئاسایشی وڵات". ئەم دەستەواژە زل و قەبە و تۆقێنەرە، دەیان ساڵە لەم وڵاتەی ئێراندا دەبیسترێت و مێشکی خەڵکی پێ کون کراوە. کورتکراوەکەی لە سەردەمی پادشایەتیدا دەبووە "ساواک"، بەمجۆرە هەر کەسێک کارمەند یان پیاوی ئەو دەزگایە بووایە، پێیان دەگوت "ساواکی". با ڕاستگۆ بین، جا لەوە خۆشتر و پڕهەیبەتتر نییە مرۆڤ لایەنگر، کارەکەر، یان پیاوی ڕێکخراوی زانیاری و ئاسایشی وڵات بێت؟ هەم پارە، هەم دەسەڵات، هەم ترساندنی خەڵک!

بێگومان من حەقم بەسەر کەسەوە نییە و نامەوێت خۆم تووشی دەردیسەر بکەم، لێرەدا تەنیا قسە و بەسەرهاتی باوکی کاکە بۆرزۆی دراوسێمان دەگێڕمەوە کە بووەتە وێردی سەر زوبانی گەڕەک. خەڵکی کۆڵان دەڵێن؛ باوکی بۆرزۆ، هەر لە زووەوە و لە سەردەمی گەنجێتییەوە، ئەو سەربەرزییە گەورەیەی پێ بەخشراوە ببێتە "ساواکی". پیاوێکی سمێڵ بابۆڕیی کەتە بوو، لە سەردەمی زێڕینی دەسەڵاتی ساواکدا، وەک کۆڵەکەی ئاسایشی گەڕەک دەهات و دەچوو. بەڵام کێشەکە لێرەدایە، باوکی بۆرزۆ تەنیا بە پاراستنی ئاسایشی وڵاتەوە نەوەستابوو، بەڵکوو لە پاڵ ئەوەشدا کەیفی بە زۆر شتی دیکەش دەهات و ئاسایشی "کۆمەڵایەتی" و "دڵداری"یشی دەپاراست!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەک دەگێڕنەوە، باوکی بۆرزۆ هاوکات لەگەڵ کارکردن و ڕاپۆرتنووسین بۆ ڕێکخراوی زانیاری، خزمەتێکی زۆری لەو بوارە "هێن"ترانەشدا کردووە بیلامانێ بە زەحمەت بۆ باسلێکردن دەبن. دەڵێن پیاوێکی وا کارامە بووە، هەرچی ژن و پیاوی "بەجۆرێک"ی ناوچەکە هەبووە، چەپڵەیان بۆ لێ داوە و بوونەتە موشتەریی دایمیی. ئەو ژنانەی "بەجۆرێک" بوون، هەمیشە زەردەخەنەی ڕەزامەندییان پێ بەخشیوە، ئەو پیاوانەش کە حەزیان لەو جۆرە کاتبەسەربردنە بووە، بارتەقای مووچە و مەعاشی ئیدارەی ساواک، پارە و دەرفەتی کار و داهاتیان بۆ گیرفانی باوکی بۆرزۆ ڕەخساندووە. واتە کابرا هەم سیخوڕ بووە هەم بیلامانێ، هەم پارەی لە حکوومەت وەرگرتووە هەم لە حەزەکانی خەڵک! بەڵام وەک دەڵێن چەرخی زەمانە بە دڵی کەس ناسووڕێت. چەند ساڵێکی کەم دوای ڕووخانی حکوومەتە بەشکۆکەی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵە و هەڵاتنی باوک و کوڕێک بە ناوی ڕەزا و حەمەڕەزا، ساواک هەڵوەشایەوە. باوکی بۆرزۆ، لە تاو نەمانی دەسەڵاتەکەی، پیربوون و کەمتوانابوونی موشتەرییەکانی و وشکبوونی سەرچاوەی داهاتەکانی، تووشی خەمۆکییەکی قووڵ بوو. لە کۆتاییدا پشووی لێ بڕا و وەک ڕێکخەری پێشووی کاروباری "ژنان و پیاوانی بەجۆرێک"، چاوی لێ زەق بووە و سەری ناوەتەوە. بەڵام پێش مردنی، تەمەنێک ئەزموون و خووخدە و میراتێکی پڕبەهای بۆ "بۆرزۆ"ی کوڕی بەجێ هێشت.

ئێستا بۆرزۆ، وەک میراتگری ڕەوای باوکی، ئاڵاکەی گرتووەتە دەست. لە سەردەمی پێگەیشتن و گەنجێتیی برزۆدا، ساواک ناوی گۆڕا بۆ "ئیتلاعات" یان زانیاری. بۆرزۆی حازریش، دیارە لەگەڵ شێوازی کار و ژیانی باوکیدا گەورە بووە، زۆر زوو تێگەیشت تەنیا ناوەکان گۆڕاون و نێوەڕۆک هەمان شتە. بۆیە گەیشتە ئەو ئاکامەی دەبێت بە شێوازێکی مۆدێرنتر و لە هەلومەرجی تازەدا، درێژە بە ڕێبازەکەی باوکی بدات. هەر لەبەر ئەمەشە دەستەواژەی "ڕێکخراوی زانیاری و ئاسایشی وڵات"ی کرد بە "ئیتلاعات" و خۆی خزاندە نێو دەزگا نوێیەکەوە.

بۆرزۆ ئێستا هەم کارمەندی زانیارییە و ڕاپۆرت لەسەر دراوسێکانی دەنووسێت، هەم لە دۆزینەوە و پێکگەیاندنی "ژنان و پیاوانی بەجۆرێک"دا پلەیەکی بەرزی بەدەست هێناوە و چەند قات لە باوکی زیاتر پارە پەیدا دەکات. لە سەرووی هەمووشیانەوە، بێزنسێکی نوێی خستووەتە سەر کارەکانی و مادەی "دووکەڵدار" و بێهۆشکەریش بە گەنجانی کۆڵان دەفرۆشێت. لەخوا بەزیاد بێت، ئێستا بارودۆخی برزۆ زۆر لە سەردەمی زێڕینی باوکیشی باشترە!

ئەم بۆرزۆیە ئێستا تەمەنی چووەتە سەرێ و نزیکەی چل ساڵە خەریکی ئەم بەزمەیە. بەڵام وادیارە دیسانەوە چەرخی زەمانە خەریکە خولێکی تر دەخوات. شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان بەرز بووەتەوە و زۆر دوور نییە ئەم دەزگای هەواڵگرییەی ئێستاش، بە دەردی ساواک بچێت و بۆرزۆش وەک باوکی تووشی دەربەدەری و بێنەوایی ببێت. هەموو خەڵکی کۆڵان و گەڕەک وەک ڕۆژی ڕوون دەزانن بۆرزۆ چ کارەیە. دەزانن کە جگە لە کاری گەوادی و سیخوڕی، ئەم ڕۆژانە چەکێکی ڕەشی وەک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قەترانیشی وەرگرتووە و مووچەیەکیش لە ئیدارەی "بەسیج" وەردەگرێت و خۆی کردووە بە پیاوی ئایین و دەوڵەت! خەڵکی گەڕەک پەنجەی سەرسوڕمانیان گەستووە کە چۆن کوڕێک دەتوانێت هێندە بە لێهاتووییەوە جێگەی باوکە فێڵبازەکەی بگرێتەوە.

ئێستا دراوسێکان، لە نێو دڵی خۆیاندا خەریکە شایی دەگێڕن و لە خۆشیدا بەرەو هەوا دەفڕن. هەموو لایەک دەڵێن: "بەو مەترسییەی لەسەر کۆماری ئیسلامی هەیە و پایەکانی لەق بووە، بۆرزۆ تووشی کێشەیەکی قووڵ دەبێت و هەر سێ کار و کاسبییەکەی (سیخوڕی، بیلامانێ، و مادەی هۆشبەر) لە دەست دەدات و ڕیسوا دەبێت".

بەڵام کاتێک بە تەنزەوە پێی دەڵێن کە خەریکە نانت دەبڕێت، برزۆ زۆر ڕووهەڵماڵاوانە و بە پێکەنینێکی قێزەونەوە وەڵام دەداتەوە: "کوڕم، من هیچ خەمی کاسبیی خۆمم نییە! ئینشائەڵڵا کوڕی شاش دەگەڕێتەوە و دەبێتەوە پادشا... ئەوکات بەبێ پەردە پێتان دەڵێم: گیا هەر لەسەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە، ئاخر منیش وەک باوکە ڕەحمەتییەکەم، ڕیشەکەم دەتاشم و قردێلەیەک دەبەستم و دووبارە دەبمەوە بە ساواکی"!

٣٠ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦


---



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەیڤێک سەبارەت بە هاواری "ڕەشەشەو و سەربازانی ون"








**ئەحمەد حوسێنی**

کتێبی "ڕەشەشەو و سەربازانی ون"ی ماموستا حسن شیوەسەڵی ماوەیەک پێش ئێستا چاپ و بڵاو بۆوە و لەنێو شەپۆلەکانی خەبەری ڕۆژانەی شەڕی ئێستای ناوچە، بەوردی و بەکاوەخۆ خوێندمەوە.

کورد بەهۆی سروشتی ژیان و بواری کۆمەڵایەتی و بارودۆخی تایبەتی، نەیتوانیوە خاوەنی ئارشیو و مێژووی نووسراوی کاملی خۆی بێت، بۆیە بۆ نووسینەوە و ساغکردنەوەی مێژووی ڕاستەقینە، پێویستە مێژووی زارەکی و گێرانەوەکان کۆ بکرێنەوە، شەنوکەو بکرێن و ئاڵقە و گۆشەنیگاکان بەیەکەوە بلکێندرێن تا لەنێو گریمانە و شیمانە و خوێندنەوەکاندا، بە دەرئەنجامێکی درووست و تێگەیشتنێکی باش لەسەر ڕابردوو و ڕووداوەکان بگەین. بۆ ئەم مەبەستە کتێبیەکە سەرچاوەیەکی باش و پڕ لەزانیارییە بۆ دارشتن و ڕزگارکردنی سەربردەی قۆناغەکانی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان لە فەوتان و فەرامۆشی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماموستا شیوەسەڵی لەو کتێبەدا، ڕووداو و ژیانی پێشمەرگە لەنێو جووڵانەوەیەکی شۆڕشگێرانەدا دەگێڕێتەوە. ئەو گێڕانەوەش هەڵقوڵاوی وردبینی، زەین و بیری تیژ و لەسەنگەردابوونی چالاکانەی خاوەنەکەیەتی کە پاش دەیان ساڵ چرکەساتەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی کردوونە پەرتووکێک و وەستایانە خستوونیە بەر دیدی خوێنەر.

ئەم کتێبە دەنگێکی جیاوازە، پڕە لە تابلۆی جوانی وەسف و شرۆڤە، پڕە لە فکر و هەڵوێست و بڕیاری بوێرانە کە بە زمانێکی پاراو و پەتی، ژینگە و کات و شوێنی ڕووداوەکانی پێدەنەخشێنێت. جگە لەوەش لایەنی ئەدەبی و شیکارانە و تەنانەت کۆمەڵ و دەروونناسانەی کتێبەکە توانیویە دیمەنەکان، هێرش و پاشەکشە و لێکڕاکێشانەکان، وەک فیلم پێشان بدات.

کتێبەکە خوێنەر ڕادەکێشێ تا لە حەقیقەتی خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگانە نزیک بێتەوە و بە بەشێکی بچووکی مێژووی پڕ کارەساتی بزووتنەوەی بەرگریی نیوسەدەی ڕابردوومان ئاشنا بێت.

لەم کتێبەدا، ترس و خۆف، تەزووی سارد و برسیەتی، هاوکاری و فیداکاری، دۆست و دوژمن، قەڵاچۆ و کۆمەڵکوژی گوندەکانی کوردستان دێنێتە سەر ڕێی خوێنەر. لەم کتێبەدا بەشێک لە ژینگەی کۆمەڵگەیەک پێشان دەدرێت کە ئیمکان و هێزی مرۆڤی و ماددیی لەوپەری کەمی دایە بەڵام دەستەیەک پێشمەرگە و فەرماندەیەکی بەئەزموون و لێزان شار بە شار، ناوچە بە ناوچە دەڕۆن و بانگی بەرگری و ئازادی دەڵێن و تۆوی باوەڕ و کوردبوون و ڕابوون دەچێنن.

ئەم کتێبە وشە و ڕستە و زمان و جوغرافیا لە چوارچێوەی گێڕانەوەی سەفەرەکانی سیاسی- نیزامی پێشمەرگانە و ئەرک و چالاکی پارتیزانیدا دەخاتە خزمەت ڕۆژمێری مێژووی قۆناغێکی سەختی نەتەوەیەک کە لە بێدەنگی جیهان و بایکۆتی سامناکی دوژمندا کەوتۆتە بەر پەلامار و سەرکوت دەکرێت.

گێڕانەوەکە داهێنەرانە و لێزانانە ڕەهەندەکانی جیاوازی دوانەی "مەرگ و ژیان، کۆیلەبوون و ئازادی، ڕابوون و ملکەچبوون" دەخاتە ڕوو و گێڕەرەوە وەک هونەرمەند، کۆمەڵناس، بیرتیژ و پێشمەرگەیەکی فەرماندە توانیویە ڕووداوەکان تەفسیر و شرۆڤە دەکات.

ئەم کتێبە ڕامانە، ڕۆمانە، تابلۆیەکی هەمەرەنگی کۆمەڵگایە، دەقێکی ئەدەبیە، شانۆیەکی ناخهەژێنی ژیانی نەتەوەیەکە، شەرحی حاڵی سەربازانی وونی پێشمەرگەیە لە ڕەشە شەوێکی ئەنگوستەچاودا، کەشکۆلی پڕ زریان و شەختەی نێو تونێلی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خاکەلێوەی ٢٧٢٦**

کەمین و ڕەشەبای ژێر ڕێژنەی گوللە و تۆپبارانی خەستی دوژمنە. ئەم کتێبە بڕگەیەکی بچووکی ئازاری کوردبوونە.

مامۆستا لەو گێڕانەوەدا، بە ناخی کاریگەریی ڕووداوەکان بەسەر مرۆڤ و سروشتدا ڕۆ دەچێت و دە بێبەزیی و دڵڕەقی دوژمن و ئاستەنگەکانی سەر ڕێگای خەبات، ڕادەمێنێ بۆیە لە پاڕاگرافێکی کتێبەکەیدا داوا دەکات:

"وەرە ڕێنوێنیم کە تا لەوە تێبگەم، ڕووحە شەمزاوەکەی چ شێوەنێک دەگێڕێ و چۆن ئاخرین هەناسەکانی ژیانی، لە گێژاوی لێقەومان و بێئاسۆیی و بێپەناییدا دەخنکێن؟! پێم بڵێ گریان چۆن دەخنکێ و دەمرێ؟ چۆن گەرووی چاوان بە هێشوو، فرمێسکەکان دەجوون و قووتیان دەدەنەوە؟ چۆن مردن ژیان دەتوێنێتەوە؟"
کتێبی "ڕەشەشەو سەربازانی ون" وەخوێنە تا بە بەشێکی بچووکی ئەو حەقیقەتە بگەی کە؛ بە ڕەخت و تفەنگ و پۆزەوانەی پێشمەرگانەوە، لە ڕەشەشەوێکی پڕ لە شڵێوە و بارانی پایزدا خووسابی، برسیەتی تەنگی پێ هەڵچنیبێ و بە نێو قوڕ و ڕژد و هەڵدێر و گەرووی هەژدیهای کەمینی تەیاری دوژمندا تێپەڕین، یانی چی!

تۆ دەبێ دەوچرکەساتەدا ژیابی کە تێیدا، نیوانی مەرگ و ژیان، تاڵەموویەکە بەڵام بوێرانە و داهێنەرانە پشت بە خۆ دەبەستی و بڕیار دەدەی لە " قەڵاتی هەمزەی" تەنگەی گڕژاڵ، دەگڕ ستوونێکی پۆشتە و پەرداخ و لەخۆبایی ڕابچییەوە و سینگت بە سینگی تانگەوە نێی و گوللە ئارپیجییەکەت چرووک بکات و تۆ نەسڵەمییەوە و دواجار زەبری خۆت بوەشێنی. زەبرێکی وەها کە " لێکڕاکێشانەکە" لە کەشێکی شەشدانگ ناهومێدیدا، ببێتە چەخماخەی هەڵگێرسانەوەی بەرگری و بەگژداچوونەوە دوژمن و گەشانەوەی هیوا و دووبارە خۆڕێکخستنەوە.

تۆ دەبێ لە مەیدانی شەڕدا پێشمەرگە یان پشتیوانی پێشمەرگە بووبی تا مانای ئەسپ وەستان، دەورگیران، هاوسەنگەر شەهیدبوون، ڕاگواستنی هاوڕێی بریندار، برسیەتی، ئاوی قوراوی گۆمیلکەی باران خواردنەوە، بەتەواوی هەست پێ بکەی! وشیاری سیاسی و کامڵبوونی هەستی شوناسخوازی ئەمرۆ بەرهەمی ئەو زنجیرە تێکۆشانانەیە کە بەشێکیان لە کتێبی مامۆستادا هاتوون. دەستیان خۆش بێت و ئومێد دەکەم لە بەرگەکانی داهاتوودا ئەو گێڕانەوانە زۆرتر بپرژێنە سەر هۆکار و فاکتەرەکانی نێوخۆیی ڕووداو و دیاردەکان و دەرئەنجام و لێکەوتەکانی، تا مێژووی ئەم قۆناغە کە بە دڵنیایەوە بە وردەکارییەکانەوە لە حافزەی تیژ و بەتوانای مامۆستا شێوەسەڵیدا تۆمار کراون، تووشی فەرامۆشی و لەیادچوون و تێداچوون نەبن.

**٣١ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێڵاوی ژمارە ٤٣






**ئیبراهیم لاجانی**

ئەو مەسەلە و کێشە سیاسییانەی وڵاتەکەمان لەگەڵیان بەرەوڕووە، زۆر و جۆراوجۆرن. هەر بەو پێیە ڕوانگە و بۆچوونی جیاوازیش بەرانبەر بەوان لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێراندا لە گۆڕێدان، لەسەر بنەمای ئەو ڕاسپاردە و پەیماننامە نێودەوڵەتییانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران پەسندی کردوون و لە ئەستۆگرتنی خۆی بۆ جێبەجێکردنیان ڕاگەیاندووە. پێویستە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەموو دانیشتووانی وڵاتەکەمان بێ جیاوازی لە بەرانبەر یاسادا وەک یەک بن و وەک یەکیش لە ئیمکانات و خێروبێری وڵات کەڵک وەرگرن.

## بەرانبەری لە بەرانبەر یاسادا

کەواتە ئێمە هاووڵاتیانی ئێران، مافی ئەوەمان هەیە دەرفەت و هەلومەرجی وەک یەکمان بۆ بڕەخسێ تا بتوانین کەسایەتیی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی خۆمان بەرینە پێش. مافی ئەوەمان هەیە توانا و لێوەشاوەییەکانی خۆمان بۆ بردنە پێشی وڵاتەکەمان بەکار بخەین چ بەتەنیا و چ بەکۆمەڵ لەگەڵ هاووڵاتیانی دیکەماندا بەدوای بەختەوەریی خۆمان و میللەتەکەماندا بگەڕێین. ئەو ئەسڵە هەموو کەس؛ ژنان، پیاوان، کەم ئەندامان، پەیڕەوانی نەتەوە و ئایینە جۆراوجۆرەکان دەگرێتەوە.

دابینکردنی ئەو ئەسڵە دەکەوێتە چوارچێوەی مافەکانی شارۆمەندی و لەلایەن کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ئێران واژۆی کردووە، دەپارێزرێت. بناغەی فەلسەفیی ئەو پرەنسیپە لە هاوبایەخبوونی هاووڵاتیانەوە، کە وەک ئینسان هەموو خاوەنی بەهای وەک یەکن، سەرچاوە دەگرێ. بەپێی مافە سروشتییەکانیش مرۆڤەکان بە ئازادی لەدایک دەبن و هاوبەهان و خاوەنی ئەقڵ و شعوورن و پێویستە بە گیانێکی برایانە ڕەفتار لەگەڵ یەکتر بکەن و دەوڵەتیش دەبێ بە یەک چاو تەماشایان بکات. ئەوەش تەنیا کاتێک ئیمکانی هەیە کە هەموو هاووڵاتیان دەرفەتی ئەوەیان بۆ پێک بێ کە لە بەرانبەر یاسادا مافی وەک یەکیان هەبێ و بشتوانن وەک یەک کاریگەریی سیاسی و شوێنەواری سیاسیی لەسەر پرۆسەی چوونەپێشی کاروباری وڵاتەکەیان دانێن.

## کەمایەتییە نەتەوەییەکان

ئەوەی وەک ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر دەبینرێ، ئەوەیە ئێران وڵاتێکی فرەگەلە؛ واتە دەوڵەتی ئێران لەسەر خاک و نیشتمانی چەند نەتەوە کە هەرکامیان خاوەنی ناسنامەی نەتەوەیی و ئەتنیکیی تایبەت بە خۆیانن دروست بووە. زۆربەی هێز و لایەنە سیاسییەکانی ئێران، چ لە دەرەوە و چ لە نێوخۆی وڵاتدا، لەسەر ئەو واقیعیەتە کۆکن و لەوەش زیاتر دەڵێن ئەو فرەگەلبوون و فرەفەرهەنگیبوونە بۆ خۆی بووەتە سەرچاوەی دەوڵەمەندی و خێروبەرەکەت. بەو جۆرە دەبێ ئێران وڵاتێک بێت کە شانس و دەرفەتی وەک یەک بۆ گەشە و هەڵدانی هەموو نەتەوە و فەرهەنگەکان دەستەبەر بکات. لێرەدا پرەنسیپێک زۆر گرنگە، ئەویش ئەوەیە کە هەموو نەتەوە و فەرهەنگە جۆراوجۆرەکانی ئێران دەبێ ڕێزیان لێ بگیردرێ و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیمکاناتی وەک یەکیان لە سەرووەت و سامانی وڵات بۆ دابین بکرێ. بەجۆرێک کە گەشەکردن و هەڵدانی هەمەلایەنەی هەرکام لە نەتەوە و فەرهەنگەکان لە جوگرافیای تایبەتیی خۆیاندا، ببێتە مەرجی گەشەکردنی وڵاتی ئێران بەگشتی و لەو لاشەوە گەشەکردن و پێشکەوتنی ئێران بەگشتی ببێتە فاکتۆر و مەرجی هەڵدان و گەشەکردن و پێشکەوتنی نەتەوە و فەرهەنگە جۆراوجۆرەکانی پێکهێنەری وڵاتی ئێران. تەنیا لە هەلومەرجێکی ئاوادایە کە ئێران لە دۆخی ئێستادا وەک وڵاتێک دەتوانێ بمێنێتەوە و بڕواتە پێش.

نەتەوە بندەستەکانی ئێران ئەو گەلانەن کە وەک کەمایەتیی نەتەوەیی دەژمێردرێن و لەباری نەتەوەیی و ئەتنیکی و کولتووری و زمانی و خاک و نیشتمان و هەڵکەوتەی جوگرافیاییەوە، لە نەتەوەی دەسەڵاتدار جیان. هەموو ئەو گەل و نەتەوانە ڕیشەی مێژوویی چەند هەزار ساڵەیان لەو خاکەدا هەیە و بە هەزاران ساڵە لەسەر زێد و نیشتمانی باوک و باپیرانی خۆیان دەژین و پەیوەستبوونی مێژوویی بەو خاکەیەوە گرێی داون.

گەلی کورد کە بەشێکی جیانەکراوەی نەتەوەی دابەشکراوی کوردە، یەکێکە لەو گەلانەی کە لە ئێرانی ئەمڕۆدا لە هەموو مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی بێبەش کراوە و بە توندترین شێوەش سەرکوت دەکرێ. شێوەی دەوڵەتداری و سیستەمی سیاسیی ئێستای ئێران وەک ڕێژیمێکی نادێموکراتیک و ناوەندگەرا و ئایدیۆلۆژیک و ئایینی، هیچ دەرەتانێک بە ئێمە کوردەکان و کەمایەتییە نەتەوەییەکانی دیکە نادات تا بتوانین لە مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی خۆمان کەڵکوەرگرین. لە لایەک دەگوترێ کە زۆرایەتی لە ئێرانی ئەمڕۆدا نەتەوەی دەسەڵاتدارە و بەگوێرەی ئەسڵی زۆرایەتی و کەمایەتی، دەبێ دەسەڵات لەبەردەست زۆرایەتیدا بێ.

لە دۆخێکی ئاوادا لە چ ڕێگەیەکەوە دەتوانرێ مافە میللی و سیاسییەکانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران دەستەبەر بکرێ؟ ڕوانگەیەکی سیاسی هەیە کە دەڵێ ئەوە بەسە کە مافی شارۆمەندی بۆ هەموو هاووڵاتیان دابین بکرێ و هەموو هاووڵاتیان لە بەرانبەر یاسادا وەک یەک بن و یەک جۆر ڕەفتاریان لەگەڵ بکرێ.

جارێ با لەوە گەڕێین کە سیستەمی سیاسیی ئێران نە ئێستا و نە لە ڕابردوودا، قەت زەرفییەتی ئەوەی تێدا نەبووە کە هەموو هاووڵاتیانی ئێران وەک یەک تەماشا بکات. بەپێچەوانەوە سەرتاسەری مێژووی ئێران ئەوە نیشان دەدات کە دەوڵەتی ناوەندی هەموو توانا و دەسەڵات و ئیمکاناتی وڵاتی بۆ تواندنەوە و سەرکوتی نەتەوە بندەستەکانی ئێران، واتە کەمایەتییە نەتەوەییەکان، تەرخان کردووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## خاکەلێوەی ٢٧٢٦

بەڵام سەرەڕای ئەوەش با بزانین کە ئایا دابینکردنی مافە شارۆمەندییەکان و دەستەبەرکردنی بەرانبەریی هاووڵاتیان لە بەرانبەر یاسادا، تەنانەت ئەگەر بە کردەوە جێبەجێش بکرێ، دەتوانێ مافە سیاسییە تایبەتی و نەتەوەیی و کولتوورییەکانی ڕۆڵەکانی گەلی کورد و گەلانی دیکەی بندەستی دانیشتووی ئێران دابین و دەستەبەر بکات؟

### خاک و نیشتمان

دەوڵەتی ئێران لەسەر خاک و زێد و نیشتمانی هەموو ئەو نەتەوانە دروست بووە، کە دەکەونە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەوە. کوردستان زێد و نیشتمانی گەلی کوردە. بەلووچستان زێد و نیشتمانی گەلی بەلووچە. خوزستان زێد و نیشتمانی گەلی عەرەبە. ئازەربایجان نیشتمانی ئازەرییەکانە. تورکمانستان زێد و نیشتمانی گەلی تورکمانە. هەروەک گوتمان بە هەزاران ساڵە ئەو نەتەوانە لەسەر نیشتمانی خۆیان دەژین. مێژوویەکی دوورودرێژیان لەسەر ئەو خاکە هەیە؛ مێژوویەک کە شوناس و کولتوور و فەرهەنگ و زۆر تایبەتمەندیی دیکەی پێ بەخشیون کە لە گەلانی دیکەیان جیا دەکاتەوە.

هەر بۆیە ئەوە نادادپەروەرییەکی گەورەیە کە ئەو نەتەوانە لە مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی خۆیان بێبەش بن. واتە نەتوانن لەسەر خاک و نیشتمانی خۆیان چارەنووسی خۆیان بەدەستەوە بگرن و کاروباری سیاسی و ئیداری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و فەرهەنگیی خۆیان بەڕێوە بەرن. لەوەش زیاتر ئەوە کە بە تاوانی داواکردنی مافە میللی و سیاسییەکانی خۆیان سەرکوت و قەڵاچۆ دەکرێن، تاوانێکی سیاسییە کە دەوڵەتی ناوەندی بەرانبەر بەوان بەڕێوەی دەبات.

هەوڵدانی دەوڵەتی ناوەندی بۆ تواندنەوە و لەنێوبردنی مەوجوودییەتی سیاسی و میللی و کولتووری و کۆمەڵایەتیی ئەو گەلانە و بردنەپێشی سیاسەتی حاشاکردن لە بوون و مەوجوودیەتیان وەک نەتەوەیەکی خاوەن ناسنامەی تایبەتی و سەربەخۆ، لە لایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە و لە لایەن ڕێککەوتننامە نێونەتەوەییەکانەوە مەحکووم دەکرێ. زۆرن ئەو کۆنڤانسیۆن و ڕێککەوتننامە نێونەتەوەییانەی کە ئەرک و بەرپرسیارەتی دەخەنە سەر دەوڵەتەکان تا مافە سیاسی و فەرهەنگی و کولتووری و زمانی و میللییەکانی گەلان و کەمایەتییە نەتەوەییەکان و خەڵکە بوومییەکان دەستەبەر بکەن. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، گەلان و خەڵکانی بوومی بەو گەل و خەڵکانە پێناسە دەکات کە پێش لە دروستبوونی دەوڵەت بەو شێوەیەی ئێستا، لەسەر ئەو خاکە ژیاون و بەدرێژایی مێژوو توانیویانە زمان و کولتوور و فەرهەنگ و شێوەژیان و نیشتمان و زێد و هەندێک بەها و مێتۆد و دابونەریت و سوننەت و پراکسیس و ئینستیتۆی کۆمەڵایەتیی تایبەت بە خۆیان دروست کەن و بیانبەنە پێش و پشتاوپشت بیانگوێزنەوە.

خاکەلێوەی ٢٧٢٦

## بارودۆخی کەمایەتییە نەتەوەییەکان

ساڵی ١٩٨٩ی زایینی، ڕێکخراوی جیهانیی کار، سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆنڤانسیۆنێکی تازەی سەبارەت بە مافەکانی نەتەوە و گەل و خەڵکە خۆجێییەکان کە لە چوارچێوەی دەوڵەتە سەربەخۆکاندا دەژین پەسند کرد. بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، وڵاتانی ئەندام بەڵێن دەدەن هەموو بڕگەکانی ئەم کۆنڤانسیۆنە جێبەجێ بکەن، بۆ ئەوەی مافی ئەو گەلە ڕەسەنانە بپارێزن کە لە نێو خاکی ئەواندا دەژین". واتە ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتییە بەڵگەنامەیەکی یاساییە کە بەرپرسیارەتیی یاسایی دەخاتە سەرشانی دەوڵەت و کاربەدەستانی دەوڵەت. ئەو دۆکیومێنتە یاساییەیش مافی وەک یەک، وەک هاووڵاتی، بۆ هەموو هاووڵاتیان لە چوارچێوەی سنوورەکانی دەوڵەتدا دەستەبەر دەکات. سەرەڕای ئەوەش ئەو دۆکیومێنتە یاساییە نێودەوڵەتییە ئەرک و بەرپرسیارەتی دەخاتە سەرشانی دەوڵەت کە مافە فەرهەنگی و کولتووری و مەزهەبییەکانی گەلان و خەڵکانی بوومی بەفەرمی بناسێ و ڕێزیان لێ بگرێ.

هەروەها بەرپرسیارەتی دەخاتە سەر دەوڵەت کە پراکسیس و دابونەریت و بایەخ و بەها کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی ئەو گەلانە بەهەند بگرێ و مەیدانی هەڵدان و گەشەکردن و پەرەسەندنیان بۆ پێک بێنێ. هەر بەپێی ئەو بەڵگەنامە نێونەتەوەییە، دەوڵەت ئەرکی لەسەرشانە تا دەرفەتی خوێندن لە هەموو قۆناغەکاندا، بۆ خەڵکانی بوومی بە زمانی زگماکیی خۆیان پێک بێنێ و لەو بارەوە دەبێ هیچ چەشنە جیاوازی دانانێکیان دەرحەق نەکرێ.

دەوڵەتەکان لەسەریانە یاسای بنەڕەتی، یاسا و قانوون و سیستەمی سیاسی و بەڕێوەبەریی خۆیان بەجۆرێک بگۆڕن، کە ڕیفۆرمی پێویستی بۆ وەڵامدانەوە بە جێبەجێکردنی ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتییە تێدا پێک بێ. مەبەست ئەوەیە لەو ڕێگەیەوە مافە تایبەتییەکانی ئەو گەل و نەتەوە و خەڵکە بوومییانە دەستەبەر بکرێن، کە دەکەونە سنوورە سیاسییەکانی دەوڵەتەوە.

یەکێک لە هۆکانی پەسندکردنی ئەو کۆنڤانسیۆنە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆنڤانسیۆنی تایبەت بە کەمایەتییە نەتەوەییەکان لە لایەن شوورای ئورووپاوە، ئەوەیە کە لە کردەوەدا دەرکەوتووە پرەنسیپی زۆرایەتی و کەمایەتی، کە دێموکراتیکیش دێتە بەرچاو، ناتوانێ وەڵامدەرەوەی کێشەی میللی لە وڵاتە فرەگەلەکاندا بێت. هەروەها پرەنسیپی بەرانبەریی شارۆمەندان لە بەرانبەر یاساشدا، تەنانەت ئەگەر دەستەبەریش بکرێ، دیسان هەر ناتوانێ وەڵامی پێویست بە هەموو لایەنەکانی ئەو مەسەلەیە بداتەوە. بۆیە دەبێ ڕێگەچارەیەکی سیاسی بۆ مەسەلەی کەمایەتییە نەتەوەییەکان بدۆزرێتەوە، کە ئەویش بریتییە لەوەی بەشێوەی یاسایی، ئۆرگان و ئینستیتۆی تایبەت بە خۆیان بۆ پێک بێ تا لە ڕێگەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوانەوە مافە نەتەوەیی و فەرهەنگییەکانی خۆیان پراکتیزە بکەن و کاروباری سیاسی و ئیداریی تایبەت بە ناوچەکانی خۆیان بەڕێوە بەرن و لە پڕۆسەی سیاسی و حاکمیەتیشدا بەشداری بکەن.

**بۆچی کەمایەتییە نەتەوەییەکان دەبێ مافی تایبەتیی خۆیان هەبێ؟**

Jarle Weigård کە یەکێک لە لێکۆڵەرە بەناوبانگەکانی بواری کێشەی کەمایەتییە نەتەوەییەکانە، دەڵێ: "ئەگەر کۆمەڵە کەسێک دەستنیشان بکەین و هەروا بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی بەپێی پرەنسیپی هەڵسوکەوتی وەک یەک و یەکسان لەگەڵ هەمووان، پێڵاوی ژمارە ٤٢ بەسەر هەموویاندا دابەش بکەین و داوایان لێ بکەین ئەو پێڵاوە بکەنە پێ، لە کردەوەدا دەردەکەوێ کە ئەو کارە هیچ ڕەفاهییەتێک بۆ هەندێک لەو کەسانە پێک ناهێنێ و لەوەش زیاتر تەنانەت ڕەنگە ئەو پێڵاوە تەنگ بێ یان گەورە بێ و ببێتە هۆی نەخۆشی بۆ ئەو کەسە. لەو حاڵەتەدا دەردەکەوێ کە ڕەفتاری وەک یەکمان لەگەڵ هەموو ئەو کەسانە نەکردووە؛ چونکە ئەو ڕەفتارەی ئێمە بووەتە هۆی ئەوەی ئەو کەسانە ئاکامی وەک یەکیان لەو سیاسەتەی ئێمە دەست نەکەوێ. هەر بەو جۆرە ئەگەر دەنگی کەسانی سەربە کەمایەتییەکی نەتەوەیی لە بەرانبەر دەنگی کەسانی سەربە زۆرایەتیی دەسەڵاتدار و زاڵدا حیساب کەین، زوو بۆمان دەردەکەوێ کە شانسی ئەوە زۆر گەورەیە کە دەنگی کەمایەتییەکە لە نێو دەریای دەنگی زۆرایەتیدا بخنکێ".

بۆیە بەگوێرەی کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکان، ئەرکی سەرشانی دەوڵەتە کە هەموو سیاسەت و میکانیزمێکی پێویست بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی کەمایەتییە نەتەوەییەکان لە چوارچێوەی سنوورەکانیدا بگرێتە بەر. زۆرایەتیی دەسەڵاتدار هەمیشە دەسەڵات و ئیمکاناتێکی زۆری لەبەردەستدایە تا قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆی بەرێتە پێش. پرسیار ئەوەیە کە ئەو زۆرایەتییە چ ئەرکێکی لەسەر شانە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەک کە بتوانێ قازانج و بەرژەوەندییەکانی هەمووان دابین بکات و بالانسێک پێک بێنێ کە هەموو لایەک هەست بە بوون و دادپەروەری بکەن؟

٣١ی بانەمەری ٢٧٢٦

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**خاکەلێوی ٢٧٣٦ی کوردی = ئەپریلی ٢٠٣٦ی زایینی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتووێژ و بابەتەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org